# باسكار

BASKAR

گۆڤارێکی
وەرزیی
باس و لێکۆڵینەوەیە

3

1999

سەرنووسەر
صەباحی غالیب

شێوە و خەتەکانی بەرگ
هونەرمەند عەلی مەندەلاوی

دەرهێنانی هونەری و رێکخستنی ناوەوە
مستەفا کەریم

نیونیشان

ئابوونەی ساڵانە
لە ئەورووپا ٢٥ پاوەند
لە دەرەوەی ئەورووپا ٣٥ پاوەند

# باسكار

## ناوەرۆک


١. کارەساتی کوردەکان، نووسینی هێنری کیسینگەر ........................ لاپەرە ٥
صەباحی غالیب کردویە بە کوردی و پەراوێزی بۆ نووسیوە

٢. مەسەلەی کورد لە خوارووی کوردستان لە یادداشتەکانی «تالیب شەبیب» دا ........................ لاپەرە ٢٨
سالح محەمەد ئەمین کردوویە بە کوردی

٣. سەرنج و بەدوادا چونێکی یادداشتەکانی «تالیب شەبیب» ........................ لاپەرە ٥١

سالح محەمەد ئەمین

٤. کورد و کوردستان – فاکتەرەکانی دروستبوونی کێشەکە – پرۆفیسۆر م. س. لازەرێف ............ لاپەرە ٦٠
د.جەبار قادر کردویە بە کوردی – بەشی دووهەم

٥. بیرەوەری : ئاورێک لە ڕابووردوویەکی نزیک ........................ لاپەرە ٧٥
حەمەی عەزیز «خاڵە حەمە»

٦. سوارەی ئیلخانیزادە قەڵەمێکی بە هێز و ئەدەبیاتێکی بە پێز ........................ لاپەرە ٩٢
ئەسعەد نەقشبەندی

٧. ناساندنی کتێب ........................ لاپەرە ١٠٨
بەرگورد


هەواڵنامەی کتێب

صەباحی غالیب
لەئینگلیزیەوە کردوویەتییە کوردی و پەراوێزی بۆ نووسیوە

# کارەساتی کوردەکان *
# نووسینی هێنری کیسینگەر «۱»

## بنەمای نەخشەکە

دۆستەکانی ئامریکا لەبەهاری ۱۹۷٥ دا ئەوەندە بەختەوەر نەبوون ئاسمانەکان زەردەخەنەیان پێشکەش بکەن. لەوکاتەدا کە کۆنگرێس دەستبەرداری هیندی چینی"۲" بوو تا بینە کۆیلەی کۆمۆنیستەکان. شای ئێران کوردەکانی عێراقی بێپشتیوانی و بێبەرگری بۆ ڕژێمی توند ڕەوی بەغدا بەجێهێشت. ئەو دەمە ، هێشتا بە ڕەسمی سەرکردایەتی عێراق لە ئەستۆی سەددام حسێندا نە بوو.

هاوکاری وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ کوردەکان دەگەڕێتەوە بۆ ۱۹۷۲ . بە بەراورد بە هیندی چینی ، دەست تێوەردانمان لەگەڵ کوردەکاندا ، بایەخێکی ئەوتۆی نە بوو. لە ۱۹۷٥ دەتوانرا هیندی چینی لەتێکشکان بپارێزرێ ، بەوەی گەلەک هۆکار هەبوون هاوپەیمانەکانمان چاوەنوارمان بوونایە ، پاراستنی کوردەکان پێویستی بەوە بوو بەرەیەک لە شاخەکانی نزیک بە سنووری یەکێتیی سۆڤیەت پێک بهاتایە ،

* Kissinger, Henry - Years of Renewal, The concluding Volume of His Memoris, Simon & Schuster, New York, 1999

کارەساتی کوردەکان » بەشێکی تایبەتە لە بەرگی سێهەمی یادداشتەکانی هێنری کیسینگەر، لە لاپەڕە ٥۷٦ تا ٥۹٦ ی گرتۆتەوە.

## صەباحی غالیب

کردنەوەی دەرکەیەکی گرنگ و بایەخدار لەهەمان کاتدا ئەنجام پێشبین نەکراو بەر پرسیارێتیکی سەخت بوو بۆ ئێمە. لە کاتێکدا هێندی چینی هەرەسی دەهێنا ، پێوەندی ڕۆژهەڵات ـ ڕۆژئاوا لە لاوازیدا بوو ، گفت و گۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بن بەست بوو... هەموو ئەوانە بزوتنەوەیەکی نهێنی دەخواست ، بەڵام کۆنگرێس باوەڕی بە بیرۆکەیەکی گشتی وانەبوو کەبتوانێ ئەنجامێکی بایەخدار و چاک وەدەست بهێنێ.

بەهەرحاڵ ، لە چەند مانگێکدا چارەنووسی کوردەکان بووە دیاردەیەک لەو دیاردانەی کە خەڵکە خۆشبینەکانی ١٩٧٠کان ڕەخنەی توند لە فرە هیوایی و بەرچاو ڕوونی خۆیان لەسەرەتای ١٩٦٠ کان بگرن. لیژنەکانی کۆنگرێس ڕازی نەبوون کارگێڕێتی نیکسن«٣» Nixon Adminstration لەگەڵ کوردەکاندا بۆ هێنانەدی ئۆتۆنۆمی هاوکاریان بکا ، هەروەها هێرشیان دەکردە سەر کارگێڕێتی فۆرد «٤» Ford Administration بەوەی وای نەکرد شا دەست لە هەوڵدانی هاوبەشی کوردەکان هەڵبگرێ ، ئەو کەین و بەینەی کۆنگرێس یەکێک لەو ڕێگایانە بوو کە گەورە کاربەدەستانی ئامریکایی خۆیانیان پێدەپەڕاندەوە لەدەستهەڵگرتنیان لەهێندی چینی، چونکە تاوانەکەیان دەخستە ئۆباڵی کۆنگرێس نەک خۆیان. کارەساتی کوردەکان لە ڕووی مێژوو ـ جوغرافیاوە لە لایەن دوژمنانیانەوە بە فراوانی کەڵکی لێوەرگیراوە، دەستی بەسەردا گیراوە ، دابەشبوونی باوەڕی دەوڵەتی ئێمەش بەرامبەریان ئازار و چەوساندنەوەیانی زۆرتر کردووە. نەتەوەی کورد لە ئێستادا لەسەروو ٢٥ ملیۆنەوەیە ، چەندان سەدەیە قوربانی ڕووداوەکانن. لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی و پەیدابوونی دەوڵەتانی نیشتمانییەوە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەمان خۆیان بەدابەشکراو بینیوەتەوە بەسەر ئێران ، عێراق ، سوریا ، تورکیا و سۆڤیەتی پێشوودا. کوردەکان بەڵێنی دەوڵەتی سەربەخۆیان پێدرا بوو ، بەڵام لەدوای جەنگی یەکەم کاتێک ئەوروپاییەکان سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان کێشا ، داخوازی چارەنووسی نیشتمانیی کوردەکانیان پشتگوێ خست. لەوەدەمەوە خەبات و ئاواتی نەتەوەیی کوردەکان بۆ بەربەرەکانی یەکێتیی یەک پارچەیی وڵاتە داگیرکەرەکانە. ئەوانیش لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکادا لەپێوەندییەکی ئیحتیمالیدان ، لەوانە : تورکیا ، هاوپەیمان و دۆستمانە ، عێراق ، ئارەزووی دوژمنایەتی هەیە ، ئێران ؛ جیاواز بووە ، دۆست و دوژمن بووە ، لەکاتێکدا سوریا خۆی بە بێ لایەن ناساندووە ، وڵاتانی دیکەی ناوچەکە وەک ئیسرائیل و ئوردن جار جارە بە هۆی جیۆسیاسییەوە بۆ لاوازکردنی دوژمنەکانیان دەستیان وەرداوەتە کاروباریانەوە بەتایبەتی هی عێراق.

دەستتێوەردانی ئامریکا هەردوو بنەمای ئایدیولۆژی و ستراتیژی هەبووە. شێوە نەرێت و باوەکەی ویلسن «٥» Wilsonian Tradition بۆ پشتیوانی مافی چارەنووسی نەتەوەکان پاڵی پێوەنەدەنا.

لەهەمان کاتدا مەسەلەی ستراتیژییەت کە ناو بەناو کێشەی سیاسی وای دەهێنایە کایەوە ، سنوورەکانی بەڵێنی ئەخلاقی لەناوچەیەکدا زۆر لاواز دەبوون و نەدەتوانرا بێنەدی ، بایەخی ناوچە کوردییەکان لەنێوان وڵاتەکاندا بەقووڵی کاردەکاتە سەر بەرژەوەندی نەتەوەیی ئامریکا ، چۆن دەتوانرێ هاوکێشەیەکی

# کارەساتی کوردەکان - هێنری کیسینگەر

لەبار لەنێوان وزەو توانستی کورد بۆ وەدیهێنانی ئاواتەکانی و گرنگی پێنەدان و دەستبەرداربوونیان بدۆزرێتەوە ، لەناوچەیەکدا کەناوەندی ستراتیژی وکانگای نەوتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداوی فارسدا.

یەکێک لە فاکتەرە ئاڵۆزەکانی هاوکاری ئامریکا بۆ کورد ئەوە بوو کە دەبوایە لەڕێگای یەکێک لە وڵاتە هاوپەیمانەکانمانەوە ئەنجام بدرێ ـ ئێران لەسەردەمی فۆرددا ـ ، تورکیا لەسەردەمی کلینتندا ـ Clin-ton ، ئەو وڵاتانە هەردووکیان ، هاوبەشی ئامانجی ئامریکا بوون کەتا خاڵێکی دیاری کراو نەهێڵن کۆمۆنیست یا ڕژێمێکی خراپ دەست بەسەر ناوچە کوردیەکاندا بگرێ. نە ئێران لە ١٩٧٠ دا نە تورکیا لە ١٩٩٠ دا کەمترین بەرژەوەندییان لەوەدا نەبوو کەببینن بڵێسەی ڕاپەڕینی کوردە نەتەوەییەکان بگاتە خاڵێک، دانیشتوانیان لەژێر ئالایەکدا بەرەو ئامانجێکی یەکگرتوو کۆبکاتەوە یا دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێنن . لەهەمان کاتدا ئەو دوو وڵاتە بەناوەندی ستراتیژی ئامریکا دەزانران.

خۆنەبواردن و مامەڵەی هاوکێشە دژەکانی شێوەی تێکەڵاوی و قوڵایی تەقەلای ئامریکاییەکانی لە ناوچە کوردییەکانی عێراقدا دیاری دەکرد. وڵاتە دراوسێکانی وەک تورکیاو ئێران بەو مەبەستە یارمەتی کوردەکانیان دەدا تاخۆیان لەگێچەڵی عێراق بپارێزن. بۆیە بەهیچ شێوەیەک ئامادەی ئەوە نەبوون کە دروستبوونی دەوڵەتێکی نیشتمانی کوردی لە ئامێز بگرن. بەهەمان پێوانە نە کارگێڕێتی نیکسن Nixon Administrationنە فۆردFord نە بوش Bushـ یا کلینتن هەرگیز پشتیوانیان لەسەربەخۆیەتی کوردەکانی عێراق نەکردووە. ئەوەی داوا دەکرا ، قبوڵکردنی ئۆتۆنۆمییەک بوو کە یەکێتی خاکی عێراق بپارێزرێ ، ترسان لەوەی کە پارچەبوونی عێراق دەیان ساڵ ئاژاوە بە جێ بهێڵێ بەوەی کە دراوسێکانی شەڕ لەسەر تالانکردنی بکەن ، بەتایبەت دوای ئەوەی ئێران بەسەرکردایەتی ئایەتوڵڵا خومەینی بووە دەوڵەتێکی دوژمنی سەرسەخت و دەمارتوند ، پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق بووە هێزێکی تەریبی لەبەرامبەر چاوچنۆکی ئێرانیەکاندا.

ئامانجی پاراستنی زۆرانبازییەکان لەناوچەکەدا ، نائومێدی و بگرە کارەسات دروستکردن بوو بۆ کوردەکان ، ئەوەبوو لەمارتی ١٩٧٥ دا ئێران و عێراق پەیمانێکیان «٦» بەست و ئۆتۆنۆمی کوردەکان لەبەرخاتری بەرژەوەندی دوو دەوڵەتی دراوسێ تەفروتووناکرا. هەمان کارەسات لە ١٩٩٦ یشدا دووبارە خۆڵی کردەوە بەسەریاندا،کاتێک ئۆتۆنۆمی کوردەکان کەبە سەرپەرشتی ئامریکاییەکان لەدوای شەڕی کەنداوی ١٩٩١ بۆیان پێکهاتبوو ، سەددام حسێن بایەخی کەم کردەو تەخت و بەختی تێکدا، دیارە ئەمە بەوە ئەنجامدرا کە لایەنێکی کورد بەهاوکاری سەددام لایەنە هاوکارەکەی ئامریکای تێکشکاند. بە باوەڕی من کارگێڕێتی فۆرد Ford Administration زەمینەیەکی چاکتری هەبوو لە کلینتن بۆ ئەوەی بەڵێنی گەورەتریان نەداتێ. بەهەرحاڵ هەردووکیان دوور بوون لەوەی پەیمانێکی دیاریکراو بدەن و بەرژەوەندی ئێمە لەناوچە دوورە دەستەکانی کورددا ئاڵۆز بکەن.

وەک وادەزانرێ ، کارگێڕێتی نیکسن و فۆرد ، پشتیوانی دەرەوەیان دروست نەکردووە بۆ ئەوەی ئاواتی ئۆتۆنۆمی کوردەکان بێتەدی ، بەڵام هەردووکیان بۆ یەکەم جار و ڕاستەوخۆ بەماڵ و دارایی

لەخزمەتیاندا بوون. لەبەر ئەوەی ئێمە یارمەتی میللەتێکمان دەدا دژی دەوڵەتێکی سەربەخۆ ، هاوکات لەبەرئەوەی وڵاتانی دیکە تایبەت ئێران و ئیسرائیل دەستیان خستبووە کاروباری ئەوانەوە دەبوایە مەسەلەکە لەو ناوچەیەدا لەنێوان ئاشکرایی و دیبلۆماسیدا پەردەی بەسەردا بدرێ.

دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی ئێمە لەگەڵ کوردەکاندا لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردانەکەی نیکسن بۆ تاران لە ئایاری ١٩٧٢ دا کەدوا بەدوای کۆبوونەوەی بەرزی نیکسن و برجنیف ـBrezhnev بوو لە مۆسکۆ. هەفتەیەک میوانداری و ئاهەنگی خۆشبوونەوە و دەرکە کردنەوەی پێوەندی هەردوولا لەکریملین ـ Kremlinنەبوونە گۆڕینی ستراتیژییە سەرەکییەکانی نیکسن - هەر لەوبارەوە بۆ هاندانی ئاساییکردنەوە و خۆشبوونەوەی پێوەندییەکانمان ، نیکسن لەوەدەستهێنانی زۆرترین جێگەی موناوەرات لەجیهانی مونافەسەی سیاسیدا لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت هەرگیز دەستی هەڵنەگرتووە.

یەکێک لەو ناوچانەی مونافەسەی لەسەردەکرا ، عێراق بوو ، کەلەبەر لووتی شادا بوو ، زۆرانبازییەکە لە وڵاتێکدا بوو کە دوای سعوودیە دەوڵەمەندترین سەرچاوەی نەوتەو بەند بوو بە پێوەندی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتیمانەوە ، لێرەوە سەرچاوەی مەترسی هاوکێشەیی " توازن " لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تایبەت لەکەنداودا سەری هەڵدەدا. پارتی بەعس لە ١٩٦٨ دا لە بەغدا دەسەڵاتی بەدەستهێنایەوە و بە پرۆگرامێکی سۆشیالیستی دژمن بە ڕۆژئاوا خۆی دەرخست ، شتێکی سەیر نە بوو کە عێراقی ژێر ڕکێفی سەددام حسێن ببێتە دەست و پێوەندێکی نزیکتر بۆ یەکێتیی سۆڤیەت ، لەو کاتەشدا "١٥" پازدە هەزار سەربازی سۆڤیەتی لەمیسر بوون ، مەترسی ئەوە هەبوو کەتێکرا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بچێتە ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی سۆڤیەتەوە. خۆشبوونەوەی پێوەندی نێو دەوڵەتیمان لەگەڵ سۆڤیەت هەرچۆنێک بووبێ ، ئامانجی ستراتیژیمان کەم کردنەوەی دەسەڵاتی ئەوان بووە ، بەڕاستی ئێمە ، وامان دەزانی کە دەرکەکردنەوەی پێوەندی نێو دەوڵەتی" انفراج" بەچوارچێوەی سەرچڵییەکانی ئەو ستراتیژییەدا تێدەپەڕێ.

ئەو وڵاتانەی پێیان وابوو لەژێر مەترسی ڕژێمی تازەی عێراقدان ئوردن و ئێران بوون ، هەردوولایان سنوورێکی دوورو درێژیان لەگەڵ عێراق هەیە. هەروەها ئیسرائیل کە هەمیشە نیگەران بوو لەو ڕژێمە عەرەبیانەی کە لەلایەن سۆڤیەتەوە بەچەک هاریکاری دەکران. هەرسێ ئەو دەوڵەتانە دۆستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بوون و هەرسێکیشیان یارمەتی کوردەکانیان دەدا و وایان مامەڵە لەگەڵ دەکردن کە ئۆتۆنۆمی لەشاخە سەختەکانی سەرووی عێراقدا بەکاردێک"Card " تەماشا بکەن تاکێچەلی وزە و ماڵی ڕژێمی بەعس لەسنوورەکانی خۆیان بەدووربگرن. بۆیە ئەوی ڕاست بێ لەو بارەیەوە ئێمە تێکەڵاویمان نەدەکرد ، ئەوە نەبێ دەزگا جاسوسیەکانمان لەلایەن هاودەزگاکانیانەوە لەو وڵاتانەدا بەکورتی ئاگاداردەکران ، هەروەها دەبێ ئەوە بزانرێ کەئەو دەوڵەتانە یارمەتی ئابوری و سەربازیان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکاوە پێدەگەیشت.

لەو کاتە تێژڕەوەدا ، لەوە دەچوو کەعێراقییەکان و کوردەکان جیاوازییەکانیان چارەسەربکەن. لە ١١ی ئازاری ١٩٧٠ دا بەغداو ڕێبەری کورد مستەفا بارزانی گەیشتنە ڕێککەوتنێک. حکومەتی بەعس ڕازی بوو



هەواڵنامەی کتێب

# کارەساتی کوردەکان - هێنری کیسینگەر

لەعێراقدا دەوڵەتێکی فرەڕەگەزی ـ Multiethnic لە دوو گەلی عەرەب و کورد پێکبهێنێ ، جێگری سەرۆک کۆمار کورد بێ ، زمانی کوردی ببێ بە زمانی ڕەسمی ، بەگوێرەی سەرژمێریان نوێنەرایەتیان لە پەرلەمانی تازە دروستکراوی عێراقدا هەبێ.

چەندان مانگ بەدوای ئەوەدا ، دەربارەی چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی قرە لەسەر ڕێکەوتنەکە پەیدا بوو ، ئەوەش کاتێک سەری هەڵدا کە دابەشکردنی دەسەلات هاتە مەیدانەوە لە نێوان ئەو دوولایەنە ناحەز بەیەکەدا. بۆ بارزانی ئۆتۆنۆمی هەنگاوێک بوو بەرەو سەربەخۆیی. لەو لاوە لای سەددام حسێن ڕێککەوتنەکە هەنگاوێکی تاکتیکی بوو تا بە باوەڕی بەعسیانە دەوڵەتێکی تەواو ناوەندی سازبکا.

بەگەیشتنی پایزی ١٩٧١ ، پێوەندی کوردەکان و بەغدا جارێکی دی لێکدابڕا ، کوردەکان هەوڵی دەست درێژیکردنە سەر گیانی بارزانیان خستە ئەستۆی سەددام حسێن ، دیارە هەر ئەو تاکە یەکێکی بە دەستەلات بوو بتوانێ کوردەکان لەکاروباری فەرمانڕەوایەتی بێ بەش بکاو حکومەتێکی یەکێتیی نیشتمانی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستدا پێکبهێنێ. ئەمە کوردی گۆشەگیر کرد. دوای ئەوە جموجوڵی پارتیزانی کە لە لایەن ئێران و ئیسرائیلەوە هاوکاری دەکرا دەستی پێکردەوە. لە تشرینی دووەم November ی ١٩٧١ و لە مارتی ١٩٧٢ دا شا هاواری بۆ نیکسن برد کە بۆ یارمەتیدانی بارزانی هاوکاری لەگەڵ بکا. لە ٢٨ی مارسدا بە هۆی پادشای ئوردنەوە بارزانی هاواری خۆی گەیاندە نیکسن. لەو ڕووەشەوە ئیسرائیل هەرگیز بیری لەوە نەکرد بۆوە کە ڕاستەوخۆ داخوازی پارە و پووڵی تایبەت بکا ، بەردەوام ئێمەی لەنیگەرانی خۆی دەربارەی سیاسەتی ڕاستەوخۆی عێراق و بەرژەوەندیان لە ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچە کوردییەکان ئاگادار دەکردەوە.

ئێمە داخوازی یارمەتیدانی یەکاوڕاستی کوردەکانمان دەست پێوەنا ، چونکە نەماندەویست سۆڤیەتییەکان پتر چەک و دەسەلاتیان لە ناوچەکەدا بلاوبێتەوە. جۆزیف فارلەند Joseph Farland بالوێزی ئامریکا لەتاران بە هەموو توانایەکییەوە بە هۆشی هێنایینەوە کەدەستپێکردنی یارمەتی نهێنی بۆ کوردەکان دەبێتە سەرچڵییەکی بێ کۆتایی ، کە وەستێنراش دەبێتە مایەی لە ڕوودامان و "بەدبەختی تێگەیشتن" بە واتایەکی دی پەیدا بوونی بیروباوەڕی هەڵە لەلایەن کوردەکانەوە بەرامبەر ئامریکا.

سەردانی سەرەک وەزیرانی سۆڤیەت ئەلیکس کۆسجین Alexei Kosygin «٧» لەنیسانی ١٩٧٢ دا بۆ بەغدا بووە هۆی ئەوەی بە سیاسەتی دەست تێوەرنەدانی خۆماندا بچینەوە ، ئەگەرچی ئامریکا جارێ دەستی نەخستبووە کاروباری کوردەکانەوە ، لە ٩ی نیساندا پەیمانی دۆستایەتی لەنێوان بەغدا و مۆسکۆدا ئیمزاکرا ، لەپەیمانەکەدا هاتبوو کە عێراق چەک و جبەخانەیەکی زۆری لە سۆڤیەتەوە پێدەگا ، بەو شێوەیە بەغدا خۆی خستە بازنەی زۆرانبازی جیۆسیاسییەوەGeopolitical بەرەو ئەوە دەچوو ببێتە هاوپەیمانێکی بنەڕەتی بۆ سۆڤیەتیەکان لەناوچەکەدا. وەرگرتنی چەکێکی زۆر سمبۆلی ئازایەتی خستنە بەر و هاندانی بەغدا بوو ، هێزەکانی عێراق بۆ هێرشکردنە سەر کوردەکان خۆیان ئامادە کرد ، ئەمەش لەوە زۆرتر بوو کە هاوکاری ئێرانەکان و ئیسرائیلیەکان هاوکێشەکەیان ڕاگرتبوو. ئاکام پێکهەڵبرژانی نێوان عێراقیەکان و ئێرانیەکان بە درێژایی سنوورەکانیان سەری هەڵدا.

**صەباحی غالیب**

ئەمە وای لە نیکسن کرد لە ٣٠ ـ ٣١ ئایاری ١٩٧٢ دا بچێتە سەردانی شا لە تاران ، هەموو ئێمە لە کۆبوونەوەی بەرزی مۆسکۆ میوانداری چاک کراین و ڕێزێکی زۆریان لێگرتین ، ئەگەرچی ئەمریکا سەرگەرمی بۆمبارددمان و ئابلۆقەی سەرووی ڤێتنام بوو کە هاوپەیمانێکی سۆڤیەت بوو ، ئەوە پێش دوو هەفتەی بەرنامەی سەردانەکەی مۆسکۆ و شەش مانگ پێش هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار بوو.

میوانداری ئێرانیەکان تاوی باشی هەبوو لەسەر گەشتەکە ، بەڵام یەکێک لەو ڕووداوانەی کە ماندوو بوونێکی زۆری بۆ نیکسن پەیدا کردبوو ، خۆشهاتنی بێئەندازەی شا بوو لێی. گڵۆپەکانی دەزگای تەلەفیزیۆن هێندە ڕووناک بوون سەرکۆمار نەیدەتوانی خوتبە ئامادە کراوەکەی بخوێنێتەوە بۆیە نیکسن بڕیاریدا بێ کاغەز قسەبکا کەتوانی چاک مراوەغە بکا و چەند جارێک بەدەوری خاڵی تایبەت و مەبەستی سەرەکیدا گڕ بخوا ، چاوی لە شا بڕی بوو ، ئەوەی هێنایەوە بیری شای شایان کە ئەیزنهاوەر وای دەزانی : هەرچی سینەتۆرێک ئەو دەیناسین پێیان لە بەرەکانی خۆیان زێدەتر ڕادەکێشا. لەو هەست و گیانەوە ، لە شادمانی سەرکەوتندا نیکسن کۆتایی بەقسەکانی هێناو گیان خۆشی پێکی خواردنەوەی لە خاوەن شکۆ شا و شا بانووی ڕازاوەی تەنیشتی کرد ـ لەلایەن ئێرانییەکانیشەوە بەگەرمترین چەپڵەڕێزان پێشوازی لێکرا.

هەموو شتە ئاساییەکان وەستابوون ، بەهەرحاڵ ؛ نیکسن و شا چاویان بە باری نێو دەوڵەتیدا گێڕایەوە کە یەکا و ڕاست دوای خۆشی و نیازگۆڕینەوە بوو لە کریملین ـ Kremlin ـ پێوەندی دوو بە دووی نیکسن وەک سەرۆکی ئامریکا لەگەڵ ڕێبەری زلهێزی کۆمۆنیستدا نەبۆتە هۆی ئەوەی لەخشتەی بەرێ. لەسەرنجە کراوەکانیدا ویست و نیازی خۆی لەپشتگیری دۆستەکانی ئامریکا دووبارەکردەوە ، هەروەها ڕایگەیاند کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەرچڵییەکانی سۆڤیەت بە دوور بگیرێ. لەبەر ئەوە هەوڵدەدەین زۆرانبازییە ناوچەییەکان پەرەنەسێنن و نەبنە زۆرانبازی و کەڵەگایەتی نێودەوڵەتی ، دیسان ئێمە مۆڵەت نادەین هاوکێشەی هێز لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا بەقازانجی دژمن تەواوبێ. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ؛ بەڕاستی تێدەکۆشین کە هاوکێشەی دەسەڵات لە بەرژەوەندی خۆمان بێ ، بەوەی بیچەسپێنین کە نە عەرەبە دەمار توندەکان و نە چەکی یەکێتیی سۆڤیەت نەگەنە وەدەستهێنانی ئامانجەکانی عەرەب. من سەلماندم کە ئێمە ناشێ " پێوەندی دۆستایەتی هەڵبژاردە ـ Selective detente قبوڵ بکەین بەوەی هەندێ مەسەلە لەگەڵ چەند لایەنێکدا لابەلابکرێنەوە و هەندێ لایەنی دیکە گۆشەگیربکرێن. مەبەستمان بوو ئەمە بخەینە مێشکی سۆڤیەتییەکانیشەوە. ساڵێک دواتر ، لە تەموزی ١٩٧٣ دا بەبۆنەی سەردانی شاوە بۆ واشنتن ،من بەچاکترین شێوە جەوهەری نەخشەی خۆمانم کێشا:

**" ئێمە هەولدەدەین دەسەڵاتی سۆڤیەت لەهەر کوێییەک بێ ببەزێنین و لە هەر سەرچڵیەکدا کە بیانەوێ بیکەن سەر ئێشەیان بۆ پەیدا بکەین. دەمانەوێ لە مەکتەبی سیاسیدا بیرکردنەوەیەکی وا پەیدا بێ کە چالاکییە گرانبەهاکانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ماندوو بوونەو هیچ ئەنجامێکیان لێدەست ناکەوێ"**

بەرامبەر ئەو مەبەستە ، شا سەرنجی نیکسنی بۆ نیگەرانییەک ڕاکێشا کە پێی وا بوو" سۆڤیەتیەکان ئیئتلافێک لە نێوان کوردەکان و بەعسیەکان و کۆمۆنیستەکاندا پێکدەهێنێ ، کێشەی کورد لە جیاتی ئەوەی

## کارەساتی کوردەکان - هێنری کیسینگەر

خەنجەرێکی دژایەتیان بێ ، دەبێتە هێزێکی پاڵپشتی کۆمۆنیستەکان"

لە ئەنجامی گفتوگۆی لە گەڵ شادا و لە بەرامبەر پەیمانی چەکی نێوان " کوسجین ـ سەددام " دا ، نیکسن دوو بڕیاریدا ، مەسەلەی ئەو فڕۆکە گرنگە جەنگیانەی بڕییەوە کە کاتی خۆی شا داوای کرد بوو بەڵام لە پێنتاگۆندا «٨» ـ Pentagon " قاوە قاوی لەسەر بوو کە ئاخۆ فڕۆکەی هێزی ئاسمانی١٥ ـF ن یا فڕۆکەی هێزی زەریایی ١٤ ـF ن ، نیکسن شای سەر پشک کرد بۆ هەڵبژاردنی هەر کامێکیان کە دەیەوێ " ئەمە بانگەشەیەکی جەماوەری بەربڵاو بوو کە نیکسن فەرمانی بە پێنتاگۆن کرد کە شا چی دەوێ بیدەنێ ، داخوازییەکە تەنێ بریتی بوو لە هەڵبژاردنی یەکێک لە نێوان١٤ ـF و ١٥ ـ F دا "

لە هەمان کاتدا ، نیکسن گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ڕاپەڕینی لەئارادابووی کوردەکان لە دژی حکومەتی بەغدا بێ هاوکاری ئامریکا تێدەشکێ ـ بەو شێوە هاوبەشی ئامریکاییەکان بۆ پاراستنی ورەی مەعنەوی " وڵاتە هاوپەیمانەکانمان وەک ئێران و ئوردن پێویست بوو ، لابردنی بێ هیوایی وەک بیانوویەکی ئەوان ، هەروەها هاوکاری ماڵی بۆ ڕاگرتنی هاوکێشەکە دەبوایە لە ملی ئێمەبێ.

ماندووکردنی گەنجینەی عێراق بۆ ئەوەی ببێتە بار بەسەر دەوڵەتەوە و بەرزکردنەوەی هێزی سەودای کوردەکان مەبەستی ئێمە بوون. بەو هۆیەوە عێراق ڕازی بکرێ سیاسەتی هێور بوونەوە بگرێتە بەر و ئاسایشی ناوچەکە کە دەوڵەتانی دراوسێ بەتەنگییەوە بوون سەقامگیربێ و کەمە نەتەوەیی کورد بە ئۆتۆنۆمی بگا، لەو بارەیەوە هاوبەشی ئامریکا بە کلیل دەزانرا ، ئەو شێوە سیاسەتە ، یەکێتی نێوان مەبەستی زۆرانبازی وڵاتەکانی هاوکاری ماڵییان دەکرد پێکدەهێناو هەریەکەیان دەیەویست پێوەندییەکی بایەخداری دەستەڵاتیان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا هەبێ ، قەدەغەش بکرێن لەوەی دەست لە کورد هەڵگرن ـ وەک لە دوا ڕۆژدا دەبینین ئەوە دادوەری و باوەڕێک بوو زۆر خۆشبینیانە دەرچوو.

## جیاوازییە ناوخۆییەکان

کاتێک لێکۆڵینەوەی موخابەراتی لیژنەکانی چێرچ و پایک Church and Pike Com-mittees لە تەلەفیزیۆن و فیلم و چاپەمەنیدا بلاو بۆوە ، وا نیشاندرا کە داو و دەزگای موخابەراتی ئامریکا جەنگاوەری دەمارتوندن و ملکەچی کۆنترۆڵی سیاسی نین. لە پێناوی جێبەجێکردنی پرۆژە شێتانەکانی خۆیاندا قوربانی بە هە موو شتێک دەدەن. ئەگەر ئەو جۆرەCIA یە هەبووبن ئەوا بە درێژایی قۆناغی نیکسن و فۆرد بە شێوەیەکی نهێنی بوون.

هەموو پرۆژە سەرەکییە نهێنییەکانی ئەو قۆناغە ، چیلی ـChile کوردەکان و ئەنگۆلا ـ Angola لەلایەن کۆشکی سپییەوە ـWhite House بەڕێوە دەچوون و بە نهێنی کارەکان ئەنجام دەدران ، تایبەت لەبەر ئەوەی لەو جۆرە نەبوون دیپلۆماسی گونجاو بیانگرێتەوە. ڕاپەڕینی کوردەکان لە دژی وڵاتێکی سەربەخۆی هاوپەیمانی یەکێتیی سۆڤیەت بەرپا بوو ، لەلایەن چەند دەوڵەتێکی هاوپەیمانی ئامریکاوە

کە ئێمە یارمەتی ماڵیمان دەکردن ، پشتگیری دەکرا ، مەترسی ئەوە هەبوو زۆرانبازییەکە پەرە بسێنێ و ببێتە هۆیەک کە ڕۆڵی سەددام حسێن بەهێز بکاو ناوچە کوردییەکانی عێراق بکاتە بنکەیەک بۆ ئاڵۆزکردنی وولاتە دراوسێکان ، لەوکاتەدا ، ئەو ئاڵۆزییە بە خێرایی لە لایەن هێزە چەکدارەکانی عێراقەوە پاڵپشت دەکراو لە وانەبوو بیانکاتە هێزێکی چەکداری بە توانا دژی وولاتانی کەنداو ، تایبەت ئێران هەروەها بگرە تورکیاش.

بەچاوگێڕانەوە بە ڕووداوەکانی پێشوودا دەردەکەوێ کە هاوکێشەی "توازن" لایەنگران و نەیارانی بڕیاری پشتیوانی کوردەکان لە جاران چاکتر بوو. دەبوایە ئێمە باشتر شارەزایمان ببوایە لە بزوتنەوەی هەمە ڕەنگەی دژی عێراق، بەوەی بمانزانیایە ئەگەر لایەنێک بێتە دەرەوە لەبەرەی ناحەزان ، ئەنجام چی ڕوو دەدا ، لەسەرووی هەموو ئەوانەوە دەبوایە چاکتر لەکوردەکان تێبگەیشتینایە کە ڕاڕا بوون و سەخت بوو تا سەر بخرێنە هەر ستراتیژییەکەوە. بڕیار و خەباتی سەرکردەکانیان هەرچییەک بێ ، ئامانجی سەرەکیان سەربەخۆییە یا بەلای کەمەوە ئۆتۆنۆمییەکی تەواوە. هەمیشەش لەسەر ئەوەی کامەیان گونجاوترە ڕێکدەکەون. بەلام هێزەکانی دەرەوە نەیاندەویست هاوکێشەکە بگۆڕێ ، مەبەستیان بوو بارودۆخەکە وەک خۆی بمێنێتەوە و فیکرەیەکی جیۆسیاسی ئارامیان دەخواست. ئێمە ئەوە دەزانین کە کوردەکان ئازا و بە خۆنازیوون ، خۆشترە لەسەریان بخوێنرێتەوە وەک لەوەی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت ، ئازایەتیان وای لێکردوون وا بزانن هەرچییەکی دەیانەوێ ، دەتوانن بەدەستی بهێنن ، بۆیە ئەو بەهرەیە هانیان دەدا نەرمیان کەم تێدابێ.

کاتێک بە ڕابوردوودا بچینەوە ، دیاردەکەوێ کە ئامریکا بە بێ ئیختیار مابۆوە ، بارودۆخەکە لە ٢٥ ساڵی ڕابوردوودا گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتبوو. ئەگەر هیچ نەکرایە ، ئەوا بەرەی دژی عێراق دەرووخا و کوردەکان بۆ بەزەیی سەددام حسێن بە جێدەهێڵران.

هەروەها ناوچەی کەنداویش لاواز دەبوو ، لەکاتێکدا بەڵێنی ئێمە دەبووە سەر ئێشەیەکی زۆر ، سۆڤیەتیش لەو ئاستەی ئەو کاتە هەبوو چەکی زێدەتری بلاو دەکردەوە. لەنێوان هەڵبژاردنی ترسی ئێستا و ئایندەدا ، هی داهاتوو سەرنج ڕاکێشتر و کەم مەترسیتر بوو ، ئەمە بۆچوونی ئێمە بوو لە ١٩٧٢ دا. لە ١ ئابی ـ August ١٩٧٢ دا ، نیکسن Nixon فەرمانی ڕاستەوخۆی پرۆگرامە نهێنییەکەی ئیمزاکرد *. وولاتە یەکگرتووەکان ٢٥٠,٠٠٠ دوو سەد و پەنجا هەزار دۆلاری مانگانە بۆ ساڵی ماڵی ١٩٧٣ بۆ کورد دیاری کرد، لەگەڵ ٢ دوو ملیۆن دۆلار بۆ چەک و جبەخانە ، هەموو بەسەریەکەوە ساڵانە نزیکەی ٥ پێنج ملیۆن دۆلار تەرخان کرا ، شا بە مەبلەغێکی زۆرتر هاوبەشی کرد. گشتی بەسەر یەکەوە ، لەگەڵ هی ئیسرائیل و بەریتانیا و کۆمەکی ئێرانییەکان ، مانگانە ، دەگەیشتە ١ یەک ملیۆن دۆلار. بەگوێرەی جەنگی سارد ـ Cold war ئەوە کۆششێکی سەرەکی نەبوو.

---

* بەهۆی هۆکاری ئاسایشییەوە لیژنەی چل بەرەسمی کۆنە بوو بوونەوە ڕاسپاردەکە لە ڕوانگەیەکی مەبدەئییەوە بوو. یاریدەدەری وەزیری دەرەوە ، جێگری وەزیری بەرگری ، سوپا سالاری هێزەکانی ئامریکا لەگەڵ بەڕێوەبەری CIA هەریەکەیان بۆ ئامانجێک بواری هەبوو بەلام نەیان دەکرد ، ئەگەر لیژنەی The pike committee کۆبوونەوەکانیان بەرەسمی بوایە بە دڵنیاییەوە ئەنجامێکی دیکەی دەبوو. کیسینگەر.

# کارەساتی کوردەکان - هێنری کیسنگەر

لەکاتێکدا ئێمە بیرمان لەهاوبەشی ئامریکا دەکردەوە بۆ یارمەتی کوردەکان ، لە تەموزی July ی ١٩٧٢ دا سەرباز و ڕاوێژکارەکانی سۆڤیەت لە میسر وەدەرنران. ئەمە گرنگییەکی دا بە عێراق لە سیاسەتی ستراتیژییەتی یەکێتی سۆڤیەت لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا و وای کرد پێوەندی سۆڤیەت بەهێزتر بێ بە ڕژێمی بەغداوە. لە کۆتایی ئابدا ـ August ،مایکل سوسلۆڤ Mikhail Suslov ، ئەندامی مەکتەبی سیاسی ، زۆری لە بارزانی کرد هاوبەشی حکومەتی یەکێتیی نیشتمانی عێراق بکا کە سەددام حسێن لە هەوڵی دامەزراندنیدایە.

بەلای بارزانییەوە ، ئەو داواکارییەی سوزلۆڤ ـSuslov ، ئێنزار بوو ، دوای ئەوەی یەکێتیی سۆڤیەت لەمیسر وەدەرنرا ، پێوەندی خۆی لەگەڵ عێراقدا پتەوتر کرد ، پشتیوانی بۆ دەوڵەتی بەغدا بەهێزترو پێوەندی بازرگانیشی زێدەتر کرد.

لەلایەنی ئێمەوە ، شا و مەلیک حسێن لەکۆشکی شا لەسەر زەریای قەزوین لە نێوان ٣١ی تەموز و ٢ی ئابدا کۆبوونەوە ، پێخۆشحاڵی خۆیان بەیارمەتی ئامریکا دەربڕی و هەوڵیاندا بگەنە بناغەی تەقەلایەکی هاوبەش و دوو بە دوو بارزانییان بەئاگا هێنایەوە کە کارێکی دراماتێکی ئەوتۆی وەک ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی نەکا ، عێراق وای لێبێ هێرشی بەرفراوان دەست پێبکا ، هەردووکیان پێیان لەسەر ئەوە داگرتبوو پشتیوانی بەرگری هێزی کورد بکەن بۆ ئەوەی بتوانن بەچاکترین شێوە ئۆتۆنۆمی خۆیان بپارێزن. بەدرێژایی ١٩٧٢ ، شەڕ لە پەرەسەندندا بوو ، لەبەر ئەوە داخوازی ماڵی کوردەکان گەورەتر بوو ، لە ٢٩ی مارتی ١٩٧٣ دا ،من پشتیوانی داخوازی CIA م کرد بۆ زیادکردنی یارمەتی کەلەلایەن جیم سلیتریجەر ـ Jim Schle-singer کە ماوەیەکی کەم بەڕێوەبەری CIA بوو پێشکەش کرابوو. نیکسن دواتر بەزوویی ڕازی بوو لەسەری.
لە بیرخەرەوەکەمدا ڕوونم کردبۆوە کە عێراق بۆتە هاوکارێکی سەرەکی یەکێتیی سۆڤیەت لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا و حکومەتی بەعس بەسەرۆکایەتی سەددام حسێن بەردەوامە لەپێشکەشکردنی یارمەتی ماڵی بەڕێکخراوە ئیرهابییەکانی شوێنە جیاوازە دوورەکان تادەگاتە پاکستان. عێراق ببووە هێزێکی پاڵپێوەنەر بۆ " بەرەی ناڕازی ـ Rejection front" کە هەوڵیان دەدا هیچ جۆرە ئاشتییەک لە نێوانی عەرەب و ئیسرائیل پێک نەیەت. لەبەر هەموو ئەو هۆیانە داوام کرد کۆمەکی ساڵانەی کوردەکان لەپێنج ملیون دۆلار زۆورتربێ ، "شا" ش بەڵێنی دا یارمەتییەکەی زۆر زۆرتر بکا، تانزیکەی ٣٠ ملیون دۆلار ، ئەمە جگە لە بەردەوامبوونی یارمەتی سەربازی و تۆپ و جبەخانە لەلایەن ئێرانییەکانەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکم بە ئاگا هێنایەوە کە کوردەکان کارێک نەکەن بزوتنەوەکەیان بگاتە سەروو ئاستی بەرگرییەوە.

**"ئێمە دەمانەوێ دوورکەوینەوە لەو باوەڕەی گوایا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەردەوام دەبین کۆمەکی ماڵی بدەین ، دەبێ بە بارزانی بووترێ کە لە ئاییندەدا بە حسێبی مانگانە یارمەتییان پێدەدەین ، بەهەرحاڵ. پێویستە پێ لەسەر ئەوە دابگرین کە هاوبەشی بیرۆکەی شا بکەین بۆ بەردەوامی پاڵپشتیی بەرگریی بزوتنەوەی کورد."**

لەساڵی یەکەمیدا ، پێدە چوو ، تەقەلای نهێنی بۆ هاوکاری کوردەکان بگاتە ئامانجەکانی خۆی. لە ٥ی

## صەباحی غالیب

تشرینی یەکەمی ١٩٧٢ دا ، لە ڕیچارد هیلمز Richard Helms بە ڕێوەبەری CIA وە کە دوایی بووە سەفیر لە تاران ، ڕاپۆرتێکم گەیاندە نیکسن ، لە وێدا ئاگادارمان دەکا کە کوردەکان دوو لە سێی سوپای بەعسیان مەشغوڵ کردووە :

**«باری ڕژێمی بەعس چاک نیە ، بەرگریی بارزانی لەناوچە سەختەکانی خۆی دوو لەسەر سێی سوپای عێراق دەبەستێتەوە و دەیانگێڕێتەوە لەوەی بتوانن دەستە و تیپی دژە کوژی وتێکدان لە دژی ئێران دروست بکەن .»** کاتێک ئاگری شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ١٩٧٣ دا کەوتەوە ، کۆمەڵێک کێشە ڕوو بە ڕوومان بوونەوە. هەندێک بیریان لەوە دەکردەوە کە کوردەکان هانبدەین هێرش بکەنە سەر عێراقییەکان و ڕژێمی سەددام داتەپێنن. بیری لەو جۆرە لە لایەن ئەفسەرە پێوەندییەکانی ئیسرائیلەوە پێشنیاز کرا بوو ، ئێمە دامانە دواوە. دواتر بۆ ماوەیەک بووە مایەی بگرە و بەردە .

ئەو دەمەی شەڕی عەرەب و ئیسرائیل دەستی پێکرد ، پرۆگرامە نهێنییەکە تۆزێک لەساڵێک زۆرتر بوو. کوردەکان ژمارەیەکی کەم چەکی قورسی تۆپیان هەبوو کەئێرانییەکان پێیان دابوون ، ئێرانییەکان لەسەرچڵی لە سنوورەکانیانەوە خۆیان لە دوور گرتبوو. کوردەکان دەیان توانی شاخەکانیان لە هێرشی تانگ و فڕۆکەی عێراق بپارێزن ، بەڵام لەشکری کەم چەکیان نەی دەتوانی لە ناوچە دەشتییەکاندا دژی سوپای پڕچەکی عێراق بە چەکی پێشکەوتووی سۆڤیەتی و سەدان دەبابە خۆیان ڕابگرن. هێرشی بەولاوەی هێڵی بەرگری ، دەبووە هۆی تێکشکانی تەواوی هێزەکانی کورد.

پێچەوانەی باوەڕی چاوەڕوانکراوی خەڵکی توندڕەو، عێراق هێزێکی گەورەی بۆ یارمەتی عەرەبەکان لە شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نە نارد ، هاوکات ، وەک ڕیچارد هیلمز بەر لە ساڵێک پێی ڕاگەیاندین ، کوردەکان بە خەریککردنی دوو لەسەر سێی سوپای عێراقییەوە سەرگەرم بوون. تێکچوونی پەیوەندی عێراق و سوریا کارێکی سەر سوڕهێنەر نەبوو ، بەرەی عێراق لە ڕووی جوگرافیاوە کاری تێدەکرا ، تیپێکی سوپای عێراقی نێررابوو بۆ شەڕ لەگەڵ ئیسرائیلدا ، ئەمە وەک هاوبەشییەکی ڕەمزی بوو. لە هەمان کاتدا هێند بە خێرایی بەڕێ نەکەوت تابگاتە بەرەی شەڕ ، نزیکەی ١٠ دە ڕۆژی پێچوو بۆ ئەوەی لەناوچەی شەڕ نزیک بێتەوە ، دوا بەدواش بە خێرایی کشایەوە ، تاکە زیانێکیان ئەوە بوو کە بە ڕێکەوت لەگەڵ تیپێکی سعوودیدا پێک هەڵپڕژابوون ، بێنیاز سەربازەکان لە ڕۆژی کۆتایی شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پەلاماری یەکدیان دابوو ، بێ ئاگاداری لە یەکدی ، دوو پەلی عەرەب وایان دەزانی کەوتوونەتە ناو ئیسرائیلییەوە ، تەقەیان لەیەکدی کرد بوو. بیری پێشمەرگەکان وا بوو کە هێرش دەست پێکردنیان چاکترە بکەوێتە ڕۆژانی کۆتایی شەڕەکەوە ، وەختێک شەڕی میسر - ئیسرائیل سەخت دەبێ و دەکاتە خاڵی وەرچەرخان ، لە ١٥ ی تشرینی یەکەمدا_October ، نۆ هەمین ڕۆژی شەڕەکە ئیسرائیل سنوورێکی بۆ پێشکەوتنی سوپای میسرییەکان بۆ ناو سینا داناو بەری پێگرتن ، ئێمە پەیامێکی بە پەلەمان لە بارزانییەوە پێگەشت ، لە وێدا باوەڕی ئێمە دەپرسێ سەبارەت بە ئامۆژگاری ئەفسەرە پێوەندییەکانی ئیسرائیل کە داوایان لێکردبوو هێرش بکاتە سەر ناوچە دەشتییەکانی عێراق ، ئەوە پێشنیازێک بوو ئەفسەرەپێوەندییەکانی ئیسرائیل بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی

بوون و لە ئیسرائیلیش ئارەزوویان دەکرد ، بەڵام لەو جۆرە داخوازییە لە تەل ئەبیبەوە هەرگیز بە ئێمە نەگەیشتبوو. هەر وەک ئاسایی بوو ، پەیامەکە لە ڕێگای CIA یەوە گەیشت ، ویلیەم کۆلبی ـW Colby بە ڕێوەبەری تازەی CIA بێ ئەم سەر و ئەو سەر نارازی بوو شەڕەکە تەشەنە بکا. کاتێک لەگەڵ شادا ڕاوێژمان کرد کە ئەو چەک و ڕاوێژکاری بە کوردەکان دەدا ، ئەویش لایەنگری باوەڕەکەی کولبی کرد و بە خێرایی بە کوردەکانی ڕاگەیاند کە بۆ ئەوە چەکدار نەکراون بکەونە هێرش بردن بە تایبەتی لە دەشتەکاندا ، پێشنیازی ئەو شێوەی ئیسرائیلیەکان وادەکا کە " کاردی کوردـ Kurdish Card" لەدەست بچێ ، من ڕازی بووم ، لەسەروو ئەوەشەوە ، ئەوەم لێکدایەوە کە بەستنەوەی ڕاستەوخۆی کوردەکان بە تاکتیکی ئیسرائیلەوە کارێکی عاقڵی نیە ، چونکە ئەوەندی دی تورەیی وڵاتانی عەرەب ئابڵوقەی کوردەکان دەدا. بە ڕەزامەندی نیکسن ـNixon ، لە ١٦ی تشرینی یەکەمدا ئەم پەیامەی خوارەوەم بۆ بارزانی نارد: " **ئێمە دووبارەی دەکەینەوە ، کە دەستپێکردنی هێرشی سوپایتان لەسەر داخوازی ئیسرائیلیەکان ، بۆ ئێوە ، کارێک نیە بیری لێبکرێتەوە...** " هەر بڕیارێکی بەو جۆرە ، دەبێتە نەمانی کوردەکان ، بێ ئەوەی ئیسرائیلییەکان یارمەتییان بدەن . ئەو ڕۆژەی بارزانی پەیامەکەی منی پێگەشت ، ژەنەڕاڵ ئاریل شارۆن ـ Ariel Sharon لەگەڵ هێزەکەیدا لە قەناتی سویس پەڕییەوە. شەش ڕۆژ دواتر ، ئاگر بەستی شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕەگەیەندرا.

## کۆتایی ئۆتۆنۆمی کوردەکان

کاتێک ئەنوەر سادات لە ئەنجامی جەنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هێمنی و ئاشکرا بەرەو وڵاتە یەککرتووەکانی ئامریکا هەنگاوی نا ، بەو پێوانەیە ، یەکێتی سۆڤیەت زیاتر لەسەر بایەخی عێراق پێی داگرت. بۆ یەکەمین جار ، مۆسکۆ دەستی کرد بە ناردنی تۆپخانەی قورس بۆ سەددام حسێن کە ستراتیژیەتی عێراقی دژ بە کوردەکان بەهێز کرد. تا ساڵی ١٩٧٣ سوپای عێراق هاوینان لە شاخەکان دەمانەوە و لەسەرەتای زستاندا بۆ دەشتەکان دەکشانەوە ، لە زستانی ١٩٧٣ ـ١٩٧٤ دا بۆ یەکەم جار ، لەشکری عێراق لەو شوێنانە مایەوە کە لە هاویندا ئابڵۆقەی دابوون. ئەوە مانای وا بوو کە شاڵاوی ئاینده لە قوڵایی ناوچە کوردییەکانەوە دەست پێدەکا. عێراقییەکان بە ئاشکرا ، دەیانەویست بزوتنەوەی کورد بەرە بەرە لاواز بکەن ، ئەم ستراتیژیەتە ببوە ئازار و ماندویەتییەکی زۆر بۆیان ، چونکە تۆپە قورسەکانی سۆڤیەت دەیانتوانی سوپای عێراق وا لێبکەن شوێنە سەختەکانی کورد ئابڵۆقە بدەن.

لە ١١ ی مارتی ١٩٧٤ دا ، چوار ساڵی ڕەبەق تێپەڕ بوون بە سەر بەڵێنی ئۆتۆنۆمیدا ، عێراقییەکان پلانێکی تازەیان بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە کوردییەکان ڕاگەیاند ، لە کاتێکدا بە سەر زارەکی بەردەوامی ئۆتۆنۆمییان دەسەلاند ، بەڵام لە واقیعدا کۆنترۆڵی سیاسی لە لایەن عێراقییەکانەوە توند تر کرا. هەر کە شەڕ دەستی پێکردەوە ، هەموو باس و خواسە سیاسییەکانی سەبارەت بە کورد لەواشنتن کەوتنەوە بەر لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوە.

* شا ئینزاری ئەوەی کرد کە تێکشکاندنی کوردەکان دەبێتە لابردنی یەکێک لەچەرخەکانی تەوازن لە ناو عێراقدا ، هێزە دەمارتوندەکان و دەسەلاتی سۆڤییەت لە ناوچەکەدا هەلدەکشێن و هەرەشە لە ئێران و کەنداو پەردەسێنێ.

* ئیسرائیل قورسایی خۆی خستە سەر هاواری ئەوەی کە زۆرتر پشتیوانی لە کوردەکان بکرێ ، لەکاتی ئەم سەر و ئەو سەرکردنمدا بۆ وەدەستهێنانی ڕێککەوتن لەسەر بەرزاییەکانی جۆلان لە ئایاری ١٩٧٤ دا ، گۆلد مایر «٩» Golda Meir چەند جارێک ئەو مەسەلەیەی لەگەڵ باسکردم.

* بارزانی بەتەواوی ئامادە بوو بچێتە مەیدانی زۆرانبازییەکەوە ، گفت و گۆ وەستاندنی لەگەڵ بەغدا بە هەلێک دەزانی بۆ دەست کراوەیی خۆی لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە بۆ ئەوەی بە ویستی خۆی جۆرە ئۆتۆنۆمییەک دامەزرێنێ زیاتر لە قەوارەیەکی سەربەخۆ بچێ. لە ١٦ ی مارتی ١٩٧٤ دا بۆ جێبەجێکردنی پێشنیازی ستراتیژی خۆی دوو ڕێگای خستە بەر دەممان : ١٨٠ سەدو هەشتا ملیون دۆلار بۆ ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە، ٣٦٠ سێ سەدو شەست ملیون دولار بە حسێبی ئەو بۆ دروستکردنی زەمینەی تەواوی سەربەخۆیی.

بارزانی لێکدانەوەیەکی یەک لایەنەی هەبوو ، مەسەلەکان لە ئەستۆی خۆی بوون ، بێ ئەوەی خەلکی دیکە هاوبەشی لەگەلدا بکا ، هەمیشە باوەڕی بەخۆی هەبوو ، لە بەرامبەر زلهێزەکاندا ڕادەوەستا ، ئە و جۆرە خەباتە بەند بوو بە پشت بەخۆ بەستن و قەلەوەوە ، وەک لەوەی حسێب بۆ هاوکێشەی هێزەکان بکرێ. هەندێک ئامانجی دیاریکراو هەیە حسێبێکی ئەنجام گیری نیە بتوانێ پێنەی بکا. تێگەیشتن و لێکدانەوەی بارزانی بۆ ئۆتۆنۆمی کوردەکان ، هیچ کاتێک لەلایەن شاوە پشتیوانی لێنەکراوە" یا لەو بارەوە لەلایەن تورکیاوە " ، وولاتە یەکگرتووەکانیش لەو جێگەو ڕێگەدا نەبووە بەتەنێ کۆمەک و پشتیوانی هەمیشەییان بۆ مسۆگەر بکا. ئەگەرچی کەمترین داخوازی مالی بارزانی داوای دەکرد لەسەروو هەموو بودجەی عەمەلیەتە نهێنیەکانەوە بوو کە وولاتە یەکگرتووەکان لە ئەستۆی بوون، بەلام کۆنگریس لە ١٩٧٤ لەگەرمەی ڤەتەر گەیت «١٠» Watergate بە یاسایی دەستی گرت بەسەر کۆمەک بۆ هێندی چینی. بۆیە هەر کۆمەکێک بۆ شەڕی پارتیزانی کوردەکان لەشاخەکانی نزیک بە یەکێتیی سۆڤیەت داوابکرایە ، بە دلنیاییەوە دەدرایە دواوە ، کارێکی بێ ماناش بوو شا کە سنوورێکی دوور و درێژی لەگەل سۆڤیەتدا هەبوو هانبدرێ بۆ ئەوەی بە ئاشکرا دەستوەرداتە خاکی هاوپەیمانێکی سۆڤیەتەوە.

بارزانی داوای کەرەسەیەکی زۆری پێوەندی "اتصالات " لە کۆلبی دەکرد کە ڕازی نە بوو بە زیادکردنی کۆمەکی ئامریکا بۆ کوردەکان ، ناڕازیبوون و ئارەزووی کۆلبی واقیعبینانە نە بوو. هەموو چاوەدێرەکان ڕازیبوون بە ستراتیژیەتی تازە دەربارەی عێراق ، پرۆگرامێکی کە هەبوو تەنانەت بۆ بەرگری لەخۆکردن دروست نەبوو. بەپێی دەسەلاتم وەک ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ـ National Security، من بۆ زیادکردنی یارمەتی بۆ کوردەکان پالم پێوە ناو داوام لە دیک هیلمز و برێنت سکۆکرۆفت Dick Helmize and Brent Scocroft کرد کە پێشنیاز لەو ڕووەوە ئامادە و پێشکەش بکەن.

لەسەرەتای نیسانی ١٩٧٤دا ، هیلمز و سکۆکرۆفت دوا ئەنجامگیری خۆیان پێشکەش کرد ، ئەو

# کارەساتی کوردەکان - هێنری کیسینگەر

کۆمەکەماڵیەی هەبوو بکرێ بەنزیکەی دوو ئەوەندە ، کۆمەکی نهێنی ئامریکا لە ٥ پێنج ملیون دۆلارەوە بکرێ بە ٨ هەشت ملیون دۆلار ، سەرچاوە ئاشکراکانیش ١ یەک ملیون دۆلاری دیکە بدەن بۆ یارمەتیدانی پەنابەران ، شا ڕازیبوو بەوەی ساڵانە بەشەکەی خۆی لە ٣٠ سی ملیون دۆلارەوە بکا بە ٧٥ هەفتاو پێنج ملیون دۆلار. بەریتانیاو ئیسرائیل لای خۆیانەوە درێژە بدەن بە یارمەتییەکانیان. بۆ گەرمکردنی زەمینەی کوورەی ستراتیژی هاوبەش ، بەلام هەریەکە بۆ مەبەستێک ، من ڕێنموویی هیلمزم کرد کە بە شا و بارزانی بڵێ: وەک ئێمە دەیانبینین ، بەرژەوەندییەکانی ئامریکا ئەمانەن :

ا- هێندە هاوکاری کوردەکان بکرێ کە زەمینەیەکی مەعقولیان هەبێ بۆ وە دەستهێنانی ئامانجەکانیان لە دەوڵەتی عێراقی.

ب- حکومەتی ئێستای عێراق بەردەوام مەشغوڵ بکرێ.

س- نابێ هەمیشەیی عێراق دابەش بکرێ ، چونکە سەربەخۆیەتی ناوچە کوردەکان لە ڕووی ئابوورییەوە دروست نییە و توانای ژیان و گەشەکردنی نابێ. لە بەرژەوەندی ئامریکا و ئێرانیش نییە کە دەرکەی پێوەندی چاک لەگەڵ عێراقێکی ژێر سایەی سەرکردایەتییەکی نوێدا پێوەبدەن.

هەمان ڕێنموویی درابوو بە کۆلبی ـ Colby، بەدرێژایی ساڵی ١٩٧٤ ، هەر لایەو لەڕوانگەی خۆیەوە ، ویستی جیاوازی هەبوو. CIA ، دەیەویست بەرژەوەندی ئامریکا بپارێزێ ، بۆجێبەجێکردنی پرۆگرامێکی نوێ ، پێیەکانی لەزەوی قایم کردبوو. شا مەبەستی بوو ڕێککەوتنێکی بن بەستی بەرگریانەو خۆپارێزراو بەدەست بێنێ. بارزانیش سەرکەوتنی لەگەڵ هۆکاری پاراستنی قەڵا سەختەکانی دەخواست. کێشە لەگەڵ ستراتیژییەتی کۆلبی ـ Colby ئەوە بوو گەرەکی بوو خۆ لە گێچەڵی لیژنەکانی کۆنگرێس بەدوور بگرێ وەک لەوەی گرنگی بە بارودۆخی واقیع لەسەر زەوی بدا. کێشە لەگەڵ ستراتیژییەتی بارزانی ئەوە بوو کە تەنها بە جەنگی ئاسایی کاری تەواو دەکرد نەک بە شەڕی پارتیزانی. کێشە لەگەڵ ستراتیژییەتی کۆشکی سپی ـ White House و ئێرانییەکان ئەوە بوو ، ئەوەندە یارمەتی نهێنی بزوتنەوەکە بدەن کە ئۆتۆنۆمی کورد بکەنە تەگەرەیەکی نزیک لە هەمیشەییەوە ، تەگەرەیەک دژی ناحەزانی سیاسەتیان لەناوچەکەدا.

بەدرێژایی ڕۆژگار ، شێوەی کارگێڕێتی و خەباتی کوردەکان سنووری بایەخی داخوازی و پێویستە ڕاستەقینەکانی خۆیانی دیاریکردووە. هەندەک جار لەوە دەچوون ، نائومێد بن ، کاتی دیکە شاگەشکە بوون. بۆ نموونە لە ٢٧ی تەموزی ١٩٤٧ دا ، شا هاوارێکی بە پەلەی بارزانی پێگەیاندین کە داوای کۆمەکی دەکرد. شا هاواری خۆشی خستبووە سەرو لە ئەنجامی مەترسیی تێکشکانی بزوتنەوەی کورد بۆ ئێران و بۆ سەرانسەری کەنداو بە ئاگای هێنابینەوە.

هەردوای چەند هەفتەیەکی دی ، لەسەرەتای ئەیلوولدا ، بارزانی پێشنیازی هێرشی خۆیانی کرد بۆ سەر چاڵە نەوتەکانی کەرکوک ، لە ١٨ ی ئەیلوولدا ، ئێمە پێشنیازەکەیمان دایە دواوە ، چونکە نەماندەویست لەو کێشەیەی وزە کە هەبوو لێی زیاد بکرێ و هێرش بکرێتە سەر دەزگا نەوتیەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ، بەلام پاڵپێوەنانە ناوبەناوەکانی بارزانی بۆ بەهێزکردنی لەشکری کورد ، بۆ ئەوە بوو تاکۆمەکی زێدەتر

بەدەست بێنێ. ئەوەی پیشان دەدا کە کوردەکان هێندەیەیان کۆمەکی ماڵی دەوێ تابتوانن قەڵاکانی خۆیان بپارێزن ، کە چەکی پتریان دەخواست لەبەر ئەوە بوو درێژە بە هێرشی سەرەکی بدەن.

بە سەرنجدانێک ، دەردەکەوت کە هاوینی ١٩٧٤ کاتێکی واقیعی بوو بۆ پێدا چوونەوەی بارودۆخەکە. دوو کۆسپ لە ئارادابوون. بەهەرحاڵ ، دوای تێپەڕبوونی کاتێکی مەعقول ، تەنێ خەڵکانی دەرەوە لەو جێ و ڕێیەدا بوون بیر لە ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکان بکەنەوە. هاوینی ١٩٧٤ پڕ بوو لە گێروگرفت : گەلەک بۆ سەرنجراکێشانی ئێمە ، هاواریان لێهەڵسا ؛ لە ئایاردا ، گەشتە هات و چۆکەی سوریام ؛ لە حوزەیراندا ، سەردانەکانی سەرۆک بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و یەکێتیی سۆڤیەت ؛ لەتەمموزدا ، کارەساتەکانی قوبرس «١١» ؛ لەئابدا ، لابەلاکردنەوەی سەرۆکایەتی نیکسن ؛ دوای ئەوە ، قۆناغی گواستنەوە ، دەرکەکردنەوەی پێوەندی نێودەوڵەتی ، سەرنەگرتنی یاسای بازرگانی ، گەشەکردنی دیپلۆماسی تەگەرەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، لە کۆتاییدا ، زیانی کارەساتی هیندی چینی . کات زۆرکەم مابوو بۆ پێداچوونەوەی ڕژێمی هاوکاری و ئیختیار لە ناوچە دوورە دەستەکانی کورددا ، ئەگەرچی کاربەدەستانی بڕیاری سیاسەت هیچ نەبوو لە ڕوویاندا بووەستێ ، بەڵام من پێم وایە ، جگە لەوەی پڕۆگرامەکەیان درێژە پێبدایە ، شتێکی باشتر نەبوو بیکەن. ئەگەر ئێمە لە ١٩٧٢ دا دەستمان نەکردایە بە پڕۆگرامی نهێنیی هاوکاری کوردەکان ، ئەوان زۆر خێراتر تێدەشکان. بیست ساڵ دەست تێوەردانی ئێمە ، بۆتە مایەی ئەوەی زۆرتر شارەزای شێوەی کاروباری سەددام حسێن بین و گومانی نەهێشتبۆوە کە کوردەکان بە ئاسانی چارەنووسی خۆیان بە دەستەوە دەدەن. بە هاتنی هاوینی ١٩٧٤ ، ئیختیاری ئێمە پێشنەکەوتبوو. مەگەر بە ئامۆژگاری CIA بجوڵاینەوە و چ کۆمەکێکی زیادەمان نەکردنایە، بەدڵنیاییەوە کوردەکان هەرەسیان دەهێنا. ئێمە هیچ ڕێگایەکی هەڵبژاردەمان بۆیارمەتی ئاشکرا نە بوو لە شەڕدا ، چونکە لە ڕووی لۆجستییەوە ـ Logistically زەحمەت بوو ، زۆر دوور بوو ، بۆ میللەتی ئامریکا زۆر نادیار و نا ئاشکرا بوو بۆ سەرکەتن. بارزانی دەستتێوەردانی ئاشکرای ئێرانییەکانی بە پاڵپشتی وولاتە یەککگرتووەکان داوا دەکرد ، بەڵام کردنەوەی بەرەیەکی دی لەگەڵ ڤێتنامی دانەمەزراودا ، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پڕ لەسەرچڵی وترس، هەروەها دەرکەکردنەوەی پێوەندی نێودەوڵەتی لەژێر هێرش و دژمنایەتیدا دەبووە مەترسی بۆ چارەنووسی هاوپەیمانیێکی دی " ئێران " کە بە دڵنیاییەوە لەلایەن کۆنگرێسەوە دەدرایە دواوە. لە ٢٦ی ئابی ١٩٧٤ دا ، کاتێک سەرۆکی تازەم بەکورتی دەربارەی عەمەلیاتی هاوکاری کورد ئاگادارکرد ، پێم ڕاگەیاند کە شا بیری لەوە کردۆتەوە هێزی ئاسایی بنێرێ. " شا پێش ئەو کات سەبازی ئێرانیی بە بەرگی کوردییەوە نارد بوو " بە هەرحاڵ ، من لەوە بە ئاگام هێنانەوە کە کاری ئاوا بە ئاشکرا مەترسییەکی زۆر دروست دەکاو بە ئاسانیش کۆتایی نایەت. مەگەر من لە لایەن فۆرد ـ Ford بە کەللە ڕەقی و پێچەوانەوە پێم ڕابگەیەنرێ. من بۆ خۆم ، ئارەزووم وابوو بابەتەکە واز لێبهێنرێ ، سەرۆکیش سوور نە بوو لە سەری.

ڕووداوەکان دژو پێچەوانە ببوونەوە : من دوو بەدیلی کاتی ئاساییم هێنانە پێشەوە ، کۆمەکی ئابووری ئاشکراو ئاسایی بۆ پەنابەرە کوردەکان دیاری بکەین ، هەروەها لە ٢٦ی ئابدا ، فۆرد ـ Ford پڕۆگرامی

## کارەساتی کوردەکان - هێنری کیسینگەر

سەفیری ئیسرائیل سمیحادینتیز ـSimcha Dinitz و من کە چەند هەفتەیەک بوو بە گەشە کردنیەوە خەریک بووین لە لایەن فۆردەوە پەسەندکرا ، ڕازی بوونەکە برێتی بوو لە گەواستنەوەی ئەو کەل و پەلە جەنگییەی سۆڤیەت کە لە شەڕی ۱۹۷۳ دا لە لایەن ئیسرائیلەوە دەستکەوتبوون بدرێن بە کوردەکان ، بەرامبەر ئەوەش ئیسرائیل چەکی ئامریکایی وەربگرێ " ئەمەش بووە بیروکراتییەکی دی و ناڕەحەتی چەند مانگێکی گفت و گۆ " . لە کۆتایدا مەبلەغی ۲۸ بیست و هەشت ملیون دولار نرخی چەکەمەنیەکانی سۆڤیەت تەحویل کرا تا ئیسرائیل چەکەکانی سۆڤیەت دەگەیەنێتە ناوچە کوردییەکان.

بە هاتنی پایزی ۱۹۷٤ ، هێرشی سوپای عێراقی لەدژی کوردەکان لەپێشکەوتندا بوو ، هاوارێکی بە پەلەی کوردەکانمان پێگەشت کە داوای کۆمەکی زێدەتریان دەکرد، " شا " ش پشتگیری دەکردن. هەموو ئەو داواکاریانە لەلایەن CIAیەوە دەخرانە لاوە. بۆ نموونە : لە ۲۲ تشرینی یەکەمی ـ October ۱۹۷٤ دا کولبی ـColby ڕاپۆرتی دابوو کە زۆرترین ڕێگاکانی یارمەتیدانی بارزانی بۆ ئێران و سەرکردایەتی لەژێر مەترسیدان ، لەگەڵ ئەوەشدا کۆلبی " دژی زیادکردنی ئاستی کۆمەکی ئامریکا بوو بۆ کوردەکان " پێشنیازی کرد : چونکە نهێنی بوونی کارەکەی ، دەخستە مەترسییەوە. وەک ئەوەی نهێنگیری زۆر گرنگتربێ لە گرفتاربوونی چارەنووسی کوردەکان " کۆمەکی ئێمە بۆ بارزانی لە سالانی۱۹۷۳ . ۱۹۷٤ . ۱۹۷٥ دا بە یەکەوە نزیکەی ۲۰ بیست ملیون دۆلار بوو بە ۱۲٥۰ هەزار و دوو سەد و پەنجا تەن تۆپخانەشەوە.

هەرچی پێویستیەکی کوردەکان هەبوو ، ئێرانییەکان دەیان توانی یارمەتیان بدەن ، CIA پێشنیازی ئەوەی دەکرد کە یارمەتی زیادکردنی کوردەکان بۆ ئێرانییەکان بە جێ بهێڵرێ ". بەڵام ئەگەر شا لەو ۷٥ ملیون دۆلارەی کە ئێستا دەیانداتێ بەرەو ژوور بوو ، ئەوا ڕوو بە ڕووی هەمان کێشە دەبێتەوە کە ئیسرائیل تووشی بوو بوو ، بۆ یە لە کاتێکدا کە شا کارێکی وا بکا ، هێزەکانی خۆی پێ لاواز دەکا ، ئەوسا دەبێ ئێمە چەکەکانی بۆ بژمێرینەوە ، بەوەش خۆمان دووچاری سەر ئێشەیەکی بێ ئەنجام دەکەین لەگەڵ کۆنگرێسدا.

## هەرەسی بزوتنەوەی کوردەکان

لەو بارو دۆخەداو لە کاتێکدا عێراق هێدی هێدی لەپێشکەوتندا بوو ، شا بێ پێشەکی و لە پڕێکدا بڕیاریدا باوەڕی خۆی بگۆڕێ ، ئەو بۆ دوو ساڵ دەچوو هەستی بەدژوارێتی دەسەڵاتی سەرەوەی وولاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا کردبوو ، هەرگیزیش ناڕازی هیچ شێوە بڕیارێکی جۆر بەجۆری ئێمە نە بوو بۆ یارمەتی کوردەکان ، پێدەچێ ئەوە لەبەر ترسێک بووبێ کە دەربڕینی گومان دەربارەی ویستی ئێمە ، پێوەندییەکانی لەگەڵ ئامریکادا لاوازبکا. ئەو پەیوەندییەی کە شا ئاسایشی وولاتەکەی خۆی لەسەر دروستکرد بوو. بەڵام کۆمەک برین لەهیندی چینی بەتایبەت لەو کاتەدا هاندەر نەبوو بۆ شا لەگەڵ عێراقدا بکەوێتە زۆرانبازییەکی ئاشکراوە ، " ئەوەش دوا هەلێک بوو بۆی مابێتەوە " یا نەی دەتوانی سنووری دوور و درێژی خۆی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤییەتدا بخاتە پشتگوێ ئەگەر پێشەکی پشتیوانییەکی بەهێزی ئامریکای لەدەستدا

## صەباحی غالیب

نەبوایە و بەڵێنی لێوەر نەگرتینایە ، ئێمەش لە جێگەو ڕێگەیەکی وادا نەبووین ئەوەی بۆ ئەنجام بدەین.

لەبەر ئەوە شا بڕیاریدا بە شێوەیەکی دیپلۆماسیانە پاشەکشەبکا ، لە کۆبوونەوەی ١٨ی شوباتی ١٩٧٥ دا لەزوریخ ــZurich لەکۆتایی گەشتەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستمدا بێ هیچ پێشەکی و ئینزارێک پێیراگەیاندم کە بیری لە گفت و گۆ کردۆتەوە لەگەڵ سەددام حسێندا ، منیش سەرۆک فۆردم –Ford بەم شێوەیە ئاگادار کرد :

**« دەربارەی مەسەلەی عێراق ، شا لەگەڵ گەورە پیاوی بەهێزی ئەو وڵاتە سەددام حسێن خەریکی تەدارەکی کۆبوونەوەیە ، ئەوەی ڕاگەیاند کە ناتوانێ قەوارەی شێوە سەربەخۆیەتی کوردەکان قبول بکا ، نە بادا بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی کۆمۆنیستی عێراقییەوە ، لەوەش دەترسێ کە عێراق کێشە لەسەر سنوورەکانی عێراق و ئێران بنێتەوە و ببێتە هۆی ئەوەی مەسەلەی کورد بگاتە بەردەم ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بەلای ئەوەوە کارێکە خۆزگەی پێناخوازێ ، بۆیە لەوە دەچێ لەگەل عێراقدا سەبارەت بە کوردەکان بگەنە ئەنجامێک ، ئەگەرچی دلنیانییە ئاکامێکی بەرجەستەیی لە کۆبوونەوەکەیان سەوزبێ ، هاوکات شا مەبەستێتی درێژە بە یارمەتیدانی کوردەکان بدا ».**

ئەوەم بیری شا هێنایەوە کە ئەو بەردەوام مەترسی ئەوەی هەبوو کە هەرەسی کوردەکان دەبێتە مایەی نائارامی لە هەموو ناوچەکەدا ، بەهۆشم هێنایەوە کە هەر بەڵێنێکی سەددام حسێن بیدا بۆ فەرمانڕەوایەتی ناوچە کوردییەکان ، شتێکی پووچەڵەو ناچێتە سەر ، هەر کاتێکیش سۆڤیەتییەکان هەستیان کرد ئێران لە پاشەکشەدایە ، ڕەنگە ئەوە بە لاوازی ڕۆژئاوا بزانن و بیکەنە بیانوو بۆ سەرچڵییەکی زێدەتر.

ئەو دەمە، لە توانادا نەبوو یارمەتی کوردەکان بەڕێگایەکی نهێنی بەردەوام بێ، درێژەپێدانی بزوتنەوەکەیان دەستێوەردانی ئاشکرای ئێرانییەکانی پێدەویست ، ئەوەش بە پشتیوانی وڵاتە یەکگرتووەکان دەچووە سەر ، بۆ ئەو پرۆژەیە وادەزانرا کە دوو تیپی سەربازی و ٣٠٠ سێ سەد ملیۆن دۆلاری پێویست بوو. بە چاوگێڕانێکی ئێرانیەکان بە هەڵوێستی ئامریکادا لە هێندی چینی ، بۆیان دەرکەوت کە وەدەستهێنانی ئەو جۆرە سیاسەتە لەناوخۆی ئامریکادا ، پشتیوانی لێناکرێ، ماوەیەکی کەم ، دوای چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵ شادا ، لە ٢٢ی شوباتدا دینیتیز ـ Dinitizبەم شێوەیە ئاگادار کرد.

**"شا ترسی ئەوەی هەیە کوردەکان بکەونە تەنگ و چەڵەمەوە ، بۆیە کە لە کۆنگرەی ئۆپێکOPECلەگەڵ عێراقییەکاندا پێک بگەن ، ڕەنگە گفت و گۆیان لەگەڵدا بکا ، بەو مەرجەی ، دوای لابردنی بارزانی لەمەیدانەکەدا ، شا مافی ڤیتۆی هەبێ بۆ ئەو کەسەی جێی دەگرێتەوە. لەم ڕووەوە من بە توندی تەحزیرم کرد. "**

دوای بلاوکردنەوەی ڕێککەوتنەکەی شا و سەددام حسێن ، لە ٩ی مارتدا ڕابین «١٢»ــ Rabin م بە دوور و درێژی ئاگادار کرد :

# کارەساتی کوردەکان - هێنری کیسینگەر

"لە زویریخ ــZurich ، شا بە شێوەیەکی ئیفتیرازی لە بارەی پێوەندی بە عێراقیەکانەوە ، پێی ووتم " ئەگەر لە ئەلجەزائیر لە کۆبونەوەی ئۆپێکدا سەددام ببینم . { ئەمەی وەک فیکرەیەک باس کرد. } لەو کۆبونەوە ، چی لێ سەوز دەبێ، من زۆر بە توندی عەرزم کرد کە هەتا بلێی فیکرەیەکی خراپە ، بە تایبەتی ئەو بیرەی کە ئەو پێی وابوو سەددام دلنیای دەکا کە بەڕێوەبردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردەکان ناخاتە ژێر دەستەڵاتی کۆمۆنیستەکانەوە. "

شا هێمیایەکی نەکرد بەوەی کە ڕێککەوتنەکە نزیکە ئەنجام بدرێ ، یا ڕازی دەبێ عێراق کۆنترۆڵی هەموو ناوچە کوردییەکان بکا ، هەر بۆیە من سوور بووم لەسەر هاندانی بارزانی. لە ٢٠ی شوباتدا لەوەرامی نامەیەکیدا کە پێشنیازی کۆبوونەوەی دوو بەدوومانی کرد بوو ، بۆم نووسی :

گەیشتنی پەیامی ٢٢ی کانوونی دووەمتان ، ئێجگار شادمانی کردم. دەمەوێ ئەوە بزانن کە تێکۆشانی دلاوەرانەی ئێوە و میللەتەکەتان مایەی ڕێزو پێزانینی ئێمەیە ، وەک باستان کردووە کێشەو دژوارییەکانی ڕوو بە ڕووتان بۆتەوە سەختن ، من چاک لەباری سەربازی و سیاسیتان تێدەگەم ، لەبەر بایەخی تایبەتی ئێوە لای ئێمە دلنیاتان دەکەم کە پەیامەکەتان بە بەرزترین پایەی حکومەتی وولاتە یەککگرتووەکان دەگا.

ئەگەر پێتان خۆشە نوێنەرێکی باوەڕپێکراو و نهێنی بنێرن بۆ واشنتن بۆ ئەوەی زیاتر زانیاری و ئاگاداریمان بدەنێ، ئەوا خۆمان بە سەر بەرز و پێخۆشحال دەزانین پێشوازی لێبکەین. "

دوای تۆزێک لە دوو هەفتە درەنگتر ، لە ٦ ی مارتدا ، وەختێک من بە تەدارەکی گەشتە هات و چۆکەمەوە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست خەریک بووم ، بە ڕێککەوتنی شا لەگەڵ سەددام حسێن هەموومان واقمان وڕما ، بە پێی ڕێککەوتنەکە شا ئیمتیازی لە شەتاوی عەرەبان وەرگرت و دانرا بە سنووری نێوان ئێرانییەکان و عێراقییەکان ، لە ئەنجامدا هەموو سنوورەکانی لە ڕووی کورددا داخست و دەستبەرداریان بوو.

لەسەر ئاستی ئینسانی ، کارەکەی شا دڕندانە و بێ بەزەییانە بوو ، قابیلی بیانوو هێنانەوەش نە بوو ، بەلام لە ڕووی سەرنجی پاراستنی ئێرانەوە، بڕیارێکی تێگەشتووانە بوو ، هەروەک چۆن بە ئازاریش بوو ، تاکە کارێکی لە ئێستادا بۆ یارمەتی کوردەکان بکرێ ، دەستێوەردان و هاوکاری ئێرانیەکانە ، نرخەکەشی بە دڵنیاییەوە لە سەروو ٣٦٠ ملیون دۆلارەوە دەبێ کە بارزانی لە ١٩٧٤ دا داوای کرد بوو. وولاتە یەککگرتووەکانی ئامریکا سەرگەرمی لابەلاکردنەوەی هیندی چینی بوو ، نەیدەتوانی بیر لە بەرەیەکی دی سەربازی بکاتەوە و کۆنگریس وا لێبکا تەنانەت پشتیوانی سیاسی لەکوردەکان بکا.

" دەربارەی کێشەی کورد ، دەتوانم شتێکی کەم بخەمە سەر ئەوەی کە لە کۆبوونەوەی ئەو دواییەی نێوانماندا وتبووم ، ئەمە مەسەلەیەکە بە تەواوی پێوەندی بە بەرژەوەندی وولاتەکەتانەوە هەیە و چۆنی بە چاک دەزانن بڕیاری لەسەر دەدەن. سیاسەتی ئێمە ، ئەوەیە

**؛ وەک دۆستێکی نزیک و خۆ ڕاگری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا تەماشاتان دەکەین و هەمیشە پشتیوانیتان لێدەکەین. چاوەدێری گەشەکردنی پێوەندی بەرژەوەندی عێراق ـ ئێران دەکەم ، هەروەها سیاسەتی عێراق لە ناوچەکەدا بە گشتی و بەرامبەر یەکێتی سۆڤیەت بە تایبەتی ".**

کاتێک هەموو شتێک کۆتاییهات ، کاربەدەستانی پێشووی مەیدانی ململانێکە دەستیان کردە هێرش بردنە سەر کارگێڕیتی فۆرد ـ Ford Administration بەگشتی و من بەتایبەتی، لەسەر ئەوەی گوایا کوردەکانمان بۆ چارەنووسی خۆیان بە جێهێشتووە. بەڵام ئاشکرا بوو کە شا پێشەکی بڕیاری دا بوو وازیان لێبێنێ ، ئێمەش نەمانتوانی هیچ کارێکی ستراتیژی یا ڕواڵەتی وابکەین پەشیمانی بکەینەوە. هەندێک لەوانەی ڕەخنەیان لێدەگرتین پێشنیازی ئەوەیان دەکرد بەیارمەتی لێبڕین هەڕەشە لە شا بکەین ، هەڵبەت ئەوە کارێکی نەکردە بوو. چۆن دەکرا هاوپەیمانێکی بایەخداری وەک ئێران بە تەنێ تووشی جەنگ بکەین " کە ئەوە بە چارەسەر دادەنرا بۆ یارمەتی کوردەکان " ، لە کاتێکدا کۆنگریس کوردە هاوپەیمانەکانی بە جێهێشتبوو ، چەقۆ لەسەر ملیان دانرا بوو.

ڕووداوەکانی کەوتنی شا دەریان خست کە ئێرانی دۆستمان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ پاراستنی تەوازنی ناوچەکە و جیهان ، وەلاخستن و خراپ مامەلە کردنی دیلۆماسی لەگەڵیدا و بڕینی یارمەتی ئەوەیان دەرخست کارێکی خراپ و نا بەر پرسیارێتییە ،بۆیە نە پاراستنی بەڵێنی بەرگریکردن لە ئێران کارێکی نامەعقول بوو ، خزمەتی بەرژەوەندی جیۆسیاسیمانی نەکرد. لێرەوە من جارێکی دی کۆیلەکردنی میللەتێکی دیکەی دۆستمان بینی ، چونکە کردەوەی شا و ناجۆری و پەشێوی کێشە ناوخۆییەکانمان بوونە مایەی لەدەستچوونی مەسەلەکە.

خەباتی کوردەکان هەرەسی هێنا ، بە پێی بەرنامەی کارکردنی ئاسایی ، واشنتن دەستی کرد بە دابەشکردنی گلەیی ، کۆلبی یەکەمین کەسێک بوو بێتە قسە ، لە ١٢ی مارتدا ، موناسەبەتی داخوازی نائومێدانەی بارزانی کە داوای یارمەتی ڕاستەوخۆی ئامریکای دەکرد ، بە پیرەوە چوونی بارزانی، CIA بە سەرچلیەکی بەرفراوانی دەزانی ، کۆلبی دەنووسێ و دەڵێ " لەبەر ئەوەی سیاسەتی ئامریکا لە ڕێگای ئێرانەوە ئەنجام دەدرا ، هەر یارمەتییەکی ڕاستەوخۆی کورد لە ئێستادا کە بزوتنەوەکەیان ڕووخاوە، دەبێتە کەمتر قابلیەتی بەرگری وەک لە ڕابوردوو" ئەو بەگومان بوو لەوەی کە شا یارمەتی خۆی بۆ کوردەکان کۆتایی پێهێنابێ ، بۆ ئەوەی کات بەسەر بەرێ ، کۆلبی سوور بوو لەسەر ئەوەی کە داخوازی کورد پێویستی بە باس و لێکۆڵینەوەیە ، ئەمەشی دانا بوو تا من لە گەشتە هات و چۆکەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەگەڕێمەوە. بە پێی ڕاپۆرتی جاسوسەکانیشی زۆر چاک دەیزانی کە دواخستنی. ئێجگار درەنگی لێبە سەر دێنێ. هاوکات کۆلبی پێیوابوو لەگەڵ ئەوەشدا کە تین و تاوێکی کوردەکان هەیانبوو بۆ بەردەوامبوون و یارمەتی CIA ی مانگی مارتیش درا بوو، بەڵام دەبوایە کارەساتەکە بەسەر کوردەکاندا بهاتایە.

کە بارودۆخەکە ڕوونتر بۆوە ، نوێنەرانی کۆلبی لە مەیدانی ڕووداوەکاندا نەیاندەتوانی خۆ بێ

هەواڵنامەی کتێب

# کارەساتی کوردەکان - هێنری کیسینگەر

هەڵوێست و پێوەندی ڕابگرن ، لێرەوە ، وا دەزانرا هەرچی یارمەتییەکی زێدەتر هەیە بەکوردەکان بدرابا ، بێ کەڵک دەمایەوە و نەدە بووە پاڵپشتێک هەرەسی کوردەکان ڕابگرێ. هیچ نەبێ ئەمە ئەوە بوو کە کۆلبی کۆشکی سپی White House پێئاگادار دەکرد.

کاتێک سەددام حسێن بە هەموو هێزو توانایەکییەوە هێرشی بەرفراوانی دەست پێکرد ، نوێنەرانی CIA لە ناوچەکەدا ، سەبارەت بەو کارەساتەی لە دەوروبەریاندا تەقییەوە دەستە پاچە کەوتبوون ، ئەو دەمە من لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هات و چۆ کردندا بووم ، ئەوان هاواری سەرکردە هیوا براوەکانی کوردیان بۆ یارمەتیدانیان دەنارد بۆ واشنتن. هیچ وەرامێکیان نەدەبیست ، بۆیە سەرنجی توڕەیی و نامەی توندیان بۆ دەنووسین. وەک لە هیندی چینی ڕوویدا ، لێرەش خۆ بە بەرپرسیار نەزانین و گلەیی لەسەر خۆ لابردن دەخرایە سەر یەکێکی دی ، لەو بارەوە گشت ئۆباڵێکیان ڕوو بە ڕووی ئیدارەکەی من - وەزارەتی دەرەوە دەکردەوە. لەگەڵ نارازی بوونی CIA یشدا ئەوی ڕاستی بێ بۆ ساڵێک، چی یارمەتییەکی ئامریکا هەبوو بۆ کوردەکان لە ئەنجامی تەقەلای منەوە بوو ، هۆ ی ئەوەش کە وەرامی هاواری کوردەکانم نەدەدایەوە ، نەم دەتوانی هیچ بڵێم ، ئەوانەی ڕاپۆرتەکانیشیان دەنووسی چاک ئەوەیان دەزانی ، ئێرانیەکانیش هێند دەمار توند بوون پێشوازی بیروباوەڕی ئێمەیان نەدەکرد و سەرجەم دەروازەی سنوورەکانیان داخستبوو ، بۆیە هاوکاری ئێمە بە فریای کوردەکان نەدەکەوت.

کارەساتی کوردەکان ، بە ناخۆشی و سەختی کۆتایی هات. دوای بیست ساڵ بەسەر ئەو هەرەسەدا ، بە هۆکاری بچوکترەوە ڕوویدایەوە ، بوارنەدانی هۆکاری جوغرافیا ، هاوجووت نەبوونی بزوێنەرەکان لەسەر بەشێک لە وولاتە دراوسێکان ، ناکرێ هەموو بخرێنە ئەستۆی یەکێک لە ناو کوردەکان خۆیاندا. ئەوانەش کە لە دواییدا بیانووی ئەخلاقیان دەربارەی " گاڵتەجاڕی " و " تاوان " دەهێنایەوە بە بێ دەنگی مانەوە و خراپتریش بوون ، دەربارەی کارەساتە مەزنەکەی لە هیندی چینی ڕوویدا هیچ بە دیلێکیان نە دۆزیەوە و پێشنیازی کارێکیان نەکرد لە تواناد بێت تا ئێمە ئەنجامی بدەین.

ئەگەر لە کارەساتی کوردەکان بکۆڵینەوەو بە سەرنجەوە تەماشای بکەین ، دەمانگەیەنێتە چەند ئەنجامێکی جۆر بە جۆر :

ـ پێویستی ڕوونکردنەوەی ئامانجەکان لەسەرەتاوە .

ـ بەراوردکردنی ئامانجەکان لەگەڵ ئیمکانیەتەکاندا .

ـ ناو بەناو چاوگێڕانەوە بە عەمەلیاتەکاندا .

ـ گرنگێتی بوونی پەیوەندی مەنتیقی لە نێوان هاوپەیمانەکاندا ، ئەوی ڕاستی بێ، هەموو ئەو بنەمایانە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دی بایەخیان پێ دەدرا ، بەڵام دەڵێی چی کاروباری ئەوان لای یەکێکی سەرسام و هەڵخە لەتاو بوو.

لەبەر گەلەک هۆ ، نەمانتوانی کەرەسەی تەواوی سەرکەتن بەدەست بێنین ، هاوکات نەشمان دەویست بەرپرسیارێتی ئەنجامی وازهێنانی مەسەلەکە بگرینە ئەستۆ. بۆیە هەوڵماندا بەدیلی سەربازی

### صەباحی غالیب

بخەینە لاوە بەو ئومێدەی بەرە بەرە دەردی سەرییەکی زۆر بۆ دوژمن پەیدا بکەین. کاتێکیش خۆمان بە مەسەلەی کوردەوە گرێدا ، ئەوەمان بەبیردا نەدەهات کە کێشە ناوخۆیەکانمان چ تەگەرەیەکمان بەسەردا دەسەپێنن. کە بیر لە ڕووداوەکانی بیست ساڵی ڕابوردوو دەکەمەوە هیچ بەدیلێکی پەسەند کراو نادۆزمەوە. ئەگەر لە ١٩٧٢ دا دەستبەرداری کوردەکان بووینایە و عێراق سەربەستی تەرکیزکردنی لە کەنداودا ببوایە ئەوا بارودۆخی دبلوماسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە جۆرێکی دی دەبوو، تایبەت لە کات و لە دوای شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ ـ بەلام بۆ کوردەکان ـ قوربانی هەمیشەیی مێژوو ، ئەوە تەسەلاو ئارامی و سەرە خۆشی نیە.

## پەراوێزەکان

١ـ هێنری کیسنگەرـ Henry Kissinger "١٩٢٣ -

د یپلۆماسی بەناوبانگی وولاتە یەکگرتووەکانی ئامریکاو زانای سیاسەت.

ـ لە شاری فوێرس Fuerth لە ئەلمانیا لە دایک بووە.لە١٩٣٨دا بۆ وولاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا باردەکاو لە ١٩٤٣ دا دەبێتە هاوولاتی ئامریکایی، ١٩٤٣ ـ ١٩٤٦ لە خزمەتی سوپای ئامریکادا دەبێ، لە ١٩٥٠ بکالوریوس بی. ئەی و لە ١٩٥٢ ماستەر ئێم. ئەی. و لە ١٩٥٤ دکتۆرا پی ئێچ. دی لە زانستگای هارڤەرد Harvard University تەواو دەکا،هەر لەوێش لە نێوانی ١٩٥٤ـ ١٩٦٩ کاردەکا،بەشی زانستی سیاسەت و ناوەندی کاروباری نێودەوڵەتی لەئەستۆ دەبێ.

ـ١٩٦٩دا دەبێتە ڕاوێژکاری نیکسن بۆ کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی.

ـ لە ٢٠-١-١٩٦٩ تا ٣-١١-١٩٧٥ وەزیری دەرەوەی ئامریکا دەبێ.

ـ لە ١٩٧٣دا خەلاتی نۆبلی ئاشتی دەدرێتێ لە بەرامبەر گفت وگۆو کۆتایی هێنانی جەنگی ڤێتنام.

ـئێستا سەرۆکی دەزگای کیسینگەرە بۆ کاروباری نێودەوڵەتی.

ـ یەکێکە لە گەورەترین ئەندازیارانی سیاسەتی ئامریکا لە چەرخی بیستەمدا،جێدەستی ئەو لە جەنگی ساردد....بە ئاشکرا دیارەو بۆچوونەکانی لە نەخشەی سیاسەتی جیهانیدا تا ئێستاو دوورتریش بایەخی هەیەو دەبێ.

هەواڵنامەی کتێب

٢ـمەبەست لە هیندی چینی:ڤێتنامە.

٣ـ نیکسن ـریچارد Rechard Nixon "١٩١٣ـ١٩٩٤"

ـ سیاسەتمەداری ئامریکاو سی و حەوتەمین سەرۆکی ئەو وولاتە بوو،

ـ وەک ئەندامی پارتی کۆماری لە ١٩٤٦دا چۆتە کۆنگرێسەوە،لە١٩٥٠دا بۆتە سیناتۆر.

ـ لەسەردەمی سەرۆک دواین ئەیزەنهاوەردا لە ١٩٥٣ـ١٩٦١،جێگری سەرۆک کۆمار بووە.

ـ لە ١٩٦٠ وەک پالێوراوی کۆمارییەکان چۆتە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتییەوە،بەڵام دەرنەچووە و چۆن کەنەدی بردویەتییەوە.

ـ لە ١٩٦٩دا دەبێتە سەرۆک کۆمار،سیاسەتی ئاشتی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا قبوڵ دەکا،دەرگەی پێوەندی دۆستایەتیشی لەگەڵ چینی کۆمۆنیستدا کردۆتەوە،لەشکری ئامریکای لە ڤێتنام کێشاوەتەوە.

ـ لە ئەنجامی تەنگ و چەڵەمەی وەترگەیتەوە Watergate کە تاوانبارکراوە بەوەی شەخسی دەستی تێدابوو،لەترسی ئەوەی بەرەسمی لەبەردەم دادگادا وەک تاوانبار نەوەستێ، لە ١٩٧٤دا لەسەرەتای دووەمین خوولی سەرۆکایەتییەکەیدا دەستی لەکار کێشاوەتەوە.

٤ـ فۆرد ـجیرالد Ford Gerald "١٩١٣ - "

ـ لە ١٩٤٨دا وەک ئەندامی پارتی کۆماری بۆ کۆنگرێسی ئامریکا هەڵبژێرراوە.

ـ بە ئەمینی و تێکۆشەرێکی گەورە نێوی دەرکردووە.

لە ١٩٧٣ دا نیکسن سەرۆک کۆمار دەیکاتە جێگری خۆی.

ـ کاتێک نیکسن لە ١٩٧٤ دا دەست لەکار دەکێشێتەوە،دەبێتە سەرۆک کۆمار.یەکەم کەسێک بووە بێ ئەوەی هەڵبژێررێ دەبێتە سەرۆک کۆمار.

ـ سی و هەشتەمین سەرۆکی ئامریکایە.

ـ یەکەمین کارێکی "لێخۆشبوونی نیکسن"بووە.

ـ لە ١٩٧٦ دا جیمی کارتەر جێگای دەگرێتەوە.

٥ـ ویلسن، ودرۆ Woodrow Wilson "١٨٥٦ - ١٩٢٤"

ڕێبەری پارتی دیموکراتی ئامریکاو ٢٨ بیست و هەشتەمین سەرۆکی ئەو وولاتە بووە لە ١٩١٣ تا ١٩٢١.

ـ لەخوولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەیدا بەرنامەیەکی فراوانی بۆ چاککرنی کاروباری ئامریکا ڕێکخست.

ـ لەگەڵ ئەوەشدا، لەجەنگی یەکەمدا بەڵێنی دابوو بێلایەن بێ،بەڵام لەبەرئەوەی ئاڵمانەکان لەژێر زەریادا ئاشوبی زۆریان دەنایەوە،ویلسن لە ١٩١٧ دا لە دژی ئاڵمانەکان جەنگی جاڕدا.

ـ لە ١٩١٨ دا چواردە ماددەی بڵاوکردەوە،وەک بناغەیەک بۆ لەسەرکردنەوەی میللەتانی ژێردەست و بەرقەراری ئاشتی لە جیهاندانێوبانگێکی زۆری پەیداکرد و کوردیش ئومێدێکی زۆری پێبوو،ئەمە لە ئەنجامدا بووە بناغەی دروتکردنی کۆمەڵەی گەلان و پەیمانی ڤێرسای.

٦ـ مەبەست لە پەیمانی جەزائیرە لە ٦ ی مارتی ١٩٧٥دا لەنێوان سەددام حسێن و محەمەد ڕەزای دوای شای

ئێراندا.

٧ـ ئەلیکس کوسیجن .Alexei Kosygin "١٩٠٤ ـ ١٩٨٠"

ـ پیاوی دەوڵەتیی یەکێتیی سۆڤیەت بووە.

ـ لە ١٩٦٤ ـ ١٩٨٠ دا سەرۆک وەزیران بووە

ـ نێوبانگی کوسجین لە پارتی کۆمۆنیستدا لە چلەکانەوە بەرز ببۆوە و وەک شارەزایەکی ئابووری تێوری دەرکرد،

ـ لە ١٩٤٨ ـ ١٩٥٢ دا ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووە،

ـ لە ١٩٦٠ دا هەڵبژێرراوە بە ئەندامی دەستەی باڵای سەرکردایەتی یەکێتیی سۆڤیەت و لەگەڵ برجنێڤدا دەستەڵاتیان دابەشکردبوو.

٨ـ پێنتاگۆن Pentagon، ساختمانێکی ئێجگار گەورەی پێنج لاپە،بنکەی سەرەکی هێزەکانی بەرگریی ئامریکایە،لەکاتی جەنگی دووەمدا لەساڵانی ١٩٤١ ـ ١٩٤٣ دا لە ڤێرجینیاـVirginia دروستکراوە.

ـ هەرسێ هێزی ئاسمانی و زەریایی و زەمینی ئامریکای تێدایە،

ـ گەورەترین ساختمانە لە جیهاندا کە لە ١٤ هێکتار فراوانترە بە ئەبکار دەکاتە ٣٤،

٩ـ گوڵدا مایرـGolda Meir (١٨٩٨ ـ ١٩٧٨)

سیاسەتمەداری ئیسرائیلی بووە

ـ لە رووسیا لەدایک بووە و لە ١٩٠٦ـ١٩٢١ لە ئامریکا گەورە بووە.

ـ لە١٩٢١ دا بۆ فەلەستین باری کردووە.

ـ ئەندامی دامەزرێنەری پارتی کاری ئیسرائیلی بووە و لە ١٩٦٦ـ١٩٦٨ سکرتێری گشتی بووە

ـ لە١٩٤٩ـ١٩٥٦وەزیری کار بووە.

ـ لە١٩٥٦ـ١٩٦٦وەزیری دەرەوە بووە.

ـ لە١٩٦٩ـ١٩٧٤سەرۆک وەزیران بووە،لەبەرئەوەی ئیسرائیلیەکان زۆر بەئاگا نەبوون لەشەڕی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣دا ئەم لە١٩٧٤دا واز لەکاردێنێ.

١٠ـ ۆتەرگەیت ـWatergate

تەنگیەکی سیاسەتی ئامریکا کە بووە هۆی وازهێنانی سەرۆک نیکسن، هەوڵدانێک بووە بۆ دزیکردن لە بنکەی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتدا،ساختمانێکە بەو ناوەوە و ئەندامانی هەڵبژاردنەوەی نیکسن لەجارِی دووەمدا هەندێ تاوانیان کردبوو لە بەرژەوەندی دەرچوونەوەی نیکسن، ئەمە ئاشکرا بوو،ئەنجوومەنی سینەتۆرەکان و وەزارەتی داد کەوتنە لێکۆڵینەوەی، نیکسن خۆشی تاوانبارکرا، لەترسی ئەوەی لەدادگادا رای ئەگرن و تاوانبار ئەکرێ بەرەسمی،دەستی لەکارکێشایەوە.

١١ـ قەیرانی قوبرس.

لە١٩٧٤دا کودەتایەکی سەربازی لەقوبرس دەقەومێ و یۆنان بە گەرمی پشتیوانی لێدەکا،لە تەمموزی ١٩٧٤ دا



هەواڵنامەی کتێب

تورکیا سەرووی قوبرس داگیر دەکا و زەمینەی بۆ دابەشکردنی دووەگەکە دەرەخسێنێ و لە ئەنجامدا کۆماری قوبرسی تورکی دادەمەزرێنن کە تا ئێستا جگە لە تورکیا هیچ وولاتێک بەرەسمی نەیناسیوە. لەوساوە ئەوکارەی تورکیا بۆتە هۆی گرژییەکی توند لە نێوان دوو وولاتی ئەندامی ناتۆ - تورکیا و یۆنان.

١٢- ئیسحاق رابین Rabin (١٩٢٢ - ١٩٩٥)

- لە١٩٦٤ - ١٩٩٨دا سوپا سالاری لەشکری ئیسرائیلی بووە

- لەشەڕی ٦ ڕۆژەی حوزەیرانی ١٩٩٧ی نێوان عەرەب و ئیسرائیل ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی جەنگەکەی کردووە.

- لە ١٩٦٨ - ١٩٧٤ سەفیر بووە لەواشنتن.

- ١٩٧٤ - ١٩٧٧ سەرۆک وەزیران بووە.

- لە ١٩٩٢ - ١٩٩٥ بۆ جاری دووەم بۆتەوە سەرەک وەزیران.

- لە ١٩٩٣ دا لەگەڵ یاسر عەرەفات بەڵگەنامەی ئاشتیی ئیسرائیل وفەلەستینی ئیمزاکردووە.

- ١٩٩٥ توندڕەوە ئیسرائیلیەکان لەسزای ئەوەی لەگەڵ فەلەستینییەکان پێکهاتووە، کوشتوویانە.

**ساڵح حەمە ئەمین**

**کردوویەتی بە کوردی و پاشکۆی بۆ نووسیوە**

عەوالنامەی کتێب

# مەسەلەی کورد لە خوارووی کوردستان لە یادداشتەکانی «تالیب شەبیب» دا

**عەلی ساڵح سەعدی پێش ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ ساڵح یوسفی دەبینێ**

**سەرکردەکانی سوپا ناچاریانکردین ڕێگەی سەربازیانە لەگەڵ کوردەکاندا بگرین و**

**«وەنداوی» تاکە کەس بوو بەرهەڵستی بکات**

**کێشەی کورد لە ساڵی ١٩٦٣ دا**

تێگەیشتن یان لێتێنگەیشتنی هەڵوێستی ڕەوتە نەتەوەییەکان بەتایبەت پارتی بەعس لەم کێشەیەدا زەحمەتە، ئێمە تێگەیشتنی گشتیمان بۆ کورد وابوو کە ئەوان ڕەویان بۆ سەرخاکی عەرەب کردبێ و هاتبن تا لە وولاتەکەیاندا میوانیان بن. کە ڕاستییەکەشی وانەبوو، کوردەکان وەک ئەرمەن و تورک و کۆمەڵانی دی لە

# مەسەلەی کورد لە یادداشتەکانی «تالیب شەبیب» دا

ئەنجامی ململانێ و جەنگ و هۆی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و ئاینی و بڕوا جیایی لەلایەن عوسمانییەکانەوە ناچاری ڕەوکردن بەرەو عێراق نەبوون تا لەسەر خاکەکەیدا بژین، چونکە کورد نەتەوەیەکی ڕەسەنە لە عێراقدا و ماوەیەکی هێجگار زۆر بەر لە عوسمانییەکان و بگرە پێش هەندێ لە کۆچکەرە عەرەبەکانیش تیایدا ژیاون (١).

کەواتە لە نەزانین و بێ ئاگاییدا عەرەب و لە پێناسە نەکردنیشدا کوردەکان بەرپرسیارن. بەداخەوە دەڵێم کوردەکان بەهۆی کلکایەتی ڕامیاری وبیرە نوێیەکانەوە زیانیان بەخۆیان و بڕوا پێبوونیان گەیاند. چونکە یەکەم پارتی نوێی نەتەوەیی و کوردستانی و گەورە ترینیان کە «پ د ک» بوو خۆی بەلایەنێکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بەستەوە، بەوەی کە خۆی بەحیزبێکی مارکسی لینینی «سەر بە ستالین» ڕاگەیاند و لە پێڕەوەی خۆشیدا ئەوەی کردە بەڵگە، بۆیە وای لێهات کە بەدووی حیزبی شیوعی عیراقی بکەوێت. ئەگەر چی لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم و ڕەنگە پێشتریش جار و بار ناکۆکی و ململانێی توند و تیژ لە نێوانیاندا ڕوویاندابێ کەئێمە لێیان بێ ئاگابووین و نەشمانزانیبوو، سەیری پارتیشمان وەک لقێکی حیزبی شیوعی دەکرد، بەتایبەتی کە هەردوولا لەکاتی شۆڕشەکەی «شەواف» دا لە چەوسانەوەی نەتەوەییە عەرەبەکاندا هاریکاری یەکتریان کرد، زۆربەی سەرکردەکانی شۆڕشی کورد چ لەناو عێراقدا بێت و چ ئەوانەشیان کە دواتر لەدەرەوەی وولاتدا چاومان پێیان کەوتبێ دانیان بەوەدا ناوە. (٢)

## یەکتر بینینی «سەعدی» و «یوسفی»

بەوجۆرە بینینەکانی تێکەڵاو بوون و کامیان کوردیانەیەو کامەیان لایەنگرانی حیزبی شیوعی و عەبدولکەریم قاسمە جوێ نەدەکرانەوە. هەردوو ڕەنگەکە بەجۆرێک چووبوونە ناویەکەوە بەزەحمەت جوێدەکرانەوە، هەرچەندە ڕەوتە نەتەوەییەکان هەوڵیاندا بەچاکی لە کێشەی کورد تێبگەن، واشکەوتەوە «عەلی ساڵح سەعدی» لەیەکەم بینینی ڕەسمیانەی «ساڵح یوسفی» دا سەرکەوتنی بەدەستهێناو لەسەر چەند شتێک ڕێکەوتن. «یوسفی» ڕایگەیاند کە ئەگەر «بەعس» عەبدولکەریم قاسم بڕوخێنێ ئەوا «مەلا مستەفا بارزانی» یەکەم لایەنگریان دەبێت و شەڕی سوپا و پێشمەرگە ڕادەگرێ. ئەوە لە ڕێکەوتنەکەدا بوو، ئەویش دوای ئەوەی لای سەرکردایەتی پارتی بەعس ڕوونبووەوە کە کوردەکان مەرج نییە کلکی حیزبی شیوعی یان عەبدولکەریم قاسم بن. بگرە دەزگاکانی عەبدولکەریم قاسم کەوتە چەوساندنەوەی شیوعییەکان و پارتیشی هێنایەوە یەک، ململانێی ڕاستەقینەی نێوان شیوعی و پارتی بەرپابوو، ئەو گۆڕانکاریانە ڕێخۆشکەری هەڵسەنگاندنی هەڵوێست و پێوەندیکردنی ئێمەو کورد بوون. (٣)

## لوقمان بارزانی و کەسانی تر لە بەغدا

دوو هەفتە دوای «٨» ی شوبات نوێنەرایەتییەکی کورد کە جەلال تاڵەبانی و ساڵح یوسفی و لوقمان بارزانی و چەند کەسێکی تربوون گەیشتنە بەغدا. ئەوان و سەرکردایەتی «بەعس» کۆبوونەوە بەڵام

## ساڵح محەمەد ئەمین

کۆبوونەوەکان دانوستانی ڕەسمی نەبوون، بەڵکو هەر چاوپێکەوتن و ڕاگۆڕینەوە بوون، عەلی ساڵح سەعدی و حازم جواد و تالیب شەبیب و ساڵح مەهدی عەماش بەشدار بوون. لەسەر ڕاگەیاندنی سیستمی «لامەرکەزی» و بەئاشکرا بڵاوکردنەوەی بۆ ڕای گشتی عێراق و عەرەب ڕێکەوتین. چونکە ئەوی ڕاستیبێ هەرچەندە دەمانویست ڕێککەوتن و ئاشتی بکەین و برواشمان پێیانبوو بەڵام ترسی فراوانکردنی ناوەڕۆکی ڕاگەیاندنەکەمان هەبوو، یەکەم شتێک لەوبارەیەوە کەڵێی دەترساین کاردانەوەی وڵاتانی دراوسێ بوون، دووەمیشیان کاردانەوەی ڕای گشتی عەرەب و بەعس و نەتەوە و عێراق بوون. چونکە پێمان وابوو ئەوان هێشتا وا ئامادە نەکرابن کە بەو شتە نوێیانە قایل بن. ئەوانەی کە خۆمان حەزمان بەفراوانکردنیان بوو ... لەبیرمە خواڵێخۆشبوو عەلی ساڵح سەعدی بە دانوستانکەرە کوردەکانی گووت: «ئێوە نزیکترین کەسن بۆ ئێمە چونکە خەمی نەتەوەیی کوردتان هەیە، هەر وەک ئێمەش خەمی نەتەوەیی عەرەبمانە، ئێمە پەرتکراوی دەستی ئیمپریالیستین و ئێوەش پەرتپەرتکراون، بۆیە دەبێ هەریەکەمان هاوپەیمانی مێژوویی و چارەنووسی ئەوی تربێت، ئەوەی ئێستا لەسەری پێکهاتووین پێویستە لەگەڵ باری ناوچە و عەرەب و عێراقدا بگونجێت، بەڵام ئەوەی لەئاکامی ئەو پێکەوەییەماندا ڕۆژ بەڕۆژ بەدەستی دەهێنین زۆر لەو ڕێککەوتنەمان زیاترە» ئێمە لەو ڕووەوە لەگەڵیدا بووین.

## مەلا مستەفای بارزانی بروسکەی پشتگیری دەنێرێ

من جەلال تاڵەبانیم بەدڵبوو چونکە لەمانای قووڵی ئەوشتانەی دەمانخستە ڕوو دەگەیشت، لە پێشدا باوەڕی نەدەکرد، دوای ساڵانێکی زۆر پێی ووتم کە ئەو ئاستی ووشیاری لاوە بەعسییەکان و تێگەیشتنیان لە خواستە دوورو نزیکەکانی گەلی کوردی بەلاوە کوتوپڕبوو، ئەو خواستانەی لە ناخی ویژدانی کورد خۆیدایە، جا چۆنە گەر شێوەیان لە ویژدانی عەرەبیشدا هەبێ، بۆیە سەرکەوتنیان کەر لە تواناداپێت بۆ هەر دوولا دەبێ ... لەسەر ئەو بنەمایەنەی پێشەوە و لەبەر ئەوە کە مەلا مستەفای بارزانی بەڵێنەکەی خۆی بەجێهێناو دوای ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی هەشتی شوبات بەزوویی بروسکەیەکی پشتگیری نارد (٤)، (جەلال تاڵەبانی و فوئاد عارف) مان بەگەڵ نوێنەرایەتیە گەلی و میرییەکەی عێراق خست کە بۆ پیرۆز بایکردنی دامەزراندنی کۆماری عەرەبی یەککرتوو لە (٢٣) ی شوباتی (١٩٦٣)دا دەچوون، نوێنەرایەتییەکە ئەندامانی گشت لایەن و ڕەوتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی عێراقیان لە خۆگرتبوو.

لەیەکەم دانیشتنی ڕەسمی لەگەڵ جەمال عەبدولناسردا ئەو پێی ووتین: تاڵەبانی و فوئاد عارف حەزیانکردووە چاوپێکەوتنم لەگەڵدا بکەن. داوای لە ئێمە کرد خۆمان لە شەڕی ناوخۆوە نەگلێنین و نەبینەوە بە عەبدولکەریم قاسم، سەر بۆ کەڵەکە بووەکانی ڕابردوو دانەوێنین، چونکە ئەرکە نەتەوەییەکانمان گەلێک لە کێشەی کورد بەرینترن، بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەب بە گەورەیی و گشتییەکەیدا دەکرێ سەرجەم داوای کەمایەتییە نەتەوەییەکانی ناو نیشتمانی عەرەبیان تیادا جێگابێتەوە و چارەسەری ئاشتیانەش بۆ گیروگرفتەکانیان بدۆزێتەوە ... ووتیشی، کوردەکان داوایانکردووە بەجیا لەگەڵیاندا دابنیشێ، بەڵام تا ڕای

## مەسەلەی کورد لە یادداشتەکانی «تالیب شەبیب» دا

ئێمە نەبیستیٚ وەڵامی داواکەیان نادادتەوە ... ووتمان : نەک هەر بەوە قایلین بەڵکو تکامان وایە ئەوە بکەیت و هەر وەک چۆن بەو سنگە فراوانەی پێی ناسراوی گوێ لە ئێمە دەگریت گوێ لەوانیش بگریت ... تکای ئەوەشمان لێکرد کە کوردەکان لەوە بگەیەنێت بەداوای ناماقوڵ یان ئەوانەی ئێستا توانای جێبەجێکردنمان نییە زۆر لە ڕژێمە نوێیەکەمان نەکەن، پێیان ڕابگەیەنێت کە ئێمە وەک نەتەوەیی عەرەب بە درێژایی ڕێگاکە لەگەڵیاندااین. (٥)

## عەبدولناسر و گوشار خستنە سەر شای ئێران

عەبدولناسر وەک پەڕەیەکی گوشار خستنە سەر پەیمانی سەنتۆ سەیری عێراقی دەکرد بە تورکیا و خودی ئێرانی «شا» شەوە، سەیری حکومەتی ئەو وولاتانەی وەک دوژمنی ئاواتە نەتەوەییەکانی عەرەب لە بەدیهێنانی یەکێتی عەرەبدا دەکرد، بۆیە حەزی بە عێراقێکی یەکگرتوو بوو ... لەگەڵ هەردوو نوێنەرە کوردەکەدا «تاڵەبانی» و «عارف» کۆبۆوە و بەئێمەشی ڕاگەیاند کە لەگەڵ ئەوان و مەلا مستەفا دا پشوو درێژ و دانا و دووربین بین، ووتی : من لە ئێوەی لاوانی عەرەب و شۆڕشگێڕدا هەر ئەوانە دەبینم کە لە لاوانی کورد دا دەیانبینم.

من ئێستا دوای ساڵانێکی دوور و درێژ وایدەبینم کە هیچ نەگۆڕرابێت و هیچ ناکۆکییەک لە نێوانماندا نەبێ و دەکرێ مەسعود بارزانی یان جەلال تاڵەبانی هەر یەکەیان بەو ئاستەی بەرگری لە کێشەی کورد دەکات بەرگری لە کێشە نەتەوەییە عەرەبەکانیش بکات، بگرە بەهەمان دڵگەرمی و بە هێزی و تاقیکردنەوەیەی کە خەباتگێرێکی عەرەب بۆ بەرگری لە بەسەرهاتە جەرگبڕەکانی گەلی کورد و ئەو هەموو ناخۆشیانەی چەشتوویانە دەیکات.

دانوستانی پارتی بەعس و سەرکردایەتی کورد کە لە پارتی دیموکراتی کوردستاندا خۆیان دەنواند کۆتایی پێهات، لەوەدا سەرکەوتوو بووین کە بزووتنەوەی کوردمان ئاگادارکرد بەوەی ئێمە وەک حیزب حەزمان بەچارەسەری کێشەکە هەیە، بڕیارێکیشمان بۆ لابردنی گەمارۆ و لێبووردنی بەند و گیراوە کوردەکان دەرکرد، هەروەها هێڵە سەرەکییەکانی سیستەمی (لامەرکەزیمان دانا تا لە ئایندەدا ببێتە بنەمای دانوستانکردن). (٦)

بەڵام پەرسەندنەکانی دواتر دووشتیان دەرخست، یەکێکیان عەلی ساڵح سەعدی ئاشکرایکرد، ئەویش داڵدەدانی ئەو شوعیانە بوو کە لە بەغداوە بەرەو کوردستان هەڵاتبوون، دووەمیشیان : ڕانەگرتنی هێرشی ڕاگەیاندن و ڕامیاریە دەرەکییەکانی شۆڕەوی بوون کە لەگەڵ ڕاگەیاندنەکانی حیزبی شیوعیدا هاوکاربوون دژی دەستەڵاتی میری بەغداو لە کوردستانەوە دەردەچوون، هاریکاری نێوان شیوعی و پارتی بەوەدا دەرکەوت کە داوامان لە نوێنەرایەتییەکەی کرد تا یادداشتێکمان بە داواکارییەکانی کورد بدەنێ بۆ ئەوەی دانوستانی لەسەر بکەین و بڕیاری ئەوانەیان بدەین کە لەسەریان داواکاریەکەیان داینێ، ئەگەر ڕازی بووینایە، ئەوا گومانی تێدانەبوو دەبووە هۆی دروستبوونی وولاتێک لەناو وولاتێکی تردا، چونکە سەرەتا بنەڕەتییەکانی

## ساڵح محەمەد ئەمین

قەوارەی هەر وڵاتێک لە یەکێتی هێزە چەکدارییەکانی و یەکێتی سیاسەتی ئابووری و دەرەوەیدایە، لە کاتێکدا یاداشتەکەی کورد داوایەکی تێدابوو سنووری بۆ بوون و مەشقکردن و ئەرکەکانی سوپای عێراق دادەنا کە هەر لە ناوچە عەرەبییەکەدا بن، بوونی سوپا و مەشقکردنی لە ناوچەی سەرووداا (کوردستان) بە بڕیاری دەستەڵاتە ناوچەییەکانی کورد خۆیەوە بێت، تەنانەت گەر هەبوونەکەی بۆ پاراستنی سنووری عیراقیش بووایە، ئەوە مانای دوو ڕامیاری نیشتمانی لەیەک وڵاتدا دەگەیەنێت، بە واتای سوپا بەرپرسی پارێزگاری سنوور نابێت و ناتوانێ باڵ بەسەر هەموو خاکی عێراقدا بکێشێت و بەرگری لێبکات و بەرەو ڕووی هەر دەستدرێژییەکی بێگانە ببێتەوە، ئەوە لە کاتی جێبەجێکردنیدا کەلێن لە دامەزراوەی وڵات دەخات.

## دابەشکردنی فەرمانبەرێتییەکان

کەلێنی دووەمییان داواکردنی کورد بوو کە سەرجەم فەرمانبەرێتییەکان و پلە و پایەی وڵات بە فەرمانبەرێتییەکانی دەریشەوە بە پێی ڕێژەی ژمارەی دانیشتوانیان بەسەر عەرەب و کورد دا دابەشکرێن. واتە (٢٠٪) ی فەرمانبەرێتی وڵات بێ گوێدانە کارامەیی و بە توانایی کەسەکان بۆ ئەوان بێت، بۆ نموونە ئەگەر ئەوەی ئەوان دەیانویست لە وەزارەتی دەرەوەدا بماننکردایە ئەوا دوو جۆرە سیاسەتمان لەگەڵ دەرەوەدا دەبوو، چونکە فەرمانبەرە کوردەکان بەدووی بزوتنەوەی کورد دەکەوتن، بزووتنەوەکەش خۆی ئەوانەی دادەنا ... سێیەم کەلێنیشیان : داوای بەشە نەوتێکیان دەکرد کە لەگەڵ ڕێژەی دانیشتوانیاندا بەرامبەر بێت.

لە یادداشتەکەیاندا ئەوەیان ووتبوو کە خۆیان چۆنیان بوێ دەستکەوتەکە والێدەکەن، بەوە عێراق دوو جۆرە سیاسەتی ئابووری دەبوو، پێشوەخت وڵاتەکە بەوە پەرتدەبوو، کە ئەوە کارێکی نەگونجاوو ناماقوڵ دەبوو. بۆ کوردستان باشتر وابوو کە لە عێراق جیا بێت و سەربەخۆبێت و دەستبەرداری بەشەکەی تری بێت و بە جەستەیەکی ساغ بیهێڵێتەوە نەک دوو نەخۆشی تووشبێنێ : نەخۆشی پەرتبوون و نەخۆشی پێکداچوون (وڵاتێک لە ناو وڵاتێکدا، مێلیشیای پێشمەرگە بەرامبەر بە «حەرەس قەومی».

### بارزانی خاوەنی بەڵێنی خۆی بوو حەزیشی بە دەستخەڕۆکردن و فرووفێڵ نەبوو

بەداخێکی زۆرەوە کوردەکان دانوستانیان بە ئامانجە دوور و کۆتاییەکانیەوە دەبەستەوە لەوەدا «واقعی» نەبوون (٧) لە بنەما سەرەکییەکانی قەوارەی یەک وڵاتی نەگەیشتبوون. پێمان ووتن : ئەگەر سەربەخۆییتان دەوێ پێمان بڵێن ئێمە قسەی لەسەر دەکەین، بەڵام داواکارییەکانتان سەربەخۆیی تیادا نییە و کەچی دەبێتە هۆی پەرتبوونی وڵات و عێراق دەکات بەقەوارەیەکی نەخۆش، ئەوەش کارێکە ئێمە پێی قایل نابین. بۆیە بواری وەڵامدانەوە و سەرپێچکردنی یادداشتەکەیان نەبوو، هەر بەوەندە لێگەڕاین کە پێی قایل نەبین. دواکات دانوستانکەرانی کورد دانیان بەوەدا نا کە داواکانیان نە بۆ بنەمایەکی «واقیعی» و نەبۆ ڕێککەوتن دەبوو (٨) ئەوسا حەزمان بە هیچ گۆڕانێک لە دانوستانکەراندا نەدەکرد چونکە لەسەر مێزی دانوستاندا زۆر لەیەکتری دەگەیشتین و ئێمە و مەلا مستەفای بارزانی لە جەلال ڕازی بووین. بەر لە

شۆڕشیش هەر ئەو شێوازەمان لە گەڵیاندا هەبوو، جگە لە کەناڵی (سەعدی - یوسفی) هیچ کەناڵێکی ڕەسمی تریان بۆ پێوەندیکردن پێیانەوە نەبوو، نەمان ویست کە لەو کەناڵەی تێپەڕێنین یان بارزانی بەوە پەستبکەین کە پێوەندی بە کەسێکی ترەوە بکەین، تەنانەت ئەگەر ئەوەی تر مەکتەبی سیاسی، حیزبە کوردییەکەش بێت، دەمانزانی ئەو خاوەنی قسەو بەڵێنی خۆیەتی و حەزیش بەفێڵ و پاشقولگرتن ناکات، جگە لەوەی کە زۆر بوونی کەناڵ زیانی بە نهێنی کارەکە دەگەیاند و لەلای دەزگا ئەمنییەکانی قاسم لەوانەبوو ئاشکرا بووینایە.

## ئێمە تایەر یەحیا مان ڕانەسپارد بوو پێوەندی بە کوردەوە بکات

ئیبراهیم ئەحمەد بەشداری لە ووتووێژ و پێوەندیی و هەوڵەکانی، لەو نوێنەرایەتیانەدا دەکرد کە بەردەوام لە هاتوچۆی نێوان بارەگای خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی لە حاجی هۆمەران و بەغدا دا بوون. ئێمە بەر لە وەرگرتنی دەستەڵات «تایەر یەحیا تکریتی» مان ڕانەسپاردووە پێوەندی بە «ئیبراهیم ئەحمەد» ەوە یان «بارزانی» یەوە بکات. «یەحیا» نە دەستەلاتێکی وای هەبوو نە دەشیتوانی تەنیا دێڕێک چییە بینوسێ (دواتر بووە سەرۆکی وەزیران)، هەرچەند ڕۆژێک پێش (٨) ی شوبات هاتۆتە ناو حیزبی بەعسەوە، پێوەندی بە ئەحمەد حەسەن بەکرەوە دەکرد و تەنیا سەر لە بەیانی ڕۆژی هەڵگیرساندنی شۆڕش نەبێ چەند سەعاتێک پێش جێبەجێکردنی بەشدار بوو ئەگینا لە هیچ کۆبوونەوەیەکی تری حیزبیدا بەشدار نەبووە. (٩)

جارێکی تریش ناکۆکی نێوان عەرەب و کورد لە عێراقدا ڕێگەو هۆی هەڵگیرساندنەوەی بۆ پەیدا بۆوە، ڕەنگە تێنەگەیشتنی کوردەکان لە بیرو بڕوای نەتەوەیی بەعس و سوود وەرنەگرتنی ئێمە لە ئامۆژگارییەکانی عەبدولناسر کە بۆی چەند بارە دەکردینەوە، بووبنەتە هۆی ئەو هەڵگیرسانەوەیە، عەبدولناسر ووتی: ئیمپریالیست گرفتێکی ناوخۆیتان بۆ دروست دەکات بەڵام ئێوە دەبێ خۆی لێ لابدەن، یەکێتی عەرەب لە یەکێتی سوپاکەیدایە، پێویستە سوپا لە شەڕی ناوخۆوە نەگلێنن ئەوە با لە یەکەمین کارەکانتاندا بێت.

## حسین جەمیل و تایەر یەحیا و عەلی حەیدەر سلێمان
## لە بەغداوە
## بۆلای سەرکردایەتی بزووتنەوەی کورد نێردران

مەلا مستەفا بەڵێنەکەی خۆی بەدی هێناو بروسکەی پشتگیریکردنی نارد و شەڕیشی وەستان ئێمە بەدەنگ ئەو ئامۆژگاریانەوە دەچووین و سەرکردایەتی نەتەوەیی حیزبی بەعسیش جەختی لەسەر هەمان ئەو تێبینیانە دەکردەوە، بەڵام هاوڕێ بەعسییەکانی وولاتە عەرەبییەکانی دی، هەرچەندە تێگەیشتنی ئێمەیان بۆ مەسەلەی کورد نەبوو بەڵام سوور بوون لەسەر شەڕ نەکردن، کەچی «مینە» بەشەرییەکانی کورد و عەرەب کارەکانیان بەرەو پێکادان بردو گومانیان لە نیازە نەتەوەییەکانی عەرەب بەگشتی و حیزبی بەعس بەتایبەت سەبارەت بە کورد تۆوکرد، پاڵیان بە کوردەوە نا وادەرکەون کە دژایەتیمان بکەن تەنانەت لە چاوپێکەوتنەکانی جەمال عەبدولناسریشدا، بەڵام ئێمە لەوە گەیشتین و ئاسەواری گوشاری ڕاگەیاندنەکانی شیوعییەکان و

شۆڕەویمان لە سەریان خەملاند، هەروەها لە نەخشەی ڕامیاری و بەرژەوەندی عەرەب و ناوچەکە و نێو دەوڵەتی کێشەی کورد تێگەیشتین و ئەگەری کاتی بەکارهێنانمان لە لایەن زلهێزە بیانییەکانەوە بەو مەبەستانەی کە ڕەنگە هیچ پێوەندییەکی بە بەرژەوەندی نیشتمانییە ناوخۆییەکانەوە نەبێ، حەزیشمان دەکرد کێشەکە پێوەندییەکی بە بەرژەوەندی نیشتمانییە ناوخۆییەکانەوە نەبێ، حەزیشمان دەکرد کێشەکە لە نەخشەی عەرەبدا لە جێگەی ڕاستی خۆیدا دابنرایە، بەڵام ئارەزوو شتێکەو واقیع شتێکی ترە.

## بانگهێشتکردنی مەلا مستەفا بۆ سەردانی بەغدا

ئەگەر بچینەوە سەر داواکارییەکانی کورد لە یادداشتەکەیاندا، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دروستکردنی قەوارەیەکی بۆ کورد دەویست، ئەوا دیارە کە زیانی بە کێشەکەیان دەگەیاند و کۆسپی لە ڕێیاندا دادەنا بێ ئەوەی هیچ ئارەزوویەکیشیان بێنێتەدی، ئاسایە هیچ بەرژەوەندییەکی عەرەبی تیادا نەدەبوو، جگە لەوەی دەبووە کۆسپ لە ڕێی بەکارهێنانی توانا باشەکانی عێراق و نەیدەهێشت ڕۆڵی سوودبەخشی خۆی ببینێ، ئەمەمان لای عەبدولناسر باسدەکرد، کە وەک ناوبژیکەر یان لایەنێک قسەی لەگەڵدا بکردینایە، هەر ئەو شتانەشمان لای بنکردەی حیزب و ڕێکخراوە ناوخۆیی و هەرێمی و نەتەوەییەکان باسدەکرد، نوێنەرێکمان ڕەوانەی کوردستان دەکرد تا باسی ئەوە و ڕوونکردنەوەی لەسەر بکات، بانگێشتنی «مەلا مستەفا بارزانی»مان بۆ بەغدا کرد، کەچی نە خۆی هات و نە هیچ کام لە کوڕەکانیشی نارد، ڕەنگە بۆ نەهاتنەکەی خۆی هەقی بەدەستەوە بووبێ، چونکە تاکە هێماو سەرکردەی بزووتنەوەی گەلەکەی بوو کەوتنی دەبووە پەرەوازە بوونیان.

ناوبژیکەرانی خێرخواز هاوبەشییان لە نوێنەرایەتییە ڕەسمی و نارەسمییەکانماندا بۆلای کوردەکان دەکرد، (عەلی حەیدەر سلێمان) کورد بوو، باڵوێزێکی ناسراوی دەرەوە بوو. (حسین جەمیل) ی ئەندامی سەرکردایەتی پارتی نیشتمانیی دیموکراتی و یەکێک لە دامەزرێنەرانیشی بوو، (تایەر یەحیا) ی سەرۆک ئەرکانی سوپا کە دەیانووت بە بنەچە کوردە، لەوانە بوون. بێ دوو دڵی پێت دەڵێم کە سەرکردایەتی (مدنی) بەعس بەڕاستی ئاشتی و ئارامی لەگەڵ بزووتنەوەی کورد دا حەز پێدەکرد، بە هیچ جۆرێک بە بیرماندا نەهاتووە حەزبکەین بەسەریاندا زاڵبین یان دەستیان بشکێنینەوە.

ڕۆژانە سکاڵای (سوبحی عەبدولحەمید) ی بەڕێوەبەری بزوتنەوەی سەربازی لە وەزارەتی بەرگری و سەرتیپی یەکەم (عەبدولکەریم فەرحان) و هەموو ئەفسەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی (موتەسەریف - پارێزگار) ەکانی شارە کوردییەکانمان دەگەیشتێ (١٠). دەستدرێژی و تێکدان هەموو شتێکی گرتبۆوە، تەنانەت شوێنی خواپەرستی دیانەکانیش، چەکداران چوونە ناو کەنیسەشیان تاقیکردەوە و شەرابی زۆر ماوەیان لێ دزی، خوا دەزانێ چی تریشیان تیادا کردووە! سەیرەکە لەوەدابوو ناوەڕۆک و شێوەی ئەو سکاڵانەی دژی پێشمەرگە بۆمان دەهاتن ڕێک لەو سکاڵانە دەچوون کە لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق و شوێنەکانی ترەوە دژ بە هەڵسوکەوت و جۆری ڕەوشتی (حەرەس قەومی) بۆمان دەهاتن ... سکاڵاکردن لە پێشمەرگە ڕێک دوای دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی پارتی بەعس و کردنەوەی بارەگای ڕەسمیان لەناو شارەکانی کەرکوک و سلێمانی

## مەسەلەی کورد لە یادداشتەکانی «تالیب شەبیب» دا

و هەولێر دا دەستی پێکرد، کردنەوەی ئەو بارەگایانە بوونە خاڵی نوێی وا کە بەدەوریا و بەهۆیەوە ململانێی نێوان ڕێکخراوەکانی پارتی و شیوعی لە لایەک و ڕێکخراوە بەعسییەکانیش کە بۆ جێگەیەک دەگەڕان تا شوێن پێی خۆیانی تیادا قایم بکەن بەرپابوون. هەرچەندە بیری دامەزراندنی ڕێکخراوە بەعسییەکان کە کورد و تورکمان و عەرەبی شارە کوردییەکان بگرێتەوە ژیرانە نەبوو. کەچی سەرکردایەتی هەرێمایەتی هەرگیز بیری لە دامەزراندنی پارتێکی کوردی نەکردەوە کە بەرامبەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بێت و پشتگیری دەستەلاتیش بێت. بەڵکو بڕیاری ڕاستەقینەمان داوای دان پیادانانی دەستەلاتدارێتیمان بوو بەسەر هەموو خاکی عێراقدا و خۆ بەستنەوەمان بە ئازادی گەلی کوردە وە لە هەڵبژاردنی ڕێکخراوەی خۆی و بەردەوامبوون لە دانوستانێکدا ئاماجەکەی ڕێککەوتنێکی دادوەرانەی وابێ پشتگیر و پارێزگاری ئاشتی بێ.

## خراپەکاری پارتایەتی لە هەردوو لاوە

بەلام خراپەکارییەکی ناخۆش و لە ڕادە بەدەر لە بنکارە حیزبییەکانی ئێمە و پێشمەرگە و چەند ئەفسەرێک ڕوویاندا و بوونە هۆی کەشێکی بێ باوەڕی لە نێوانماندا، ئێمە سوور بووین لەسەر ئەوەی سکالاکانی دەمانگەشتنێ بەسەرکردایەتی کوردی، ڕابگەیەنین و دەماندا بە (ساڵح یوسفی) و (ئیبراهیم ئەحمەد) یان (جەلال تاڵەبانی) کە لە کاتی هەڵئاوسانی قەیرانەکەدا لەگەڵ (مەلا مستەفا) دا لە حاجی هۆمەران بوو. سەرکردایەتی سەربازی مەیدانی پێیان ڕاگەیاندین کە سوپا دوو ڕێگای لەبەرە، یان هەموو هێزەکانی لە کوردستان بکێشێتەوە یان دەستەلاتی سەربازیمان بەسەریدا نامێنێ. ئەوەمان خستە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش و لە بارەی نرخاندنی بارە سەربازییەکەی ئەوێوە ووتو وێژمان کرد، دوو پێشنیاز کرا، یەکەمیان : سوپا کارێکی سەربازیانە بۆ ڕێگرتن لە دەستدرێژییەکان و گێڕانەوەی ئاسایش ڕێکبخا، دووەمیان کە زۆربەی سەربازییەکان لایەنگری بوون. سوپا هێرشێکی بەرفراوان بکات کە ئامانجەکەی بە دەستهێنانی سەرکەوتنی تەواو بێت، تا سوپا وورەی بە بەردا بێتەوە، پێیان وابوو سەرکەوتن لە ماوەیەکی زۆر کورتدا دێتە دی. نارەزاییان لەوە هەبوو کە عەبدولکەریم قاسم شەڕی کوردی بەڕاستی نەکردووە ... گوێمان بۆ ئەفسەرە بەعسی و نەتەوەییەکان گرت کە قسەیان یەک بوو لە دوای کارێکی سەربازیانەی بەربلاوەو وەستابوون، لە هەر هەموویان دڵگەرمتر عەبدولسەلام عارف بوو، هاندەری لە ناوبردنی تەواوی بزووتنەوەی کورد و دەستبەسەراگرتنی ناوچەکە و گێڕانەوەی بۆ ژێر ڕکێفی دەستەلاتی ناوەند بوو، بەهەمان دڵگەرمییەوە هاندەری دژایەتیکردن و لێدانی شیوعییەکان و بە هێجگارەکی لەناو بردنیان بوو. ئەو و چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی شۆڕش ئامادە بوون بە هەموو بڕیارێک قایل بن کە هەموو ووزەی وولات بخرێتە ژێر دەستی سەرکردایەتی سەربازی مەیدانی و بەڕێوەبەرایەتی بزووتنەوە سەربازییەکان لە سەرووی عێراقدا، زۆر باشم لە بیرە، تاکە ئەفسەرێک هەمان هەڵوێستی سەرکردایەتی مەدەنی هەبووبێ (مونزر وەنداوی) بوو.

سەربازییەکان وایان دەردەخست وەک شەڕکردنی کورد شەڕێکی بنبڕکەر بێت. نە سەرۆک عەبدولسەلام عارف و نە هیچ کام لە ئەفسەرەکانی دی باسی بڕیارەکانیان نەدەکرد، بەلام لەناوبردنێک کە

خەڵکی مەدەنی بگرێتەوە، شتی وا بە بیری سەرکردە، ڕامیاری و سەربازییەکاندا نەهاتبوو. هەموو ئامانجیان بەدەوری دەستەڵاتگرتنە دەستدا دەخولایەوە و ڕێ لە خەڵکی دی بگرن لە کێبەرکێکەدا بێت، لە پێناوی ئەوەدا هەرچی شێواز هەیە بۆ ڕاونان و لەناوبردنی دژان و کێبەرکێکەرەکانیاندا، جا ئەوانە وەک پارت یان تاکە کەس بوونایە، دەیانگرت. تەنیا سەردەمی (سەدام حوسێن) نەبێ، لە عێراقدا هیچ بڕیارێکی کۆمەڵ کوژی نەدراوە، بەڵام ئەوەی لە (١٩٦٣) دا ڕوویدا بە بڕو بیانووی بۆچوون و خەملاندنەکانی سەرکردایەتی سەربازییەوە بەند بوون. دان بەوەشدا دەنێم کە ئێمە ڕای سەرکردایەتی نەتەوەیی و هەردوو حکومەتی میسر و سوریا و هیچ لایەنێکی هەرێمایەتی یان نێو دەوڵەتیمان وەرنەگرت، ئەگەری ئەوەمان دانا هەر کە دەیانخەینە بەر (ئەمری واقیع) و ڕوونکردنەوەی تەواویان لە بارەی هۆ و هاندانەکانەوە بۆدەکەین، لێمان دەبوورن. سەربازییەکان دەهۆڵی جەنگیان کوتاو ئاوازی زۆر بەزوویی سەرکەوتنیان لێدا ... لەگەڵ بڕیاردانی جەنگەکەدا ئێمە لە ئەنجومەنی شۆڕش بڕیارماندا:

یەکەم : بەڕەسمی و بە یاسا بڕیاری دەستپێکردنی کارە سەربازییەکانمان ڕابگەیەنین، بەوە خۆمان لە ڕێگاکەی عەبدولکەریم قاسم، جوداکردەوە کە بەبێ ڕاگەیاندنی ڕەسمی کارە سەربازییەکان دەستپێکرد.

دووەم : بەوردی کارە سەربازییەکانی ڕابگەیەنین تا لە زیادەڕۆیی خۆ دووربگرین و ڕاپۆرتەکانمان ڕۆژانە بەشێوەیەکی ڕەسمی ڕاست ڕابگەیەنین و لە بەڕێوەبەرایەتی بزووتنەوە سەربازییەکانی وەزارەتی بەرگرییەوە دەربچن. کاتی دەنگدان لەسەر دەستپێکردنی کارە سەربازییەکان، دژ وەستانەوەی (ساڵح مەهدی عەماش) مان بەلاوە کوتوپڕ بوو، کە لێمان پرسی وتی :داوای دواخستنی دەکات تا خۆ پڕچەک دەکەین و چەکی تەواومان دەستدەکەوێت، هەروەها عەلی ساڵح سەعدی و حازم جواد و تالیب شەبیب و موحسین شێخ ڕازی و دووان یان سیانی تر دژ بەو بڕیارە بوون. بەدەنگی بەرز هەڵدایە ووتم : چ دەوڵەتێکی سەیر و نائێرانەیە ئەو دەوڵەتەی وەزیرانی دەرەوە و ناوخۆ جێگری سەرەک وەزیرانی کە دیارترین کەسی حیزب بێ تیایدا دەنگ لە دژی جووڵەی سەربازی بدەن و کەچی واش هێشتا بڕیاری شەڕکردن بدرێ.

## هەڵوێستی دەرەوە و سەرچاوەکانی پڕچەککردنمان

تا ئێستاش هەرچەند بەخۆمدا دەچمەوە هەستدەکەم بڕیاری دەستپێکردنەوەی شەڕمان بۆ نرابۆوە. زۆر بە توندی گومان لە ڕەوشتی ساڵح مەهدی عەماش دەکەم، ئەگەرچی لەگەڵ ئێمەدا دژی شەڕکردن دەنگی دا، بەڵام زانیم بەر لەوەی ئامادەی کۆبوونەوەکە بێت پێوەندی بە هەردوو بەرپرسی سەربازی باڵوێزخانەی ئێران و تورکیاوە کردبوو و ئیشەکەی لەگەڵدا باسکردوون، بۆیە یەکسەر دوای کۆبوونەوەکە داوای لێکردم باڵوێزی هەردوو وولات بانگ بکەم بۆ ئەوەی دەستپێکردنی کارە سەربازییەکانیان بە ڕەسمی پێ ڕابگەیەنم، ئەمەش بەڕاستی دەستپێکردبوو، هەموو ئەو پەرەسەندانە بەدوای یەکەدا وەک ئەڵقەکانی زنجیرێک وابوون کە ناکرێ بێ ئامادەکردنی پێشوەخت وا بەرێکی لە دووی یەکتری بێن.

هەردوو باڵوێزەکەم بانگ کرد لە وەڵامدا ووتیان : ئێمە ئاگامان لە ڕووداوەکانە سوپاس بۆ

## مەسەلەی کورد لە یادداشتەکانی «تالیب شەبیب» دا

ئاگادارکردنمان، شارەزایانی سەربازی بۆ پێکهێنانی لیژنەی پێوەندیکردن و کاری هاوبەش لە نێوان هەرسێ وولاتدا بۆ کەمکردنەوەی دزەکردن و چەک دەرکردن و پەنا بردنی چەکداران دادەنێین، ئەوە ئێستا لەگەڵ وەزارەتی بەرگری عێراقدا باسدەکرێ، پشتیگیریکردن و دڵگەرمی خۆیان سەبارەت بە بڕیارەکانی میری عێراق پێ ڕاگەیاندم. واشبوو دەستەیەکی هاوبەشی ئێران و تورکیا و عێراق بۆ هاوئاهەنگی یەکتری پێکهات کە (سوبحی عەبدولحەمید) ی بەڕێوەبەری جووڵە سەربازییەکان سەرۆکایەتی دەکرد و وەزیری بەرگریش (ساڵح مەهدی عەماش) چاودێری دەکرد. (١١)

شۆڕەوی لە دانی ئەو چەکانەی دەبوایە بدرانایە پێشتر ڕێککەوتنیان لەسەرکرابوو خۆی دواخست. عەماش لە یەکێک لە دانیشتنە تایبەتییەکانی لەگەڵ جەمال عەبدولناسردا داوای لێکردبوو کە لەو فیشەک و گوللە تۆپانەی لە کارگە میسرییەکاندا دروست دەکرێن و عێراق نییەتی بمانداتێ، جگە لەوەی ئەو داوایانە جێبەجێکران بە دەیان هەزار پارچە چەکی ڕەشاشی پۆرسەعید و هەرچییەکی تریشمان داواکردبوو دایانینێ.

ئێستا بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ڕایدەگەیەنم کە من ئەو ڕێککەوتنە نهێنیانەم لە ساڵی (١٩٦٤) دا لای بەڕێز شەوکەت ئاکرێیی ی درکاند، کاتێک بۆ قاهیرە دوورخرابوومەوە، ئەو گازاندەی لە سەرۆک عەبدولناسر کردبوو وای نیشاندابوو وەک ئەوەی میسر دوو بۆچوونی دژ بە یەکتری هەبێت، کە عەبدولناسر لە سەرچاوەی زانیارییەکەیی پرسی بوو، پێ ووتبوو (تالیب) ە.

من ئەوساکە بەرگریم لە هەڵوێستی حیزب دەکرد، دەمویست ئاکرێیی لەوە بگات کە بڕیاری شەڕەکە هەر بە بڕیارێکی بەعسیانە نەبووە بەڵکو برا عەرەبەکانی تریش پشتگیریان کردووە، پێشمووت: بڕیارەکانمان تاکە کەسی یان هەروا لە خۆوە نەبوون ... دوای چەند ڕۆژێک عەبدولناسر گازاندەی لای (عەبدولمەجید) ی باڵوێزی عێراق لە میسر کربوو، ووتبووی : لەو بڕوایەدا نەبووم تالیب شتی وا ئاشکرا بکات.

## سەبارەت بە پرچەککردنی کورد

چەکی کورد هەندێکی لە وولاتە سۆشیالیستەکان و ئێران و تورکیاوە دەهاتن، هەندێکی تریش لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا دابوویاننێ، بەشێوەیەکی گشتی چەکی سووکیان هەبوو کە لەگەڵ شەڕی چەتەگەری ناو چیاکاندا بگونجێ، بەڵام شەڕی بەرفراوانی پێنەدەکرا، تۆپی قورس و تۆپی فڕۆکە شکێنیان نەبوو. بزووتنەوەی کورد تا ساڵی (١٩٦٨) نەیانتوانی ئەو کەم و کورتییەیان نەهێڵن. لەو ساڵەوە شای ئێران ئەوەشی دانێ. ئەوکاتەی حکومەتی (بەکر - سەدام - عەماش) شەڕیان دژ بە کورد ڕاگەیاند. بە دەستکەوتنی ئەو تۆپانە میریی عێراقیان، کە خۆی لە (سەدام حوسێن) دا دەنواند ناچارکرد بەرەو جەزایر بێتەوە و لەگەڵ شای ئێراندا مۆری «ڕێکەوتنامەی جەزائیر» بکەن ، کە کاولکاری بۆ کورد و دواتریش کارەساتی گەورەی بەسەر عێراق و ئێرانیشدا هێنا. پێویستە کە ئەوە بڵێم هەردوو سەرکردایەتی عێراق و سووریای پارتی بەعسی حەزیان بە جەنگ نەبوو، بەڵام دوای ئەوەی شەڕەکە بووە (ئەمری واقیع) ناچار بوون پشتگیری و لایەنگری بکەن و سوریا لیوایەکی سەربازی بە سەرکردایەتی عەقید (فهد الشاعر) بنێرێت و یەکسەر لە کەرتی

بادینان دا لە پارێزگای دهۆک بڵاوبێتەوە. ئەم لیوایە لە لایەن سەرکردایەتییەکەیەوە تەنیا پشت قایمی سەربازیانە و وورە خستنە بەر سوپای عێراقی لە کاتی شەڕەکەی باکووری عێراقدا پێسپێردرا بوو، کە (٥٠٠) کیلۆمەتر لە پایتەختەوە دوور بوو ... نەک وەک (هانی فکێکی) لە کتێبەکەیدا دەڵێ ئەرکی ڕامیاری هەبووە و چۆتە بەغدا یان لێوەی نزیکبۆتەوە، هەوڵەکەی فکێکی لەو جۆرە هەوڵانە زیاتر نەبوو کە (دەستە چەورەکەی خۆمان بە خەڵکی دیدا بسووین) و هەڵەی خۆمان بە ملی خەڵکی دیدا بدەین، ئەوەندەمان هۆی خودی بۆ شێواندن و ناکۆکی هەبوو بە زیادەوە.

حکومەتی وولاتە یەکگرتووەکان دژی شەڕەکە بوو، هەروەها یەکێتیی شۆرەویش، حکومەتی بەریتانیا خۆپارێزی لەو ڕووەوە هەبوو ئێران و تورکیا بۆ شەڕەکە دڵگەرم بوون. بەڵام ئەوەی سەبارەت بە پێوەندکردنمان بە پەیمانی سەنتۆوە ووترا شتێکی ناڕاست و دروستی وایە هەر ڕێی تێناچێ، چونکە ئێمە پێویستیمان بە زیندوکردنەوەی نەبوو ئێرانی و تورکەکانیش حەزیان بەوە نەدەکرد، چونکە هاوئاهەنگییەکەی نێوانمان بەکردەوە هەمان ئامانجی دەپێکا بێ ئەوەی بچینەوە بۆ ناوێک کە گەلەکەمان نە پێیخۆشە و نەحەزیشمان پێیەتی، پێموایە دابەشکردنی تاوانی خۆرایی کارێکە بۆ سەردەمی هەڵەشەیی و ناژیرانەی پێشوو دەگەڕێتەوە.

**عەبدولکەریم قاسم بە دەم ئازار و بە بەرپرسیارییەکی ڕامیاریانەوە شەڕی کوردی دەکرد شەڕی شەترەنجانەی نێوان بزووتنەوەی کورد و عەماش و فەرحان و عوقەیلی و شەکرچی سوپای عێراق حەزی بەشەڕکردنی کورد نەبوو.**

ئەوی ڕاستیبێ من وای دەبینم کە سوپای عێراق بەشێوەیەکی گشتی شەڕکردنی لە کوردستانی عێراقدا ڕەتدەکردەوە، هیچ عەرەبێکی عێراقی ئارەزوویەکی وا لە دڵیدا نیە بۆ کوشتنی برا کوردەکەی لە کەسوکاری خۆی دوور کەوێتەوە، باشترین نموونە لەم ئاقیکردنەوە کردەوەییەدایە کە سەر لەبەیانی ڕۆژی ١٤ ڕەمەزانی ١٩٦٣ ڕوویدا، کاتێک ڕێی چوونە کوردستانمان لە فەوجی دوو گرت، ئەحمەد حەسەن بەکر بە ئاسانی (داود عەبدولەجید) ی فەرماندەری فەوجەکەی قایل کرد بێنە ناومانەوە و واز لەو ئەرکەیان بێنن، بەگەیشتنە ئەو ئەنجامە خۆشحاڵیم لە ڕووی ئەفسەر و سەربازەکاندا بەدیدەکرد بەوەی کە لە شەڕی ناو خاکی عێراق دووریان دەخاتەوە. ئەو فەوجە ئەگەرچی سەرکردایەتییەکەی بەعسی نەبوون، ڕۆژی شۆڕش لە ئێزگە ڕۆڵێکی زۆر گرنگی لە پاراستنی شۆڕشدا بینی و لە هەموو ئەرکەکاندا بەشداریکرد. ئەوەیش ئەوە یەکلا دەکاتەوە کە گەلی عەرەبی عێراق تینووی خوێنی کورد نییەو حەز بە شەڕکردنیان ناکات و کێشەیەکی واشی نییە بە شەرەفمەندێتی دابنێ و بیکاتە بیانووی خوێن ڕشتن، دەبوو کوردەکان لەمە بگەیشتنایە و دەرکیان بەوە بکردایە کە کەسانێکی سووک و گومان لێکراو لە دوای تەرخانکردنی هاندەرانی شەڕەکەوە بوون، واباشترە بە ئەنجامێک لە قەیرانەکە دەرچن کە سەرکەوتوو ژیرکەوتووی تیادا نەبێت بەڵکو بە ووتووێژی ڕاست و ڕەوانی نێوان هەر دوو نەتەوە چارەسەربکرێ. باشترین هاوپەیمان بۆ کورد عەرەبن و ئەوانیش هەمان دەردە سەریان بەدەست پەرتبوونەوە هەیە، وابزانم پارتی بەعس یەکەم پارتێکە عێراق بەڕێوەبەرێت و دان بە مافە

## مەسەلەی کورد لە یادداشتەکانی «تالیب شەبیب» دا

نەتەوەییەکانی کورد دابنێ و ببێتە سەرەتای سەردەمێک بۆ پەرەپێدانی داواکارییەکانیان و تێکۆشانیان. تا ئێستا کوردەکانی تورکیا و ئێران بۆ ئەو مافانە شەڕ دەکەن کە ئێمە لە ساڵی (١٩٦٣) دا بڕیارمان لەسەردا، تەنانەت بزووتنەوە پوچەڵەکەی (سەدام حوسێن) یش نەیتوانی لەو (لامەرکەزی) یە خۆ بەڕێوەبەرێتی یەی سەردەمی ئێمە بڕیاردرا پاشەگەز بێتەوە.

## چوار وەزیر دژ بە شەڕکردنەکە بوون

لەگەڵ ئەوەی قاسم لەسەرکردە کوردەکانی لە دەربەدەرییەوە گێڕایەوە و دانی بە هاوبەشێتی کورد و عەرەبدا نا لە نیشتماندا و ئەوەشی لە دەستووری کۆماری عێراقدا چەسپاندو ڕێیدا بارەگا ڕەسمییەکانیان و بارەگای لقی پێنبجی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا بکرێتەوە و خانووی سەباحی نووری سەعیدی بۆ مەلا مستەفا تەرخانکرد و ..... ... هتد، بەڵام هیچ شتێکی لە بارەی بیرۆکەی (لامەرکەزی) و خۆ بەڕێوەبەرایەتییەوە لا نەبوو. بۆیە دەڵێم (لامەرکەزی) سەردەمێکی بەعسیانە بوو، ئا ئێستا بە جیاوازی ناولێنانەکانەوە کەس لەوە باشتری نەداوە کە ئێمە دامان، پڕۆژەکەمان لە کرۆی ڕەگەزپەرستانەی نەتەوەیی بەدەربوو. ئەویش لەبەر ئەوە بوو بەعس پارتێکی ڕامیاری تێکۆشەری وابوو کە بۆ جێبەجێکردنی ئاواتی عەرەب لە یەکێتیاندا هەوڵیدەدا، چەوساندنەوەی هیچ نەتەوەیەکی پەرت پەرتی تری نەدەویست، بۆیە ڕووە و هاوکاریکردنی کوردەکان دەچووین، بە تایبەتی لە عێراقدا، چونکە هەر دوو گەل لە ژێر یەک ئاڵاو لەیەک وڵاتدا دەژیان. دوای ڕێکەوتنەکەی پێش هەشتی شوبات بەکردەوە هاوپەیمانێتی یەکترمان کرد، کە دەستەڵاتیشمان گرتە دەست هاریکاریمان دەستپێکرد و کوردەکانمان لە هەموو شتێکدا بەشدار کرد و لەگەڵماندا بۆ میسر و جەزایر و یەمەن ڕۆیشتن و عەبدولناسر و عەبدوڵا سەلال و ئەحمەد بن بیلا پێشوازیان کردن، وەک برا هەڵسوکەوتمان دەکرد و هەر وەک سەردەمێکی نوێی دڵخۆشکەر لە نێوانماندا دەستپێکردبێ هەستمان بە هیچ جۆرە گیانێکی دوژمنکارانە نەدەکرد، بەڵام خراپ ڕەفتارکردنێک لە ئارادا بوو ، زۆری پێوەنانێم کە بڵێم ئەگەر کورد سەرکردایەتیەکی گرد و واقیعانەی هەبوایە و عەرەبی عێراقیش سەرکردایەتییەکی نیشتمانی و پێکەوە گونجاویان هەبووایە ئەوا نەشەڕ دەبوو نە خوێنیش دەڕژا، چونکە ئەوەی بوو شەڕێکی ناپێویست و بگرە خراپ ڕەفتارکردن بوو. لە کاتێکدا چوار وەزیری حکومەتێک بڕیاری شەڕ نەکردن بدەن و کەچی هەر شەڕبکرێ ئەوە گەلێک لە خراپ ڕەفتارکردن و لووت بەرزییەکی زۆر و کەم دەرک پێکردنی دوورییەکانی بابەتەکە دەگەیەنێ.

## سەعدی و حازم جواد و من لامەرکەزیەکەمان دانا

پڕۆژەی «لامەرکەزیەکە» کە سێ کەس دایاننا عەلی سەعدی و حازم جواد و من «تالیب شەبیب»، کاتێک خرایە بەردەمی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەرێمایەتی تا بڕیاری لەسەر بدرێ، کەس شتی دژی نەبوو، لە کاتی خوێندنەوەیدا سەرنجی هەندێ لە ئەندامانی ئەنجومەنم دەدا هیچ تێنەدەگەیشتن لەوەی کە دەمانخوێندەوە.

چاودێریکردنەکەی جەمال عەبدولناسر لە پرۆژەی ڕێکەوتنی «بەعسی - کوردی» دا لە یاد ناکەم. لای خۆمانەوە ئێمە قسەمان لەبارەی کێشەی نەتەوەیی و هەڵوێستمان لە نەتەوە چەوساوەکان کردبوو بەر لەوەی لەگەڵ کەسی تردا ووتووێژی لەسەربکەین، دەرکیشمان بەوە کردبوو کە دژایەتی کردنی نەتەوەی کورد نەگونجاندنێکی ویژدانی وادەگەیەنێ کە ناکرێ پێیەوە کەس وەکو شۆڕشگێڕێکی دڵگەرم بمێنێتەوە، بەڵام بەکار نەهێنانی بزووتنەوەی کورد دژی ڕژێمە نوێیەکەمان یەکەم بیرکردنەوە و سەرچاوەی هەستپێکردنمان بوو، لەوە دڵنیابووین کە هەر پەنجەیەکمان بۆ درێژبکرێ لە ڕێی کێشەی کوردەوە نەبێت هیچی پێناکرێت.

ئەو ساکە سالح مەهدی عەماش بەهاوکاری چەند سەرەک عەشیرەتێک ئەوەیان دامەزراند کە بەسوارەی سەلاحەدین ناودەبران، ئەوانە لە بەکرێگیراوە کوردەکان بوون تا بەشداری شەڕەکە بن، ئەو جۆرە ڕێکخستنانە لە دەستەڵاتی وەزارەتی بەرگریدا بوون کە پێویستی بەوەرگرتنی بڕیارێکی دەزگا باڵاکان دەکرد. دەتوانم بڵێم هێزەکانی کورد پێش ئوکتۆبەری (١٩٦٣) بەتەواوەتی تێکشکێنرابوون و لەهەموو لایەکیشەوە پاشەکشەیان کردبوو، ڕۆژنامەی تایمزی لەندەنی لە ووتاری سەرەکی خۆیدا ئەوەی یەکالا کردبۆوە ووتبووی کە بزووتنەوەی کورد ژێرکەوتنی خۆی لە ئاستی سەربازی و مەدەنیدا سەلماند، لەناو کوردیشدا بوون و دەنگدانەوەیەکی گەورەی وای نەبوو، لە ڕووی سەربازییەوە کارگەرێتی نەبوو توانای سەرکەوتنی سەربازیانەی بەسەر هێزەکانی میری دا و بگرە خۆڕاگرتنیشی نەمابوو، لە کاتێکدا هێزەکانی میری توانایەکی گەورە و کارامەییەکی سەربازیانەی نیشاندا، میری بەغدا هاریکاری سەربازیانەی لەگەڵ حکومەتی وولاتەکانی دراوسێیدا دامەزراند. گەر شەڕەکە حەفتەیەکی تری بخایاندایە یان ناکۆکی لەناوخۆدا ڕووی نەدایە کە بووە هۆی بزووتنەوەی ١٨ نۆڤەمبەری (١٩٦٣) ئەوا خەریک بوو کارەکە کۆتایی پێبهێنرێ. سەرکەوتنە سەربازیەکەی هێزە چەکدارەکان بەدەستیان هێنا سەرکەوتنی ئێمەی لە برانەوەی کێشە کوردییەکەدا نەدەگەیاند، بەڵام خودی یاخیبوونەکەی کورد لە داڕووخانی هێجگارەکیدا بوو. بەلای ئێمەوە پشتبەستنی بەردەوامی کوردەکان بە لایەنەکانی دەرەوە تا لە خەباتی ئاشتیانە یان چەکدارانەیاندا یاریدەدەریان بن ناخۆشبوو ، هەر ئەوەیش بوو وایدەکرد حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی بەسەریاندا زاڵبن، بەوەی کە لافی بەرگریکردن لە نیشتمان و نیشتمان پەروەرێتی عێراق لێبدەن و ئازادانە سەرکوتیان بکەن کارەکەشی بەدروشمی نیشتمانپەروەرێتی و تاوانبارکردنی نیشتمانپەروەران و خەباتکەران بەوە بکەن کە پێوەندیان لەگەڵ حکومەتە بیانییەکاندا هەیە.

کوردەکان چونکە بە ئاسانی گێڕیان لەگەڵ هاوپەیمانەکانیاندا دەگۆڕی و هەستی ماف لەدەستدان بەسەریاندا زاڵ بوو، باجێکی زۆریان داو زیانێکی گەورەشیان لێکەوت چونکە هاوپەیمانێتی لایەنە بەهێزەکان زۆر دەکەون و دوژمن هەڵبژاردنیش هێجگار ئاسانە، لە کاتێکدا بۆ گرتنی تاکە دۆستێک ژیرێتییەکی ڕامیارانە و وورياییەکی لە ڕادە بەدەری گەرەکە.

## مەسەلەی کورد لە یادداشتەکانی «تالیب شەبیب» دا

### عەبدولکەریم قاسم رامیارانەو ئێمەش هونەریانە شەڕی کوردمان کرد

عەبدولکەریم قاسم بە بەرپرسیارێتیەکی رامیارانەوە دژی کورد دەجەنگی. لە کاتێکدا عەماش و عەبدولکەریم فەرحان و عوقەیلی و تەها شەکرچی و ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری و سوبحی عەبدولحەمید وەک کۆمەڵە ئەفسەرێک هونەرمەندانە شەڕی کوردیان کرد و چاری دوژمنێکی شەترەنجی یان تاقیگەییان دەکرد، کە هەردوو شێوازەکە لە جەوهەردا هێجگار جیاوازن. پێمۆایە عەبدولکەریم قاسم دڵگرانانە شەڕی کوردی دەکرد،«١٢» ئێمەش من و حازم جواد و عەلی سەعدی و ئەندامە مەدەنییەکانی تری سەرکردایەتی هەرێم هەمان هەستمان هەبوو، کە شەڕ هەڵگیرسا ئێمە لە ئەنجوومەنی شۆڕش دژی شەڕەکە لە دوارۆژی عێراق و هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد هەستمان بە ئازار دەکرد، وابزانم ئێمە و «عەبدولکەریم قاسم» شەڕی ناچاریمان دەکرد. هەر وەک لە هەڵەکانیان و ئەو باروودۆخەی دەوروبەر و خۆتێهەڵقورتاندنە زۆرانە بەرپرسن، هیچ کام لە لایەنی کورد یان عەرەب لە بەشە هەڵەی خۆیان بێبەری ناکەم ، چونکە ئێمە وەک سەرکردایەتی حیزبی خاوەنی دەستەڵات گەر بمانویستایە دەمانتوانی ئەوانەی لە ناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا دەنگیان بۆ شەڕکردن دا بێ دەنگمان بکردنایە، کوردەکانیش لای خۆیانەوە دەیانتوانی پێوەندی خۆیان بە دەرەوە رابگرن، بەوەش بەرهەڵستکارانیان و ئەو داخ لە دڵانەی سوودیان لە شەڕەکەدا هەبوو لە بیانووی شەڕە ناهەموارەکە بێ بەش دەکرد. «١٣»

### ئەمەریکاییەکان لە گرتنی کەنیسەکان بێزار بوون

بەم بۆنەیەوە وایدەبینم کە ئێمە دەبێ بە ویژدانەوە لە دووی هۆکاری بەردەوامبوونی ناکۆکییەکە بگەڕێین تا هۆ و کەمو کورتیەکان دەستنیشان بکەین، بۆ ئەوەی وەڵام بۆ ئەم پرسیارانەی خوارەوە دابنێین: کە ئێمە نزیکترین کەسی یەکتربین ئەی بۆچی شەڕبکەین ؟ بۆچی بێگانە دابنێین دەست لە کاروباری وڵاتەکەمان وەربدات ؟ بۆچی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەو لایەنانەدا بکەین کە بزانین دواکات دەستبەردارمان دەبن ؟ بۆچی لە شەڕێکی سەربازیدا بەردەوامین کە پێشوەخت بزانین هیچ لایەک توانای نەهێشتنی تەواوی لایەنەکەی تری نییە ؟

وا دەزانم وڵاتە گەورەکانی دونیا کەمترین کاریگەرێتیان هەبێ، لەوەش دڵنیابووین کە هۆی ململانێی رێکخراوەکانی عێراق بە زۆری لە ناوخۆوە پەیدادەبن یان ناوخۆێن و لەگەڵ فاکتەرە ناوچەییە عەرەبی و نا عەرەبییەکاندا تێکئالاون. خۆ ئەگەر وڵاتە گەورەکان دەستتێوەردانیان هەبێ ئەوا لە رێگەی وڵاتانی دراوسێوەیە، ئەوەندەی ئاگاداربم و لە رێی کارەکەمەوە وەک وەزیری دەرەوەی ئەوکاتە، ئەمریکاییەکان لە شەڕەکە بێزار بوون و نارەزاییان بە بیانووی دەست بەسەرداگرتنی هەندێ کەنیسەو شوێنی خواپەرستی دیانەکانەوە دەربڕی، بەڵام بە رەسمی نارەزاییان نەداینێ و هەر بە قسەکردنی راستەوخۆ دەستیان هەڵگرت، چونکە من ئامۆژگاریم کردن و وریامکردنەوە کە نارەزاییەکانیان نەکەنە بەڵگەنامەی رەسمی، گەروابکەن ئەوا بەدەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی دادەنێین، ئێمە رێ نادەین نارەزایی رەسمی نەبێت، وا لە خانەی ووتووێژ

و قسەکردن دەرنەچێ، بەڵام شورەوی هەڵوێستیان هێجگار دوژمنکارانە بوو شەڕەکەشیان بۆ گوشار خستنە سەرمان بەکارهێنا، هەندێکمان لەوە دەگەیشتین کە شەڕەکە جۆرێکە لە گەمەی نێو دەوڵەتی و هێشتا عێراق دەوڵەمەندترین و نایابترین و گەورەترین و بەدرەزاترین شانۆی گەمەی نێو دەوڵەتانە. هێشتا بەسەرهاتەکان بە نالەبارترین شێوە لەسەر شانۆ دەبزوێن و ئێمەش بۆ بەردەوامبوون هەر بەشداریمان بۆ مابۆوە.

## عەرەب هاوپەیمانی کوردە

تا ئێستا و بەهۆی گەلێک باری مێژوویی و هەنوکەیی و دوارۆژەوە وایدەبینم کە هاوپەیمانانی ئاسایی کورد عەرەب بن، چونکە بەرژەوەندییەکی ناوچەیی عەرەب لە هیچ شتێکی کورد دا نییە، چییان دەوێ با بیبەن و ئێمە لەو بارەیەوە پشتگیرییان دەکەین تاکە هاوپەیمانی ئاساییان لەم قۆناغەدا ڕەوتی نەتەوەیی عەرەبە کە ڕەنگە بەحوکمی واقیعەکەو زەرووڕەت ئێستا خۆیان لە کۆماری عەرەبی سوریا و میسر و بزووتنەوەی بەرهەڵستکارە عێراقییەکاندا ببیننەوە کە خۆیان بەشێکی سەرەکین تیایدا، بەڵام بەردەوامبوون لە هاوپەیمانێتی لەگەڵ تورکیا و بەریتانیا و ئیسرائیل و هێز و نەتەوەکانی تردا ئەوە خەیاڵ پڵاوە و خۆشیان لە چەند تاقیکردنەوەی پێشترياندا تاڵاوەکەیان چەشتووە و بەناهەمواری و خراپ بە سەریاندا شکاوەتەوە و دیارترینشیان هاوپەیمانێتییەکان بوو لەگەڵ ئێران دا (شای ئێران) بەهیوای ڕاگۆڕینەوەیەکی بیر و بۆچوونی ڕاستەقینەی عەرەبی و کوردین ئەوەی پێشتر و ئێستا هیواخوازبووین لە کوردەکان ڕاگۆڕینەوەیەکی ڕاستەقینەیە کە بەڕێککەوتن و بە بەهێزی لێی دەرچن. ئێمە لایەنگریانین و ئەوانیش لایەنگری ئێمەن بەشێوەیەکی وا کە بنیاتنانی قەوارەیەکی عێراقی بەهێزی لێبکەوێتەوە «١٤». دان بەوەشدا دەنێم کە گۆڕانکاری گەورە بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی عەرەبی زۆربەی دانیشتواندایە کە وڵات و دەزگاکانیان لەبن دەستدایە.

کاتی خۆی لە (١٩٦٣) دا هەموو شتێکمان بە کوردەکان ڕاگەیاند سەبارەت بە ئامادەییمان کە تا دوورترین مەودا لەگەڵیاندا بڕۆین کە بە دوارۆژیانەوە بەندبێ، ئەویش بە مەرجێک کەس بیر لە دامەزراندنی وڵاتێک لەناو وڵاتێکدا نەکاتەوە، چونکە ئەوە ڕوخێنەر و مەحاڵە و پێی قایل نابین. هیچ شتێک لە بەردەمی هەمووماندا نییە جگە لە بنیاتنانی ڕژێمێکی نیشتمانی و دیموکراتیانەی بەهێز کە بە دڵی هەر دوو لامان بێت و لە بەرژەوەندی کەسیش نییە حکومەتێکی لاواز و لەرزۆک دابمەزرێ، پێموایە ئەمرۆشی لەسەربێ ئەمە ڕاستە و هیچ پێکەوە گونجاندنێک لە ئایندەدا سەرکەوتو نابێت ئەگەر دیموکراتی تەوەرەیەکی بۆ دیاری نەکات.

## ئەو تاوانانەی کە ئێمە ڕێ پێدەریان نەبووین

ئێمە سەرکردەی سەربازیانە نەبووین و کار و سەربازییەکان وەزارەتی بەرگری چارەی بۆ دادەنان و دانانی ئەفسەر و سەرتیپەکانی شانۆی کارەسەربازییەکان بە ڕاگۆڕینەوەی نێوان ئەحمەد حەسەن بەکر و سالح مەهدی عەماش لەگەڵ سوبحی عەبدولحەمیدابەڕێوەبەری بزووتنەوە سەربازییەکان دادەنران.

## مەسەلەی کورد لە یادداشتەکانی «تالیب شەبیب» دا

هێشتاو تا ئەم ساتەش لە ووردی ئەو زانیاریانە دڵنیا نیم کە بە هۆی وەزیری بەرگری (ساڵح مەهدی عەماش) ە وە دەربارەی کارە سەربازییەکان و ئەو پاکژ کردن و سەرکوتکردنەی بە هۆیانەوە ڕوویاندەدا پێماندەگەیشت ... لەبیرمە زەعیم «سدیق مستەفا» ئەفسەر بوو لە ڕیزی نەتەوەییە عەرەبە مرۆڤ پەروەرە ڕووناکبیرەکان دادەنرا، کە پارتی بەعسی و عەرەبی سوشیالیست و بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەبیان تیادا بوو، ئەو ئەفسەرانە لەناو سوپادا دوای ئەوەی لە ئەفسەرەکانی سەر بە قاسم و شیوعییەکان و ژمارەیەکی زۆر ئەفسەری سەربەخۆ پاککرایەوە هێز و توانایەکی وایان هەبوو کە لەو سوپایەدا گاڵتەیان پێنەدەکرا، بوونیشیانلەناو کەرتەکان و دەزگا سەربازییەکانی وەک «ئەرکان» و بەڕێوەبەرایەتی کارە سەربازییەکان شتێکیان دەگەیاند، ئەمە جگە لەوەی کە عەماش سۆزی بۆیان هەبوو، کێشەی کوردیش بوارێک بوو ڕک و تینی خۆیانی تیایدا بە بابدەن. نامەوێ دیسان ئەوە بڵێمەوە کە ئێمە وەک سەرکردایەتی مەدەنی حەزمان بە شەڕەکە نەبوو. بەڵام خۆمان لە ووردەکاری کارە هونەرییەکان هەڵنەقورتاند، لێتی ناشارمەوە گەلێ کەس لەگەڵ کێشەکەدا دوو ڕوو بوون و سەرکەوتنێکی نزیکیان دەخواست، بەڵام ئامانجەکان گرفتی زۆریان لە ڕووی ئابووری و ڕامیاریەوە تووشکردین، سەرکەوتن بە هۆی ئارەزووی هەندێ ئەفسەر و بازرگانی جەنگەوە کە دەوریان دابوون لە بەردەوام بوونیا خایاندی، شەڕەکەیان بۆ ببوە سەرچاوەیەکی خۆ ژیاندن و دەوڵەمەندکردن ئەمە جگە لەوە مووچە مفت و زۆرە خەیاڵییەی میریی بۆ چەکدارانی نەبووی خەرجدەکرد، سەرەک عەشیرەتە کوردە (جاشەکان) ی دەستەڵات وەریان دەگرت، ئەوانە پارمەتیدەری مێژوویی سەرکردایەتی بزووتنەوە چەکدارییەکەی کوردیش بوون، هەروەها چەکدارانی نانیزامی لە عەشیرەتە گەورەکانی وەک (شەمەر) و (جبور) یش بانگکران، سەرەک عەشیرەتەکان بە هەزاران مووچەیان وەردەگرت لە کاتێکدا هەر چەند سەد کەسێکیان چووبوونە ڕیزەوە، شەڕ سەرچاوەی دزێتی و هەواری بازرگانە دزەکان بوو، هەندێ ئەفسەر ببوونە بکوژ و ببڕ و دزێتیان لە وولات دەکرد و لە ژێر دروشمی نیشتمانیی و نەتەوەیی باڵادا ئاگریان خۆشدەکرد.

## سەرکردایەتی نەتەوایەتی و عەبدولناسر دژی شەڕکردنی کورد بوون

دوای تەنیا سێ مانگ بەسەر کارە سەربازییەکاندا کۆتایی بە دەستەڵاتمان هات، ئەو ماوەیە ئەوەندە نەبوو کە خۆ بۆ چارەسەری بنەڕەتی و زاڵبوون بەسەر خراپەکاری ناو دەزگا سەربازییەکان تەرخان بکەین بە تایبەتی لە بارەگای سەرکردایەتی وەرزارەتی بەرگری و سەرکردایەتییە باڵاکانی مەیدانی. من بەش بەحاڵی خۆم تا چەند ساڵێک بە هەندێ تاوانم نەزانی و نەمبیست، بە کوشتارەکەی سلێمانیشەوە کە دەڵێن زەعیم سدیق کردوێتی، ئێستا شەرم لەو قسەیە ناکەم کە ئێمەی مەدەنی ڕەنگە دواکەس پێبزانین. بەڵام خۆ ئەوە لە بەرپرسێتی و لێپرسینەوە بەدەرمان ناکات. ڕووداوەکان ناخۆشبوون، بەسەرهاتی زۆریان بەسەر عێراقدا هێنا. ئەوانەی کوردەکان سەبارەت بەکارە سەربازییەکان و کردارە سەرکوتکەرەکانی ساڵانی شەستەکان دەیگێڕنەوە و بەهۆیانەوە چەندیان چەشتووە نە ئێمە و نە زۆری ئەو مەدەنیانەی لەو بزووتنەوانەی ڕەوتی نەتەوەییدا بوون زانیومانە دان بەوەشدا دەنێم کە شەڕکردنەکەی ئێمە و شەڕکردنی عەبدولعەزیز عوقەیلی

سەردەمی عەبدولسەلام عارف لە شێوە و قەبارەدا جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ شەڕکردنەکەی عەبدولکەریم قاسمدا هەبوو ئەو هەر بۆ هێنانەوە سەربار لە کوردەکانی دەداو هیچی تر، جەنگی دژیان نەدەکرد، ئێستا زاراوەکانی قاسمم بە بیر دێنەوە کە بۆ چوونەکەی من دەگەیێن، بە مەلا مستەفای بارزانی دەووت «چاکەی لەبەرچاو نییە» و شتی دی ، بەلام ئێمەو ئەوانەی دوای ئێمە هاتن شەڕەکەیان لە قالبی بیر و بۆچوونی ڕەگەزپەرستیانەدا دانا، هانی دڵگەرمی و کرژی ئەفسەرە گەورەکانمان پێدەدا کە سەرپەرشتی کارە سەربازییەکانیان دەکرد ... .

ئەوکاتە بێجگە لە سەرکردایەتی نەتەوایەتی حیزب و سەرەک جەمال عەبدولناسر کەسی دی ئامۆژگارییان نەدەکردین، ئەم دوو لایەنە ڕقیان لە جەنگی ناوخۆ و شکانەوەی بۆ سەر باری ڕامیاری عەرەب و پێوەندی نێو دەوڵەتیمان دەبۆوە. سورياییەکان هەرچەندە لە ساڵی (١٩٦٣) دا لیوایەکیان بە فەرماندەرێتی «فهد الشاعر» بۆ شەڕکردنی کورد نارد بەلام جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد کە جەنگ دەبێ دوا شێوازبێت نەک یەکەمینیان ، شەڕکردنەکانی بەعسیان ڕەتدەکردەوە کە زۆربەی بە دەوری شورەوی و لایەنگرە شوعییەکانیان و هاوپەیمانە کوردەکانیاندا بخولێتەوە.

## پەراوێز و بە دوادا چوون

١. نووسینی مێژوویی ساغکراوەی واهەن جەخت لەسەر بوونی کورد لە ناوچەی سەرووی عێراق دەکەن، تەنانەت بەر لە گەیشتنی ئەسکەندەری مەقدۆنی بۆ بابل و هەولێر، کوردەکان بەگژ ئەسکەندەردا چوونەتەوە و بەسەرهاتێکی سەیر و زۆر بەناوبانگیشیان لە چیاکانی کوردستاند لە گەڵیدا هەیە کاتێک لە هەولێرەوە بۆ (برسی بول -شیراز) ی ئێران چووە ، مەسەلەی بنەچەی مێژوویی نەتەوەی کورد بەلای ڕۆشنبیرانی کوردەوە تا ماوەیەک پێش ئێستا ڕوون و ئاشکرا نەبوو یان توێژینەوەی باشیان لەسەری نەبوو، نادیاری شتەکانی بەردەست و جیاوازی ڕاگەیاندنە مێژووییەکان سەربارەت بە بنەچەی کورد یاریدەدەری ئەوە بوون.

٢. بێگومان لە کاتی بەسەرهاتەکانی موسڵدا هاریکارییەک لە نێوان کورد و شیوعییەکاند هەبوو، لە ڕۆژنامەی (اتحاد الشعب) ی ئاشکرای زمان حاڵی حیزبی شیوعی عێراقدا لە (١٩٥٩/٣/١٨) دا چەند نیشانەیەکی وای تێدایە کە جەخت لەسەر هاوکاری هەردوولا لە تێکشکاندنی بزووتنەوەکەی شەواف و لایەنگرە نەتەوەییەکان دەکات، ووتبووی : کوردەکان لە کاتی یاخیبوونەکەی ناپاکاندا ... هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستانیش بە یاننامەیەکی دەرکرد تیایدا داوا لە کوردەکانی موسڵ دەکات بۆ بەرگری لە خۆیان دژی شۆڤێنییەکان برژێنە سەر شەقامەکان کاریگەرێتییەکی گەورەی لە هاندانی کوردەکاندا بۆ بەشداری لە تێکشکانی یاخیبوونەکەدا هەبوو.

٣. نە لە بیری عەبدولکەریم قاسم و نە لە بیری هەموو ئەو سەربازییانەی لە سەربازگەکانیانەوە هاتبوون و دەستەڵاتیان گرتبوە دەست هیچ پێشبینیەکی بەکردەوە یان تیۆرییانەیان بۆ چارەسەری کێشەی کورد بە پێی بنەمایەکی یاساییانەی ڕامیاری نەبوو، بەڵکو هەموویان وایان دەزانی کە سەرجەمی گرفتەکە لە نیاز پاکیدایە،

هەر بۆیەش پشتیان بە دروشمی برایەتی و هاوبەشێتی نیشتمانی و یەکسانبوون لە هاونیشتمانێتیدا بەست، بێ بایەخدانێکی ڕاستی بە خواستە نەتەوەییەکانی کورد لە زمان و ڕۆشنبیریێتی و خۆبەڕێوەبەرێتیان ... هتد لە بەرامبەر ئەوەشدا هیچ داواکارییەکی دیاریکراویان نەبوو جگە لە ناونیشانێکی گشتی ناوی «خودموختار» یان لێنابوو بێ ئەوەی ناوەڕۆکەکەی دیاری بکرێ، بۆیە وەک دەردەکەوێ ململانێکە لەگەڵ عەبدولکەریم قاسمدا تەنیا هەوڵی نیاز ڕاگەیاندن بوو. هەر لایەنەو هەوڵی تاوانبارکردنی ئەوی تری دەدا : کە زۆر پێ لە داوا خەونەکانی هەڵنەبڕێ. ئەوەش زیاتر لە دەست شکاندنەوە دەچوو وەک لە شەڕی نێوان دوو دوژمن کە بەرامبەر یەکتر ڕق بەکار بێنن، تەنانەت قاسم دوو مانگ پێش ئەوەی بڕۆخێت فرمانی بە سوپا دا شەڕی کورد ڕابگرن و تەنیا لەو کاتانەدا نەبێ کە ئەوان دەست پێشخەری شەڕکردن بن، ڕاگرتنی شەڕی مانگێکی تریش درێژ کردەوە. جا ئەگەر سەرکردایەتی کورد هیچ داواکارییەکی ئاشکراو گشتی تا دوای کەوتنی قاسم نەبووبێ، میریش دیسان هیچ پرۆژەیەکی لێکتێگەیشتنی نەبوو تا ساڵی (١٩٦٣) لە لایەن پارتی بەعسەوە دراو بە پرۆژەی «لامەرکەزی» ناونرا ئەوەش دوای لە سەرەتای دانوستانەکەدا نزیکبوونەوەیەکی گەورەی بەدەست هێنا کە بە هەڵوێستی باشەی هەردوو لاوە بەندبوو، میری بڕیاری بەردانی بەندکراوە کوردەکان و لابردنی گەمارۆی ئابووری دا، مەلا مستەفای بارزانیش بروسکەی پشتگیری نارد و «چەند کەسێکی پارتی لە بزووتنەوەکەی (٨) ی شوباتدا بەشداریان کرد بە تایبەتی لە هێزی ئاسمانیدا بە پەکخستنی فڕۆکەکانی سەربازگەی ڕەشید».

٤. پارتی دیموکراتی کوردستان بروسکەیەکی بۆ ئەنجوومەنی شۆڕش نارد دەقەکەی : «دەستوەشاندنەکانی گەلی کورد و شۆڕشی مەزنی دژ بە دوژمنی کەللە ڕەقی هەردوو نەتەوەی برای عەرەب و کورد و ئەوانەی تری گەلی عێراق بەسەر تاکە خوێنخۆری گەلی موسڵمانی کوردمان و حەشارگەی خیانەتکارەکە بە پەڵەی شەرمەزاری خوێنی شەهیدانی گەل و هێزە چەکدارەکانی و کارەساتە ناهەموارەکان سوور بوون یەکیانگرتەوە .. ئیمزا : ساڵح یوسفی، فوئاد عارف «سەربەخۆ» ، (زەکی خەیری) ش لە کتێبەکەیدا (بیرەوەرییەکانی سیاسەتمەدارێکی قاڵبووی عێراق) دەڵێ : «سەلام عادل» چەند ڕۆژێک پێش کوشتنی نامەیەکی نووسیوە تیایدا ووتوێتی «کوردە نەتەوەییەکان کوێرانە شەڕی قاسمیان کرد و بۆ ڕوخاندنیشی داوای پشتگیری و یارمەتییان لە هەر لایەنێک دەکرد و پشی پشیشیان بۆ نەتەوەییە ڕاست ڕەوە عەرەبەکانیش دەکرد و هاوکاریانکردن، وایان پێشبینی دەکرد کە کودەتای (٨ شوبات ١٩٦٣) وەک سەرکەوتنی خۆیان بێ، ئەم ڕامیارییە بیر تەسکی نەتەوەیی و کورتبینی بۆرژواکان دەگەیەنێ، ئەوان ئێستا ڕووبەڕووی دوژمنێکی دڕندەتر لە قاسم بوونەتەوە. خواستەکانی گەلی کورد لەگەڵ ئامانجی کۆدەتاکەدا بە تەواوەتی ناکۆکە.

٥. «محەمەد حەسەنێن هەیکەل» لە (سنوات الغليان) دا و لە لاپەرەی (٩٣٣) یدا وێنەی نامەیەکی عەبدولناسری بۆ موشیر عامر لە لای ڕاستەوە تێدایە تیایدا ووتوێتی «کوردەکان کە بەجیا بینیمن پێیان ووتم، کە ئەوان بڕوایان بە هیچ بەڵێنێکی حکومەت نییە تەنیا مەگەر من خۆم ئەو جێبەجێکردنانەی ئەو بەڵێنانە مسۆگەر بکەم، داواکەیان خودموختارییەو دوای شۆڕش شەڕیشیان وەستاندووە، بەر لە هەڵگیرساندنی شۆڕش پێوەندیان بە شۆڕشگێڕەکانەوە هەبووە و بەڵێنیان لێوەرگرتوون پێدەچێ حکومەت خۆی لە بەڵێنەکانی

بدزێتەوە.

٦. ڕاگەیاندنەکەی «لامەرکەزی» کە شەبیب لە داڕێژەرە سەرەکییەکانی بوو ئەمانەی تێدایە :

یەکەم : دان بەمافەکانی کورد دا لە چوارچێوەی «لامەرکەزی» یەکەدا بنرێ و لە هەردوو دەستووری کاتی و هەمیشەییدا کە دانران هەبن.

دووهەم : لێبووردنی گشتی بۆ هەموو ئەو بەندکراو و گیراوانەی لەسەر هاوکاریکردنیان بە شۆڕشی کوردە وە گیراون بدرێ .

سێ یەم : ئەو فەرمانبەرانەی لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی ناوچەی لامەرکەزیدان و هەڵوێستی دوژمنکارانەیان دژ بە گەلی کورد هەیە بگۆڕدرێن .

چوارەم : هەموو ئەو بڕیارانە پووچ بکرێنەوە کە دەست بۆ بەسەرداگرتنی ماڵ و حاڵی ئەو کوردانەی تێدایە کە بەشداری شۆڕشی کوردیانکردووە.

پێنجەم : لابردنی گەمارۆی ئابووری لەسەر کوردستان.

شەشەم : کشاندنەوەی سوپا بۆ جێگەو بارەگاکانی پێشوویان، میری ڕاگەیاندنێکی دەرکرد تیایدا ووتبووی «لەبەر ئەوەی لە ئامانجە سەرەکییەکانی شۆڕشی ڕەمەزان دامەزراندنی سیستەمێکی نوێی وایە کە خۆی لەسەر باشترین شێوازی بەڕێوەبردن و حکومەتی بگرێ، چونکە سەلمێنرا کە شێوازی «لامەرکەزی» بەسوودە، ئەوا شۆڕش لەسەر بنەما شۆڕشگێڕێتییەکانی یەکەم بڵاوکردنەوەی ڕایگەیاند ڕەفتار دەکات، ئەوەی کە بەڕێزگرتنی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد و ناوچەییەکان و برایەتی عەرەب و کورد پتەو دەکات، بۆیە بڕیار لەسەر مافی نەتەوەیی گەلی کورد لەسەر بنەمای «لامەرکەزی» دەدات، کە ئەمەش لە هەردوو دەستوری کاتی و هەمیشەییدا لە کاتی بڵاوکردنەوەیاندا دەبن، لێژنەیەک بۆ دانانی هێڵە سەرەکییەکانی «لامەرکەزی» دادەنرێن .. دواتر کە لێژنەکە دانرا کوردەکان بێزاری خۆیان لەسەر ئەوە دەربڕی کە هیچ کوردێک لە لێژنەکەدا دانەنراوە.

٧. د. مەحمود عوسمان لە کۆڕێکدا کە ڕۆژی ١٨/٥/١٩٩٨ لە لەندەن گێڕای ووتی : ئەوکاتە لەو بڕوایەدا نەبووین کە پارتی بەعس دان بە مافە سەرەکییەکانی کورددا وەک چۆن ئێمە دەمانویست بنێ، بەڵام شەڕکردنی قاسم گەلی کوردی ئەوەندە شەکەت کردبوو کە خەڵکەکە پێویستی بە دەرفەت و شەڕ ڕاگرتن هەبوو. لە بەرامبەردا بەعسیش بەهۆی لاوازی و تازە دەستەڵات وەرگرتنەوە پێویستی بەو جۆرە شەڕ ڕاگرتنە هەبوو. سەرکردایەتی کورد زیانێکی لەو کەشی ووتووێژکردنەی میری نەدەبینی و دەرفەتێکیش بوو بۆ ئاشتی لە بری ئەو شەڕ و پێکدادانەی لە ساڵی (١٩٦٠) ەوە بەردەوام بوو. ئەو ساکە پێوەندیمان (پارتی) لەگەڵ شوعییەکاندا بەهۆی پشتگیری و بەرگری کردنیان لە قاسم تا ساتی ڕووخانی کرژ ببوو. ئەوە جگە لە نەبوونی یەکێتی لە ناو سەرکردایەتی کورد دا کە وای لێکردین پێویستمان بە شەڕ ڕاگرتن و کات هەبوو بۆ پیادا چوونەوە و ڕێکخستن.

د. مەحمود عوسمان لەسەر قسەکانی دەڕوات : «دانوستانی بەعس لەگەڵ ئێمەدا بەڕاستیان نەبوو بەڵکو

# مەسەلەی کورد لە یادداشتەکانی «تالیب شەبیب» دا

هەنگاوێکی تەکنیکی بوو کات بەسەربردن و خۆ ئامادەکردن بوو بەر لەوەی شالاوی دڕندانەترین جەنگ کە بەرەو ڕووی گەلی کورد بوویێتەوە بکەن. چونکە بەعسییەکان بڕوای تەواویان بەوە هەبوو کە قاسم جەنگەکەی بەڕاستی نەدەگێڕا، ئەوسا دەستیان کرد بە بەعس کردن و ڕاگوێزان و گوند سووتاندن، هیچ چاکەیەکمان لەسەر زەمینەی واقیع نەبینی، ماوە کورتەکەی دەستەڵاتگرتنە دەستیان بۆ ئێمە و پارتی بەعس و گەلی عێراق و بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی عەرەب خراپ بوو. » شەمسەدین موفتی باسی یادداشتەکەی کورد کە میری (٨ شوباتی ١٩٦٣) پێی قایل نەبوو وا دەکات : کە داواکاری ئاسایی خرابوونە بەردەست لە لایەن (جەلال تاڵەبانی) یەوە ڕوونکرایەوە لە داواکارییەکاندا ئەوەی تیادا بوو کە پێشمەرگە بۆ پۆلیسی سنوور بگۆڕدرێ بۆ ئەهلیەت پێدان و سوود وەرگرتن لێیان. بە مەشق پێکردنی سەربازانی کورد لەناوچەکانی ئەرک و مەشقکردنی سوپایان تیادا دەکرێ دیاری بکرێن و ئاگاداری سەرکردایەتی کورد بەکاتەکانیان بکرێ، تا نەبنە شێوازی کرژی یان فێڵکردن و داگیرکردنەوەی نوێی ناوچە کوردییەکان چونکە سوپا بەوە ڕاهاتبوو کە پێش هێرش بردن مەشقکردن بکاتە بیانوو. یادداشتەکە هیچی سەبارەت بەگۆڕینی پێشمەرگە بە سوپا تیادا نییە تا جێگەی سوپا بگرێتەوە، ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە داواکارییە ناوبراوەکان کۆنگرەی پارتی کە لە ئازاری ١٩٦٣ دا لە کۆیسنجاق بەسترا بڕیاری لەسەر دابوون. بەرامبەر بەوە میری بەڵگەنامەی «لامەرکەزی» لە «١/ ٦/١٩٦٣» تەواو کرد، واتە چەند ڕۆژێک بەر لە شەڕ هەڵگیرساندنەوە، هەندێ سەرچاوە دەڵێن کە کوردەکان لە میسر لە کاتی ووتو وێژی یەکێتی عەرەبدا لە (٧ ی نیسانی ١٩٦٣) دا داواکاریان لە شێوەی ڕامیاری و ناوچەیی و سەربازی و دارایی یان کردووە ئەویش هەر کە یەکێتی عەرەب لە نێوان (سوریا و عێراق و میسر) دا مۆرکرا عێراق داواکارییەکەیانی بە لە توانا بەدەر داناون بەوەش کە لە بەرژەوەندی وڵاتە بیانیەکاندان .

٨. دوای قایل نەبوونی بەعس بە یادداشتەکەی کورد کرژی پەیدا بوو دیاردەی شەڕیش لە ئاسۆوە دیاری دا ، لەگەڵ ئەوەدا کە خودی دانوستانەکە برایانە و سەرکەوتوو بوو، بەڵام شتی شاراوە و ئاڵۆزی زۆر بوونە کۆسپ لە ڕێی بەردەوامبوونیدا، تاڵەبانی بەرەو میسر بۆوە تا سەبارەت بە وەستانی دانوستانەکە هانا بۆ عەبدولناسر بەرێ و داوای ناوبژێتی لێ بکات تا کارەکە بجوڵێنێ ، بەهۆی هەڵگیرسانەوەی شەڕەوە بۆ بەغدا نەگەڕایەوە و چووە فەرەنسا و لەوێشەوە بەرێگای تاراندا بۆ کوردستان گەڕایەوە. بەڵام ئەندامەکانی تری نوێنەرایەتیی دانوستکەران، میری بەو هیوایەی بچنەوە بۆ سلێمانی تا لەگەڵ مەلا مستەفا کارەکە بکۆڵنەوە و بە داواکارییەکاندا بچنەوە یان هەندێکی بگۆڕن گەیاندنییە کەرکووک، کەچی فەرمان لە وەزیری بەرگری (ساڵح مەهدی عەماش) هوە بەگرتنیان و گێڕانەوەیان بۆ بەغدا دەرچوو، لەوێش لێکۆڵنەوەیان لەگەڵدا کرا. نوێنەرایەتی دانوستانکردنەکەی کورد جگە لە جەلال تاڵەبانی هەریەک لە ساڵح یوسفی و مەسعود محەمەد و حەبیب محەمەد کەریم و ئیحسان شێرزاد و عەمید مستەفا عەزیزی تیادا بوو. لەگەڵ شەڕ دەستپێکردنەوە دا هەردوو وەزیرە کوردەکە کە (بابا عەلی) و (فوئاد عارف) داوای وازهێنانیان دا بە ئەحمەد حەسەن بەکر ئەویش دوای ئەوەی فوئاد عارف دوا هەوڵی ڕێکخستنەوەی داو پێوەندی بە بەکر و تایەر یەحیا و تالیب شەبیبەوە کرد.

مامۆستا شەمسەدین موفتی وایدەبینێ کە سەرکردایەتی کورد دەرکی بە دوورکەوتنەوەی هەردوو لای مەدەنی

و سەربازی پارتی بەعسی لە یەکتر کردبوو، لایەنی عەلی سەعدی و سەرکردایەتی مەدەنی لە لایەنێ عەبدولسەلام عارف و چەند ئەفسەرێکی نەتەوەیی وەک فەرحان و سوبحی عەبدولحەمید کە بەکر و عەماش و ڕەشید موسلح و تایەر یەحیا و حەردان تکریتیش پشتگیریان دەکردن، ئەو لایەنەی بۆ یەکەم جار سیاسەتی خاکی سووتاوی دژی کوردە عێراقیەکان بەکار هێنا.

٩. مەحمود عوسمان وایدەبینێ کە بەر لە ١٤ ڕەمەزانی ١٩٦٣ زۆر پێوەندی لە نێواندا هەبووە، لەوانە پێوەندی عەلی سەعدی بە (سالح یوسفی) یەوە، بەڵام گرنگترین پێوەندی ئەوەی نێوان پارتی بەعسی و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و سکرتێرەکەی ئەوسای ئیبراهیم ئەحمەد بوو کە لەڕێی نامەیەکی تایەر یەحیاوە بوو بە موقەدەم کەریم قەرەنی (کوردە) ناردبووی، لەسەری دەڕوات: بەلامەوە سەیر نییە کە شەبیب ئەوە نازانێ چونکە لایەنی سەربازی بەعس و سەربازە نەتەوەییەکان لەوێ چالاک بوون، لەوانەیە بەکر و عەماش ئاگایان لەو پێوەندییە هەبێ. یان ڕەنگە کارەکە بە داوایەکی تایبەتی سەعدی بووبێ لە بەکر و لە بەکریشەوە بۆ یەحیا و لەمیشەوە بۆ قەرەنی. بەڵام مەکتەبی سیاسی ئەو نامەیەی پێگەیشت کە لە بارەی کودەتای داهاتووەوە دەدوا. ئەوە ڕاستییەکی یەکلاییە، عوسمان لەسەری دەڕوات: «ئێمە وەک کورد یەک ڕای بەعسیشمان دەبیست کە سەربازییەکان فرمانی سەرکردایەتی حیزبە مەدەنییەکە جێبەجێدەکەن، کەچی دواتر دەهاتن و ڕۆڵی خۆیان لە سەختی شەڕەکەدا وا ڕادەکەیاند کە ئاگاداری نین و سەرکردایەتی سەربازییان تاوانبار دەکرد کە بەبێ ئاگاداری ئەمان کردویانە، کە لەمەدا ناکۆکی هەیە» پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان بەکر و یەحیا دا هەیە، لەوەتەی پێکەوە بەشداریان لە شۆڕشی تەمووزی (١٩٥٨) دا کردووە و دواتر هەردووکیان دەستیان لە کار کێشرایەوە و بەکر لە بەندیخانە خزێنراو لەوێ بە سەعدی گەیشت و ئەمیش بۆ پارتی بەعسی ڕاکێشاو ڕایسپارد کە برادەرێتی ئەفسەرە گەورەکان بکات. لەوانەیە یەحیا بەدوای بەکر بۆلای کوردەکان چووبێ. هەروەک چۆن زۆر بەیەکگەیشتنی تری نارەسمی لە نێوان بەعسییەکان و کورددا بووە، وەک ئەوەی میشێل عەفلەق و ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێری پارتی، ئەویش هەریەک دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ ڕەمەزانی ١٩٦٣ لە بارەگای ڕۆژنامەی (الجمهوریە) ی بەغدا دا کۆبوونەوەیان کرد.

١٠. لەم ڕووەوە چەند برایەکی کورد وتیان کە شارە کوردنشینە گەورەکان لە ساڵی ١٩٦٣ دا بەدەست هێزەکانی «حەرەس قەومی» و دەزگا میرییەکانەوە بوو، پێشمەرگەیان تیادا نەبووە. هەروەها ژمارەیەک هاونیشتمانی شارەکان لە نەتەوە جیاجیاکان ببون بە حەرەس قەومی، بەناوی حەرەس قەومیشەوە گرتن و ڕاونان دەکران.

١١. سەرچاوە کوردییەکان دەڵێن لە ناوچەی باپشتیانی نزیک گەلی عەلی بەگەوە بەرەو دەشتی دیانا لیوایەکی سەربازی لێبووە، کاتی هەڵگیرساندنی شەڕەکە دوو ئەفسەری بە پلەی عەقید بانگهێشت کردووە، یەکێکیان ئێرانی و ئەوی تریان تورک بووە هاوەڵێتی هونەریشیان لەگەڵدا بووە کە ئامێری بێ تەل و وێنەگرتن و بێدەنگی بۆ گوێگرتنیان پێ بووە، کوردەکان تا ئێستاش ناوی ئەو دوو ئەفسەرەیان لە یادە، فرۆکەی ئێرانی و تورکی بۆ هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەفسەرە پێوەندارەکاندا هەستاون و ئەفسەرەکانیش ڕاوێژیان لەگەڵ سەرکردایەتی

بزووتنەوە سەربازییەکەدا کردووە ... هەندێک لە کوردەکان پێیان وایە وەزاەتی بەرگری پێشوەخت شەڕکردنەکەیان لای میسر و سوریا نەدرکاندووە کەچی لەگەڵ تورکیا و ئێراندا باسیان کردووە، ئەو دوو وولاتەی سەرکردەکانیان گومانیان وایە کە بزووتنەوەی کورد چەپ ڕەوە و بەلای شیوعیدا دایدەشکێنێ ... شەمسەدین موفتیش دەڵێ : ئەفسەرێکی ئیستخباراتی ئەمریکایی لە شاری خانەی کوردنیشنی ئێران بووە و یەکێکی تریش لە قەسری شیرین لە ناو ئێراندا چاودێری تورکیا و ئێرانیان کردووە تا بزانن لە کاتی شەڕدا بەڕاستی ڕێ لە دزەکردنی کوردەکان دەگرن. سەرکردایەتی کورد ناڕەزایی خۆی بە هەردوو باڵوێزی ئەمریکا لە ئەنقەرە و تاران دا، بەڵام ناڕەزاییەکەیان لێوەرنەگیراو پێشوازی دوو نوێنەرەکەیشیان نەکرا، کە سەرکردەکانی وەک جەلال تاڵەبانی و موفتی لە ئەورووپادا هەوڵی پێوەندیکردنیان بە باڵوێزخانەی ئەمریکاوە دا، بەشێوەیەکی نارەسمی قسەیان لەگەڵدا کردوون و بە زۆری یەک فەرمانبەری باڵوێزخانەکە بۆ بینینی تاڵەبانی یان هەرکەسێکی تر هاتووەو لە دەرەوەی باڵوێزخانە، جا لە چێشتخانەیەکدا یان قاوەخانەیەکدا دەیبینین تا نەڵێن چاوپێکەوتنەکە ڕەسمییە.

١٢. باڵوێزخانەی بەریتانیا لە عێراق (نامەیەکی - بروسکەیەکی) بۆ حکومەتەکەی نارد تیایدا دەڵێت: ئەفسەرانی سوپای عێراقی بە نائومێدییەوە لە عەبدولکەریم قاسمیان دەڕوانی «چونکە سوپا درکی بەوەکردووە کە ئامۆژگارییە سەربازییەکانی قاسم خۆی لە باکور ئەم سەرزەنشتییە هەڵدەگرێت.

١٣. د. مەحمود عوسمان وایدەبینێت کە گەلێک شێواز و ڕێگەی ئەڵتەرناتیفی ململانێ چەکدارییەکە هەبوون، دەکرا بۆ گەیشتنە چارەسەرێکی توند و تۆڵی نێوان کورد و عەرەب لە عێراقدا بەگەڕ بخرانایە، هەر وەک چۆن دەشکرا پەرە بەو بیرەی لە بەندی سێیەمی دەستوورە کاتێکەی ساڵی ١٩٥٨ ی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم دەریکرد، بدرایە، کە دەڵێت : «گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی عەرەب و کورد پێکهاتووە. ئەم سەرەتایە دەتوانرا بۆ خواستی ئاشتیانە پەرەی پێبدرایە.

١٤. پێدەچێت بەهۆی ئاڵۆزی و تێکەڵاوی فاکتەرە ناوخۆی و کۆمەڵایەتی و جوگرافیای و ڕامیاری و شتی دی، دەرەکییەکانیش کە بایەخ و مەترسیان کەمتر نییە، کێشەی کورد بۆ ماوەیەکی زۆر مشتو مڕو ماندوێتی بۆ عێراق و ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بێنێتە کایەوە، چونکە ئەو مەسەلەیە هەر بە کورد و سەرجەم عێراقییەکانەوە نەبد نییە، بەڵکو بە عەرەب و ناوچەکانی دەور و پشتیشیانەوە بەندە. بیرم دێت دوای سەرنەکەوتنی دانوساندی بەرەی کوردستانی لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا، کە بەدوای بەسەرهاتی ئازاری ١٩٩١ دا هات، نوێنەرایەتییەکی کورد سەردانی دیمەشقیان کرد، مەبەستیان ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی بەرەی کوردستانی بوو. بۆ سەرکردایەتی نەتەوایەتی پارتی بەعسی سۆسیالیست و حکومەتی سوریا، کە لەو چاوپێکەوتنانە دابوو کە لەگەڵ لایەنانی بەرهەڵستکارانی عێراقدا دەکران ... نوێنەرایەتییەکە لە خوالێخۆشبوو «عومەر دەبابە» (چەند ڕۆژێک بەر لە مردنی) و «فەلەکەدین کاکەیی» و «ئەغری» و کەسێکی تری چوارەمیان بوو، لە پەراوێزی ئەو سەردانەدا قسە و باسێکی زۆرکران، کە بەشێکیمان لە سەرکاغەز، سەبارەت بە باشترین شێواز بۆ پاشەڕۆژی کورد کە بەبێ شەڕ بەدەست بهێنرێت نووسیوە. کاتی خۆی پێشنیاریان بۆکرا

که ڕاستەوخۆ کۆڕێکی نیشتمانی عێراق بۆ باسکردنی کێشەکە ببەستن، ١٠٠ تا ١٥٠ کەسێکی سەرکردایەتی ئەو بەرهەڵستکارانەی بە خەباتکردنیان لە پێناو ئاشتی کوردستان ناسراون و بەگلاونەتە ناکۆکییەکەوە، یاساناسان و مامۆستایانی زانکۆ و نووسەران و شاعیران و ڕۆشنبیران و خاوەن بیر و زانایانی ئاینی و پیاوانی ناسراو و دیاری گشت تیرە و ئاین و کۆمەڵانی دی، لەگەڵ نانگێشتکراوانی عەرەب و دەوڵەتانی ناوچەکەدا. خۆ ئەگەر بە ئەنجامی گرنگ نەگەیشتن و چارەسەری بنەڕەتیان بۆ نەکرا ئەوا هیچی تیادا نابێت گەر ساڵانە ئەم کۆڕە نیشتمانییە سازبکرێت، خۆ ئەم جۆرە پرۆژەیە دەهێنێت پارەی بۆ تەرخان بکرێت، چونکە بۆ عێراق بە کورد و عەرەبییەوە، لەو هەزاران تۆپ و چەکانە بەسودتر دەبێت کە بە دەیان ساڵ نەیانتوانی ئاشتی و ئارامی بەدی بهێنن.

تێبینی:
ئەم یادداشتانە لە ڕۆژنامەی «الزمان» چاپی لەندەن، بەشی ١٧ و ١٨، ڕۆژانی ٢٩ - ١٩٩٨/١٢/٣٠ دوە وەرگیراوە و کراوە بە کوردی.

هەواڵنامەی کتێب

سالح محەمەد ئەمین

# سەرنج و بەدوادا چونێکی یادداشتەکانی تالیب شەبیب

«تالیب شـەبیب» لە رۆژنامـەی «الزمـان» ی چاپی لەندەن بە نێـونیشـانی «مـذكرات طالـب شبیب» لە زنجیرەیەکی دوور و درێژدا یـادداشـتـەکانی خـۆی بڵاوکـردۆتەوە، دکـتـۆر عـەلیی کـەریم ڕێکیخـستـووە و پێیدا چۆتەوە و پەراوێزێکی زۆری بۆ نووسـیـوە، بەوە کـارەکـەی شـەبیـبی دەوڵەمـەند و تەواوکـردووە. جگە لەوەی لە هەندێ شـوێندا باسی کـورد دەکـرێ، دوو بەشی کـە بەشی ١٧ و بەشـی ١٨ ی ڕۆژانی سێ شـەممە ١٢/٢٩/ ١٩٩٨ و چوار شـەممـە ١٩٩٨/١٢/٣٠ بڵاوکـراونەتەوە تەرخـانن بۆ مـەسـەلەی کـورد لە سـاڵی ١٩٦٣ ی یەکـەم دەسـتەڵاتی بەعسییە شۆڤێنییەکان. دوای ئەوەی کـاری وەرگێڕانەکەیم ئەنجـامدا، لەبەر هەندێ بۆچوونی هەڵە، بە پێویستیم زانی کۆمەڵێ سەرنجی خۆمی لەسەر دەرببڕم.

لە یەکەم دەسـتـەڵاتگرتنە دەستی بەعسدا، کە لە ئاکامی کودەتایەکی خوێناویدا دژی عـەبدولکەریم قاسم بەدییان هێنابو،، هـاتە گۆڕێ، گەلێک شـتی ماوەی نۆ مـانگ و نۆ ڕۆژی دەسـتـەڵاتەکـەیانیانی لەو یادداشـتـانەدا درکـاندووە، جـا لە بەرئەوەی خـۆی یەکـێک بوو لە ئەندامـانی سـەرکـردایـەتی هـەرێمـایـەتی بەعس و ئەندامی ئەنجومەنی سـەرکردایەتی شۆڕش هـەروەهـا پۆستی وەزارەتی دەریشـەوەی پێسپێردرابوو، بۆیە بە باشزانرا کە خوێنەری کـوردیشی لێ بێبـەش نەکـرێ ... سـاڵی ١٩٦٣ لـە یـەکـەم ڕۆژییـەوە تا کـوژاندنەوەی مـۆمـەکـەی پڕ لە

## سالح محەممەد ئەمین

کارەسات و بەسەرهاتی نوێی وابوو کە زەحمەتە لە بیر کەسانێک بچنەوە لەو ڕۆژگارەدا ژیا بن و لە بواری ڕامیاری یان ڕۆشنبیریدا کاریانکردبێ یان هەر هەستیشیان پێکردبێ، ئەمە جگە لەوەی کە دانیشتوانی شارە گەورەکان وەک پایتەختی وولاتەکەو بەسرە و موسڵ و هەولێر و سلێمانی و کەرکوک و گەلێک شوێنی تریش لەناو بەسەرهات و کارەساتەکەدا ژیاون و ئەگەر لەناو کڵپەی ئاگرەکەدا نەبووبن ئەوا پریشکیان هەر پیادا چزاوە ... من نامەوێ لە مانگرتنەکەی قوتابیانی سەرەتایی ئەو ساڵەوە دەستپێبکەم کە ڕەوتە نەتەوەییەکانی عەرەب بە گشتی و پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالیست بە تایبەتی لە بەغداو شارە عەرەبییەکانی دی سەرپەرشتیان دەکرد و ڕێگایان لە بەردەم کودەتاکەیدا پێخۆشکرد، تا لە بەرەبەیانی ڕۆژی (٨) شوباتی ئەو ساڵەدا «مونزر وەنداوی» بە فڕۆکە بۆردومانی وەزارەتی بەرگری کرد کە دواتر عەبدولکەریم قاسم و مەهداوی و چەند ئەفسەرێکی تر تیایدا قەتیس مان و قایل نەبوون ئەو شیوعیانەی بۆ بەرگری لە خۆیان و ئەوان ڕژابوونە سەر شەقامەکانی بەغدا چەکداربکەن ، لە ئاکامدا تا چەند ڕۆژێک شەڕ بەردەوام بوو دواکات عەبدولکەریم قاسم و ئەوان ناچاری خۆبەدەستەوەدان بوون ئەویش دوای ئەوەی کە تەواو تەنگیان پێ هەڵچنرابوو ... بەردەوامبوونی شەڕەکە بەعسی ناچارکردبوو کە بەیاننامەی قڕکردنی شیوعییەکان (ژمارە ١٣) دەربکات و بۆ نەهێشتنی هیوا و وورەی ئەوانەی دەست لە بەرهەڵستی و شەڕکردنیش هەڵناگرن، دوای دادگاییکردنێکی بەناو و پەلە عەبدولکەریم و مەهداوی و ... ئەوانی تریان گوللە بارانکرد و پەیتا پەیتا لە تەلەفزیۆندا وێنەکانیان بە کوژراوی بڵاو دەکردنەوە ... پارتی دیموکراتی کوردستان پێش کودەتاکە هاوپەیمانێتی بەعسی بۆ ڕووخاندنی عەبدولکەریم قاسم کردووە و تالیب شەبیب چاوپێکەوتنەکەی بە (عەلی سالح سەعدی پێش «٨» شوباتی ١٩٦٣ سالح یوسفی دەبینێ) دەستپێکردووە، بۆیە ئەوکاتە پارتییەکان پارێزراو بوون. بەڵام هەر کە شەڕی کوردیان دەستپێکردەوە یەکەم شت ئەو قوتابیانەیان گرت و زاونا کە بەهۆی هاوپەیمانێتییەکەیانەوە ناسیبوویانن و هەندێکیان بەدەم ئازاردانەوە کوشتن، محەمەد سدیق عەبدولڕەحمان پێنجوێنی یەکێکیان بوو ...

ڕاو بۆچوونی پارتی بەعسی سۆشیالست و ڕەوتە نەتەوەییەکانی تری عەرەب ئەوکاتە لای زۆر کەس ڕوون و ئاشکرا بوو، چونکە لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و نووسینەکانی خۆیاندا نەیاندەشاردەوە ، هەر ڕێک وابوو کە تالیب شەبیب لە چاوپێکەوتنەکەیدا دەڵێ : ( ... ئێمە تێگەیشتنی گشتیمان بۆ کورد وابوو کە ئەوان ڕەویان بۆسەر خاکی عەرەب کردبێ و هاتبن تا لە وولاتەکەیاندا میوان بن ... ) میوانیش کورد ووتەنی «کەری خانە خۆی یە» نابێ و ناکرێ بەو ڕادەیە پێی لێ هەڵبرێ کە خاوەن ماڵ جاڕس بکات ... تالیب شەبیب لەسەر قسەکانی دەڕوات و دەڵێ : (بەڵام ڕاستییەکەشی وانەبوو، کوردەکان وەک ئەرمەن و تورک و کۆمەڵانی دی لە ئەنجامی ململانێ و جەنگ و هۆی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و ئاینی و بڕوا جیایی لە لایەن عوسمانییەکانەوە ناچاری ڕەوکردن نەکرابوون ... ) ، جا نازانم کەی ئەو ناڕاستییەی خۆیانیان بۆ دەرکەوتووە، دوای ئەوەی لە مانگ و ڕۆژ و سەعاتی خۆیاندا دەستەڵاتەکەیان لە بار چوو یان پێشتر، چونکە ئەگەر پێوەندیکردنیان بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بکرێتە بەڵگەی پێزانینەکەیان ئەوا مەرج نییە ئەو مەبەستە بگەێنێت، چونکە

ئەوان لەو کاتەدا بۆ پشتگیری کودەتاکەیان پێویستیان بەوە هەبووە، بە تایبەتی بەرەنگار بوونەوەی عەبدولکەریم قاسم و پارتی کۆمۆنیستی عێراق کە ئەو کاتە جەماوەری خۆیان هەبووە و زۆربەری دەزگا سەربازییەکانیش بە فەرماندەی لایەنگرانی ئەوان بووە، وەک (جەلال ئەوقاتی) ی فەرماندەی هێزی ئاسمانی و ... هتد، بۆیە ئەو پێوەندییە زیاتر هەنگاوێکی تەکتیکیانە بووە وەک لەوەی بڕوا بوون بێ بە مەسەلەی نەتەوەی کورد ، ئەوەتا لە پەراوێزی (٧) بابەتەکەی تالیب شەبیب دا واهاتووە :(د. مەحمود عوسمان دەڵێ : ئەو کاتە لەو بڕوایە دا نەبووین کە پارتی بەعسی دان بە مافە سەرەکییەکانی کورد دا وەک چۆن ئێمە دەمانویست بنێ ... ) دواتر تالیب شەبیب دەڵێ : (لەنەزانین و بێ ئاگاییدا عەرەب و لە پێناسە نەکردنیشدا کوردەکان بەر پرسیارن ... ) من بەش بەحاڵی خۆم بەشی یەکەمی بیانووەکەی تالیب شەبیبم بۆ هەرس ناکرێ و پێموایە نابێ سەرکردایەتی پارتێکی ڕامیاری وولاتێک ئەو زانیاریانەی نەبێ، چونکە دامەزراندنی عێراق ئەوەندە مێژ نییە کە بۆ سەرکردایەتی پارتێکی ڕامیاری وای دەستەڵاتگرتنە دەست خواستێکی بێت ئەوەندە زەحمەت بێ لە چۆنێتی و پێکهاتەی وولاتەکەی خۆی بگات، بە تایبەتی ئەو کاتەی تالیب شەبیب وەزیری دەرەوەی عێراق بووە هەر چل ساڵێک بەسەر دامەزراندنیدا ڕەتبووە، لەو ماوەیەشدا چەندین ڕاپەڕینی چەکدارانەی کورد دژ بەو بارە نوێیە کراوە و داواکارییەکانی کوردیش دیار و ئاشکرا بوون، ئەمە لەلایەک لە لایەکی تریشەوە بۆ کەسێکی وەک تالیب شەبیب کە بەرپرسی یەکەمی دیپلۆماسی عێراقی ئەوسا بووبێ چۆن دەبێ ئاگاداری هەموو ئەو پەیمان و بەڵێن و مەرجانە نەبووبێ کە بۆ دامەزراندنی عێراق لە ئارادا بوون ... تالیب شەبیب لەسەر قسەکانی دەڕوات و دەیەوێ خۆی چۆنی پێ چاک و بە دڵە کورد وا لە قاڵب بدرێت و تەنانەت گەورەترین و بەتواناترین پارتی نەتەوەیی کورد لە عێراقدا بەدڵی ئەوان هەڵس و کەوت بکات و پێوەندییەکانی دیاری بکات و بیر و بۆچوونەکانیشی لەسەرچاوەیەکەوە بێت کە ئەوان بۆی دیاری بکەن و سوودیش لە هیچ بیر و ڕایەکی دی نەبینێ، پێوەندیکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە حیزبێکی نێو نەتەوەیی عێراقەوە بە کلکایەتی لە قەڵەم بدات و بە کارێکی خراپ و ( زیانیان بەخۆیان بڕوا پێبوونیان گەیاند ... بەوەی کە خۆی بە حیزبێکی مارکسی لینینی «سەر بە ستالینی» ڕاگەیاند و لە پێڕەوی خۆشیدا ئەوەی کردە بەڵگە ... ) تالیب شەبیب ئەوەی لە بیر نییە یان لە بیری خۆیی دەباتەوە کە پارتی کۆمۆنیستی عێراق پارتێکی نێونەتەوەیی گەلی عێراق بووە و بەو پێیە وەک چۆن عەرەبێک بۆی هەبووە کاری تیادا بکات و ببێتە ئەندامی ، کورد و تورکمان و ئاشوری ... هتد بۆیان هەبووە و شەرمیش نەبووە لەو حیزبەدا کار بکەن. بۆیە پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە کوردستانیشدا وەک هەموو بەشەکانی تری عێراق جەماوەری خۆی هەبووە بە پێچەوانەی پارتی عەرەبی سۆشیالیستەوە کە شوێن پێیەکی لەناو کورددا نەبووە و ناشکرێ ببێ، چونکە ناوی خۆی بە خۆیەوەیەتی، کەسێک عەرەب نەبێت و کەمێک هەستی هەبێت ناکرێ و نابێ بچێتە ئەو حیزبەوە، بۆیە لە ڕیزەکانی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستدا جگە لە عەرەب و ئەوانە نەبێت کە بەهەست و هەڵسوکەوت بوونیاندا لە ناوچەیەکی عەرەبدا بیری نەتەوەیی خۆیان لە دەستدابێ وەک ئەو تاکو تەرانەی کە تالیب شەبیب ئاماژەی بۆ (تایەر یەحیا تکریتی) کردووە و دەڵێن (بە بنەچە کورد بووە)، ئەوە لەلایەکی تریشەوە پارتی بەعس و ڕەوتە

نەتەوەییە عەرەبەکانی تری سەر گۆڕەپانی ڕامیاری عێراق بەر لە شۆڕشی تەموزی ساڵی «١٩٥٨ ئامادە نەبوون پێوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستان و هیچ ڕێکخراوێکی تری کوردییەوە بکەن، ئەویش بەوەدا دەردەکەوێ کە ڕێگری پارتی بوون بچێتە ناو بەرەی نیشتمانی عێراقەوە، بۆیە پارتی و کۆمۆنیستەکان هاوپەیمانییەکی دوو قۆڵیان بەست کە لە هەمان کاتدا پارتی کۆمۆنیست لەبەرەی نیشتمانییەکەیدا بوو لەگەڵ پارتی بەعس و پارتە عێراقییەکانی تری ئەوکاتەدا. سەبارەت بە بیری مارکسی و لینینیش، ئەو سەردەمە و ئێستا دوارۆژیش وەک هەر بیرێکی ڕامیاری دی دەکرێ سوودی لێوەربگیرێ و هیچ حیزب و لایەنێکیش نابێ و ناکرێ ڕێ بەخۆی بدات ئەو سوود وەرگرتنە لە لایەنی دی قەدەغە بکات ... زۆر لە مێژە پارتی و کۆمۆنیست لە کوردستاندا کار دەکەن و ڕەگیان هەیە، یەکەم جار بە ناوی (پارت) و (تەحەڕوڕ) ەوە لە کۆتایی چلەکان و سەرەتای پەنجاکاندا لە ململانێدا بوون و ئامانجی هاوبەشیشیان لە تێکۆشانی ڕامیاری دەوری پاشایەتیدا هەبووە و لە دوا هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەو دەمەدا لیستی هاوبەشیان هەبووە و تا ئەم دواییە (هەڵبژێرن نوێنەری ڕاستەقینەتان «ئیبراهیم ئەحمەد» و «مەعروف بەرزنجی») کە یەکەمیان نوێنەری پارتی و دووەمیان نوێنەری کۆمۆنیستەکان بوون بەدیواری ماڵانی سەر شەقامی مەولەوی سلێمانییەوە مابوو، هەر بەو پێیە ناکۆکی لە نێوانیاندا زۆر ڕوویداوە. بەڵام تالیب شەبیب دەڵێ : ( ... ئەگەر چی لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم و ڕەنگە پێشتریش جارو بار ناکۆکی و ململانێی توند و تیژ لە منێوانیاندا ڕوویاندابێ کە ئێمە لێیان بێ ئاگا بووین و نەشمان زانیبوو) بێگومان ئەوان لەو ناکۆکی و ململانێیەیانە بێ ئاگا دەبن و پێشی نازانن، چونکە لەناوچەکەدا نین و بەزۆرەملێ لە هەردوو سەردەمی دەستەڵاتیاندا دیاننویست لە چیاو کوێستانەکانی کوردستاندا دارخورما بڕوێنن و پیرە داربەڕووەکانیش لە ڕەگ هەڵکێشن و بۆ ناوچەی خۆیانی بەرن، کە ئەوە لە بەرژەوەندی هیچ لایەکیاندا نەبوو ... لەگەڵ ئەو هەموو پێوەندی پێکەوەییەی ساڵانێکی دوور و درێژی نێوان پارتی و پارتی کۆمۆنیست، کە هەرچۆنێک و لە هەر ڕوویەکەوە لێکبدرێتەوە ناکرێ و نابێ بۆ هاوپەیمانێتیکی پێنج شەش مانگەی لەرزۆک بەلاوە نرێ و تالیب شەبیب داڵدەدانی کۆمۆنیستەکان لە لایەن پارتییەوە بکاتە یەکەم بیانووی شەڕ دەستپێکردنەوە : (پەرسەندنەکانی دواتر دووشتیان دەرخست یەکێکیان عەلی سەڵح سەعدی ئاشکرای کرد، ئەویش داڵدەدانی ئەو کۆمۆنیستانە بوو کە لە بەغداوە بەرەو کوردستان هەڵاتبوون ... ) تالیب شەبیب لەسەر قسەکانی دەڕوات و دەڵێ : ( ... لەبیرمە عەلی ساڵح سەعدی بەدانوستکەرانی کوردی ووت : ( ئێوە نزیکترین کەسن بۆ ئێمە، چونکە خەمی نەتەوەیی کوردتان هەیە، هەر وەک ئێمە خەمی نەتەوەیی عەرەبمانە ... ) ئەو قسانەی عەلی ساڵح سەعدی بە گوێی دانوستکەرانی کوردیدا داوە، ئەگەر ئەو «ئێمە» یەی قسەکانی بۆ پارتی بەعسی نەگەڕایەتەوە و بۆ نەتەوەی عەرەب بووایە ئەوا مەبەستەکەی پێکابوو، چونکە هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب لە زۆر هەڵوێستدا بەبەڵگە ئەو کەسایەتییەیان بۆ یەکتر سەلماندووە، چەندین نموونەی دوور و نزیکی زیندوو لەو بارەیەوە هەیە، هەر لە ڕەشبگیرییەکەی (٩ / ٦ / ١٩٦٣) ی سلێمانییەوە بیگرە تا دەگاتە ڕاگواستنە زۆرەملەکەی ساڵانی دوای «١٩٧٥» و تەنانەت لە ئەنفالە بەد ناوەکانیشدا ئەفسەر و سەربازی وابوون کە چەندیان پێکرابێ کوردە هەژارەکانیان لە مەرگ ڕزگار کردووە. خۆ ئەوەی کوردە

# سەرنج و بەدوادا چونێکی یادداشتەکانی «تالیب شەبیب»

ڕاگوێزراوەکان لە دانیشتوانی شارە عەرەبییەکانی خواروو دەیگێڕنەوە، کە بەگشتی چۆن بەدەنگیانەوە هاتوون و لە برسێتی و تینوێتی و بێ جێگایی ڕزگاریان کردوون کەم نین و هەر بەو هۆیەوە جۆرە پێوەندییەک لە نێوان خێزانەکاندا پەیدا ببوو، کە دوای گەڕانەوەی بەشێکیان بۆ کوردستان هاتوچۆی بەردەوام لە نێوانیاندا هەبوو. ئەوانە ڕێک پێچەوانەی تەواوی هەڵوێستی ڕژێمەکان بوون چ لە ساڵی ١٩٦٣ داو چ دواتر، ئەوەتا تالیب شەبیب بۆخۆی دان بەوەدا دەنێت کە شەڕی ئەمان و عەبدولکەریم قاسم چەند جیاوز بووە، ئەگەرچی تاوانەکانی هەموو لە ئەستۆی لایەنی سەربازی داناوە، خۆیانی وەک سەرکردایەتی مەدەنی لێ بەبێ ئاگا کردووە. هەر لە ساڵی ١٩٦٣ یشەوە نوکتەو سوکایەتی کردن بە کورد و هەرچی پێوەندی پێیانەوە هەیە، هەوڵدانی بۆ گۆڕینی شەڕ و ناکۆکییەکەی نێوان کورد و ڕژێم بەشەڕی نێوان هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد و تێوە گلاندنی وولاتە عەرەبییەکانی وەک سوریا و وەرگرتنی چەکێکی زۆر لە میسر، کە وەک لە قسەکانی تالیب شەبیب و سەرکردەکانی کورد دا دەردەکەوێت خوالێخۆشبوو سەرۆک جەمال عەبدولناسر دژی شەڕەکە بووە. هەستی بە پاشگەز بوونەوەی بەعس لە بەڵێنەکانیان کردووە لە نامەیەکدا کە بۆ موشیر عامری ناردووە دەڵێ : ( ... بەڵێنیان لێورەگرتوون پێدەچێ حکومەت خۆی لە بەڵێنەکانی بدزێتەوە.) ڕژێمی بەعسی ١٩٦٣ بەوەشەوە نەوەستا پێوەندی بە هەردوو حکومەتی ئێران و تورکیاوە کرد بۆ لەناوبردنی هێجگارەکی بزووتنەوەی کورد، ئەوەتا تالیب شەبیب خۆی دەڵێ : ( ... هەردوو باڵوێزەکەم «باڵوێزی ئێران و تورکیا» بانگکرد لە وەڵامدا وتیان: ئێمە ئاگامان لە ڕووداوەکانە، سوپاس بۆ ئاگادار کردنمان، شارەزایانی سەربازی بۆ پێکهێنانی لیژنەی پێوەندکردن و کاری هاوبەش لە نێوان هەر سێ وولاتدا بۆ کەمکردنەوەی دزەکردن و چەک دەرکردن و پەنا بردنی چەکدارەکانی دادەنێین ... ) ئەمە جگە لەو کارە ناڕەوایانەی لەو تەمەنە کورتەی تەمەنیاندا لە ناوچەی کەرکوکدا کردیان، کە د. نوری تاڵەبانی لە کتێبی (منطقە کرکوک و محاولات تغير واقعها القومي) ئاماژەی بۆ گرنگەکانیان کردووە : ل ٦٨ - ٦٩

١. کاولکردنی گوندە کوردنشینەکانی نزیک شاری کەرکوک ، بەتایبەتی ئەوانەیان کە لە نزیک بیرە نەوتەکانەوە بوون، سیانزە گوند بوون : سۆنە گۆلی ، یار وەلی ، پەنجا عەلی ، وەلی پاشا ، قزڵقایە، چیمەنی گەورە ، چیمەنی بچووک ، جەوڵ بۆر ، هەنجیرە ، قوتان ، قوشقایە ، شۆڕاو ، باجۆران )

٢. ڕاگواستنی کوردەکانی ئەو گوندانەی سەر بە ناحیەی «دوبز» - کە ئێستا شارۆچکەی «دبس» ە ناو لێناوە، ئەمجا هێنانی هەندێ عەشیرەتی عەرەب و بەدووەکان بە سەرۆکایەتی «عواص صديد» ناوێک، تا لەو گوندانەدانیشتەجێیان بکەن. ڕاگواستن و بەعەرەبکردن ئەم گوندانەی گرتەوە : ( قەرەدەرە، عەمشە ، مەرعی ، قەڵا عەرەبەت ، کتکە ، قوتانی خەلیفە ، قوتانی کوردەکان ، سێکانیان ، گورگە چاڵ ، شێخان ، نادر ئاوا ، درکەی کوردەکان ، قەرەهیبە ، عەلا غێر ، مامە ، شیرناو ، تەقتەق ، کونە ڕێوێ ، چەخماخە ، مەڵحە )

ڕاگوێزان و بەعەرەبکردن هەندێ گوندی تریشی گرتەوە : ( جاستانە ، دەربەند ، سەربەشاخ ، پەرکانە ، عەولاخان ، سارەلو ، شناغە ، درکە گەورە ، درکەی بچوک ، چەوت، کیسمە ، تەل هەلالە ، گەزوشان ، گەڕاو ... هی تریش ).

٣. دەستپێکشانەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارانی کورد کە لە دەزگاکانی کۆمپانیای نەوت کاریان دەکرد، یان گواستنەوەیان بۆ دەزگای تری دەرەوەی پارێزگاکە، هەروەها گواستنەوەی ژمارەیەک لە فەرمانبەرە بچوکەکان، کە مامۆستایانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییان لە نێواندا بوو بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق.

٤. میری ژمارەیەک عەرەبی هێناو کردنی بە پۆلیسی ناوخۆ یان کرێکار لە کۆمپانیای نەوتدا، ئەگەرچی هیچ شارەزاییەکی پێشتریان نەبوو، چونکە زۆربەیان کوڕانی عەشایەر بوون.

٥. دانانی دەیان ڕەبیەی سەربازیانە لەسەر بەرزایی و گردۆڵکەکەکانی دەوری شارەکە و شوێنی نزیک بیرە نەوتەکان و ئەو شوێنانەی وەک ناوچەی ئاسایش لێکرد کە نابێ کەسی لێ نزیک بێتەوە، ئەویش دوای ئەوەی مینی سەربازیان تیادا چاند.

٦. چەکدارکردنی ئەو عەشیرەتە عەرەبانەی بۆ گوندە کوردییەکانیان هێنابوون تا تیایاندا نیشتەجێیان بکەن، میری لە ڕۆڵەکانی عەشیرەتی (العبید ، الجبور ) و عەشیرەتە عەرەبەکانی تر یەکەی نا نیزامی بۆ پشتقایم کردنی سوپا و هێرشبردنە سەر پێشمەرگەی کورد و دانیشتوانی گوندە کوردنشینەکانی ناوچەکە دامەزراند.

٧. گۆڕینی ناوی قوتابخانە و شەقامەکانی کەرکوک و ناچارکردنی دوکاندارەکان کە ناوی عەرەبی لە دوکانەکانیان بنێن، ئەویش لە جێبەجێکردنی سیاسەتی بە عەرەبکردنی شارەکەوە هاتبوو کە بە شێوەیەکی دیار و ئاشکرا دەستیان پێکردبوو.

٨. دواجاریش هێرشێکی سەربازیانەی فراوان کرایە سەر زۆربەی گوندەکانی پارێزگاکە ، ئەویش بە ئامانجی تۆقاندنی دانیشتوانەکانی و ناچارکردنیان کە چۆڵی بکەن، تا عەرەبیان تیادا نیشتەجێ بکرێت.

دڵنیام لەوەی باڵی مەدەنی ئەنجومەنی شۆڕش ئاگاداری ئەمەیان بووە و تالیب شەبیب بە هیچ جۆرێک بەلایدا نەچووە.

دوای هێرشە بەر فراوانەکەی بەعس بۆسەر کوردستان، هەر لە سەرەتاکەیدا زەعیم سەدیق و غانم میسباحی یاوەری لە سلێمانی و بەدرەدین عەلی لە هەولێر و کۆیە، بەجۆرێک کەوتنە وێزەی دانیشتوانە بێ چەکەکەی ئەو دوو شارە و ناوچەکانی تری کوردستان کە ڕەنگە هەرگیز لە بیر نەچنەوە، چونکە کارەساتەکان هێندە جەرگبڕ بوون نەدەکرا قەڵەمی نووسەرانی کورد تۆماریان نەکەن و بۆ پشتاو پشتی بەجێ نەهێڵن ... تالیب شەبیب وا لە بارەی (زەعیم سدیق و هاوڵەکانییەوە دەدوێ : (لە بیرمە زەعیم سدیق مستەفا ئەفسەرێک بوو لە ڕیزی نەتەوەییە عەرەبە مرۆڤ پەروەرە ڕووناکبیرەکان دادەنرا، کە پارتی بەعسی و عەرەبی سۆشیالیست و بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەبیان تیادا بوو، ئەو ئەفسەرانە لەناو سوپادا، دوای ئەوەی لە ئەفسەرەکانی سەربەقاسم و شیوعییەکان و ژمارەیەکی زۆر ئەفسەری سەربەخۆ پاککرایەوە، هێز و توانایەکی

## سەرنج و بەدوادا چوونێکی یادداشتەکانی «تالیب شەبیب»

وایان هەبوو کە لەو سوپایەدا گاڵتەیان پێنەدەکرا، بووتیشیان لەناو کەرتەکان و دەزگا سەربازییەکانی وەک «ئەرکان» و بەڕێوەبەرایەتی کارە سەربازییەکان شتێکیان دەگەیاند، ئەمە جگە لەوەی کە عەماش سۆزی بۆیان هەبوو، کێشەی کوردیش بوارێک بوو ڕک و قینی خۆیانی تیادا بەبادەن ...) ، ئەم زەعیم سدیقەی ڕیزی نەتەوەییە عەرەبە مرۆڤ پەروەرە ! ... تاریک و ڕوونی ڕۆژی ٩ حوزیرانی شەست و سێ ، لیواکەی خۆی ڕژاندە ناو کۆڵان و شەقامەکانی شاری سلێمانیەوە، کە پێشتر بە ئەفسەر و سەربازەکانی ڕاگەیاندبوو : (کورد موسڵمان نین و ئاگر پەرستن، لە جەژنی نەورۆزەکەیاندا بەچاوی خۆتان دیتان کە لە هەموو شەقام و کۆڵان و تەنانەت سەربانی ماڵەکانیشیاندا ئاگریان کردەوە و بەدەوریدا هەڵدەپەڕین، بۆیە کۆ لە هیچ مەکەن و ئەوەی پێتان دەوترێ پێویستە وەک خۆی جێبەجێ بکرێ و هەرچی نەیکات ئەوا حیسابی یەکێک لەو کافرانەی بۆ دەکەین ... ) ئەم قسانە سەربازێکی بەشداری ئەو کارەساتە ، دوای یەک دوو ساڵێک لە بەغدا بۆی گێڕامەوە ... ماڵێک چییە نەیانبوارد سەری پێدا نەکەن و هەرچی شرەو پرەیان هەیە بەیەکیدا نەدەن و نێرینەکانیشیان (١٧ - ٦٠) ساڵانە پێشخۆیانیان نەدەن و لە تەویلەکانی دوێنیی ئێستریان نەخزێنن ، هەر لە قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی و خانەی مامۆستایانەوە بیگرە تا پزیشک و ئەندازیار و پارێزەر و مامۆستا و ڕۆشنبیر و فرۆشیار و تەنانەت «عەلی بلبل» ی لۆتی و شێتیش کە یەکبینە دەیووت «چی دەبێ با ببێ ! » . لەوانە بەدەمیانیان لە دۆڵێکدا گوللە بارانکردن، کە تاکە مامۆستای فیزیای قوتاغی ئامادەیی شارەکە -حاجی باقی - و باشترین و کارامە ترین یاریکەری تۆپی پێ و سەبەتە - مامۆستا یاسین - و حەمە بۆر و ئیسماعیل ئیبراهیم و ئەنوەر دارتاش کە هەر چواریان لە تاکە یاریگەی سلێمانیدا گرتن، چەندین پیاوی ناسراوی تری شارەکە ، وەک ئامق ئاغا و کەلێکی تریش کە هیچیان چەکدار و لە ڕیزی پشمەرگەدا نەبوون لە گوللە بارانکراوەکان بوون، هەموو گیراوەکانیشیان چەند ڕۆژێک لەو تەویلانەدا هێشتەوە و شەو و ڕۆژی یەکەم بێ نان و ئاو بەجێ هێڵرابوون . خۆ ئەوانەش کە وێنەیەک یان کتێبێکی وای لە ماڵدا بووبێ کە بە بۆ چوونی ئەوان قەدەغەبوو ئەوا هەر لەناو ماڵەکەی خۆیاندا و بەبەرچاوی ژن و منداڵانەوە گوللە بارانیانکردوون ... زەعیم سدیق پێش هاتنی بەعسیش هەر لە سلێمانی بوو ، لە گەرمەی شەڕیشدا نەیتوانیوە کاری وابکات، جا ئەگەر لە کاتی بەعسدا هەموو دەستەلاتێکی وەرنەگرتبێ چۆن دەتوانێ کارێکی وابکات ؟

بەدرەدین عەلی لە هەولێر و شاری کۆیە کەمی نەکرد و چەندین لاوی کوردی بەدینگەکانی سەرشەقامە سەرەکییەکەی کۆیە بەستەوە و گوللە بارانی کردن ... ئەوە شەڕی بەعسی یەکانی (١٩٦٣) بوو کە تا ئەو کاتەو لە هیچ ڕۆژگارێکیدا نارەوایی و ناهەمواری وانەکرابوو، بۆیە گەر ئێمەی کورد بڵێین بەعسی یەکانی (١٩٦٣) گەر درێژە بە دەستەلاتەکەیان بدرایە، بە نیازی ڕیشەکێشکردنی کورد بوون و هەوڵە کانیشیان لە خانەی گۆڕینی شەڕی ڕژێم و بزووتنەوەی کورد بۆ شەڕی عەرەب و کورد دادەنران، کە ئەوە خەونێکی ڕەگەزپەرستانەبوو نەهاتە دی ...

لە لایەکی تری یادداشتەکاندا بە بەعسی کردنی کورد و تورکمانی ناو شارە کوردنشینەکانی بەلاوە ژیرانە نەبووە بەقەدەر ئەوەی دامەزراندنی پارتێکی تری کوردی هاوشانی پارتی دیموکراتی کوردستان کەسەر

# ساڵح محەمەد ئەمین

بەخۆیان بێت مەبەست بووە : (هەرچەندە بیری دامەزراندنی ڕێکخراوە بەعسیەکان کە کورد و تورکمان و عەرەبی شارە کوردییەکان بگرێتەوە ژیرانە نەبوو، کەچی سەرکردایەتی هەرێمایەتی هەرگیز بیری لە دامەزراندنی پارتێکی کورد نەکردەوە کە بەرامبەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بێت و پشتگیری دەستەڵاتیشی بێت ... )

ئەو تاقیکردنەوەیەش هەر کە شەڕی نێوان بزووتنەوەی کورد و ڕژێمی دووەمی بەعس لە ئازاری (١٩٧٤) دا دەستیپێکردەوە کراو، لە چەند ئەندامێکی سەربازی و سیاسی ناو بزووتنەوەی کورد، وەک : عەزیز عەقراوی ، هاشم عەقراوی ، شێخ ستار ، عبداللە ئیسماعیل ناسراو بە (مەلا ماتۆڕ) ... هتد حیزبی لەو بابەتە دامەزرێنران و توانایەکی زۆریشیان خرایە بەردەست، کەچی نەک هەر هیچیان بۆنەکرا بەڵکو ناوی خۆشیان زراند و دوای نسکۆی (١٩٧٥) کە بارەگایان لە شارە کوردییەکاندا هەبوو، پیاوێکی قۆشمەی قسە خۆش دەیووت : بارەگای سەرەکی هەر حیزبێک لەوانە مەنجەڵە یاپراغێک لێیان سەر و زیادە !!

تالیب شەبیب ئەگەرچی لەم یادداشتانەیدا لە زۆر شوێندا بە باشە باسی سەرکردەکانی کوردی وەک مەلا مستەفای بارزانی و جەلال تاڵەبانی دەکات و بزووتنەوەکەش بە بزووتنەوەی گەلی کورد دادەنێ، کەچی لە شوێنێکدا دەڵێ : ( سەرکەوتنی سەربازیەکەی هێزە چەکدارەکانی بەدەستیان هێنا سەرکەوتنی ئێمەی لەبڕانەوەی کێشە کوردییەکەدا نەدەگەیاند، بەڵام خودی یاخی بوونەکەی کورد لە داڕوخانی هێجگارەکیدا بوو !!) تکایە سەرنجی ووشەی (یاخی ) بدەن بزانن لەگەڵ سەرجەم قسەکانی تری شەبیب دا دەگونجێ ...

دواکات پێویستە ئەوە بووترێ کە گەلی کورد بەهۆی ڕەوایی مافەکانییەوە و هەموو ئەو زوڵم و زۆرانەی بە ناهەق دژی کراوە ، دۆستانێکی لە ڕیزی ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی نەتەوەکانی دراوسێیدا بۆ پەیدا بوو، گەر لە کورد زیاتر هەوڵ بۆ بەرەو چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆزەکەی نەدەن ئەوا بێگومان وەک کوردێکی چاک و ووشیار خۆیان بۆ تەرخانکردووە. ئیسماعیل بێشکچی بە ڕەگەز تورک لە تورکیا و محەمەد مەهدی جەواهری و هادی عەلەوی و مشعان جبوری کە لەم دواییەدا لە بەرنامەیەکی تەلەفزیونی «جزیرە» دا بە بێ پێچ و پەناو بێ سڵکردنەوە ڕاستی مافە ڕەواکانی نەتەوەی کوردی بۆ سەرجەم بینەرانی ئەو بەرنامەیە ڕوونکردەوە و کە بێگومان وەک خۆی درکاندی ، باوک و برا و چەندین کەسی لەو شەڕە ناهەموارانەی ڕژێمدا لەناوچوون، گەلێکی تریش ڕەوایی مافەکانی کوردیان ئێستا و پێشتر لە لا ڕوون و ئاشکرایە و بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بێت تا ئێستا بێدەنگن . کاتی خۆی کە بۆ وەرگێرانی ڕۆمانی (شرق المتوسط) ی نووسەری گەورەی عەرەب عەبدولرەحمان مونیف سەردانیم کرد، ووتی : ( ... من زۆر شت لەبارەی نەتەوەی کوردە وە ئاگادار نیم، بۆ خۆت دەیزانی کلتوور لای من زۆر گرنگە زۆربەی ڕۆمانەکانم بەسەرهاتەکانیان لە کلتوورەوە هەڵدەهێنجم ، بۆیە گەر زانیاری تەواوم لەو ڕووەوە هەبوایە ئەوا دەمکردە پرۆژەی ڕۆمانێک ... ) چی کتێبم لەسەر مێژوو کلتوور و جوگرافیا و شتی تر بە عەرەبی لەسەر کورد هەبوو بۆم برد ، ئەویش بەڵێنی دامێ ( ... دەبێ ڕۆمانێک سەبارەت بە کورد بنووسم، دەستەڵاتدارانی ناوچەکە زۆر زیاتر لە بڵاوکردنەوەی «شرق المتوسط» گرژ بکات ... ) بەداخەوە تائەمڕۆ (د. مونیف ) ی خۆشەویست بەڵێنەکەی بەجێ نەهێناوە ، کەمن دڵنیام لەوەی ئەو

# سەرنج و بەدوادا چونێکی یادداشتەکانی «تالیب شەبیب»

خاوەنی بەڵێنی خۆیەتی ...

یادداشتەکانی «تالیب شەبیب» یش لەو ڕووەوە گرنگی خۆی هەیەو دەکەوێتە خانەی هەوڵدان بۆ تێگەیشتنێکی ڕاستەقینەی مەسەلە ئاڵۆزە ڕەواکەی گەلی کورد ... حەزمکرد وەک «پاشکۆی» وەرگێڕانەکەم ئەم چەند دێڕە بنووسم تا کارەکە ڕوونتر و ئاشکراتر بێت، چونکە وەک بریخت دەڵێ : «مێژوو ئەوەیە کە ڕوودەدات نەک ئەوەی کە ئێمە ئارەزوومانە و دەمانەوێت بیخوڵقێنین».

١٩٩٩/٢/٢

پرۆفیسۆر م.س. لازەرێف

# کورد و کوردستان
# فاکتەرەکانی دروستبوونی کێشەکە

دکتۆر جەبار قادر کردوویە بە کوردی و
پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە

بەشی دووەم

هەولنامەی کتێب

## فاکتەرە ئەتنۆ ـ دیمۆگرافییەکان

لەبوارەکانی ئەتنۆ ـ دیمۆگرافیدا کوردستان جیاوازییەکی ئەوتۆی گرنگی لەگەڵ ناوچەکانی تری ڕۆژهەڵاتدا نیە. هەرچەندە سروشتی شاخاوی کوردستان بووەتە هۆی ئەوەی پانتاییەکی گرنگی خاکەکەی بۆ نیشتەجێبوونی هەمیشەیی دانیشتوان دەست نەدات ، لەگەڵ ئەوەشدا زەوییەکی زۆری لەباری بۆ کشت و کاڵ هەیە کە تیشکی خۆری گەرم دەیگرێتەوە و چەمە شاخاوییەکان ئاوی دەدەن. بۆیە بەچڕی دانیشتوانی لێ نیشتەجێ بوون.

ژمارەی دانیشتوانی کوردستان لەگوێرەی مەزەنەو سەرژمێرییە نافەرمییەکان خۆی لە بیست ملیۆن دەدا. واتە چڕی دانیشتوان لەهەر کیلۆمەترێکی چوارگۆشەدا دەگاتە ٤٥ کەس " ئەمەش بەگشتیی هاوسەنگە لەگەڵ

ڕێژەی چڕی دانیشتواندا لە کۆنتنێنتی ئاسیا" ٨ .

ئەوژمارەیەی لەسەرەوە ئاماژەی بۆکرا تەنها کورد ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو ئەو گەلانە دەگرێتەوە کە لە کوردستان دەژین. ئەوەی پەیوەندی بە ژمارەی کوردەوە هەیە ئەوا لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان چ لە ناوچە نزیکەکانی تری باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا و چ لەو ناوچانەش کەگەلێ دوورن لەو مەڵبەندەوە، خۆی لە بیست ملیۆن دەدا. ئابەو شێوەیە کورد لەم ڕۆژانەی ئێمەدا لەڕیزی گەورەترین گەلانی جیهانە کەلەمافی چارەنووسی خۆی بێبەشە " تەنها کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت کەژمارەیان دەگاتە ١٥٠ هەزار کەس لەم بارە بەدەرن"٩.

هەڵبەت تەنها فاکتەری ژمارەی کورد ناتوانێ گرنگیی دۆزی کورد لەبواری ئەتنۆ ـ دیمۆگرافیدا ڕوون بکاتەوە. پەیوەندییە نەتەوەییە نێوخۆییەکان لەکوردستان و ناوچەکانی دەوروبەریدا گرنگیی و سەرنجی زۆرتریان لەم بارەیەوە هەیە. ئەو پەیوەندییانە لەڕادەبەدەر ئاڵۆزن و تاوەکو ئێستا وێنەیەکی ڕوون نین چ لە بارەی کوردەوە و چ لە بارەی ئەوگەلانەوە کەلە گەڵیاندا دەژین.

پێش هەموو شتێک، بۆ دابین کردنی پێناسەیەکی وردی ناسنامەی نەتەوەیی کورد کۆسپمان دێتەپێش. کورد گەلێکی دابەشکراوە، واتە زێد و خاکی نیشتمانیی باو باپیرانی بە هۆی سنووری دەوڵەتانەوە پارچە پارچە کراوە. پرۆسەی گەشەکردنی ئەتنۆ ـ نەتەوەیی کورد لە هەل و مەرجێکی نالەباردا ڕوویدا، بەتایبەتی لەبواری پرۆسەی تێکەڵاوبووندا لەگەڵ یەکدا کەمەرجی سەرەکی و بناغەییە بۆ هەموو پرۆسەیەکی چەسپاندنی یەکێتی نەتەوەیی، واتە دروستبوونی یەکێتی ئەتنیکی تاوەکو بەرزترین پلە و فۆرم کە نەتەوەیە لەیەکگرتنی ئەتنۆس و ڕەگەزی نزیک بەیەک و خزمی یەکتر. بۆیەکا لەگۆڕ ئەوانەی تەنها فاکتەری ڕەگەز و ئەتنیک لەپێش چاو دەگرن کۆمەڵانی کورد لە دەوڵەتە جیاوازەکان بەشێوەیەکی بەرچاو لەیەک جودا دەکرێنەوە. پێش هەموو شتێک کورد لەبواری زماندا لەیەک جودا دەکرێتەوە. وا باوە کە60٪ کورد" لە باکوور، ڕۆژئاوا و بەشێکی ناوەڕاستی کوردستان" دیالێکتی کرمانجی بەکاردێنن و30٪ کوردیش " لەباشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان"دیالێکتی سۆرانی " هەندێ جار بە کوردی یاموکریانی نێو دەبرێ بەکاردێنن". ئەوانی تر بەشێوەکانی لوڕی و بەختیاری دەپەیڤن.١٠

لەڕاستیدا دابەشبوونی زمانی نەتەوەی گەلی کورد لەوەش توندترە، چونکە سەدان هەزار کوردی سەر بەئاینزای شیعە "ئەهلی حەق"١١ کەلە تورکیا بەتایبەتی لە ویلایەتی تونجەلی "دەرسیم.ج "و لە ئێران لە ناوچەی کرماشان دەژین ، دیالەکتەکانی زازا (لە تورکیا) و گۆرانی نزیک بەو (لەئێران) بەکاردێنن و بەئاشکرا لەکرمانجی و سۆرانی جودا دەکرێنەوە.١٢ ئەم جیاوازیە زمانەوانییانە ئەوەندە مەزن نین کە بە تەواوی ڕێگە لەتێگەشتنی یەکدی بگرن بەتایبەتی لەبواری ئاخاوتندا.

کوردەکان خۆیان بایەخێکی ئەوتۆ نادەن بەم مەسەلەیە و دان بەوەدا نانێن کەئەم دیالێکتانە لەدابەشکردن و پەرش و بڵاوی گەلی کورددا ڕۆڵ دەبینن . سەرباری ئەمە گەلی کورد بەتایبەتی خوێندەواران و ئەوانەی چوونەتە شارەکان بەشێوەیەکی باش دیالێکتەکانی زمانی کوردی و زمانی گەلانی ئەو وڵاتانەی کورد

تیاندا دژی واتە تورکی وعەرەبی فارسی دەزانن. لەگەڵ هەموو ئەوەشدا کۆسپی زمانەوانی لەکۆمەڵی کوردەواریدا تاوەکو ئەوڕۆش وەکو فاکتەرێک نەک تەنها کولتووری زمانەوانی دەمێنێتەوە،بەڵکو واتایەکی سیاسی دیاریکراویشی هەیە.

هەروەها لەبواری ئەتنۆ ـ کولتووریشدا جیاوازی بەرچاو لەنێوان کورددا بەدی دەکرێ. لێرەدا لای کوردیش ئاین ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ ، وەکو هەموو گەلانی تری ئاسیا، چونکە ئاین و پابەندێتی مرۆڤ بەشێکی گرنگی کولتووری ڕۆحی و شێوەی ژیان لەخۆیدا کۆدەکاتەوە. زۆربەی کورد سەربە ئایینزای سوننی و کەمینەی سەربە ئایینزای شیعەن "بەتایبەتی ڕێبازی بەرگیری ئەهلی حەق." لەکۆتاییدا نزیکەی ٢٠٠ هەزار کوردی یەزیدی باوەڕیان بەئایینزایەکی سینکرێتی هەیە ، کەکۆمەڵێ بیروباوەڕ و ئاینی ڕۆژهەڵاتیی کۆنی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە. بە بۆ چوونی هەندێ لەکەسایەتییە یەزیدییە نێودارەکان ، ئێزدێتی ئاینی دێرنی کوردە.١٣ لەگۆڕ هەندێ مەزنە و ژمارەوە 75٪ی کورد سوننین.١٤

تاوەکو ئێستا هاورکیی ئەتنیکی لەنێوان کوردی سوننی و کوردی ناسوننیدا بە دی دەکرێ. سەرچاوەی ئەم ناحەزییە لەو هەستی و ڕقە کۆنەوە دێ کە ئایینزای سوننی بەرامبەر بە شیعەی " لادەر و یاخیبوو لەڕێباز " هەیەتی و بەتایبەتی بەرامبەر بە لایەنگرانی ئەو ڕێبازە بەرگەرەی کەبە " ئەهلی حەق یا عەلیەلاهی " نێو دەبرێن و خەلیفەی چوارەمین ئیمامی یەکەمی شیعە عەلی کوڕی ئەبووتالیب دەپەرستن و لە پراکتیکدا پێش محەمەدی پێغەمبەری دەخەن. ئەمە بەتایبەتی لەتورکیا هەستی پێدەکرێ چونکە کوردی عەلەوی لەو وڵاتەدا ڕێژەیەکی بەرچاویان هەیە و بەژمارە زۆرن و ٢٠٪ - ٣٠٪ کوردی ئەو وڵاتە پێکدێنن.

کۆسپی ئەتنیکی زیاتر لەپەیوەندیدا بەرامبەر بە یەزیدییەکان هەستی پێدەکرێ. بیرو باوەڕی ئاینیی یەزیدییەکان و شێوەی گوزەرانیان هەمیشە رک و کینەی هەموو موسوڵمانانی سەربە ڕێباز و ئاینزا جیاوازاکانی وروژاندوە. هۆی ئەم ناحەزیەی موسوڵمانان بەرامبەر بە یەزیدییەکان تاپلەیەکی زۆر لەبیر و بۆچوونی پووچ و زانیاری نادروست و قسە و قسەڵۆکەوە سەریان هەڵداوە، چونکە ئەوان نازانن لای یەزیدییەکان چی ڕوودەدا، بەتایبەتی ئەمان هەموو بۆنەو ئەرکە ئایینییەکانیان بە شێوەیەکی زۆر نهێنی بە ڕێوە دەبەن. هەرلە بەر ئەوەش نابێ بە شتێکی سەیری بزانین کاتێ دەبینین یەزیدییەکان تاوەکو ڕۆژانێکی نزیک ، ئێستاش لێرەو لەوێ هێشتا بەرچاو دەکەوێ و هەندێ جار کوردی زازاش دەگرێتەوە ، لەسەر ژمێرییە ئەتنیکییەکاندا لەگەڵ سەرجەمی کوردەکانی تردا پێناسە ناکرێن و نانووسرێن.

لە کۆتاییدا کوردە سوننییەکان خۆشیان زۆر یەکگرتوو نین لەلایەنی ئاینییەوە. پرینسپەکانی ئیسلامی فەرمی " شەریعەتی ئیسلامی" و ئەو جۆرە گوزەرانەی لەسەر بناغەی ئەو پرینسپانە دامەزراوە ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی لەنێو جەماوەری فراوانی کوردا دانەکوتاوە ، کە بە وتەی کوردناسی ڕووسی بە نێوبانگ ڤ . نیکیتین " ئەو جەماوەرانە خۆیان زیاتر لەئامێزی خو و نەریت و ئاین و باوەڕە دێرینەکاندا دەبیننەوە کە لە باو باپیرانەوە بۆیان ماونەتەوە و نزیکترن لە سروشت و دەروونیانەوە لە بڕیارە فەرمییەکان "١٥ .

لێرەدا ئەو پەندە تورکیە کەدەڵێ "بە بەراوردکردنی کورد لەگەڵ کافراندا کوردیش موسوڵمانە"

سەرنجی مرۆڤ رادەکێشێ.١٦

لێرەوە ئەو خەسڵەتە تایبەتمەندەی ژیانی ئاینیی ـ کۆمەلایەتی و کولتووری کوردەواری سەرهەڵدەدا. مەبەستمان ئەو دیاردە بەربڵاوەی ئەو رێباز و قوتابخانە و تەریقەتە سۆفی و دەروێشییانەیە لەکوردستاندا. لەراستیدا لەسێبەری ئەو رێکخراوە ئاینییە سۆفییانەدا، کە بە هێزترینیان لەکوردستاندا نەقشبەندی و قادریە، باری لەیەکدابڕاو و دابەشبوون و پەرش و بڵاوی ئەتنۆ ـ کولتووری کوردی و ستروکتووری کەڤنەشۆپی ( کلاسیکی ـ سوننەتی ) کۆمەڵی کوردەواری خۆیان حەشاردەدەن.

هەڵبەتە ئەو دابەشبوونە ئاینیی و ئەتنۆ ـ کولتوورییانە کە لە سەرەوە ئاماژەیان بۆکرا ئەورۆکە گرنگییەکی بڕیاردەریان بۆ گەلی کورد نیە ، بەتایبەتی کاتێ باس دەبێ بە باسی یەکخستنی تواناو وزەی کورد لەپێناوی خەباتی نەتەوەییدا . لەگەڵ ئەوەشدا رەوتی پرۆسەی چەسپاندنی یەکێتی ئەتنۆ ـ کولتووری گەلی کورد دو ادە خەن و لەلایەن دوژمنانی نێوخۆ و دەرەوە لە دژی بزاڤی ئەم گەلە لە پێناوی مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆیدا بەکار دەهێنرێن.١٧

هەروەها پرسی پێناسەکردنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد بگرەو بەردەی زۆری لە سەرەو کەف و کوڵی سیاسی دەوروژێنێ ، بەتایبەتی پرسی بەکورد ژماردنی هەندێ رەگەزی نزیک لەکورد وەکو لوڕ و بەختیاری کەلە دامێنی ناوچەکانی باشووری رۆژهەلاتی کوردستان دەژێن.

هیچ گومان لەوەدا نیە کە وەکو رەگەز کورد و لوڕ و بەختیاری نزیکی یەکن. بەڵگەو زانیارییە ئەتنۆگرافی ، ئەنترۆپۆلۆجی ، مێژوویی ، کولتووری و زمانەوانییە گومان لێنەکراوەکان پاڵپشتیی ئەو نزیکییە دەکەن. لەسەر بنکەی ئەو بەڵگەو زانیارییانە نەریتێکی مێژوویی وا پەیدا بوو کە لوڕ و بەختیاری بە بەشێک لەگەلی کورد دەژمێرێ لەگەڵ داننانیدا بە هەندێ جیاوازی ئەتنۆگرافی کەم بایەخدا کە لوڕ و بەتایبەتی بەختیاری لە کورد جودا دەکەنەوە.

لەگەڵ هەموو ئەوەشدا بەرهەڵستیی راستەقینە لەم بارەیەوە لەئارادان. پێش هەموو شتێک نزیکی رەگەزیی هەمیشە یەکێتی ئەتنیکی و نەتەوەیی ناگەیەنێ. هەروەها جیاوازی گرنگ لەبواری زمان و کۆمەلایەتی و ئاینیدا بەدی دەکرێن " شێوەکانی لوڕی و بەختیاری زیاتر نزیکی زمانی فارسین. باری گشتیی کولتووریی لوڕ و بەختیاری لە ئاستی کولتووری کورد گەلێ نزمترە، لەبواری ئاینیشدا لوڕ و بەختیاری بە گشتیی شیعەن لەگەڵ کەمینەیەکی عەلیولاهیدا . لەهەمووشی گرنگتر لوڕ و بەختیاری بە شێوەکی بەرچاو بەشداریان لەبزاڤی نیشتمانی کورددا نەکردووە، هەرچەندە گەلێ جار دەست بەچەک لەپێناوی مافە نەتەوەییەکانی خۆیاندا سەریان هەڵداوە. ئەم راستییانە لەهەمبەر هاورەگەزیی لوڕ و بەختیاری و کورد قوت دەبنەوە.١٨

لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بڵێین پرسی " کوردێتی " لوڕ و بەختیاری براوەتەوە و دوا بڕیاری لەسەردراوە. لەسەرەوە باسی باری ئەورۆی ئەوپرسەمان کرد. لێ گەلێ ئەستەمە مرۆڤ پێشبینی داهاتووی رەوت و رێبازەکانی پرۆسەی ئەتنۆ ـنەتەوەیی ئەو گەلانە بکات. ئایا لەناو فارس یا کورددا دەتوێنەوە یا رێبازی پێشکەوتنێکی نەتەوەیی تایبەت بە خۆیان دەگرنە بەر. ئەنجامەکانی ئەم پرۆسەیە پابەندە بە کۆمەڵێ هۆکار و

فاکتەری جیاوازەوە، کەلێرەدا توانای ڕیزکردن و باسکردنیان لەئارادانیە. تەنها شتێک گومانی تێدانیە ئەویش ئەوەیە کەپرۆسەی ئەتنۆ نەتەوەیی لە تخوومە باشوورییە ڕۆژهەڵاتییەکانی کوردستان بەتوندی بەردەوامە و ڕەوت و ڕێبازەکانی ئەنجام و شوێنەواری سیاسی گرنگیان دەبێ.١٩ لێرەدا تەنها ئەوە بەسە کە ئاماژە بۆ ئەو ژمارە مەزنە بکەین کەلەم پرۆسەیەدا بەشداری دەکەن " ژمارەی لوڕ لە ملیۆن و نیوێک تێدەپەڕێ و بەختیارییەکان زیاتر لە ٦٠٠ هەزار کەسن "٢٠ . هەروەها دەبێ ئاماژە بۆ هەڵکەوتەی ستراتیجی گرنگی ئەو ناوچانەش بکەین کە لوڕ و بەختیارییەکان لەسەر خاکەکەی دەژین. ئەو ناوچانە یەکسەر دەردەچنە سەر کەنداوی فارس کە بە یەکێک لە کلیلەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک دەژمێردرێ.

پەیوەندییە نەتەوەییە نێوخۆییەکان واتە دۆزی نەتەوەیی لەچوارچێوەی ئەم باسەی ئێمەدا دوو لایەنی هەیە : لایەنە فراوانەکەی دۆزی کورد دەگرێتەوە لەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە. لایەنە تەسکەکەشی پەیوەندییە نەتەوەییەکان لە نێوخۆی کوردستاندا دەگرێتەوە.

کورد گەورەترین کەمایەتی نەتەوەیی لەنێوچەی باشووری ڕۆژئاوای ئاسیاو بگرە لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدا دەژی پێکدێنێ٢١. تەنها لەئێران کورد بە ژمارە لە ئازەرییەکان کەمترن ، بەڵام لەبواری بزاڤی نەتەوەییدا لە هەموو کەمایەتییە نەتەوەییەکانی تری ئەو وڵاتە چالاکترن.

لەساڵی١٩٧٠ دا کورد لە تورکیا 23,8٪ دانیشتوانی ئەو وڵاتەی پێکدەهێنا واتە نزیکەی٥.٨ ملیۆن کەس، لەئێران لەساڵی ١٩٧٥ دا کورد ١٦٪ دانیشتوانی پێکدەهێنا( نزیکەی٢.٥ ملیۆن) و لە عێراق لەهەمان ساڵدا کورد ٢٨٪ دانیشتوانیان پێکدەهێنا کەدەیکردە( 3,1 ملیۆن) و لەسوریا لەساڵی١٩٧٦ دا ١١٪ دانیشتوانی ئەو وڵاتە کورد بوون کە دەیکردە ٨٢٥ هەزار کەس٢٢.

لێرەدا بە دوور نازانرێ کە ژمارەکان زێدە ڕۆییان تێدا کرابێ (وا پێدەچێ لوڕ و بەختیارییەکان خرابێتنە پاڵ کوردەکانی ئێران ). هەروەها لەناتەواوی تریش بەدەرنین (چونکە ژمارەکان لەگۆڕ مەزنەو بەراوردو لێکدانەوە دارێژراون ). لەگەڵ ئەوەشدا وێنەی گشتیی بارەکە بەشێوەیەکی ڕاست دەخەنە ڕوو. پێکەوە ژیان و تێکەڵاوبوونی ئەو هەموو گەل و ڕەگەزانە لەچوارچێوەی وڵاتێکدا کێشەی ڕاستەقینە دێنێتە کایەوە ( لێرەدا مەبەست لە ڕاستیی و دروستیی سەرژمێرییە لەبارێکی لەو جۆرەدا.ج).

هەروەها سیماو نیشانەو خەسڵەتە نەتەوەییە تایبەتمەندەکانی کورد بەشێوەیەکی توند لەگەلانی سەردەستی ئەو وڵاتانەیان جودا دەکاتەوە. ئەم جیاوازییانە لەگەڵێ بواردا بەدی دەکرێن. بۆ نموونە لەبواری زماندا (لەتورکیاو عێراق و سوریا)، لەبواری ئایندا (لەئێران و تاپلەیەکیش لەعێراق و تورکیا)، لەبواری کۆمەڵایەتیدا( زیاتر لەئێران و عێراق کەپەیوەندییە خێڵەکییەکان لای کوردەکانی ئەو دوو وڵاتە هێشتا لەئارادان)، هەروەها لەبوارەکانی خوو و نەریتی دەروونی و کولتووریدا. لەکۆتاییدا لەسەر ئاستی پێشکەوتنی ئابووری و کولتووریدا(ناوچە کوردییەکانی هەموو ئەو وڵاتانە بەدواکەوتوویی هێڵراونەتەوە و پاشکەوتووترن لەناوچەکانی تورک و عەرەب و فارس).. ئەم جیاوازییانە دەبنە کۆسپ و تەگەرەی ڕاستەقینە لەپێش هەوڵەکانی تواندنەوەی کوردا لەلایەن تورک و عەرەب و فارسەوە. هەروەها هەمیشە زەمینە خۆش دەکەن بۆ بەدگومانیی و

# کوردستان و کورد

دژایەتی نەتەوەیی و هەڵوێستی پێشەکی بەرامبەر بەیەک کەڕۆڵیان کەم نیە لەپەیدابوون و قوڵبوونی دژایەتی و بەیەکدادانی نەتەوەییدا.

سەرباری ئەمانە هەمووی هەبوونی خاکی نەتەوەیی تایبەت بەکورد کەسنوورەکانی کەم یازۆر ئاشکراو ناسراون لەهەموو ئەو وڵاتانەی کوردیان لێ دەژی کۆسپەکان لەپێش پرۆسەی تواندنەوە و ڕامالینی کوردا بەهێزتر دەکات ( هەرچەندە ناتوانێ بیانکات بەکۆسپی هەمیشەیی و وەلاوەنەنراو ) و دژایەتی نەتەوەیی قوڵتر دەکات.

باری ئەتنۆ - نەتەوەیی و ئەتنۆ - دیمۆگرافی لەو وڵاتانەی کوردیان لێدەژی و لەخودی کوردستانیشدا دینامیکیەو لەگۆڕاندایە. ژمارەی گشتیی کورد و نێوچەکانی بڵاوبوونەوەیان لەگۆڕاندان بەهۆی ئەگەر و فاکتەری کاتی و هەمیشەییەوە.

هۆ و ئەگەری فاکتەرە کاتییەکان سیاسی و ئابوورین، لەکاتێکدا هۆی فاکتەرە هەمیشەییەکان تەنها دیمۆگرافیین (فرەبوون و کەمبوونی سروشتیی دانیشتوان بەهۆی زاوزێ و مردنەوە).

ڕۆڵی ئەم فاکتەرانە لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژوودا جوودابوون. لەڕابردوودا کورد گەلێ جار ڕوو بە ڕووی شالاوی ڕاگوێزان و جینۆساید و قڕکردن و پەتا بووەتەوە کەبوونەتە هۆی ڕامالینی کورد لەسەر زێدو خاکی نەتەوەیی باوباپیرانی و گۆڕانی نێوچەکانی بڵاوبوونەوەی ڕەگەزی کورد ( تەنانەت بۆ دەرەوەی سنوورەکانی کوردستانیش).هەروەها ئەوکارەساتانە دەبوونە هۆی کەمبوونی کاتیی ژمارەی کورد ( گەلێ جار برسێتی و قات و قڕی و درم و پەتا دەبوونە هۆی کەمبوونەوەی کاتیی ژمارەی کوردان).

لەسەردەمی هاوچەرخدا کارتێکردنی بارە ئاوەرتەو نائاساییەکان لەسەر ڕەوشی ئەتنۆ - دیمۆگرافی کەمبوونەتەوە، هەرچەندە بەتەواوی لەنێو نەچوون، بەتایبەتی لە ناوچەکانی گەشەکردنی بزاڤی نیشتمانیی کورد ( کوردستانی عێراق و کوردستانی ئێران).«٢٣»

لەهەمان کاتدا کاریگەریی فاکتەرە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لەسەر پرۆسە دیمۆگرافییەکان پەرەی سەندووە. زۆر بوونی هەمیشەیی و بەلەزی(بەپەلە)ی ژمارەی کورد بە باشی هەستی پێدەکرێ و دەبینرێ. دیاردەی زۆربوونی سروشتیی و پەرەسەندنی بەپەلەی ژمارەی دانیشتوان لە وڵاتانی گەشەکردوودا کە کوردستانیش دەگرێتەوە هۆی ئەم بارەیە. لە کوردستانی تورکیا زیادکردنی سالانە 2,88٪ بە رامبەر 2,65٪ لەسەر ئاستی هەموو تورکیا «٢٤».

زانیاری وردمان دەربارەی بەشەکانی تری کوردستان لەم بارەیەوە لەبەردەستدا نیە، بەلام دەتوانین مەزنەی ئەوە لێبدەین کە لەوێش زیادکردنی سروشتیی ژمارەی دانیشتوان بەهەمان شێوە بەرزە. پسپۆڕێک لەم بارەیەوە دەڵێ کە " ژمارەی دانیشتوانی کوردستانی عێراق بەپەلە لە زیادبووندایە و لەگەڵ زاراوەی" تەقینەوەی دیمۆگرافی " دا کە لە نووسینەکاندا بەکاردەهێنرێ، دەگونجێ. ٢٥ لەسەر بناغەی ئەو زانیارییانەی سەرەوە مرۆڤ دەتوانێ چاوەنواڕی ئەوەبکات کەژمارەی کوردان لە داهاتووشدا هەرلە هەڵکشان و زۆربووندا دەبێ.

## وەرگێڕانی دکتۆر جەبار قادر

لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ دیاردەیەکی گشتیی تریش بکەین کەباری ئەتنۆ - نەتەوەیی لە" ناوچەی کوردیدا " پێکدێنێ. ئەویش دابەشبوونی نارێکی کوردانە بەسەر ئەو وڵاتانەی تێیدا دەژین. بەگوێرەی هەندێ ئاماری مەزنەیی کە دەگەڕێنەوە بۆ ساڵی ١٩٦٥ ڕێژەی کوردی تورکیا٩ ,٤٦٪ هەموو کوردی ئەمسەر زەمینە بوو. کوردی ئێران ٢ ,٣١٪، کوردی عێراق٩ ,١٥٪، کوردی سوریا ٥ .٣، کوردی یەکێتی سۆڤیەت ١٪و کوردی وڵاتانی تر ٥ .١ کوردی جیهانیان پێکدەهێنا. ئاماری تریش لەم بارەیەوە هەن. بەڵام جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ئەمانەی ئێمەدا نیە.٢٦

ئەم ئامارانە جیاوازی " گرنگی و سەنگی چۆنێتی " وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیک لەدۆزی نەتەوەیی کورددا لەلایەکەوە و دۆزی کورد بۆ ئەو وڵاتانە لەلایەکی ترەوە دەخاتە ڕوو. کوردستان وڵاتێکی فرە نەتەوەییە. لەگەڵ ئەوەی کورد زۆربەی هەرەزۆری دانیشتوانی کوردستان پێکدێنێ، لە دێر زەمانەوە هەندێ گروپی ئەتنیکی تریش لەسەر ئەو خاکە دەژین و کەمینەیەکی نەتەوەیی لەپاڵ کوردا پێکدێنن. لە گوێ ئەو ئامارانەی ع.ش.وانلی ، کە هۆگرو لایەنگری ئامارە بەرزەکانە لەتێڕوانینی بابەتی سەرژمێریی کورد و کوردستاندا، پشتیان پێدەبەستێ ، ڕێژەی دانیشتوانی کورد لەکوردستاندا لە ساڵی ١٩٦٥ دا بەم شێوەیەی خوارەوە بووە: لە سەرانسەری هەموو کوردستاندا ڕێژەی کورد ١٤ ,٨٧٪ دانیشتوان بوو. کورد لە کوردستانی تورکیا٨٤٪ و لە کوردستانی ئێران٦٤ .٨٨ و لە کوردستانی عێراق٥٧ .٩١و لە کوردستانی سوریا ٧٥ .٩٣دانیشتوانی پێکدەهێنا ٢٧.

بە گوێرەی ئامارەکانی حوسنی کە بۆ ساڵی١٩٦٩ دەگەڕێنەوە ڕێژەی دانیشتوانی کورد لە کوردستانی تورکیا ١ .٧٢و کوردستانی ئێران١ .٧٨ و کوردستانی عێراق٨ .٧٨ هەموو دانیشتوانی پێکدەهێنا .٢٨

ئەوەی جێگەی گومان نیە کورد زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی کوردستان پێکدێنێ و تای ترازوو بەلای دانیشتوانی کوردایە بەرامبەر بە هەموو ڕەگەزەکانی تر. پرسی دیاریکردنی ژمارە و ڕێژەی کەمایەتییە نەتەوەییەکانی کوردستان گەلێ لەوەش ئەستەمترە. لەم بارەیەوە هیچ ئاماری کۆنکریت و باوەڕپێکراو لەبەر دەستدانین و تەنها دەبێ پەنا ببەینە بەر مەزنەو قەبڵاندنی گونجاو. لەکوردستانی تورکیا گومانی تێدا نیە کە تورک لەپێش هەموو کەمایەتییە نەتەوەییەکانەوە دێن، بەڵام کەمایەتییەکی عارەب و ژمارەیەکی کەمی ئاسووری هەن ( بەتایبەتی لەباشووری – ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ ).

عارەب گەورەترین کەمایەتیی نەتەوەیی لەکوردستانی سوریاو عێراق پێکدێنن. لە کوردستانی عێراق ژمارەیەکی بەرچاو ئاسووری و تورکمانیش دەژین. لە کوردستانی ئێران فارس (لەهەموو شوێنێک) و ئازەری (بەتایبەتی لە باکوور) و عارەب و هەندێ هۆزی تورک ( لە فارس و ئوستانەکانی باشووری – ڕۆژئاوای ئێران. بێجگە لە لوڕ و بەختیاری). ناوچە باشوورییەکانی کوردستانی ئێران لە هەموو شوێنێکی تری کوردستان زیاتر دیاردەی فرە ڕەگەزی و تێکەڵاویی نەتەوەیی گرتوویانێتەوە.

گرنگترین تایبەتمەندیی باری ئەتنۆ – دیمۆگرافی لەکوردستاندا هەمیشە لە گۆڕاندایە بە هۆی ئەگەر

# کوردستان و کورد

و فاکتەری سیاسی نێوخۆ و شەڕ و شۆڕەوە. تاوەکو دەمێکی نزیک نەخشەی ئەتنیکی لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا، کە کوردستانی تورکیاشی لێ هەڵکەوتووە، فرە جیاواز بوو لەو وێنەیەی ئێستا، ژمارەیەکی زۆر ئەرمەن لەوێ دەژیان، بەهۆی سیاسەتی قڕکردن و جینۆسایدەوە کە دەستەڵاتدارانی عوسمانی و دوا بە دوای ئەوانیش تورکە لاوەکان بەرامبەر بەگەلی ئەرمەن گرتبوویانە بەر ژمارەی ئەرمەن ڕۆژ بەڕۆژ و بەلەز (بەپەلە) لە کەمبووندا بوو. لەئەنجامی شاڵاوە خوێناوییەکاندا لەدژی ئەرمەن بەتایبەتی لەساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی و دوای ئەوشەڕە ڕەگەزی ئەرمەن لەڕاستیدا لەم ناوچەیە ڕامالرا و لە نێوچوو. ٢٩ئاسوورییە – نەستوورییەکانی باشووری – ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵیش ڕوو بە ڕووی هەمان چارەنووس بوونەوە.٣٠ ئابەو شێوە بەلانسی ئەتنیکی (تای تەرازووی ئەتنیکی) بەتوندی بەلای کوردا لەو ناوچەیە شکایەوە، بەڵام ئەو بارەش بەبێ ئاڵ و گۆڕ و هەمیشەیی نەمایەوە.

هاوکات لەگەڵ تێکشکان و سەرکوتکردنی بزاڤی نیشتمانیی کوردا لەبیستەکان و سییەکانی سەدەی بیستەمیندا کەمالییەکان کوردیان بەکۆمەڵ لەکوردستانەوە بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئاسیای بچووک ڕادەگوێزا. هەر لەو کاتەدا لەهەمان کاتدا تورکەکانی بەلقانیان لەکوردستان نیشتەجێ دەکرد. ئەو تورکانەی بەلقان لەگۆڕ ڕێکەوتننامەکانی گۆڕینەوەی دانیشتوان کە لەنێوان تورکیاو وڵاتانی بەلقاندا بەسترابوون دەهاتن بۆ تورکیا. بەرهەم و ئەنجامی ئەو سیاسەتە زۆربوونی ژمارەی کەمینەی تورک بوو و بوو بە یەکەمین کەمایەتی نەتەوەیی لە کوردستانی تورکیادا. ئەمە لەکاتێکدا کەگەلێ مرۆڤی کورد لەدەرەوەی سنووری کوردستان بڵاو بووەوەو لەوێ بەئاسانی کەوتە بەرشاڵاوی تواندنەوەی نەتەوەیی٣١. هەوڵی گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەیی کوردستان لەم ڕۆژانەشدا هێشتا هەربەردەوامە بەڵام لە سنوورێکی تەسکتردا. ئەو هەوڵانە لەوبەشانەی کوردستان پەرەدەسێنن کە بزاڤی نیشتمانی کورد تیایاندا زیاتر گەشەی کردووە. لەو بەشانەی کوردستان دەستەڵاتداران پەنا دەبەنە بەر هەموو ڕێگەو شێوازی توند و تیژ و هەوڵ دەدەن ڕێژەی دانیشتوانی نەتەوەی سەردەست زۆربکەن لەسەرحیسابی ڕەگەزی کورد. لەگۆڕ ئەو ئامارانەی حوسنی کۆیکردوونەتەوە سەنگ و ڕێژەی کورد لەکوردستانی عێراق لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە تاوەکو سەرەتای حەفتاکان ٥,٤٥٪ کەمی کردووە، لەکاتێکدا و لەهەمان ماوەدا ڕێژەی عارەب لە کوردستان٥,٧٪ زیادی کردووە٣٢.

لەحەفتاکاندا لە عێراق سیاسەتی ڕاگوێزانی کورد و نیشتەجێکردنی عارەب لە شوێنەکانیان لەسنوورێکی فراوانتردا جێ بەجێ کراوە٣٣. لەکوردستانی سوریا دەستەڵاتداران زیاتر لەبیست ساڵە بەبێ وچان سیاسەتی " پشتێنی عارەبی " جێ بە جێ دەکەن و عارەب لەسەر زێد و خاکی کورد نیشتەجێ دەکەن لەنێوچە سنوورییەکان لەگەڵ تورکیاو عێراقدا.

ئابەو شێوەیە هەرچەندە کورد زۆربەی هەرەزۆری دانیشتوانی کوردستان پێکدێنن لەهەمان کاتدا ئەوەندە کەرەستەش هەیە بەشی کێشەو ئاڵۆزیی نەتەوەیی نێوخۆیی بکات٣٤. بەڵام ئەمانە ڕۆڵێکی لاوەکی و پلە دوو دەگێڕن و ناتوانن بەر بە ئاڵۆزییە سەرەکییەکە بگرن، با ئەوە لەو لاوە بوەستێ کەشوێنی بگرنەوە، مەبەستمان دژایەتی سەرەکی نێوان کورد و هێزە دەستەڵاتدارەکانی گەلانی سەردەستەیە.

## پەراوێزەکانی بەشی دووەم :

8.Les Kurdes et le Kurdistan, Paris 1978,P. 72

هەموو ئامارەکان لەبارەی ژمارەی دانیشتوانی کوردستان و پێکهاتەی نەتەوەییانەوە کە لێرەدا ئاماژەمان پێکردوون لەسەر بناغەی سەرژمێرییە فەرمییەکان بنیات نەنراون. وەکو ئاشکرایە ئەو سەرژمێرییانە دید و بۆچوون و هەڵوێستی دەستەڵاتدارە شۆڤێنییەکانی ئەو وڵاتانە دەردەبڕن و بە شێوەیەکی بێشەرمانە ڕاستییەکان دەشێوێنن. لەبەر ئەوە پەنام بردە بەر لێکۆڵینەوەی پسپۆڕان و هەندێ ژماردن و لێکدانەوەی خۆم، کەلەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکارییە ئەتنۆ ـ دیمۆگرافییەکاندا کەلە ناوچەکە ڕوو دەدەن، کردوومن.

٩. ئەم بۆچوونەی لازەریف لەگەڵ باری ڕاستەقینەی کوردەکانی یەکێتی سۆڤییەتدا یەک ناگرێتەوە. تەنانەت لەو ڕۆژانەشدا کە لازەریف باسەکەی تێدا بڵاوکردۆتەوە کوردەکانی ئەو وڵاتە بەتایبەتی لە کۆمارەکانی ئازەربایجان و تورکمەنستان و گورجستاندا هیچ مافێکی نەتەوەییان نەبوو. لەکۆماری ئازەربایجاندا تەنانەت وەکو کەمایەتییەکی نەتەوەییش دانیان پێدا نەنراو هەر لەبەر ئەوەی کوردەکانی ئەو کۆمارە موسوڵمان بوون بە ئازەری ناونووس کران. تەنها کوردەکانی ئەرمەنستان لەبەر هەندێ هۆی مێژوویی هەندێ مافی کولتورییان ئەو قەتە چییە کوردی و دەرکردنی ڕۆژنامەی " ڕیا تازە " و پرۆگرامێکی ڕۆژانەی کوردی لەڕادیۆی یەریڤان. دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤییەت کوردی کۆمارەکانی قەوقاز کەوتنە بەرشاڵاوی نەتەوە پەرستەکانی ئەرمەن و ئازەری و گورجی. لەشەڕی نەگۆڕنە قەرەباخدا زیانێکی زۆر لە کوردی ئەوناوچەیە کەوت و بارییەکی زۆر بەکوردی ئەرمەنستان کراو لە دواییدا زیاتر لە بیست هەزار کوردی موسوڵمانی ئەرمەنستان بەشێوەیەکی نامرۆڤانە دەرکران و بە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤییەتی جاراندا بڵاوبوونەوە. دوا بەدوای ئەوە دەستەڵاتدارانی ئەرمەنستان کەوتنە هەوڵی "زانستی" بۆ ئەوەی ڕەگ و ڕەچەڵەکی کوردە یەزیدییەکانی ئەو وڵاتە ببەنەوە سەر ڕەگەزی ئەرمەن و ناسنامەی نەتەوەییان بسڕنەوە. وەکو ئەوەی هیچ ئاگایان لەبەرهەم و ئاکامەکانی هەوڵەکانی بەعەرەب کردنی کوردە یەزیدییەکانی عێراق و سوریا نەبێ. "وەرگێڕ"

10.1.Ch.Vanly,Le Kurdistan Irakien entite national, Neuchatel, 1970.P.31

١١. لایەنگرانی ئەم ڕێبازە بە عەلیئیلاهی " عەلیوولاهی.ج" و ئەو وشە ناتەواوەش عەلەوی نێودەبرێن و لەتورکیاش زۆر جار " قزڵباش" یان پێدەوترێ.

١٢. بۆ نموونە بڕوانە: د.هـ. مەکەنزی ، کرمانجی ، کوردی و گۆرانی گۆڤاری گەلانی ئاسیاو ئەفریقا ـ ژمارە١. مۆسکۆ ل.١٩٦٢.ل .١٦٤-١٦٣ . ژمارەی ئەو کوردانەی بە دیالێکتی زازا دەپەیڤن بەتەواوی نازانرێ. بەگوێرەی هەندێ ئامار کە بۆ چارەکە سەدەیەک لەمەوبەر دەگەڕێنەوە ژمارەیان لەتورکیا ملیۆنێک بوو. لەئێرانیش ئەوانەی بە دیالێکتی گۆرانیی قسەیان دەکرد بە (٦٥٠) هەزار کەس دەقەبڵێنران. دەبێ ئەوڕۆ

ژمارەیان دوو هێندەی ئەو ژمارانە بێ. بڕوانە :
-ئی.ئە.بیلایەف. ڕێبازە سۆفییە ئیسلامییەکان ـ کورتەیەکی مێژوویی ـ مۆسکۆ ـ ۱۹۵۷. ل ٨٤ "بەزمانی ڕووسی"
ـ گ.ئە.شپاژنیکۆف ، ئاینەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئاسیا ، مۆسکۆ ۱۹۷٦.ل ۲٤۲ ، ۲۷٤ . ۳۰٤. "بەزمانی ڕووسی"
.۱۳. ف.نیکیتین ، کورد ، مۆسکۆ۱۹٦٤،ل۳۲٤ ـ۳٤٥ " بەزمانی ڕووسی "
۱٤. گ.ئە.شپاژنیکۆف ، ئاینەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئاسیا ، ل۳۰۲ ـ۳۰۳
۱٥. ف .نیکیتین ، کورد ،ل.۳۰٥۰

١٦. ئەم پەندە تورکییە کە ڕەگەز پەرستیی لێدەچۆڕێ لەسەردەمی عوسمانییەکاندا باو بووە، هەرچەندە بابی عالی دەروازەی باڵا بەناوی ئیسلام و جەنگی پیرۆزەوە سەدان هەزار لاوی کوردی بە کوشت داوە. ئەوەی سەیرە زمانی تورکی دەیان لەوجۆرە پەندانەی تێدایە کە سوکێتی بەزۆربەی گەلانی ڕۆژهەڵات و بەڵقان دەکەن. تەنها بۆ نموونە یەکێ لەو پەندانە دەڵێ " نەشەکری شامم دەوێ نە چارەی عارەب". ئەوانەی ئەوڕۆ بەناوی ئیسلامەوە لە تورکیا "خەبات" دەکەن و بەلای هەندێ مرۆڤی گەمژەی کوردەوە سومبوڵی ئیسلام و ئیسلامەتین لەهەڵوێست و دید و بۆ چوونیاندا بەرامبەر بە کورد هەمان پەند پەیڕەو دەکەن.

١٧. دەمارگیریی و توند ڕەویی ئاینیی بەدەگمەن لەکوردستاندا هەستی پێکراوە. سەدان بەڵگەی مێژوویی لەئارادان و ئەو ڕاستییە بەرجەستە دەکەن. پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ گەلانی دراوسێدا کەسەر بە ئاین و ئاینزای جیاواز بوونە و بۆ چەندین سەدە بە شێوەیەکی ئاشتیانە و دۆستانە لەتەک یەکدا ژیانیان بەسەر بردووە، دەمارگیریی ئاینیان پێوە دیار نەبووە. گەڕیدە بیانییەکان کەلەم چەند سەدەیەی دواییدا سەردانی کوردستانیان کردووە و زۆربەی هەرەزۆریان دوژمنی باوەکوشتەی ئیسلام و هەموو شتێکی ئیسلامەتی بوون ناچاربوون ئاماژە بەو ڕاستییە بکەن کە کورد لەبارەی ئاینییەوە گەلێکی دڵگەورەو لێبوور دووە بەرامبەر بە بیروباوەڕی ئاینیی گەلانی دی. لەگەڵ ئەوەشدا هەستی ئاینیی پاکی کورد لەلایەن کاربەدەستانەوە بە خراپە بەکارهێنراوە، بەتایبەتی لەلایەن دەستەڵاتدارانی عوسمانیەوە بۆ جێ بەجێکردنی هەندێ سیاسەتی تایبەتی. هەروەکو لازەریفیش ئاماژەی بۆ کردووە دابڕان و دابەشبوونی ئاینی و ئاینزایی و ئەتنۆ ـ کولتووری لەم سەردەمەی ئێمەدا لەنێو کوردا سەنگ و گرنگی خۆی لە چوارچێوەی بزاڤی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیدا لە دەستدەداو دەڕەوێتەوە و دەبێ بە بەشێک لە مێژوو ، هەرچەندە دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ ئەوەی هەموو ئەو ئەگەر و فاکتەرە ئاینیی و زمانەوانی و ئاینزایی و ناوچەییانە لەکوردستاندا ببوژێننەوە کە دەبنە هۆی دابڕانی کورد لە یەک و دژبەرییان لەنێواندا دروست دەکەن. هەروەها هەوڵێکی زۆر دەدرێ کە سیستیمی خێڵەکی و هۆزگەریی لەنێو کورددا بەهێزبکرێ بۆ هەڵتەکاندنی بناغەکانی بزاڤی نیشتمانیی کورد و تێکشکاندنی. لێرەدا سەرکردایەتی سیاسی بزاڤی نیشتمانیی کورد بەرپرسیارێتیەکی مێژوویی مەزنی دەکەوێتە ئەستۆ و دەبێ خۆی لە هەموو ئەو هەڵوێست و ڕێبازانە دوور

## وەرگێڕانی دکتۆر جەبار قادر

بگرێ کە دەبنە هۆی بەهێزکردن و چەسپاندنی ڕێکخراو و سیستێمی کەڤنە شۆییی لەکۆمەڵی کوردەواریدا کە ئاکامەکانی بە هەموو لێکدانەوەیەک ماڵوێرانکەرانە دەبن " وەرگێڕ"

١٨. پسپۆڕانی ڕۆژئاواییش بەشداریی نەکردنی لوڕ لە بزاڤی نەتەوەیی کورددا وەکو بەڵگەیەکی سەرەکی دەهێننەوە بۆ ئەوەی بە کوردیان نەژمێرن. بۆ نموونە بڕوانە :

Derk Kennane,The Kurdes and Kurdistan,London 1970,P.2

لەبارەی پەیوەندی کورد و بەختیارییەکانەوە ف.ف.تروبیتسکۆی بێ یەک و دوو بڕیاری داوە و دەڵێ " کورد و بەختیاری دوو گەلی جیاوازن و نە لەبوارەکانی زمان و نەریتدا و نە لە شێوەی فیزیکیشدا لێکدەچن ".

لەم بارەیەوە بڕوانە : ف.ف.تروبیتسکۆی ، بەختیارییەکان ـ خێڵە نیشتەجێ و کۆچەرەکانی ئێران ، مۆسکۆ ١٩٦٦، ل.٢٦ بەلام تروبیتسکۆی هەر بەخۆی ئاماژە بۆ نزیکیی ئەتنیکی نێوان لوڕ و بەختیارییەکان دەکات. هەمان سەرچاوە، ل ٢٦-٢٧.

لوڕیش بەگوێرەی هەموو نیشانە و دیاردە ئەتنیکییەکان گەلێ نزیکی کوردن. ئابەو شێوەیە زنجیرەیەکی نەپساوی ئەتنیکی لە کورد ـ لوڕ ـ بەختیاری پێکدێ.

نیکیتین زۆر ئاگادارتربووە لەبارەی ئەم پرۆسەوە کاتێ دەڵێ " لەلایەن زمانەوە و لەهەندێ لایەنی ترەوە وەکو ئاین (شیعە عەلیولاهی ) ئەم کوردانەی باشووری ـ ڕۆژهەلات " واتە لوڕ و بەختیارییەکان. م .لا" لەجەماوەری سەرەکی کوردەکانی تر جودا دەکرێنەوە ، بەلام خۆیان بەڕۆڵەی هەمان ڕەگەز دادەنێن " . نیکیتین، کورد، ل .٩٣

١٩. لازەرێف بیرو بۆچوونی خۆی لەمەڕ ئەم پرسە زۆر بەئاگاداری وریایی زانستییەوە دەربڕیوە. لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئاماژە بۆ چەند ڕاستییەک بکەم.

دیدو بۆ چوونەکانی کوردناسی ڕووس نیکیتین سەنگ و گرنگییەکی تایبەتیان هەیە، چونکە لەنێو کورددا ژیاوەو شارەزاییەکی باشی لەمەڕ زمان و نەریت و کولتووری کوردەوە پەیدا کردووە و گەلێ لێکۆڵینەوە و باسی لەبارەی مێژوو و کولتووری گەلی کوردەوە بلاوکردۆتەوە. لەکاتێکدا تروبیتسکۆی نەزمانی کوردی زانیوە و نە ئەو شارەزاییەی لە مێژوو و کولتووری کورددا هە بووە بۆ ئەوەی لە بارەی پرسێکی وا ئالۆزەوە دوا بڕیاربدات. لەبارەی پەیوەندیی لوڕ و بەختیارییەوە بەگەلی فارسەوە پرسەکە گەلێ ڕوونترە. چونکە لەگوڕ هەموو لێکدانەوە زانستییەکان پرۆسەی یەکێتی نەتەوەیی فارس بەلای کەمەوە سەدەیەک زیاترە بڕاوەتەوە و هیچ ئیلیمێنت " عنصر" و گروپ و کۆمەڵێکی سەر بە ڕەگەزی فارس لەدەرەوەی ئەو پرۆسەیە نەماونەتەوە. ئەگەر لوڕ و بەختیاری سەربە ڕەگەزی فارس بوونایە ئەوا لەگەڵێ سەرەوە لەقازانجیان بوو لەسەرەتاوە تێکەلاوی ئەو پرۆسەیە بن و تووشی چەوسانەوەی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی نەبن. ئەگەری توانەوەی لوڕ و بەختیاری لەناو فارسدا، کە تاوەکو ئێستا ڕووی نەداوە، لە داهاتوودا زۆر لاوازەو ڕێی تێناچێ.

کەواتە دەبێ مرۆڤ بیر لە دوو ئەگەری تر بکاتەوە : یەکەمیان ئەوەیە کە ئەم دوو کۆمەڵە ئەتنیکییە بە ڕێگەیەکی سەربەخۆدا گەشەبکەن و ببن بە دووگەلی جیاواز لەیەک و لە کورد و فارس و پرۆسەی یەکێتیی نەتەوەیی

خۆیان بەئەنجام بگەیەنن.
ئەگەری دووەم کە بۆ ئێمەی کورد گرنگە هەڵوێستی لوڕەکانە "یا هیچ نەبێ بەشێکی گرنگیان " بەرامبەر بە کوردێتیان. زۆربەی ئەو فاکتەرە زمانەوانی و سیاسی و کولتووریانەی کە دەکرێن بە بەڵگە بۆ جیاکردنەوەی لوڕ و کورد لە هەمبەر ڕەخنەی زانستیی و بەڵگەی مێژوویی و کولتووری و زمانەوانیدا خۆیان پێناگیرێ. تەنها بۆ نموونە گەلێ بەڵگە بەدەستەوەن کە ئەوبۆچوونە بە درۆ دەخەنەوە گوایە لوڕ بەشداریی لەبزاڤی نیشتمانی کورددا نەکردووە. ئاستی کولتووری و پێشکەوتنی لوڕ لایەنێکی ئەم مەسەلەیە ڕوون دەکاتەوە. هەروەها لەناو جەرگەی کوردستاندا گەلێ هۆزی گەورەی کورد هەن کەنەک تەنها بەشداریان لەبزاڤی نیشتمانی کورددا نەکردووە، بەڵکو هەمیشە لەدژی ئەو بزاڤە شەڕیان بۆ داگیرکەران کردووە. ئەوەش نەبووە بە بەڵگە بۆ ئەوەی بە کورد نەژمێردرێن. کەوابوو بەشداری نەکردنی گروپێک لەبەر هەر هۆیەک بێ نابێتە بەڵگەی جوداکردنەوەی ئەو کۆمەڵە لە هاوڕەگەزەکانی. سەرباری هەموو ئەوەش کۆمەڵێکی گرنگی لوڕ دوا بڕیاری خۆی داوە و ئاستی دڵسۆزی و پابەندیی بە کورد و کوردستانەوە لەهیچ کوردێکی تر نزمتر نیە.
بە بۆچوونی گەلێ ڕۆشنبیری کورد و لوڕ و کوردناس ئەنجام و بەرهەمی ئەم پرۆسە ئەتنۆ ـ نەتەوەییە گرنگە لە داهێنە باشوورییەکانی کوردستان لەبەرژەوەندی نەتەوەی کورددا دەبێ." وەرگێڕ"

٢٠. س.ئی.بروک ، دانیشتوانی جیهان ، ل.٤٤١ " بەزمانی ڕووسی "

٢١. گەلێ جار مەبەست یا بەنەزانیی وشەی کەمایەتی نەتەوەیی بۆ پێناسەکردنی کورد لە وڵاتانی داگیرکەری کوردستاندا بەکاردەهێنرێ. کەمایەتی نەتەوەیی بەو گەلە ناوترێ کەدانیشتووی ڕەسەنی خاکی نەتەوەیی خۆیەتی و زیاتر لەچەند هەزارساڵێکە لەسەر ئەو خاکە و بەو ژمارە مەزنە دەژێ و بەشداری لە هەموو ڕووداوە گرنگەکانی ناوچەکەدا کردووە. کورد لە لوبنان ، ڕوسیا و وڵاتانی ئەوروپا کەمایەتی نەتەوەیین ، نەک لەتورکیا و ئێران و عێراق و سوریا.
بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی پێناسەی کوردو کوردستانەوە بڕوانە :
إسماعیل بێشکچی . کردستان مستعمرەدولیە، ترجمە زهیر عبدللملک السوید 1988 APEC "وەرگێڕ"

22. Les Kurdes et les Kurdistan,PP.72-73,158,230-231,309.

٢٣. بە درێژایی ئەم سەدە خوێناوییەی ئێمەی کورد بوو بە ئامانج و نیشانەی هێرش و شاڵاوی قڕکردن و جینۆساید. تەڤکوژی تورکە لاوەکان لەدەیەکانی یەکەم و دووەمی ئەم سەدەیەو کەمالییەکان لەبیستەکان و سییەکاندا لەتورکیاو ڕەزا شاو و حەمە ڕەزای کوڕی لە ئێران بوونە هۆی کوشتنی سەدان هەزار کورد و ڕاگوێزانی دەیان هەزاری تر. لەدوای شەڕی دووەمی جیهانیشەوە کوردستان زنجیرەیەک شاڵاوی وێرانکاریی بە خۆوە بینیوە و دەبینێ. لەساڵی ١٩٦٣ وە باشووری کوردستان بووەتە گۆڕاپانی تەڤکوژیی و وێرانکەریی بەعسی ڕەگەزپەرست کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ توندو تیژتر دەبوو تاگەیشتە پلەی جینۆساید و لەنێو بردنی ڕەگەز و جۆری کورد لە هەشتاکاندا. هیچ بە دوور نازانرێ کە دەستەلاتدارانی عێراق لەساڵی١٩٦١ تاوەکو ئەوڕۆ ملیۆنێ کوردیان لەو بەشەی کوردستان قڕکردبێ. هەروەها شاڵاوی کوشتن و وێرانکردن لەبەشەکانی تری

کوردستان بەردەوامن و دەبنە هۆی کوشتنی هەزاران کورد و وێرانکردنی کوردستان. " وەرگێڕ "

24. Les Kurdes et le Kurdistan, P. 73

٢٥. عادل حەسەن حوسنی ، کێشە دیمۆگرافییەکانی کوردستانی عێراق ، کورتەی نامەی دکتۆرا ، مۆسکۆ ١٩٧٢ ، ل ١٣ " بەزمانی ڕووسی "

26.Vanly.1.CH. Survey of the National Question of Turkish Kurdistan with historical background,Roma 1971,P.6

٢٧. هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل٩٩.

٢٨. عادل حەسەن حوسنی ، هەمان سەچاوە ،ل ١١.

٢٩. لەنەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو و لەکاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا گەلی ئەرمەن لەباکووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا " ئەرمەنستانی ڕۆژئاوا" و لە باکوری کوردستان کەوتە بەر شاڵاوی تەفکوژیی سوپای سوڵتانی خوێنرێژ عەبدولحەمیدی دووەم و هێزەکانی سێکوچکەی تۆرانیی ڕەگەز پەرست و زۆردار ئەنوەر جەمال تەلعەت.

سەرچاوە ئەرمەنییەکان ژمارەی کوژراوەکان بە ملیۆن و نیوێک مرۆڤ لە قەڵەم دەدەن. ئەو ئەرمەنانەی لەمردن ڕزگاریان بوو هەڵهاتن و خۆیان گەیاندە هەرێمی یەریڤان کەلە ژێر دەسەڵاتی ڕووسیادابوو ، یاخود پەنایان بردە بەر وڵاتانی دراوسێی تورکیاو لەوێشەوە زۆربەی هەرە زۆریان کۆچبەر بوون و بە وڵاتانی جیهاندا بڵاوبونەوە. گەلی ئەرمەن ئەو ڕۆژە ڕەشانەی لەبیر نەکردووە و هەمیشە لە هەوڵ و کۆششدان تۆڵەی خۆیان بستێننەوە و بەرپرسیارانی قانوونیی ئەو قڕکردنە، کەدەستەڵاتدارانی ئەوڕۆی تورکیان ، لەبەر چاوی جیهان ڕەش بکەن و ناچاریان بکەن دان بە تاوانەکانی باو باپیرانیاندا بنێن و قەرەبووی زیانەکانی ئەرمەن بدەنەوە. ئەم ئەزموونەی گەلی ئەرمەن لەگەڵ ڕووداوەکانی مێژووی نەتەوەیی خۆیدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە گەلان و بزافی نەتەوەییان چۆن لەگەڵ ڕووداوە تاڵەکانی مێژوویاندا هەڵس و کەوت دەکەن ، نەک بەو زەین کوێرییەی بزاڤی سیاسیی کوردیی تاوەکو ئێستا پەیڕەوی دەکات.

بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی کوشتاری ئەرمەنەوە بڕوانە :

دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لەساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، بەغدا ١٩٧٥.

بۆ بیر و بۆچوونی لایەنی ئەرمەنیش لەمەڕ دۆزی ئەرمەن و کوشتاری ئەرمەن بڕوانە :

الدکتور جان شرف ،القضیە الارمنیە فی السلطنە العثمانیە،مرکز الدراسات الارمنیە،بیروت ١٩٩٧. "وەرگێڕ"

٣٠. مخابن گەلی ئاسووریی کە لە گەلە هەرە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکە بەرەو نەمان دەچێ لەو ناوچەیە بە هۆی کۆچی بە کۆمەڵەوە بەرەو ئەوروپاو ئەمریکا و ئوستراليا . لەمێژووی خۆیدا گەلێک جار بەر شاڵاوی دەوڵەتان و گەلانی دراوسێ کەوتووە. سوپای تەفرو توناکەری عوسمانی لەکاتی کوشتاری ئەرمەندا بەدەیان هەزار ئاسووریشی قڕکرد. بە داخەوە سەرچاوە مێژووییەکان زیاتر باسی ئەرمەنیان کردووە و قوربانییەکانیان لەبیرکردووە. لەساڵی ١٩٢٤ ، واتە دوای یەک ساڵ لە ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا

ئاسووریەکانی هەکاری بەر شالاوی سوپای خوێنڕێژی کەمالییەکان کەوتن و ناچار بوون دوای زیانێکی زۆر ناوچەکانی خۆیان بەجێبهێڵن. لەسەرەتاوە برانە ناوچەی ورمێ و دوایی بۆ باقووبە و لە کۆتاییدا لە باشووری کوردستان لەلایەن دەستەڵاتدارانی ئینگلیزەوە نیشتەجێکران لە لایەن ولاتە کۆلۆنیالییەکانەوە بە تایبەتی لەلایەن بەریتانیاوە بە شێوەیەکی دزێو و نامرۆڤانە بە کارهێنران و لە دواییدا بە بێ پالپشت و پەنا بەرەلا کران و کرانە ئامانج و خۆراکی ئاسانی سوپای وێرانکەری عێراق کە لە ساڵی١٩٣٣ کوشتارێکی زۆری لەدژیان کرد.

بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئاسوورییەکانی کوردستانەوە بڕوانە :

ی.پ.ماتفییەف " بەرنامەی ،ئی.ئی.ماریۆحەننا، دۆزی ئاسووری لەسەردەم و دوای شەڕی یەکەمی جیهانیدا، مۆسکۆ ١٩٦٨."بەزمانی ڕووسی " "وەرگێڕ".

٣١. لەکاتی زنجیرە سەرهەڵدانەکانی کورددا لەبیستەکان و سییەکانی ئەم سەدەیە لەباکوری کوردستان کە بێبەزەییانە سەرکوت کران ، کەمالییەکان کۆمەڵێ هەنگاوی بەربلاویان هەڵهێنا بۆئەوەی دانیشتوانی کورد لەهیچ ویلایەتێک لەتورکیا زیاتر لە10٪ ی دانیشتوان پێک نەیەنن. ئامانجی ئەم سیاسەتە کە هاوشان و هاوتەریب لەگەڵ چەوساندنەوەی نەتەوەیی و تواندنەوەی کورد و قەدەغەکردنی زمانی کوردی و لەنێوبردنی هەموو هێما و نیشانەیەک کەئاماژەی بۆ کورد دەکرد و سەپاندنی زمانی تورکی بەسەر کوردا پەیڕەو دەکرا، ئەوەبوو کە بە یەکجاری و بۆ هەمیشە دۆزی کورد لەتورکیا لەنێوببرێ و جارێکی تر سەرهەڵنەداتەوە و دەسەلاتداران لەو سەر ئێشەیە ڕزگاریان ببێ." ڕووداوەکانی مێژووی ئەم سەدەیە ساکاری ئەو بیر و بۆچوونە و گێلیی و گەمژەیی خودانەکانی بۆ هەموو لایەک ڕوون کردەوە، هەرچەندە تاوەکو ئەوڕۆش دەستەڵاتدارە ڕەگەزپەرستەکانی تورکیا نایانەوێ دان بەو ڕاستییەدا بنێن. لەگەڵ ئەوەشدا لەم ساڵانەی دواییدا دەستەڵاتدارانی تورکیا ناچار بوون هەندێ جار دان بە بوونی کورددا بنێن و ڕێگە بدەن بە کوردی بپەیڤێ."وەرگێڕ".

٣٢. عادل حەسەن حەسنی، هەمان سەرچاوەی نێوبراو،ل١١.

٣٣. مێژووی هەوڵی گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەیی لەباشووری کوردستان هاوتەمەنی مێژووی دەوڵەتی عێراقە. هەوڵی فراوانخوازی نەتەوەیی لەسەرحیسابی کورد لەناوچە کوردییەکانی دیالە و مووسڵ و کوتەوە دەستی پێکرد تاوەکو گەیشتە ناوچەرگەی کوردستان و ناوچەیەکی فراوانی لە خانەقینەوە لەسەر سنووری عێراق و ئێران تاوەکو شەنگار لەسەر سنووری عێراق و سووریا گرتەوە. لەشار و ناوچەی کەرکووکدا شێوەی هەڵمەتێکی بەربلاوی پاکتاویی نەتەوەیی وەرگرت بەتایبەتی لەکاتی گەیشتنی بەعسەوە بە دەستەلات بۆ یەکەمین جار لەساڵی١٩٦٣ دا. لەهاوینی ئەو ساڵە بەعسییەکان بەهاوکاری برایم فەیسەڵ ئەنساری و هاندانی تورکمانەکان چەند گەڕەکێکی گەورەی کوردیان لەشۆڕجەو سەرکارێز و سەرشەقام و لەتیفئاوا و ئازادی و ڕەحیمئاوا وێران کرد و دانیشتوانیان ناچار کرد بە مەلاو ئەولادا پەرش و بلاوببنەوە. لەدوای هەرەسی١٩٧٥هەڵمەتێکی بەر بلاوی نوێی بە عەرەبکردنی کەرکوک دەستی پێکرد و زیاتر لە ٤٠هەزار خێزانی

عەرەب تەنها لەنێو شاری کەرکوک نیشتەجێکران. لە هەمان کاتداو بە هاوتەریبی لەگەڵ ئەوەدا ژمارەیەکی نزیک بەوە لەکوردی کەرکووک دەرکران بۆ باشوور و ڕۆژئاوای عێراق یا بۆ ناوچەی "ئۆتۆنۆمی". شارۆچکەو ئاواییە کوردییەکانی دەور و بەری کەرکووک لەدانیشتوانی کورد چۆڵ کران و عەرەبیان لەشوێن نیشتەجێ کراو گوندەکانی تری ناوچەی کەرکووک وەکو هەموو گوندەکانی تری کوردستان وێران کران و لەسەر زەمین سڕانەوە و دانیشتوانی ئەنفال کران و ناوچەیەکی بەرفراوانی پارێزگای کەرکووک لەلایەن مرۆڤخۆرانی بەغداوە لەهەموو زیندەوەرێک قەدەغەکران.
ئێستاش کوردی کەرکووک لە وڵاتی خۆیدا پەناهەندەیە و مخابن لەلایەن هەندێ دەستەڵاتداری گەمژەی هاوڕەگەزی خۆیەوە ، کە لافی کوردایەتی و نەتەوەیی فرە سەنگین لێدەدا سووکایەتی پێدەکرێ ( گەلێ بەڵگە بە ناو و ڕووداوەوە لە بەر دەستدان ، هیوادارم پێویست بە بڵاوکردنەوە نەکات ). برسێتی و ماڵوێرانی کوردی کەرکووکیش لەکاتی شەڕی خۆکوژیدا بە شێوەیەکی نا مرۆڤانە بەکار هێنران و بە سەدانیان لەسەر گرتنی ئەم تەپۆلکەو ئەو تەپۆلکە بە کوشت دران." وەرگێڕ

34.Vanly.1.Ch.The Kurdish Problem in Syria,1968.PP.10 -12.

٣٥. هەڵوێستی ڕاستی بزاڤی نیشتمانی کورد بەرامبەر مافە ڕەواکانی نەتەوەو کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستان لەلایەکەوە و دڵسۆزیی ئەو نەتەوە و کەمایەتییانە بۆ خاکی کوردستان و خۆ دوور گرتن لەپیلان و هەوڵە دەرەکییەکان لە دژی نەتەوەی کورد و مافە نەتەوەییەکانی تەنها ڕێگەن بۆ ژیانی دۆستانە و برایەتی و ئاشتی لەکوردستاندا بۆ هەموو دانیشتوانی." وەرگێڕ

حەمەی عەزیز «خاڵە حەمە»

# بیرەوەری
# ئاوڕێک لە ڕابوردوویەکی نزیک

**پێشدەستی :**

گەلەک لە دۆست و برادەران هانیانداوم بیرەوەریەکانم سەبارەت بە شۆڕشی ئەیلوول بە گشتی و ڕووداوە دڵتەزێنەکانیساڵی ١٩٦٤ ی شاری سلێمانی بە تایبەتی بنووسم. لەم دواییانەدا برای هێژام کاک صەباحی غالیب داوای لێکردم کە لەو ڕووەوە شتێک بۆ گۆڤاری «باسکار» بنووسم، منیش بەڵێنمدایەو ئەم چەند لاپەڕەیە بەرهەمی ئەو بەڵێنەیە . هەرچی زانیاری و ئاگاداریم هەیە لەسەر ئەو ڕووداوانە ، هەرچیشم یادداشت کردوون یا لە یادمدا ماون لە بەرەوە بۆ خوێنەری بەڕێزی دەگێڕمەوە.

لەبەر ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٤ دا هەندەک ڕووداوی دڵتەزێن لە سلێمانی ڕوویانداو بە دەستی ئەنقەست و لەبەر خۆش نەهاتن لە بیری نەتەوەیی، سەر لەبەری کوناهی ئەو ڕووداوانە لە ملی نەتەوەییەکان ئاڵێندرا، تا ئێستا هەرکەس سەبارەت بەو ڕووداوانە شتێک بنووسێ، نوقورچێک لە نەتەوەییەکان دەگرێ ! تەنانەت بازارگەرمی پڕوپاگەندە بە ئەندازەیەک بووە، بڕێک لە وانەی خۆیان یا خەڵکی بە نەتەوەیی ناسیویانن بڕوایان

بەو پروپاگەندانە کردووە و چەمۆڵەیەکیان لە هاوبیر یا هاورێبازانی خۆیان ناوە.

لەم بەشەدا هەوڵدەدەم لەو ڕووداوانە بدوێم، هەر بەم بۆنەیەوە دەمەوێ عەرزی خوێنەری بەڕێز بکەم ، هەموو ئەو کوردانەی لە بزووتنەوەی کوردایەتی و نیشتمانیدا لە ئاستی کوردستان و عێراقدا چالاکیان هەبووە و لەگەڵ هەر لایەک بووبن لەم نووسینەدا بەبێ ڕێزی ناویان نایەت، چونکە من باسی سەردەمێک دەگێڕمەوە ئەوانە بە پێی بۆچوون و سەلیقەی خۆیان لە خزمەتی گەلی خۆیاندا بوون، جگە لەوەش من دادگایی ناکەم و ڕووداو دەگێڕمەوە ، خوێنەری بەڕێز ئازادە چۆنی دەنرخێنێ، یا چۆن لە کردەی خاوەنەکانیان دەڕوانێ.

(١)

## یەکنەهاتنەوەی واقیع لەگەڵ ڕاستیەکاندا

ئێمە وەک خەڵکی نەتەوەیی و دڵسۆز بە کورد و کوردستان پێمان وابوو هەستی نەتەوەیی هێشتا بە چاکی گەلاڵە نەبووە و گەلەکەمان زێدەتر پێویستی بە وریا بونەوە و خۆناسین هەیە. بەشێکی زۆری میللەت سەرگەرمی خەباتی چینایەتی بوون لەسەر ئاستی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان ، بەشێکی دی تا ڕادەیەک لاسایی ئەوانیان دەکردەوە ، بە هیوا بوون «لەسەر بەردی بناغەی برایەتی کورد و عەرەب پیلانەکانی ئیمپریالیزم ووردوخاش بکەن» ، بێ بەهرە ڕەنجی خۆیان بەبادەدا ، لە گۆشەی بەستنیان نەبێ بە ڕەوڕەوەی ئیمپریالزمەوە باسی دەوڵەتە داگیرکەرەکانیان نەدەکرد. بەشەکانی دیکەش ، هەریەکەیان بەشێوازی خۆی خەریکی پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان بوون و تاک تاکە نەبێ زۆربەیان شارەزاییان نەبوو لە بیر و بزووتنەوە و هەستی نەتەوەییدا.

لەو بار و دۆخەدا ، ئێمە کە بە بیرچاک و بە ژمارە کەم ، هەردەبوو پەنا بەرینە بەر خەباتی نهێنی و بەکاوەخۆ بیر و بۆچوونی خۆمان ڕابگەیەنین ، موسڵمانێکی ناسیونالیست ! لەسەری نووسیبووین کە بزووتنەوە و شەقاوەکانمان کیسەڵ ئاسایی بووە ، ئەو زەمە بەلای منەوە پێدا هەڵدان بووە.

مەبەستمان لە خەباتی ژێر زەمینی ، خەباتی خوێناوی نەبوو ، بەڵکو خەباتی وووریاکردنەوەی گەل و ڕاگەیاندنی بیر و بۆچوونی خۆمان بوو سەبارەت بە پێناسینی دوژمنی ڕاستەقینە بە کورد و بە هەموو خواستە ڕەواکانی ، لەو ڕووەوە لە خۆمان زێدەتر کەسمان لەگەڵدا نەبوو ، ڕێکخستنە سیاسیە کوردستانی و عێراقییەکانی کوردستان زۆر بەرچاو تەنگ بوون . لای ئەوان ، ئێمە ناوبانگمان باش نەبوو، چونکە ئەم عەیبانەمان هەبوو : دەمانگووت کورد نەتەوەیە، نەتەوەی کوردیش هیچی لە نەتەوەکانی دی کەمتر نیە، کوردستان نیشتمانی کوردە و یەک پارچەیە و سنوورە دروستکراوە سەپێنراوەکانی ، نەمرنین و ڕۆژێک دەبێ نەتەوەی کورد نەیانهێڵن. دەمانگووت نەتەوە یەکسان بێ و کوردستان خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بێ، دەمانگووت دەزانین ئەو ئاواتە پیرۆزە هەروا بەقسە و نووسین نایەتەدی، بەڵام دەبێ منداڵانی کوردی پێ پەروەردە بکەین تا پێبەندبوونی خۆیان بە کوردستانی نیشتمانیانەوە بەهێز بێ و خۆشیان بوێ و پاشەڕۆژ

هەوڵی سەرفرازی بۆ بدەن. دەمانگوت کورد گوناهێک ناکا ئەگەر هەوڵبدا خۆی لە ژێردەستی برایانی عەرەب و تورک و فارس ئازاد بکا. لەسەر ئەم دروشمانە پێیان دەوتین «شێنفسالی، پیاوی ئیمپریالیزم و شەریکاتی نەوت، گومان لێکراو و جەماعەتی چوار پارچەکە، کورد کوژە و بیرتەسک ... تاد. ئەو تۆمەتانە برایانی پارتی، برایانی کۆمۆنیستی ئەوسالانە دوایان دەخستین، کە پێوەندییەکانی نێوان ئەو دووانەش گرژییەکی تێبکەوتایە نیوەی ئەو تۆمەتانەو هەندێکی دیکەش وەک دەرەبەگ و بۆرجوازی لێزیاد دەکرا لە لایەن کۆمۆنیستەکانەوە دەخرانە پاڵ پارتی ! ئەو تۆمەتانە هەر هەمووی درۆبوون ، بەلام بەرچاوتەنگی و ترسی ئەوەی هەر رێکخستنێکی نوێ دروست بێ لە ژمارەی ئەوان کەم دەبێتەوە ، بە توندی بەربەرەکانی بیرو رێکخستنی نوێیان دەکرد.

(٢)

## ناکۆکی نێوان پارتی و کۆمۆنیستەکان

گەرای ناکۆکی ئەو دوو حیزبە لە دروستبوونی پارتییەوە دانرابوو، بەکورتی لەسەر ئەم خالانەی خوارەوە هەڵنرابوون :

١. بانگاشەی پارتی کە گوایا حیزبێکی مارکسییە.

٢. پێشبرکێ لەسەر پاوانکردنی کوردستان یا پێشبرکێ بۆ ژمارە زیادکردن.

٣. هەر لەسەرەتاوە مۆری حیزبی دەرەبەگ و ئاغا و بۆرژوازی یا حیزبی سەر بەوانە لە لایەن کۆمۆنیستەکانەوە لە پارتی درابوو.

عەبدولکەریم قاسم لە بەندی سێی دەستووری کاتیدا هاوبەشی کورد و عەرەبی لە خاکی عێراقدا راگەیاندبوو، بەلام بەندی دوو کە عێراقی بە بەشێک لە خاکی عەرەب دەزانی ، وزەی لە بەندی سێ سەندبوو، لەگەڵ ئەوەشدا گەلی کورد پشتیوانی لەسەردەمی نوێ کرد، پارتی بەرەسمی هاوکاری راگەیاند، پارتی و هەموو رێکخستنە سیاسیە عێراقییەکان بووژانەوە ، هەمزە عەبدوللای سکرتێری گشتی ئەوسای پارتی، پارتی کردبووە فێرگە بۆ دروستکردنی کۆمۆنیستی لە نێو ریزەکانی پارتیدا ! ئەمە بانگاشەی خۆی بوو، (بروانە ژمارەکانی ئەوسای رۆژنامەی خەبات) پارتی کۆمۆنیست وەک پارتی پێشرەو سەیردەکرد، لە نێو شاری سلێمانیدا لە خۆپیشاندانێکی جوتیارانی سەر بە پارتیدا کاک حلمی عەلی شەریف لە پێشی خۆپیشاندەرانەوە هاواری دەکرد «پارتییەکەمان مارکسییە لینییە هاورێی سۆڤیت و چینییە»، خوالیخۆشبوو کاک بهجت محمد زنجیرەیەک ووتاری لە ژێر ناونیشانی (رۆمانیای تێروتەسەل) دا بلاوکردەوە، ئەو دوورشم و نووسینانە پارتی لە خانەی بۆرجوازی و دەرەبەگ هەڵنەدەبوێرا ، دەیانگوت ئەگەر دوو رێکخستنی مارکسی لە وولاتێکدا هەبێ یەکێکیان رەسەن و ئەویتریان نارەسەن و ئینتیهازی و تەقلیدە، ئەو بانگاشەی مارکسیزمیەی

## حەمەی عەزیز «خاڵە حەمە»

پارتی ببووە خاڵێکی خراپ لە نێوانیاندا ، ئەوەی شایانی باسە پارتی و هەر ڕێکخستنێک کە لە پاشدا لە سەرئێسک و پروسکی پارتی دروستبووبێ هەموویان لەسەر کاغەز مارکسی بوون و بەکردەوە نەتەوەیی بوون ، وەک لەوەی مارکسی بن ، سەرئەنجام کاک هەمزە لابراو کاک ئیبراهیم ئەحمەد لە جێگەی دانرا ، هەر چەندە ئەویش خۆی بە مارکسی دەزانی یا لەلای باش بوو بەڵام پارتی خۆی لە پاشکۆیەتی ڕزگار کرد، ژمارەیەک لەوانەی لەگەڵ هەمزە بوون تەجمیدی کردن و ئەوانی هەمزە دووری خستبوونەوە یا تەجمیدی کردبوون هێنانیەوە پێشەوە، پاشتریش پێشبڕکێ لەسەر ڕێکخستنە پیشەییەکان خۆی سەپاند، پاشکۆیی نێوەکانیان عێراقی بێ یا کوردستانی ، نەتەوەییەکان بەئاشکرا پیشتیوانیان لە نێوی کوردستانی بۆ ئەو ڕێکخراوانە دەکرد لە ڕێگەی ڕێنوێنی کردن و ئامۆژگاریکردنی ئەو ئەندامانەی لەو ڕێکخراوانەدا بوون، بەتایبەتی ئەوانەی لەگەڵ ڕێبازی نەتەوەیی بوون ، یا پارتی بوون و لە ئێمە نێزیک بوون، تاک تاکەش هەندەک کۆمۆنیست یا لایەنگیریان بەهۆی پێوەندی کاسبی، یا خزمایەتی و دۆستایەتی لەگەڵ هاوبیرێکی ئێمە یا پارتی ، ئەوانیش دەبوونەوە لایەنگیری کوردستانی بوونی ڕێکخراوە پیشەییەکان. هەندەک جار ئەو پێشبڕکێیە دەگەیشتە ئاستی بەیەکدادان و قسەی سووک وتن بە ووشەی کوردی، بەئاڵای هەڵنەکراوی کورد و گاڵتە و سووکایەتی کردن بە ناوی کوردستان، لەلایەکی ترەوە سوکایەتی کردن و جوێندان بە فهد، مارکس و لینین ، ئەو بارە لە داکشان و هەڵکشاندا بوو تا کودەتای یەکەمی عبدولسەلام عارف و بەعسیەکان بەسەر عەبدولکەریم قاسم دا، پارتی پێوەندیان بەکودەتاچیەکانەوە هەبوو، دەڵێن یەکێک لە سەرەداویی پێوەندیەکان بە (تایەر یەحیا) وە بووە لە ڕێگەی خوالێخۆشبوو کەریمی قەرەنیەوە کە ئەفسەرێکی کورد بوو ، خوالێخۆشبوو «سالح یوسفی» بە ناوی پارتییەوە بە بروسکەیەک پشتیوانی لە کودەتاچیەکان کردوو لە نێویشیا نووسی بووی شۆڕشی ١٤ چواردەی ڕەمەزانی ساڵی ١٩٦٣ تەواوکەری شۆڕشی ئەیلولە !!، بەعسیەکان باش دڵنیا بوون لە چالاکی ڕاگرتنی پارتی دژیان. لە هەموو لایەکەوە پەلاماری کۆمۆنیستەکانیاندا، ئەوانیش تا توانیان داکۆکیان لە خۆیانکرد، هەزارانیان لێگیرا و کوژرا ، هەزارانیش ڕوویان کردە وڵاتە دراوسێکان و کوردستان ، ئەوانەی ڕوویانکردە ناوچە ڕزگار کراوەکان قەڵەمڕەوی بەهەشتی بارزانی پەنادران و ڕێزیان لێگیراو مەودای چالاکیشیان درا ، ئەوانەش «لە کوردەکان» کە ڕوویانکردە قەڵەمڕەوی مەکتەبی سیاسی بەرهەڵستیان لێکراو شەڕیان لەگەڵ کراو لێیان کوژرا و لێیان گیرا ، بۆ وێنە ڕۆژێکی هاوینی ساڵی ١٩٦٣ چاوم بە برادەری خۆشەویستم بەهەشتی کاک «ئەورەحمانی ساڵحی خلە» کەوت لەگەڵ کۆمەڵێک گیراو ئیشی پێدەکرا ، ئەملاو ئەولام ماچکردو و لێم پرسی بۆچی و لەکوێ گیراوە، ووتی لەگەڵ هەندەک هاوڕێیانمدا لەلای سەرتەک و بەمۆ بووین ، هاتنە سەرمان و کوژراو و بریندارمان هەبوو، منیان گرت و ناردویانم بۆ ئێرە ، چوومە لای مامۆستا (عوسمان سەعید) کە لێپرسراوی بارەگای شۆڕش بوو لە ماوەت ، تکام لێکرد کە نەیەڵی ئیشی پێبکەن و بیخەنە لای ئەوانەی کە بەتۆمەت و تاوانی جاسوسی و جاشێتی گیراون ، کاک عوسمان جوامێرانە تکاکەی قبوڵکردم و ڕێگەشی دا نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە پێکەوە نان بخۆین ، پاشتریش چوومە لای خوالێخۆشبووان (خولە ئامێ و عەلی ئیبراهیم دەروێش ) کە لێپرسراوی بەندیخانەی ماوەت بوون ، لەگەڵ جاش و جاسوس لە ژوورێکدا

داینەنێن و کاری پێنەکەن ، ئەوانیش تکاکەیان قبوڵکردم ، بەڵام زۆر بەداخەوە لەساڵی ١٩٦٤ دا بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە جوانە مەرگ کرا. پاشتریش شتێکی ئاسایی بوو لە ناکۆکی نێوان بارزانی و (م . س) ئەوان نەکەوتنە پاڵ (م . س) و بێلایەنی هیچ لایەکیش قورسایی بۆ باڵی (م . س) دروست نەدەکرد.

(٣)

ا) ووتوووێژی جاری دووهەمی سەرکردایەتی شۆڕش لەگەڵ فەرمانڕەوایی جاری دووهەمی عەبدولسەلام عارف و سەرەتای بەدبەختی نوێی کورد و شۆڕشەکەی ! بیر و بۆچوون ، سەلیقەی بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانە لە نێوان سەرۆکی پارتی و شۆڕش بەهەشتی بارزانی و سکرتێری گشتی پارتی کاک ئیبراهیم ئەحمەد دا هاوئاهەنگ نەبوو ، بارزانی وەک سەرۆکی شۆڕش و گەل و پارتی لە خۆی دەنواڕی ، جەماوەری گەلیش هەروایان سەیردەکر ، ئەویش لەو ڕوانگەیەوە ڕەفتاری دەکرد و لە کاروباری دەروانی و کێشانە و پێوانەی بۆ خزمەت ، تەنێ لەسەر ئەندام بوون بۆ پارتی نەبوو ، بێلایەنێک و خاوەنی بیر و ڕایەکی دی دڵسۆز وەک حیزبەکەی دڵسۆز بۆ شۆڕش سەیر دەکرد ، بەرچاوتەنگ نەبوو بەرامبەر ئەوەی بێلایەنێک ، نا پارتییەک ، کاروباری ئیداری یا سوپایی بگرێتە دەست ، بەڵام سکرتێری گشتی زۆرتر قورسایی خستبووە سەر لایەنی بە حیزبی کردنی شۆڕشەکە ، بۆ وێنە فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگەی قەڵمڕەوی (م . س) هەموویان ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی بوون بێجگە لە کاک کەمال مفتی لە سەرکردایەتی نەبوو بەڵام پارتی بوو ، لە هەموو پەل و لق و بەتالیونێکدا لێپرسراوانی سیاسی هەبوون ، فرمانیان ئاراستەکردنی پێشمەرگە بوو لە ڕووی سیاسی و حیزبایەتیەوە ، ئەمە وەک شێوازی وولاتەکانی ئۆردووگای کۆنی ڕۆژهەلاتبوو ، ئەم شێوازە لە قەڵمڕەوی بارزانیدا نەبوو ، من باسی چاک و خراپی هیچ شێوازێکیان ناکەم ، بەڵام ئەو دوو شێوازە و بیرکردنەوە و کارکردنە ، لە پاڵ حەزی دەستەڵات ، ترسی ڕژێمی ئێران لەسەرکەوتنی ووتوووێژی نێوان سەرکردایەتی شۆڕش و ڕژێمی دووهەمی عەبدولسەلام کە لەو سەردەمەدا بانگاشەی بۆ یەکێتی نێوان عێراق و میسر و سوریا دەکرد ، ئەمانە هەمووی ، نائاهەنگیەکەی نێوان سکرتێری گشتی و سەرۆک بارزانی ، بەرەو ناکۆکی برد و (م . س) تاوانی کورد فرۆشتنیان خستە پاڵ بارزانی !

ب- زستانی ساڵی ١٩٦٣ - ١٩٦٤ بێئەندازە سارد و سەخت بوو ، ناوچە ئازادکراوەکان ئابڵۆقەیان لەسەربوو ، نیوەی مەڕ و ماڵاتی دانیشتوانی ناوچە شاخاوییەکان لە سەرما و لە برسا فەوتان ، لەلای پردی چەمی قەشان مەکینەی ئاشێکی لێبوو نیوەی هی بەڕێز کاک حەمە ساڵحی فەقی ڕەشیدی قەشان بوو ، نیوەکەی تری هی مامی بوو ، کاک حەمە ساڵح بەشە دەستکەوتەکەی خۆی لە مزە ئاش پێشکەش بە شۆڕش کردبوو ، پێشمەرگەیەک لەسەر ئاشەکە دانرابوو بۆ وەرگرتنی بەشە مزە ئاشی کاک ساڵح و ناردنی بۆ نانەواخانەی شۆڕش لە ماوەت ، تا لەوێ بکرێ بە نان و دابەشبکرێ بەسەر دامودەزگاکانی شۆڕش بە بەندیخانەی ماوەتەوە کە پتر لە ٢٠٠ بەندی تێدابوو ، ئاش بە نەوتی ڕەش کاریدەکرد ، نەوت براو لە گەڵیا نان برا!!. لە تاودا کاک

## حەمەی عەزیز «خاڵە حەمە»

میرزا شەلەو عەلی ماوەتی و چەند پێشمەرگەیەکیان ناردە گوندەکان بۆ کۆکردنەوەی نان ، م . س کە بەو حاڵەی زانیبوو ۱۰۰ دیناری ناردبوو بۆلای مامۆستا عوسمان کە بیدات بەنان بۆ پێشمەرگە و گیراوەکانی نێو بەندیخانەی ماوەت . مامۆستا عوسمان ناردی بۆ پەیدا نەکرا هاتە لای من ووتی حاڵێکی وا هەیە، ئایا تۆ تەگبیرێکت پێناکرێ ؟! ووتم لەو نێزدیکانە هەر کاک فەرەیدون و کاک فاروقی فەقی ڕەشیدی قەشان شک دەبەم کە بتوانم داوای یارمەتیەکیان لێ بکەم ، نامەیەکیان بۆ دەنووسم بۆیان بنێرە بەڵکو بتوانن یارمەتیەک بدەن ، نامەیەکم نووسی و کاک عوسمان بە عەلی ماوەتیدا نامەکەی بۆ ناردبوون . ئێوارە مامۆستا عوسمان و کاک عەلی هاتنە لام ، ووتم چیتانکرد ، عەلی ووتی کاک فەریدون و کاک فاروق لە ڕاو بوون ، موختاریش ووتی ئاردمان نیە ، ووتم ئەی نامەکەی من ئێستا لای کێ یە ؟ هێناتەوە ؟ ووتی لای موختارە ، ووتم خوا کەریمە ئەگەر تا سبەی ئێوارە هەواڵێک نەبوو خۆم دەچمە قەشان و هەرچۆنێک بووە کۆمەکێکیان لێ وەردەگرم لە ئارد هیچ نەبێ بۆ بژێوی بەندییەکان ، ڕۆژی دوایی کاک فەرەیدون و کاک فاروق بە ۲۰ بیست بار ئاردەوە گەیشتن ، نازانم باسی شادی خۆم و چاکە و جەوامێری ئەو دوو لاوە کوردپەروەرە چۆن بکەم ، پێش ئەوەی دەست بخەینە نێو دەستی یەک و ئەملاو ئەولای یەکتر ماچکەین ، تەمەننایەکی سەرباز ئاساییان بۆ کردم ، ووتیان ئەمربکە ئەو بارە ئاردانە لە کوێ بخەین، ووتم لە نانەواخانەکەی ژێرەوە ، ناردمە دوای مەلا عەبدوللا لێپرسراوی نانەواخانەکە کە ئاردەکەیان لێ وەربگرێ ، لەو مەودایەشدا مامۆستا عوسمان پەیدا بوو بێئەندازە شاد بوو ، گەلەک سوپاسی لێکردن و سەد دینارەکەی دەرهێنا بیدات بە کاک فەریدون ، کاک فەریدون ووتی من لەسەر داوای کاک محمد عەزیز ئەو ئاردەم هێناوە و بە پارە نەمهێناوە و هی خۆیەتی ئەیدا بە کێ سەریشکە، لەناخەوە سوپاسم لەو هەڵوێستە چاک و میهرەبانانە و کوردانەیە کرد ، پاشتریش بە مامۆستا عوسمانم ووت بۆ (م . س) بنووسە با سوپاسیان لێبکەن ، پاش چەند ڕۆژێک مامۆستا عوسمان هاتە لام و ووتی (م . س) سوپاست دەکات ووتویانە بەڵکو تەگبیرێک بکەیت نەوتی ڕەش بگاتە ئاشەکە ، سەرئەنجام هەرچۆنێک بوو نەوتی ڕەشم گەیاندە ماوەت ، ئەمە باری گۆشەیەکی کوردستان بوو . ماوەت ئەوسا وەک پایەختی شۆڕش بوو ، چەندین داو و دەزگای شۆڕشی لێبوو، سەدان بەندی تێدا بوو ، نیزدیکی بارەگای م . س بوو ، لەبەر ئەو ڕاستیانەی سەرەوە دەڵێم هۆی بەشێکی قبولکردنی ووتوووێژ لەگەڵ ڕژێم ئەملایەنەیان بوو ، سۆڤیەتیش بێ ئاگا نەبوو ، سەر لەبەر ئەوەش جەماوەری گەل دژی دڵسۆزی خۆیان بۆ بارزانی بەیاندەکرد ، ئیدی ئەو تۆمەتەی ئەوسا (م . س) دەیخستنە پاڵ بارزانی کە گوایا کوردی بە مۆز و پرتەقاڵ فرۆشتووە ، هەر لای ئەوانە بەراست سەیردەکرا کە پێوەندی پێبەندیان بە باڵی (م . س) وە بوو .

ج- بارزانی بەبێ خوێن ڕشتن فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگەی گۆڕی ، ماوەت و چەند گوندێکی بۆ (م . س) هێشتەوە بە هیوای پێکهاتن ، زۆربەی هەرە زۆری لێپرسراوانی پێشمەرگە و پێشمەرگەکانیان کەوتنە لای بارزانی ، ئەو بارە نوێیە سەرەگێژەیەکی زۆری بۆ هەندەک کادر و ئەندامانی پارتی دروستکرد ، هەندەک بە ڕۆژ هەندەک بە هەفتە هەڵوێستەکانیان دەگۆڕی ، مامۆستا عوسمان سەعیدی برادەرم لە سەرەتاوە ئاگاداری لە چۆنیەتی گۆڕانکاریەکە بوو بگرە بە شێوەیەکی لا بەلاش هاوکاری تێدا کردبوو ، دوو هەفتە دوای

گۆڕانکاریەکە چووە ماوەت بۆ لای (م . س) ، ئەوانیش خستیانە سەر ڕادیوکەیان و هەرچی جوێن و قسەی ناشیرینە لە زاری ئەوەوە دژی بارزانی ڕایاندەگایاند وپاشان لەگەڵ (م . س) چووە هەمەدان ، ساڵە وەختی نەبرد لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاک سدیق ئەمین (سدیقە ئەفەندی) ، گەڕانەوە بۆ کوردستان و چوونە دیدەنی بارزانی داوای لێبوردنیان کرد و پەیمانی دڵسۆزیان بەیانکرد.

د - سکرتێری گشتی کاک ئیبراهیم ئەحمەد داوای بەستنی کۆنفراسی کرد ، لە نیسانی ساڵی ١٩٦٤ دا کۆنفراسەکەی بەست ، بڕیاری لابردن و داماڵینی سەرۆک بارزانی لە سەرۆکایەتی پارتی و هێزی پێشمەرگە و شۆڕش دا ! ، بارزانیش لای خۆیەوە داوای بەستنی کۆنگرەی شەشی پارتی کرد و داوەتی هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی کرد بۆ بەشداربوون لەو کۆنگرەیەدا ، (م . س) قبوڵی نەکرد، کۆمەڵێک خێرخوایانی کورد لە دانیشتوانی نێو کوردستان و بەغدا هەوڵی ڕێکەوتنیاندا بەڵام بێ ئەنجام بوو ، سکرتێری گشتی دەیویست هەرچۆن بێ لە بێبەندی پێوەندی بە بارزانییەوە ڕەهابێ ، بارزانییش هیوایەکی بەوە نەمابوو کە لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد کاربکات ، تا ئەوە کاتە مام جەلالی خۆش دەویست و دەیویست لە کۆنگرەکەدا هاوبەشی بکات بە شێوەیەکی ئاسایی ببێتە سکرتێری گشتی پارتی، بەڵام تین وتاوی ئیبراهیم ئەحمەد زۆرتر بوو لە سەر مام جەلال ، مام جەلال نەچووە لای بارزانی و لەگەڵ کاک ئیبراهیم ئەحمەد چووە ئێران - پێم وایە ئەگەر «مام جەلال» بچوایە لای بارزانی ببووایە سکرتێری گشتی ، هەموو کاروبارەکەی شۆڕش و پارتی و گەلی کورد شێوازێکی تری بەخۆیەوە دەبینی ، کاک برایمیش وەک کاک عەلی عەبدوللا و بەهەشتی کاک نوری شاوەیش دەبووە ئەندامی (م . س) و ئەوەی نێوان ئەو و بارزانی دەبووە ساردیەکی بچووک و زەمان لە بیری دەبردەوە و کوردیش ئەو هەموو خوێن ڕشتنەی بێ واتایەی لێنەدەڕۆی، بەداخەوە کە کاروبارەکە وانەهاتە پێشەوە .

ئەنجام بارزانی لە مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٦٤ کۆنگرەی شەشی لە قەڵادزە بەست و لەکاتی کردنەوەی کۆنگرە دووبارە داوای کرد کە ئەندامانی (م . س) بێنە کۆنگرە چییان هەیە بیڵێن و داکۆکی لە خۆیان بکەن و ئامادەن دوو ڕۆژ کۆنگرە ڕاگرن تا دەگەن ، بەڵام ئەوان لە سەر ڕادیۆکەیان درێژەیاندا بە هێرش بردن بۆ سەر بارزانی و ئەوانەی هاوبەشییان لەو کۆنگرەیەدا کردبوو !

لەکاتی بەستنی کۆنگرە کاک عەلی عەبدوللا و سید عەزیز شەمزینی لە یانەی فەرمانبەرانی قەلادزە دەستبەسەر کران پاشتر ئازادکران ، لە دوای کۆنگرە (م . س) ی نوێ و بارزانی بیریان لەوە کردەوە کە بارەگای (م . س) بچێتە ماوەت . بارزانی ڕوویکردە ناوچەی ماوەت م . س کۆن چوونە دیوی ئێران ، پاشتریش هەموولایەکیان بە بەرژەوەندیان نەزانی کە بارەگای (م . س) ی لە بارەگای بارزانی دوور بێ و گەڕانەوە و چوونە قەلادزە و هەڵشۆ و سلێ ، ئیتر هەر لە نیزدیکی بارزانی مانەوە .

(٤)

## نەتەوەییەکان و شۆڕش و داستانی کانی ماسی و ساڵی ١٩٦٤

## حەمەی عەزیز «خاڵە حەمە»

کاتی بەستنی کۆنگرەی ٦ شەش، چەند مانگێک بوو ، پارتی گەلی کورد و کاژیک ببوونە یەک و لە ژێر ناوی کاژیک و دروشمی کوردستان بۆ کورد و یەکسانی بۆ گەل، وەک ڕێکخستنێکی نەتەوەیی درێژەی بە چالاکی خۆیدا ، هەر لەسەرەتاوە دەیان لاوی کوردی نەتەوەیی هاوبەشی شۆڕشیان کردبوو ، بۆ سارد نەبوونەوە ، دوای کشانەوەی لەشکر لەبەرەکانی ئەزمڕ و دەربەندەکان لەسەر فەرمانی (م . س)، لە دورستکردنی پێشمەرگە لە نێو شاری سلێمانیدا نەتەوەییەکان ڕۆڵی خۆیان هەبووە ، (لێرەدا پێویست ناکات لە دووی چۆنیەتی دروستکردنی پشمەرگەی ناوشار بنووسم ، لە نووسینەوەی بیرەوەریەکانمدا ئاماژەم بۆ کردووە) باڵی م . س لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و لایەنگیرانیانەوە هەوڵیان دەدا خەڵکی بهێننە سەر ئەو باوەڕە کە بارزانی کوردی فرۆشتووە ! ، دیارە تا ووتووێژ و ئاگر بەست درێژە بکێشێ ئەو جۆرە بانگاشەیە گوێگری دەبێ ، وەک لەسەرەوە نووسیوومە ئێمە لە سەرەتاوە لەگەڵ شۆڕشدابووین ، لە دوای ئەو بارە نوێیە ئەوسا دووبارە بڕیارماندا کە لە نێوان شۆڕش و داگیرکەردا بێلایەن نەبین . چ لایەک درێژەی بە شۆڕشدا ئێمە بێ هیچ مەرجێک سەربازی بێ ناوی شۆڕش دەبین و دڵسۆزانە خزمەت بە شۆڕش و بەرێوەبەری شۆڕش دەکەین ، کاک نەوشیروان مستەفا ، لە بەرگی یەکەمی بیرەوەریەکانی ، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ ، لە لاپەرە ٢٢١ دا ئەو شاهیدیە بۆ نەتەوەییەکان دەدا کە دەڵێ :«کاک جەلالی حاجی حوسین -کاژیک- بوو بەڵام بە دڵسۆزی خزمەتی شۆڕش و بارزانی دەکرد ، ئەو هەڵوێستەی شەهیدی لەدەستچوو، هەڵوێستی هەر نەتەوەییەک بوو ، چونکە نەدەکرا مرۆڤ دڵسۆزی شۆڕشێک بێ و لە هەمان کاتدا دژی سەرۆکی شۆڕشەکەبێ ، بەتایبەتی ئەوسا شۆڕش و بارزانی تەواوکەری یەکتر بوون ! جا بۆ ئەوەی گردەبڕ دڵنیابین لە هەڵوێستی سەرۆک بارزانی چوومە دیدەنی و بەکراوەیی ئەو باسەم لەگەڵدا کردووە ، لە وەرامدا ووتی من کورد نافرۆشم ، دەست لە شۆڕش هەڵناگرم و ئەوانەی ئەو تۆمەتە دەخەنە پاڵ من خۆیان پاک نین ، پێشمەرگە و گەل برسی و ماندووبوون ، ئابلۆقەی ئابووری لەسەر کوردستان و ناوچە ئازادکراوەکان هەبوو ، دارایی و داهاتێکی ئەوتۆمان نەبوو ، بێجگە لەو یارمەتیە کەمەی سۆڤیەت بۆمان دەنێرێ ، بڕوام بە هیچ بەڵێنێکی میری نیە ، دڵنیاین و خواکەریمە ، دوای ئەو دڵنیابوونە دووبارە بڕیارماندا کە لەگەڵ شۆڕشدا بین کە لە خۆیا دەکاتە قبوڵکردنی سەرۆکایەتی بارزانی . تا ئەو لە شۆڕشدا بێ و خزمەتی کورد بکا ئێمەش لەبن باڵیا درێژە بە تێکۆشانی خۆمان دەدەین ، هەر لەو دەمانەشدا لە ئایاری ١٩٦٤ دا یاداشت یا بیرەوەریەکمان دا بە بارزانی ، باری کوردستان و ناوچەکە و هەڵوێستی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و زلهێزەکان و بەرژەوەندیەکانیان ، تێڕوانینیان لە کێشەی کورد و مەترسی و نیاز خراپیان بەرامبەر خواستە ڕەواکانی گەلی کورد ... بۆ نووسی .

بەوەرگرتنی ئەو هەڵوێستەشمان لە لایەن باڵی (م . س) وە خراینە خانەی نەیاران و لەوەبەریش خۆشیان لێمان نەدەهات و پێیان دەووتین جەماعەتی چوار پارچە ، ووشەی چوار پارچە هێمایە بۆ چوار پارچەی کوردستان بەڵام وەک گاڵتە پێکردن دوایان خستبووین ، کورد کوژەشیان پێ دەووتین ! وابزانم لە خورمای کورد کوژەوە وەریانگرتبوو !

بارزانی ، ئەفسەری پۆلیس کاک شەوکەتی مالا ئیسماعیل لێپرسراوی ئەوسای بێتەلی بارەگای بارزانی ناردبووە سلێمانی کە بەیارمەتی خوالێخۆشبوو کاک عقید نوری مەلا مارف فەرماندەی نوێی هێزی خەبات لێژنەیەکی نوێ بۆ پێشمەرگەی ناوخۆی شاری سلێمانی دروست بکات ، لە سەرەتادا لێژنەکەیان پێکهێنابوو لە خوالێخۆشبووان ، ئەفسەری بۆلیس ، کەمال ئەحمەد برقی ، قادر تەگەرانی ، عەلی ئیبراهیم دەروێش ، دەستیان کردبوو بە پێوەندی لەگەڵ پێشمەرگەکانی سەر بە لیژنەی کۆن و ناونووسی هەندەک پێشمەرگەی نوێ ،هەروەها هێنان و ناو نووسین و ڕێکخستنی هەندەک لەوانە کە تا ئەو کاتە لەدەرەوە پێشمەرگە بوون، ئەمەی شایانی باسە پێش بارە نوێکە کاک معاون کەمال جێگری فەرماندەی بەتالیۆنی چوارتا بوو ، قادر تەگەرانی سەرلقی پێشمەرگە بوو هەموویان خەڵکی سلێمانی بوون ، عەلی برایم دەروێش جێگری لێ پرسراوی بەندیخانەی ماوەت بوو ، لە ناودارەکانی پێشمەرگە کۆنەکان خوالێخۆشبووان عوسمانی ئامە ، حسێن فارس ، ساڵح سیک ، لیژنەی کۆن تا ئەو کاتە دەیان کاری وەک گرتن و فڕاندن وکوشتنی جاسوس و گومان لێکراوانیان ئەنجام دابوو، ئەمانە لەوانە بوون کە دوای کشانەوەی لەشکر لە دەربەندەکان و ئەزمڕ چەکیان دانەناو مانەوە تا شەهید کران ، ئەمانەو هەندێکی تر لە پێشمەرگە کۆنەکان بەتەواوی لە لیژنە کۆنەکە دانەبڕابوون هیچ نەبێ لە سەرەتادا ، بەشێک لە کۆششی باڵی (م . س) ی کۆن تەرخانکرابوو بۆ دزێوکردن و سووککردنی بارزانی و هەرچی ئەوانەی کە لەگەڵ بارزانی و شۆڕش بوون ، نەتەوەییەکان و کۆمۆنیستەکان و بارزانی ، بەلای باڵی (م . س) وە هەموویان لە بەرەیەکدان و نەیارن بەوان ، بەشێکی تر لە ئەرکەکانیان ببووە تێکدان و بەیەکدادانی ئەو بەرەیە کە درێژەپێدانی شۆڕش لە لایەن بارزانییەوە خۆڕسک دروستی کردبوو ، ئێمە هیچ بەرەیەکمان لەگەڵ کۆمۆنیسەکاندا مۆر نەکردبوو ، ڕێکیش نەبووین لەگەڵ یەک ، جوودایی فکری و ئامانج و تێڕوانیمان بۆ نەتەوە و قۆناغی دروستبوونی هەستی نەتەوەیی لە نێوانمان ئەوسا گەلەک دووربوو، بەڵام هەردوولامان لە چوارچێوەی شۆڕش و لەبن باڵی بارزانیدا خەباتمان دەکرد ، ئێمە لە هەوڵی درێژ خایەندنی شۆڕشدا بووین بە هیوای خستنە سەر هێڵی بەرەو رزگاری ، ئەوانیش ئامانجی جوودای خۆیان هەبوو ، ئەو قۆناغە بەیەکەوە هەڵکردن بوو نەک بەیەکدادان ، لە نێو پێشمەرگەکانی ناو شاردا ، پارتی هەردوو باڵەکەو هی سەربەکاژیکی تێدا بوو ، ئەوانەی سەر بەباڵی (م . س) بوون هەر ڕۆژە کێشەیەکیان دروستدەکرد. لە پشتەوە خەڵکیان بە مۆری ترەوە فێردەکرد سکاڵا بنووسن بۆ (م . س) ی نوێ و بۆ بارزانی و گازەندە لە رەفتاری پێشمەرگە بکەن. کاژیک هیچ بڕیارێکی وەرنەگرتووە بۆ کۆشتنی کۆمۆنیست یا هەر کەسێک ، یا هەر لێپرسراوێکی کاژیک بە ئەندامێک یا لایەنگرێکی کاژیک یا پێشمەرگەی سەر بە کاژیک نێزدیک لە باوەڕی کاژیکەوە نەوتراوە بچێت کەسێک بکوژێ ، لە ساڵی ١٩٦٤ لە نێو شاری سلێمانیدا هیچ ئەندامێکی کاژیک لێپرسراوی لێژنەی پێشمەرگەی سلێمانی نەبووە .

لێژنەی نوێ واتە کەمال ئەحمەد بەرقی و قالە تەگەرانی نەیانتوانی دەستبگرن بە سەر ئاژاوە و کێ بەکێی ناوشاردا ، بارزانی خوالێخۆشبوو کاک محەمەدی دەروێش نادری ناردبوو کە ببێ بەلێپرسراوی

# حەمەی عەزیز «خالە حەمە»

لێژنەی پێشمەرگەی ناوشار دیارە ئەویش ووتویەتی کە دەتوانێ ئەو کارە هەڵسوڕێنێ کاتێ بارزانی لە سۆڤیەت گەڕابۆوە کاک محەمەد سەرباز بووە لە بەغدا و هامووشۆی بارزانی کردبوو هەندەک فرمانی پێ سپاردبوو سەبارەت بە زانیاری لەسەر سوپای عێراق ، ئەوەندەی کە لە توانای ئەودا بوو ئەنجامی دابوو ، کاک محەمەد بەتەمەن منداڵترو کەم ئەزموون و هەناسە کورت و خوێنگەرم بوو لەسەردەمی ئەمدا کاری نابەجێ گەلەک رووی لە زیادی کردبوو ئەویش لە کارەکەیدا سەرنەکەوت ، لەسەر داوای لقی ٤ و «م . س» کاک حەمە رەشیدی ئەحمەد شانە نێررابوو کە ببێ بەلێپرسراو ، کاک محەمەد بڕوای بە کاک حەمە ڕەشید نەبوو ، گومانی وابوو کە بە هۆی کاک رەوف باڵا بەرز و هی ترەوە پێوەندی بە باڵی (م . س) وە هەبێ و یا هیچ نەبێ بە کاری دەهێنن بۆ بەرژەوەندی خۆیان ، لەبەر ئەوە هەر خۆی بە بەر پرسیار دەزانی و دانی بە لێپرسراوی کاک حەمە ڕەشیددا نەدەنا ، ئەو دوو سەرەیە هەندەی تر مەیدانی گێرە شێوێنی دژی بارزانی و کاژیک و کۆمۆنیستەکان لەبارترکردبوو ، هەر لەو ماوەیەدا کەمێ زووتر بە شێوەیەکی دڕەندانە کاک ئەوڕەحمانی ساڵحی خلەیان لەناوبرد ، دووبارە مۆرەکان خرانە کار بۆ سکالاکردن ، کەسێک داوای لێژنەی لێکۆڵنەوەی نەکرد، ئەوەی لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕش و پارتییەوە دەکرا ، هەر جارە لێپرسراوێکی نوێیان دەناردوو لێپرسراوە کۆنەکەی دیکەش وەک ئەندام لە لێژنەکەدا دەهێڵرایەوە کە لە خۆیدا ئەوەش شێوە ئاژاوەیەکی لە نێو لیژنەکەدا دروستکردبوو ! قالە تەگەرانی و کەمال بەرقی و محەمەدی دەروێش نادر و حەمە ڕەشیدی ئەحمەد شانە هەریەکەیان فەرمانێکیان پێ بوو کە کراونەتە لێپرسراوی لیژنەکە ، من لە ماڵی خوشکم بووم لە قەلادزە، بارزانی ناردی بە دوومداو داوای لێکردم بچم بۆ سلێمانی بەشکو من بتوانم چارە سەرێک بکەم، پاش یەک دوو ڕۆژ چوومە سلێمانی و گەڕام بۆ شوێنی لیژنەکە ووتیان لەماڵی کەمالی ئەحمەد بەرقی دانیشتوون کۆبوونەوەیان هەیە، کە چووم ئەمانەم لەوێ دی ،کاک کەمال خۆی ، کاک قالە تەگەرانی ،عەلی ئیبراهیم دەروێش ، کاک حەمە ڕەشید و کاک محەمەدی دەروێش نادر، لەوێ زانیم کە کێشەی کێ لێپرسراوبێ لەنێوان کاک حەمە ڕەشید و کاک محەمەد دا مابوو، من کەمێک بەسەر کاک محەمەد دا هاتم ، ئەمیان لەگەڵ کاک فەتاحی برایدا شیر برابووین، لەگەڵ کاک حەمە ڕەشیدیش ساڵەهای ساڵ بوو برادەری خۆشەویستی یەکتر بووین و پێوەندیەکەمان بە ئەندازەیەک بوو تاڕای منی وەرنەگرت نەچووە ناو پارتی یەوە، لەو دەمە تەقیەی لەنێوانماندا بوو ووتی بۆچی ڕازیت من بچمە ناو پارتییەوە کەچی خۆت نایەیت ووتم جارێ تۆ بچۆ بابزانین چۆن دەبێ ، بۆ کۆتایی هێنان بە ئاژاوەی ناو لیژنەکە من پێشنیاز دەکەم کە کاک حەمە ڕەشید ببێ بە لێپرسراو ، کاک محەمەد دەروێش نادر قبوڵی نەکردوو ووتی دەچمەوە لای بارزانی ، ئەوانی تر ڕازی بوون بە پێشنیازەکەو فرمانەکان بەم جۆرە دابەشکرا ـ حەمە ڕەشید لێپرسراوی یەکەمی لیژنە و لێپرسراوی پێشمەرگە ، کەمال بەرقی دارایی و مۆر هەڵگر ، عەلی ئیبراهیم دەروێش بۆ پڕوپاگەندە ، من بۆ ڕێکخستن ، قادر تەگەرانی هیچی وەرنەگرت پێشمەرگەکانمان کردە سێ بەش ،هەربەشە بریتی بوو لە پێشمەرگەکانی دانیشتوانی دوو گەڕەکی سەرەکی ئەوسای سلێمانی، تالەو ڕێگەیەوە چاکتر بتوانرێ چاودێریان بکرێ و ئاڕاستە بکرێن ،لەپاڵیا کەوتینە دانانی نەخشەی دروستکردنی ئەنجومەن بۆ گەڕەکەکان، ئەوەش زادەی بیری

من بوو بە خەیاڵی ئەوسا پێم وابوو لەو ڕێگەیەوە دەتوانرێ تائەندازەیەک میری گۆشەگیر بکرێ ، جگە لەوکارانەی کە بێ بڕیاری یاسایی ئەنجام نادرێ ،بۆ کێشەکانی تر لەڕێگەی ئەنجومەنەکانەوە چارەسەر بکرێ و پەنا نەبرێتە بەر پۆلیس و هەر لەو ڕێگەیەوە پەیوەندی دۆستایەتی و هاوکاری و خۆشەویستی لەنێو ڕیزەکانی گەلدا پایەدارو پتەو بکرێ. ئالەم کاتانەدا کە هەمووشت وەک دەڵەمەیەو برینەکان سارێژ نەبوون، شەوێک کاک حەمە ڕەشید لەگەڵ خوالێخۆشبوو عەلی فەرەج لەدەرگایاندا . ئەم عەلی فەرەجە لەگەراجی گۆیژە لەلای کاک مەحمودی حاجی کاری دەکرد، ووتیان هەمزەمان گرت لە سەیارەی شێخ لەتیف دا بوو، ووتم هەمزە کێیەو بۆ ؟ ووتیان هەمزە عەبدوڵا، من و کاک حەمە ڕەشید زۆر برادەر بووین، بەڵام ئەوکارە زۆر پەستی کردم ووتم برام وادیارە ئێمە ـ مرتزقین ـ ووتی بۆ ؟ ووتم فەرمانت لەکوێوە بۆ هاتووە هەمزە بگریت، سبەینێ بارزانی پێی زانی چی جواب بدەینەوە، ووتی عاجز مەبە ئێستا چارەسەری دەکەم ، ئەوەی کە زۆرتر جێگەی داخ بوو سەرەڕای نارەوایی گرتنەکەی کاک هەمزە بە بێـرێزیشم دەبینی بەرامبەر شێخ لەتیف کە زۆربەمان بۆ ئەوەی قسەیەکمان بە گوێگر بسە لمێنین و بڕوامان پێ بکرێ سوێندمان بە گۆڕی شێخ مەحمودی نەمر دەخوارد، پاش ماوەیەک هاتنەوە نامەیەکیان پێبوو، بە عەرەبی لەسەری نووسرابوو:

**بۆ لیژنەی پێشمەرگەی سلێمانی /**

**لە بەر بەرژەوەندی گشتی هەمزە عەبدوڵ بگرن**

**ئیمزا عگید سدیق**

**ـ نوێنەری بارزانی لە سلێمانی**

کە ڕۆژ بۆوە هەموو هەستیان پێکردبوو کە چ هەڵەیەکیان کردووە کەو تبوونە تەگبیر بۆ چارەسەری ، چوو بوونە لای کاک دکتۆر فوئاد جەلال کە بەڵکو تەگبیرێکیان بۆ بکات ، ئەویش ڕووی لە مننا کەبچم بۆ لای سەرۆک بارزانی بۆ چارەسەری ئەو هەڵەیە ! هەر ئەو ڕۆژە چوومە ڕانیە، لە کاتی یەکی پاش نیوەشەو سەرەم هات کە بچمە لای بارزانی ، کە چوومە لای بەهەشتی کاک شێخ محەمەدی هەرسین و کاک عەزیز عەقراوی لەلابوو، زیاتر لەنیو کات گلەو ئامۆژگاری کردوو، ووتی ناردوومە هەمزە بهێننە لای خۆم ، لێرە دڵی دەدەمەوە و مەیەڵن پێشمەرگە خراپە بکات و مەیەڵن ئەم جۆرە شتانە دووبارە ببنەوە، ئەو شەوە لە ڕانیە مامەوە، ڕۆژی دوایی لەگەڵ حبیب محەمەد کەریم و کاک یدۆڵلا وکاک شێخ محەمەدی هەرسینی و کاک دکتۆر مەحمود و عگید سدیق بە دوو سەیارە بەرەو سلێمانی هاتین کاک حەبیب و کاک یەدۆڵلا کەریم دەچوونە بەغدا، من و کاک دکتۆر مەحمود لەسەیارەیەکدا بووین و هەردووکمان لەبەرماڵی بەهەشتی کاک عەزیز خۆشناودا دابەزین، ئەو چووە ماڵی خوشکی و منیش چوومە ماڵی خوشکم کە هەر پەنجا مەترێک لەیەک دوور بوون، کە گەیشتمە ناوحەوشەکەی ماڵی خوشکم ، کەماڵی خوشکەزام و بەهەشتی جەماڵی خوشکەزام بەپیرمەوە هاتن، ووتیان " شیوعی ئەکوژن " ! ووتم کێ ئەیان کوژێ ؟ ووتیان "پێشمەرگە " ! ووتم لەسەرچی ووتیان "ئەڵێن ئەوان عەلی فەرەج قەرەتۆغانیان کوشتووە، گورج قسەیەکی زووتری عوسمانی ئامەم هاتەوە یاد کە جارێک ووتی " ناوێرم عەلی و عەبە = عەبدوڵا قەرەتوغانی پێکەوە بەجێ بهێڵم ، لەدڵی خۆمدا هاتمە سەر ئەو باوەڕە کە عەبە لەتۆڵەی

## حەمەی عەزیز «خالە حەمە»

حەمە ئەمینە شەلی خالیدا عەلی کوشتۆتەوە ، شیوعی ئاگایان لەکوشتنی عەلی فەرەج نیە، ڕووم کردە ئاسمان و ووتم خودایە ئەم ناحەقیە قبوڵنەکەیت، بەپەلە کەوتمە نووسین لە سەر پارچە کاغەزێکی بچوک:

**بۆ پێشمەرگەی سلێمانی /**

**بە قسەو فەرمانی لیژنە هیچ کۆمۆنیستێک و هیچ کەس نەکوژن»**

بە پاسکیل گەڕان بەدوای پێشمەرگەدا و فەرمانەکەی منیان گەیاند و بەدەم ڕێگەوە هەرکەسێکیان دیتبوو پێیان ووتبوون، بەو شێوەیەی لەسەر داوای من خوێن ڕشتنەکە وەستا، وابزانم ئەو ڕاستیە لەلای برا کۆمۆنیستەکانی ئەوسا یا هەندێکیان شاراوە نەبوو، پاش دوو کات کاک حەمە ڕەشید، کەمالی ئەحمەد بەرقی، عوسمانی ئامە و عەبدوڵا قەرەتوغانی و لەیادم نیە کێی تریان لەگەڵدا بوو هاتن بۆ لام، دوای سڵاو بەخێر هاتنەوە، بە نیوە بێزاریەکەوە ووتیان " تۆ بۆچی سەربەخۆ نامەت بۆ پێشمەرگە نووسیوە کە بە قسەی لیژنە کۆمۆنیست نەکوژن "، عەبەو عوسمان بە قوڕگی پڕ گریانەوە: " ئەی تۆ نازانی ئەوان قارەمانێکی وەکو عەلی فەرەجیان کوشتووە"، لەدڵی خۆمدا بڕوام وابوو تائێستاش هەر بڕوام وایە کە درۆیان دەکردو فێڵیشیان لە کاک حەمە ڕەشیدو کاک کەمال کردووە بەڵام بەڵگەشم نیە، ووتم بەڵگەتان چیە کە ئەوان عەلییان کوشتووە، عوسمان ووتی : " با عەبە بۆت بگێڕێتەوە"، عەبە ووتی " دوێنێ ئێوارە مەلا حەمە مینی لەسەر جادەی سەرشەقام دیوە تەگبیری کوشتنی عەلی یان کردووە ! ووتم چۆنت زانی ؟ ووتی " لە دوایانەوە بووم و لێیان نێزدیک بووم بە باشی تێگەیشتم ، ووتم برایینە من ئەمڕۆ لە پینەو پەڕۆ کردنی هەڵەیەکی ترتان هاتوومەتەوە، ئێمە بەبێ فەرمانی بارزانی یا م.س ئیجازەمان نیە کەس بگرین ،کەس بفرێنین ، ئێوە چۆن خەڵک دەکوژن ، گومانتان لە مەلاحەمەئەمین یا هەر کەسێک بوو ئەو پەڕی لەو دڵ گەرمیەدا تەسلیمی هێزی خەباتتان بکردایە لەوێ بیاندایە بە دادگا ، ووتیان "بۆ ئەترسی خۆ تۆ لێرە نەبووی" ووتم: ناترسم، بەڵام تا ئەندامی لیژنە بم منیش بەرپرسیارم لەو ناڕەواییانەی ئەم لیژنەیە دەیکات ، دەبێ هەر ئێستا بروسکەیەک بۆ بارزانی و م .س بنووسین و داوابکەین بە پەلە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بنێرن ، تا ئەوکاتە کەمال یەک ووشەی لەدەم نەهاتبووە دەرەوە و لە ڕاستیشدا زۆربەی وەرامەکان هەر عوسمان و عەبدوڵا دەیاندایەوە ، کاک کەمال ووتی : " باشە من حازرم بروسکە بەرم بۆ چوارتا بینێرم، ووتم: زۆر چاکە ، دیار بوو قسەکانی من کەمالی بە ئاگا هێنابووەوە، بروسکەکەی برد بۆ چوارتاو لەوێشەوە پێوەندی بەکاک شەوکەتی مەلا سمایلەوە کردبوو کە خزمی بوو، کاک شەوکەت ووتبووی وەرە بۆ لای من و هەر ئەو شەوە ڕۆشتبوو لە بەشی بێتەل لە قەڵادزە دابنابوو، مۆری لیژنە لای کاک کەمال بوو، فەرمانی کوشتنی کۆمۆنیستەکان لەلایەن کاک کەمالەوە مۆرکراوە، یائیمزای خۆی یا ئیمزای خۆی و کاک حەمە ڕەشیدی لەسەر بووە، ڕۆژی دوایی لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە پێکهات، لە فەرماندەی هێزی قەرەداغی ئەوسا بە هەشتی کاک عەقید شێخ سالح ولقی چوار، بەڵام سەرکەوتنێکیان بەدەست نەهێنا، پاشتر لیژنەیەک پێکهات بەسەرۆکایەتی خوالێخۆشبووان عەونی یوسف ، عومەر شەریف ، ڕەمەزان عەقراوی و عەبدول سۆران ،( لێرەدا هەڵوێستێک دەکەم و پاشتر دەگەڕێمەوە سەر لیژنەی دووهەم ، لە نێوانی ئەو دوو لیژنەیە ئاگاداریەکی زۆرم کۆکردەوە لەسەر ڕووداوە دڵتەزێنەکە ، کەوا لە خوارەوە بە کورتی بەیانی دەکەم ، لە

## بیرەوەری

نێوان خێزانی حەمە ئەمینە شەل ناوێک لە دانیشتوانی گوندی قەرەتۆغان و وابزانم حاجی قادر ناوێک ناکۆکیەک بووە ، لە کەیەکەوە و لەسەر چی نازانم ، حاجی قادرەکە ببووە دانیشتوی شار ، نازانم چەند مانگ یا چەند ساڵ لەوە بەر شەوێک هێرش کراوەتە سەر ماڵی ئەو حەمە ئەمینە شەلەو لە خەودا خۆی و ژن و کێی تری لەگەڵدا بووە کوشتویانن. لە لایەن میریەوە کاتی خۆی کوری حاجی قادر و چەند خزمێکی گیراون ، ناشزانم ئەنجامی ئەو کێشەیە کاتی خۆی گەیشتۆتە چی ، عەبدوڵا خزمی حەمە ئەمینە شەل بوو، بە منیان ووت خوشکەزای بووە ، عەلی فەرەجیش خزمی ئەو ماڵە بووە کە تۆمەتی کوشتنی حەمە ئەمینە شەل و خێزانەکەیان لە ئەستۆ نابوون ، هەر دووکیان پێشمەرگە بوون و لە گەڵ عوسماندا بوون.

هەر شەوە یەکێک لەمانە یا هەر دووکیان لەگەڵ عوسمان رۆیشتوون تا عوسمانیان گەیاندۆتە بەر دەرگای ماڵی خۆی ، شەوی پێش کۆمۆنیست کوشتن، عەلی فەرەج بە تەنیا لەگەڵ عوسمان رۆیشتووە، لە گەرانەوەیدا بە هۆمەر مەنداندا رۆیشتووە لەلای کوخەکەی ـ حەوبرای ـ باخەوان داویانەتە بەر گولەو کوشتویانە، رۆژی دوایی عوسمان و عەبدوڵا بە گریان ئاگاداری کاک حەمە رەشید و کاک کەمال و هەموو پێشمەرگەیان کردووە ووتوویانە شیوعیەکان عەلی فەرەجیان کوشتووە. بارودۆخی توندو تیژیان بەرامبەر کۆمۆنیستەکان دروستکردووە ، لەکاتی ناشتنی تەرمی ـ عەلی فەرەج ـ ئیسماعیل عارف ئەندامی م .س نوێ ئامادە بووە. جوانە مەرگ بوونی عەلی فەرەج بەو شێوەیە و بەکوڵ گریانی عەبەو عوسمان هەموو ئەوانەی لەسەر گۆرەکە بوون هاتبوونە گریان و بە عەبە و عوسمانیان ووتبوو " دەبێ تۆڵەی بکەینەوە" هەموو پێشمەرگەکان ووتبوویان باشەو تەنانەت دەیانووت رەزامەندی ئیسماعیل عارفیشیان وەرگرتووە و جانتای کاغەزو مۆر بە کاک کەمال بەرقی بوو هەر لەوێ ئەو فەرمانە پرشەرمەزاریی و دواکەوتوانەیان پێ نووسیبوون و کەسیش نە یووتبوو با پێشەکی ئاگاداری بارەگای بارزانی و م.س بکەین بزانین ئەوان چی دەڵێن !.)

لیژنەی دووهەم گەیشت و دوو مەفرەزەی پێشمەرگەی بادینیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، لەپر وورتەیەک پەیدا بوو کە لیژنەو پێشمەرگە نەچنە بەردەمی لیژنەکە، ئەوەش لەخۆیدا دەیکردەوە بە گژادا چوونی دەستەڵاتی شۆرش و بارزانی ، هەڵوێست وەرگرتنی واش بە تەواوی ناکۆک بوو لەگەڵ ئەو بریارەی کە ئێمە لەگەڵ شۆرش و بارزانیدا دەبین ، پرسیارم کرد ـ برادەرانی لیژنە لە کوێن ووتیان " لە دووکانی عەلی ئیبراهیم دەرۆیش، چوومە لایان، هەندەک ووتیان ناچینە لای لیژنەی لێکۆڵینەوە کە چی دەبێ با بێ ! ، رووم تێکردن ووتم: ئێمە خۆمان داوای لیژنەی لێکۆڵینەوەمان کردووە و چوون باشترە لە نە چوون و دوا ووتەشم ئەوە بوو هەرکەس نایەت ئارەزووی خۆیەتی، من و ئەوانەی بە قسەی من دەکەن دەچین و لەدوکانەکە هاتمەدەرەوە ، ئیتر هەموویان ووتیان باشە پێکەوە دەچین، هەموو پێکەوە چووینە بارەگای لقی چوار پ.د.ک کە لە گوندی قەرەتۆغان بوو، دوای رۆژباش رووم کردە عەونی یوسف ، ووتم پێش نیازم ئەوەیە ئێمە ئەندامانی لیژنە بە نووسین دەست لە کار بکێشینەوە، ئێوەش کە نوێنەرانی بارزانی و م .س ن داواکەمان قبوڵ بکەن و لەگەڵ یەک یەکی ئێمەو پێشمەرگەکان دەست بە لێکۆڵینەوە بکەن بۆ ئەوەی خوێنی عەلی فەرەج و کۆمۆنیستەکان بە

# حەمەی عەزیز «خاڵە حەمە»

فیرۆ نەروا ،لە پاش قسەکانی من ،کاک حەمە ڕەشید ڕووی کردە عومەر شەریف کە بە تازەیی کرابوو بە لێپرسراوی لقی چوار ووتی " هەڤاڵ تۆزێک ئیشم پێتە ، پاش چەند خولەکێک هاتنەوە ، کاک حەمە ڕەشید ڕووی کردە من ووتی " ئەم لیژنەیە هاتووە لیستەی ناوی ١٦ کەسیان پێیەو دەیانەوێت لیژنەکەش بچێتە ڕانیەو تۆ و کاک عەلی بچنە ڕانیە من یارمەتیان دەدەم بۆ گرتنی ١٦ شازدە «پ.م» ! و ئەوسا منیش دێم بۆ ڕانیە !
ئەو هەڵوێستەی کاک حەمە ڕەشید زادەی بیری خۆی بوو یا هی عومەر شەریف بوو لام سەیر بوو، ڕۆژی ڕووداوی کارەسات، من لە ڕانیە بووم ، عەلی ئیبراهیم دەروێش لە سلێمانی نەبوو بوو چوو بووە سەردانی خزمەکانی دایکی لەگوندی سۆتکە ، ئەگەر هەڵەیە و ئەگەر تاوانە و ئەگەر هەڵخەڵەتاندنە ، لەژێر تین و تاوی کوشتنی عەلی فەرەج و گریانی عەبدوڵا و عوسماندا بووە ، بە فەرمانی ئەو و کەمال ئەنجامدراوە ، ئەگەر مەبەست گرتنی کوژەرەکان بێ ئەوا ئەوان وەک پێشمەرگە فەرمانەکانیان جێ بەجێ کردووە و فەرمانەکانیشیان بە مۆر و ئیمزاوە پێیە، ئیتر چۆن ڕوو بە ڕوویاندەبێتەوە، بەزەردەخەنەیەکەوە ووتم: باشەو ڕووم کردە کاک عەونی یوسف، ووتم: فەرموو بمانئێرە ، گورج ووتی دەباشە منیش دێم ، بەدەست بەسەری لەگەڵ مستەفا نێرۆیی ناردنیانین بۆ ڕانیە ، دوو ڕۆژ ئازاد بووین و شەو لەبارەگای م.س دەنووستین ڕۆژی ١٦-١١-١٩٦٤ بردیانین بۆ بێتواتە و تەسلیمی خوالێخۆشبوو عەلی شەعبانیان کردین و ئەویش بێ لێپرسینەوە ، دەست بەجێ لە چەپەرێکی ناین ، دیاربوو مۆرەکانی ، نەیار ، بە بارزانی و کاژیک و کۆمۆنیستەکان ببوونە باب و مام بۆ پێشمەرگەکان، لەلایەکەوە هانیان دابوون خۆ نەدەن بەدەستەوە و لەلایەکی ترەوە لەڕێگەی پردەکانی خۆیانەوە و بەهۆی کەسانی سێهەمەوە ئاگاداری م. س یان کردبوو ئەگەر ئێمە ئازادبین لەڕانیە لیژنەکەی کاک عەونی یوسفیش سەرناکەوێ ، لیژنەش بەهۆی وەرگرتنی دەیان هەواڵ و زانیاری لەیەک نەچووە وە سەریان لێشێوێنراوە ، لەپڕ پێیان ووتبوون چواریان لای دووکانی فلان بینراون ، بە پەلە مەفرەزەکەی سادق عەقراوییان ناردووە و لە ناو بازاڕدا بەڕاکردن کەوتوونە دووی نێچیری نادیار و نە ناسراو، مەسەلە هەر سوکایەتی کردن بوو بە ئیدارەی بارزانی لە نێو سلێمانیدا و دزێو کردنی ناوی کاژیک و نەتەوەییەکان، ئەنجام ئەو لیژنەیەش نەگەیشتە ئاکام ، تەنها «پ. م» ێک خۆی تەسلیم کرد بوو ماوەیەک لەسەنگە سەر دایان نابوو، پاشتریش بەرەڵایان کردبوو ، وەک لە وەو پێش ئاماژەم بۆ کردووە لەنێو پێشمەرگەکانی نێو شاری سلێمانیدا خەڵکی سەر بە باڵی بارزانی و «م . س» ی کۆن و نەتەوەیی و بێلایەنی تێدا بوو ، لە نێو لیژنەکە کاک حەمە ڕەشید و کاک عەلی و کاک کەمال ئەندامی پارتی بوون ، من کاژیک بووم ، کاک قادر تەگەرانی لەگەڵ هەردوو لای باڵی پارتیدا بوو دژی ئێمە نە بوو.

لە نێو ئەو پێشمەرگانەی بە فەرمانی لیژنە خەڵکیان لە کۆمۆ نیستەکان کوشتبوو یا پاشتر ئەوانەی بەلای کۆمۆنیستەکانەوە کوژەری هاوڕێکانیان بوون کوشتبونیانەوە. بێ لێپرسینەوە و دادگا کردن لەپاش چواردە ڕۆژ لە چەپەر ئازاد کراین و لە پێشدا براینە بارەگای م . س و پاش نان خواردنی نیوەڕۆ لەگەڵ خوالێخۆشبو هاشم عەقراوی نێردراین بۆ بارەگای بارزانی لە گوندی - نورە - لە پشتی سەر کەپکان و چووینە خزمەت بارزانی ، کەوتە دڵدانەوەمان ! ووتی ئەوانەی کارە خراپەکانیان بە پێشمەرگەکان دەکرد هەر ئەوانیش

ئێوەیان بەگرتدا و فیشارێکی زۆرم لەسەر بوو... تادێت.

کە لە قسەکانی بۆوە ، ووتم قوربان جەنابت و هەموو ئەندامانی م . س و م.ت شاهیدن کە من لە ڕانیە بووم و لە سلێمانی نەبووم ، من چەند جار لەماوەی ئەو دوو مانگ و چەند ڕۆژەی لە سلێمانی بووم نامەم بۆ نووسیت کە نامەوێ لەو لیژنەیەدابم ، وەرامت نەدامەوە ، بڕوام بەکەس نەماوە کاری لەگەڵدا بکەم ، دەچمەوە ماڵی خۆم ، ئەگەر بەوەش قایل نابی سەری خۆم هەڵدەگرم و کوردستان بەجێ دەهێڵم ، کاک حەمە ڕەشید و کاک عەلییش هەریەکە قسەی خۆیانکردو و ئەوانیش ووتیان ئیش ناکەین ، گەلێکمان بەسەردا هات و ووتی ئێوە وادەڵێن ئەی پیرە مێردێکی وەک من بڵێ چی ، ووتی من بڕوام بە حەبیب و مەحمود هەیە بچنەلای ئەوان و کارێکی تر بکەن ، وادیار بوو ئەو گوزارشانەی لەو بەینە درابوو بە بارەگاکانی مەکتەبی تەنفیزی و «م . س» و بارزانی ، سەروبەری گوناهەکان خرابووە ئەستۆی کورد کوژەکان، واتە نەتەوەییەکان، تەنها کەسیش کەبە حسێب نەتەوەیی بوو لە لیژنەکەدا من بووم ، بێ ئەوەی من بە خۆم بزانم وەک دڕندەو مرۆڤ خۆر و هەرچی خراپە ، کە من نەمکردوون لێیان دوور بووم ، خرابوومە پێش چاوی هەندەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی و شۆڕش ، لە بەر ئەوە بڕیاریان دابوو کە لە شوێنێک دام بنێن نیزدیک لە خۆیان، لەژێر چاودێریاندا ! کە چووینە بارەگای «م . س» و م .ت بە منیان ووت تۆمان داناوە بۆ لێپرسراوی ئیدارەی پشدەر" قائیمقام" ، کاک حەمە ڕەشید بۆ لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی ڕانیە ، عەلی ئیبراهیم دەروێش بۆ ئەندامێتی کارگێڕی ناوچەی چوارتا ، بۆ هەفتەیەک مۆڵەتیان داین بچین سەر لە کەسوکارمان بدەین ، هێشتا سێ ڕۆژ نە بوو لە سلێمانی بووین، لە پشتەوە کاک عەلی سنجاری کە بە تازەیی ببوە لێپرسراوی لقی چوار لێیان پڕکردبووین ، بە تایبەتی لە من ، ئەویش بروسکەیەکی کردبوو بۆ «م . س» و بارەگای بارزانی کە هاتنەوەی لیژنە بۆ سلێمانی گیروگرفت بۆ لق دروستدەکات ! بە تایبەتی ئەگەر محەمەد عەزیز لە سلێمانی بێ. لقی چوار کاروباری بۆ ئەنجام نادرێ ! هەمان ڕۆژ م« . س» بروسکەیەکیان بۆ ناردبووین ، بروسکەکەی لقی چواریشیان لە گەڵدا دووبارە کردبووە وە ، نووسیبوویان نیشانە بە بروسکەکەی لقی چوار دەبێ لە ماوەی ٤٨ چل و هەشت سەعاتدا لە شوێنی نوێمان دەست بەکار بکەین و بە پێچە وانەوە سزامان دەدەن ! من ئەو ڕۆژانە لە ماڵ نە چوو بوومە دەرەوە ، کاک حەمە ڕەشید هات بۆلام ، پێکەوە لەسەرباری پشتی لۆریەک سواربووین و چوینە ڕانیە ، من لە وێوە چوومە قەلادزە ، بارەگای «م . س» و «م . ت» چوو بوونە وە قەلادزە ، زانیم کە لە پێش مندا کاک خالدی حیسامییان داناوە بەلێپرسراوی پشدەر بەڵام هێشتا دەستی بەکار نەکردبوو ، چوومە بارەگای «م . س» و «م .ت» ووتم ئێوە لەپێش مندا کاک خالد ئاغاتان داناوە ، من بنێرن بۆ پێنجوێن ، کاک عەزیز عەقراوی فەرماندەی لەشکری سێ بوو بارەگاکەی لەپێنجوێن بوو ، لەپایزی ساڵی ١٩٦٢ وە ئاشنایەتیم لەگەڵدا پەیدا کردبوو ، ووتیان نابێ، کارێکی تر دەدەینە خالد ئاغا ، تۆمان دەوێ لێرە قائیمقام بی ، ئەوسا ڕووم تێکردن ووتم: لەوە دەچێ ئێوە من وەک دێو و پیاو خۆر سەیردەکەن، وادەزانن لێتان دووربم خەڵک دەخۆم ، ڕەمەزان ، یا هاشم عەقراوی یەکێکیان ووتی ڕاست دەبێژێ ، ئەوسا ووتم باشە من دەست بە کار دەکەم.

دەستم کرد بەکار ، پێوەندیەکی باشم لەگەڵ دانیشتوان پەیداکرد ، لەساڵی ١٩٦٢ وە ئاشنایەتیم

# حەمەی عەزیز «خاڵە حەمە»

لەگەڵ زۆربەی ئاغاو براگەورەکانی میراودەلی پەیداکرد بوو، ئاغاو برا گەورەکانی ئاکۆ و مەنگوڕ و بلباسیش ئاشنایەتیم لەگەڵیاندا هەبوو، براگەورەکانی مامە شم لە بەرەی هەندرێن لە گەڵ مەنگوڕاکاندا دیبوون ، پێوەندیەکی چاکم لەگەڵ کاکەباس هەبوو ، نیزدیکی مانگێک وەکیلی بووم لەسەر لەشکرەکەی ، ئەمانە هەموو حەزیان بە سەرکەوتنم دەکرد ، کە شۆڕش پارەی نەبوو بۆ ئازووقە پارەم بە قەرز لە هەندەک لەوانە بەتایبەتی لە میراودەلیەکان و دووکاندارەکانی قەڵادزە وەردەگرت ، زۆربەی ئەو قەرزانەی نێو شاری قەڵا دزە برێتی بوون لە ئار د و شەکر و چاو برنج و ڕۆن و قوماشی خاکی هەموو ئەو قەرزانەم بە فەرمانی م .س ئەنجام دەدا ، شەوم لەڕۆژ گرێ دەدا، ناوچەی پشدەر لە ڕووی سوپاییەوە سەر بەلەشکری ٢ دوو بوو کە کاک ڕەشید سەندی فەرماندەی بوو ، بروسکەیەکم بۆ کرد و تێیدا نووسیم هەرچی پیر و پەککەوتە و بە کەڵکی بەرە نایەت بیانێرن بۆ لای من، باکێشە بۆ ئێوە دروست نەکەن ، «م ،س» و «م .ت» و هەموو لێپرسراوانی «پ . م» دەیان بینی و دەیان زانی کە من چەند ماندوم ، تەنانەت دەمانچەکەی خۆشم فرۆشت پارەکەیم دابە ئارد بۆ پ . م بەو حاڵەش ، نەیارانی بیری نەتەوەیی لە گوزارش نووسین نەکەوتن ، دەیان نووسی چۆن - کاژێکێک کراوەتە لێپرسراوی ئیداری پشدەر ، لە گردبوونەوەیەکی بەر فراوانی کۆمیتەی ناوەندیدا باسی من هاتبوە گۆڕێ ، سکرتێری گشتی کاک حەبیب محەمەد کەریم داکۆکیەکی زۆری لێکرد بووم و گەلێکی پیا هەڵدا بووم و ووتبووی خۆزگە دوو سەد ئەندامی وەک ئەومان ببوایە ، بە پێی بڕیاری خۆیان سەرکەوتووترین ئیداری بووم لە کوردستاندا و سوپاسیان لێ کردم. کە نەیاران ، لەو هەوڵەشدا سەرنەکەوتن ، لەڕێی کەسانی سێهەمەوە هانیان دەدام چیتر قەرز لەدانیشتوان نەکەم بۆ شۆڕش ، دەیانترساندم بەوەی پارەکە نادەنەوە و بەوە من لەپێش چاوی خەڵکی بێ بەڵێن سەیر دەکرێم ، لەژێر فیشاری ئەو دنەکردنانەدا ، ڕۆژێک نامەیەکم نووسی بۆ «م . س» ، ئەگەر لە بەرەوە قەرزەکە نەدرێتەوە لەوانەیە خەڵکی دڵیان لێمان کرمێ ببێ و لە قەرزدان پارێز بکەن ، کاک حەبیب بەناوی «م . س» وە وەرامەکەی بۆ نووسیبووم ، بارەکەی ئێستای ئێمە و تۆ وەک ئەوە وایە ئێمە بە ڕووتی لە گەرماوێکدا بین و تۆش پەشتە ماڵێکت بە بەرەوە بێ وەک ناتری گەرماو ، تۆ لەناو خەڵکیدا ڕێزێکت هەیە و قەرزت دەدەنێ ، ئێمە ئەوەمان پێ ناکرێ دڵنیایان کە هەموو قەرزەکانیان دەدەینەوە و بە قسەی کەس لەو کۆششەی دەیکەیت سارد مەبەرەوە، ڕاستیشی کرد هەموو قەرزەکان لەبەرەوە درانەوە.

لە کۆتاییدا دەڵێم :

١-ئێمەی نەتەوەیی ، پێوانەیەکمان هەیە بۆ دوژمنایەتی ، ئەویش ئەوەیە : هەرلایەنێک دۆستی داگیرکەرانی کوردبێ ، دوژمنی ئێمەیە . گرنگ لێرەدا ئەوەیە : کۆمۆنیستەکان لەو ساڵانەدا کە باسەکەی ئێمە دەیگرێتەوە ، دژی شۆڕشی کورد نە بوون ، بگرە هەردوولامان لایەنگری شۆڕش و خەباتی بارزانی بووین.

٢-لە لایەن سەرکردایەتی و لێپرسراوانی کاژێکەوە ، هیچ بڕیارێک نەدراوە بۆ کوشتنی کۆمۆنیستەکان ، بەزمان و بە نووسین داوا لەهیچ ئەندام و لایەنگرێکی کاژێک نەکراوە بچێ مرۆڤێک با هەر باوەڕێکی هەبوو بێ بکوژرێ.

٣- نەتەوەییەکان شۆڕشیان بەریا نەکردووە ، شۆڕشی ئەیلوولیان بە هی پارتی زانیوە " کە هەر واشە " ، هەر

وەکو چۆن " خود موختار "یشیان نەکردووە بەماڵ بەسەر خۆیانەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا ، کە شۆڕش بەرپا بووە ، بێلایەن و سەیر کەر نەبوون. بەڵکو وەکو سەربازێکی بێناو خزمەتیان کردووە ، بەدەیان ڕۆڵەی ئازایان لە شۆڕشی ئەیلولدا شەهید کراوە. چونکە بەڕاستیان نەزانیوە کوردستان بسووتێ و ئەوان بێدەنگ بن.

٤- لە شۆڕشی ئەیلولدا سەدان خەڵکی نەتەوەیی سەر بە کاژێک و سەربەخۆ هەبوون. ئەوانە لەئاسمانەوە نەهاتبوون ، وەک هەر مرۆڤێکی دی تووشی هەڵەو کەم و کوڕی بوون ، هەرکارێکی خراپ و ناڕەوا هەرکەسێکیان کردبێتیان خۆیان لێی بەرپرسیارن. چونکە هیچ کات بۆ ئیشی ناجۆر و دەستدرێژی بۆ سەر ئازادی و گیانی مرۆڤی دی ئاڕاستە نەکراون. نەک هەر ئەوە بەڵکو کاژێکەکان و دۆستانیان ، ئاواتی ئەوەیان بووە مرۆڤی کورد و هەرمرۆڤێک بە ئازادی بیربکاتەوە و تەواوی سەربەستی ژیانی هەبێ ، بە سەربەستی نەتەوە و خاکەکەیەوە.

٥- ئەوەی جێگەی بەختەوەرییە لەو ساکەوە تائێستا گۆڕانکارییەکی پێشکەوتووانە بەسەر بیر و بۆ چوونی هەزاران کورددا هاتووە ، تەنانەت هەندەک لە تۆمەتهاوێژەکانی ئەوکات ، ئێستا وەک نەتەوەییەکان دەدوێن و دەنووسن.

لە دواییدا هەموو تکا و ئارەزووم ئەوەیە گشت دەوارەکان لەیەک تەریب بدرێن و ڕێکخستنی نەتەوەییانەی مرۆڤدۆستانەی هاوچەرخ دروستبکرێ و ستراتیجێکی پڕ بە باڵای ئاواتی نەتەوەکەمانی بۆ دیاریبکرێ و پلانی لەبار و گانجاو دابنرێ بۆ کەوتنەڕێ و کۆششکردن بۆ گەیشتن بەو ئامانجە.

١٢-٤-١٩٩٨

ئەسعەد نەقشبەندی

# سوارەی ئیلخانیزادە :
# قەڵەمێکی بە هێز و ئەدەبیاتێکی بەپێز

هەواڵنامەی کتێب

مەبەست لەم نووسینەدا هەر ئەوەیە کە نێوی سوارە، ئەو شاعیرە پایە بەرزە قەڵەم بە دەستە لە بیر نەچێ. ساڵێ ١٣١٦ی هەتاوی ١٩٣٧ی زایینی لە بنەماڵەیەکی بەناوبانگ و ناسراو و سەرۆک ئێل، هەروەها ناسراو بە خزمەت گوزاری زانست و عیرفانی ئەو سەردەمە. لە ئاوایی «تورجان» زەنا زەنای گوێ و زمان بەرز بووەوە، پاشان مەلای خۆش دەم و نەفەسی هەر هەمان دێ بانگی خوێندنی چەن ئایەتێکی پیرۆزی قورئان بانگی سوارەی بە گوێی کۆرپەی خنجیلانەی سوروسپیدا دا، ئەحمەد ئاغای ئیلخانی زادە بوو بە خاوەنی دوو کوڕ. دایکی سوارە لە تایەفەی بەداغ سوڵتانە، ئەحمەد ئاغا باوکی سوارە هێندەی پێنەچوو کە تورجانی بەجێ هێشت، بنەو و بارگەی لە ئاوایی قەرەگوێز خست.

سوارە لە قەرەگوێز گەورە و گەورەتر بوو، لە گەڵ کوڕەکانی ئاوایی هاوەڵ بوو نە هاوماڵ. تەمەنی منداڵی وەک بەرق تێپەڕی. سوارەی زرت و زینک، ئازا و ژیرکەلە، ڕووخۆش و دەنگ خۆش، سەر ئەنجام سوار چاک و تێگەیشتوو، خۆشەویستی هەموو خەڵکی ئاوایی و هاوڕێ و دۆستانی بوو. جوانترە بڵێم: قەرەگوێز یەکەم قوتابخانەی پەروەردە کردنی فیکر و ئەندێشە و ڕۆحی عەشیرەتی سوارە بوو. لە چاوە گەشەکانیدا و هەروەها لە هەڵسوکەوتو ڕوبەڕو بوون لە گەڵ گەورە و بچوکدا، کورد ووتەنی دیار بوو دنیای بێبەقا لە گەنجیدا

# سوارەی ئیلخانیزادە

پاچەقولەی دەدا. دنیایێک سەرمەستی و شادی. لە پڕ قەدەر بواری لێتەنی، تانوپۆی بە ئێش و زام. سوارە تازە تاموچێشگەی خۆشەویستی دایکی وەک خوێن بە دەماریدا دەگەڕا کە ئەجەل لەو بەهرە خوداییە بێبەشی کرد. دایکی بەسەر سکەوە چوو.

دونیای غەم، هەست و هەناوی سوارەی پێشێل کرد، بەڵام سوارەش وەک هەموو مرۆڤێکی دی پاش سەردەمێک لەو غەم و نامۆیە دەرباز بوو. دیسان شکار و گەڕان و سواری، بەزم و ڕەزم و گۆرانی، سەدان داب و دەستوری عەشیرەتی وەک گوێدان یا لە بەرکردنی بەیت و باوی ناوچەکە. سوارە وەک کەوباری تازە خاڵ و مێڵی ڕەشتبوو، دەیویست لە دونیا و لە ژیان لەزەتی گەنجی وەرگرێ کە دیسان کەوتە بەر پلارێکی دی چارەنووس. ئەو گەنجە بزێوە کە دەر و دەشت و چیا و چۆم لە ژێر پێیدا خۆی ڕا نەدەگرت، سەراپێی وجوودی عێشقی جوانی پەرەستی سروشت بوو، ساڵی ۱۳۳۳ هەتاوی لە پڕ توشی ئازارێکی نەناسراو هات. ژاری هەلا هەلایی پێ بوو بۆ سوارە.

سوارە نەخۆشکەوت، دەتوت نەمامە و بە دەم بای زلاتەو لەق و پۆپی شکاوە و هەڵوەریوە و چەماوەتەوە. لە پێکەوت، کز وکڕ و داماو بە دەم ئێش و دەردەوە دەتلایەوە، دەتوت مۆمە و دەتوێتەوە، زەرد و زەعیف و لاواز ، دوکتورەکانیش لە عیلاجی سەرسام مان...

هاودەم و هاوڕازی شەوگاری تەنیایی و ڕۆژی بێ ڕۆچنی بوو بە بن میچی دیوار و ژمارە کردنی داری ژوورێکی کۆپی بێدەنگ. لە وەها کاتێکدا کە هەرگیز ناتوانێ ژین بێت، بەڵکە مەرگی سات بە ساتە، دوکتور لە نەخۆشخانەی ئامریکایی تەورێز، ناوی خودای لێ هێنا و عەمەلی جەراحی کرد. سوارە پاش ئەم عەمەلیاتە کفنی دڕی و گەڕایەوە ناو تین و گەرمای ژینی بنەماڵە. بەڵام پاش سێ ساڵ زەجر و عەزاب و دەرد و ئێش. سەرئەنجامی ئیرسی ئەم نەخۆشیەش عەسایەک بوو کە هەتا مردن لە گەڵی بوو.

سوارە دیسان وەک منداڵێکی تازە پێگرتوو کەوتە گڕوگاڵ. دیسان تێهەڵچو بۆ خوێندن و فێر بوون. ساڵی ۱۳٤۱ لە ئازمونی دانشگای تاران بەشداری کرد و لە زانکۆی حقوق وەرگیرا. سوارە دەس بە عەسا، بەڵام دڵی پڕ لە کوڵی خۆشەویستی هەرگیز دانەمرکا. ئەو سوارەی کەوا عەشقی سمڵ و مێخەک و بەرموری کێژە کوردی لادێی بوو لە پڕ بوو بە داوی بسکی لول و ئاڵۆزاوی کیژە ئازەرییەکەوە. سوارە بەو کێژەی دەوت ڕووناک. ئەو قیبلەی ئاوات و ئارەزوی بوو هەرەوها ڕاوکەی شیعر و غەزەڵ و هەڵبەست و پاشانیش هەموو دابو و دەستوری عەشیرەتی پێشێل کرد و بە بێ ئیزنی بنەماڵە لەگەڵ ئەو کێژە ئازەریە بوو بە سەر و هاوسەر. بەم شێوەیە عێشقیش لە ڕێی سوارەدا داو و دام و تەڵەی دانا. ئەگەرچی ئەو کێژە بە وەفا مایەوە، هەرگیز عێشقی سوارەی لە بیر نەکرد، سەرئەنجامی ئەو خۆشەویستیەش کوڕێکی خوێن شیرینی بە نێوی بابەک بوو کە هاتە نێو ژیانی سەراپا کارەساتی سوارە و ڕۆقیا(ڕووناک)ەوە.

ساڵی ۱۳٤۳ی هەتاوی لە پەلامارە دڕندانەکەی (ساواک)دا کە کۆمەڵێکی ڕۆشنبیری کورد دەستگیرکران، سوارەش لە گەڵ ئەواندا کەوتە زیندان. لە زیندانی (قزل قەلعە) شیعری (سورە قەلا – دایکی بەلا)ی ووت. ئەگەرچی ژینی سوارە پڕ لە ئێش و برین و زام بوو، بەڵام ئەشکەنجەی ساواک لەشی سوارەی

## ئەسعەد نەقشبەندی

پتر لە هەر دەردێ قوپاندبوو. وەک خۆی دەیووت: دەرد و ئێشی ئەو ماوەیە گەلێ سەختتر و سامناکتر لەو ٣ ساڵە بوو کە بە گازەرەی پشتدا چاوەڕێی لوتف وکەرەمی (مەلەک الموت) بووم.
ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی سوارە لە ڕادیوی کوردیی تاران دەستی بەکار کرد، ساڵی ١٣٤٧ دانشگای تەواو کرد.

## مردنی سوارە

لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٤ سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ی زایینی سوارە نەخۆشکەوت. بردیانە نەخەخۆشخانەی (میساقیە)ی تاران، دوکتورەکان لە پێشدا پێیان وابوو کە تووشی زەردوویی بووە، بەڵام پاشان دەرکەوت کە شێرپەنجەی ئامان بڕ وەک مێردەزمە هێز و هەناوی لێ بڕیوە. لە زستانێکی سارد و سڕ و سەخت و سەهۆڵ بەنداندا، پەپولەی ڕۆحی شاعیرێکی پڕ هەست، نوسەرێکی بێ وێنە بەرەو دنیای بێ بنی ئاخێرەت هەڵفڕی. من دەڵێم: پەپولەی هەڵفڕی بە باڵی سەوز و سورەوە. بەم شێوەیە بانگی ڕۆڕۆ و چەمەری ڕووی کردە بنەماڵەی ئێلخانی زادە و عەشیرەتی (دێ بۆکری) ، گەلێ شاعیر و نووسەر سوارە ڕۆیان بلاو کردەوە. مامۆستا شوکرۆڵلای بابان لە پارچە شیعرێکدا دەڵێ:

سوارەی ئێلخانی، بەگ زادەی مۆکری
سوار خاسی مەیدان
بۆچی وا گلیای لە نیوە ڕێدا
نیوە ڕێی ژیان
ئەوەن بێ تاوان

هەواڵنامەی کتێب

## ئەدەبیاتی سوارە:

سوارەی شاعیر، سوارەی عاشق و شەیدای جوانیەکانی کوردستان، سوارەی پڕو ماڵامال، لە زانستی دابو دەستوری کوردەواری، خالقی خەوە بەردینە، لە نوسیندا قەڵەمێکی خۆش ئاژۆی هەبوو. ئەگەرچی بیری سوارە تلوعێکی تازە بوو لە شێوازی شیعری نوێی کوردیدا، لەم بوارەدا هەرچەند دڵت بخوازێ خاوەن پلە و پایە بوو، لەمە زێدەتر لە پەخشاندا مامۆستا و زانا و تەنانەت تاقانە بوو. سیحری قەڵەم، ئیعجازی نووسین، بەکار هێنانی ووشەی تازە و جوان و ڕەسەن و خۆماڵیانە بە تامو بۆنی بەردەواری عەشیرەتی ، سەدان قۆبە و قوبەنی دیاریکەر بۆ تام و بۆن خۆشی نووسراوەکانی بەرهەمی ئەم پایە بەرزە لە شاعیرەکانی سەردەمی خۆی و پێش لەو جوێ دەکاتەوە. خەوە بەردینە شاکاری شیعری سوارەیە. بۆ تێگەیشتنی فەرهەنگۆکێکی تایبەت پێویستە، سەرەتای ئەم شاکارە بەم شێوە دەست پێ دەکات.

خەوە بەردینە
لە چەشنی گەرووی کەو
کەوی دۆمی یەخسیری زیندانی داری

# سوارەی ئیلخانیزادە

پڕی سەوزە بەستەی خرۆشانی باری
تەڕەی باوەشی تاسە باری بناری
شەپۆلی لە گوێن خوێنی شەرمی کچانە
لەسەر ڕوومەتی ماتی بووکی ڕەزا سووک
بە تینی بتاوێنێ ڕوانینی زاوا
گەرمتر لە پڕشنگی تاوی بەهاری
وەکو نەرمە هەنگاوی لاوی بەرەو ژوان
لە جێ ژوانی زیندوو بە گیانی کچی جوان
وەکو گەرمە یاوی قەشەی دەستی تاراو
لە بژوێنی دەریای بلوورینی بەروێ
بە خوڕ خۆ بە دیواری کێوا ئەدا ئاو
لە گەڵ گاشە بەردا سەر ئەسوێ سەر ئەسوێ

ساڵی ١٣٤٦ هەتاوی سوارە لە رادیوی کوردی تاران دەس بەکار بوو. من و سوارە بووین بە هاوکار. ئەو بۆ دەسپێکردنی کار لە ڕادیو بەرنامەی تاپۆ و بومەلێڵی پێشنیار کرد، بەم بەرنامەیەوە بە هۆی شەپۆلی رادیوە لە گەڵ گوێگر بوو بە ئاشنا. سوارە بۆ نووسینی بەرنامەکەی جگە لەو هونەرە کە لە جەوهەری قەڵەمیدا بوو، هونەرێکی دیکەشی هەبوو کە لە کەمتر نووسەردا بەدی دەکرا، ئەوەش ئەوە بوو کە لە ژوورێکدا کە (٥) کەسی تری تێدا بوون و هەرکامە بە کارێکەوە مەشغوڵ بوون قسە وگاڵتەی دەکرد و لە هەمان کاتیشدا دەی نووسی ، کاتێ لە نوسین دەبووەوە دەیووت: ئامادەم بڕۆین بۆ ستۆدیۆ.

لە کاتی تۆمارکردندا کە من ئەو ئەرکەم بە سەر شانەوە بوو، سەرم سوڕ دەما لەو هەموو جوانییە کە ئەو دەیخستە چوارچێوەی شیعر و پەخشانەوە. سوارە جگە لە تاپۆ و بومەلێڵ هەموو مانگێ چیرۆکێکی لە فارسیەوە بۆ کوردی تەرجومە دەکرد، یان خۆی چیرۆکێکی دەنووسی لە شەش بەشدا، کە لە کرماشان و (بۆناب) بڵاو دەکرایەوە. چیرۆکێکی بە سۆزی ئەدەبی نووسی بە نێوی (خاڵۆ ڕێبوار کێیە) ئەم چیرۆکە کە دیار بوو پڕ لە ڕەمزو ڕازی ئەدەبی و ئیما و ئیشارەی سیاسی بوو، تا بڵێی جوان، تا بڵێی بە تام و بە لەزەت. قارەمانی چیرۆکەکەش (فەقێ ئەحمەدی دەنگ خۆش) بوو.

چیرۆکی ئەشکەوتی گەوهەر دیسان لە نوسینی سوارە بوو کە زیاتر بارودۆخی عەشیرەتی و ناموس پارێزی پێشان دەدا.

پێش ئەوەی شیعرێ یا چەند شیعرێکی سوارە بە نمونە بێنمەوە، حەز دەکەم بە سەر پەخشانێکیەوە باس بکەم و بڕە دێڕێکی کە لە بیرم ماوە ڕاگەێنم. پەخشانەکە وەڵامی گوێگرێکە کە لە کاک سوارەی ڕەحمەتی ویستبوو تەنزێکی کوردی بڵاو بکاتەوە. ئەویش بەم شێوە وەڵامەکەی دایەوە. ئەمەش تەنزێکی کوردی بۆ تۆی

# ئەسعەد نەقشبەندی

گوێگر.

نامەی گورگی برسی بۆ بەرانی دابەستە
کاکە بەران چۆنی؟ خوا سەبەب کار بە کۆی زوغاڵ کا کە من و تۆی خانەدانی نەجیبی چواڕپێی لە یەک جێا کرد.
بەڕاست حاڵت چۆنە بە دەست گوڵە بۆزەوە، کە هەر ئێوارە هەتا بەیان بە دەور کوزەکەتا حەپەی دێ. پەکو چەندە ڕقمە لەم کلکە سوتەیە بۆ پارویەک نان.
پاشان درێژە دەدا بە نوسینەکەی و دەڵێ: بەڕاست دەزانی ئەم ئادەمیزادە تەژە چی بە تۆی خانەدان دەکا؟ وەک سڵقی ڕووت دەت ڕوتێنێتەوە، خوری و بەرگت دەکا بە مافوری کرمان و کاشان کە چی نێوی تۆی خانەدان لە کولەکەی تەریشدا نابا. بە من دەڵێن گورگی ددان تیژ، من لە ئادەمیزادم بیستوە کە گۆشتی بەرخ بۆ کەباب خۆشە. من هەرکاتێ کوشتم خواردوە برسیم بووە، ساڵی گرانیەکە ئادەمیزاد گۆشتی ئادەمیزادی دەخوارد. بۆ من هەمیشە گرانیە.
لە شوێنێکی دیدا دەڵێ: خوا بە سەرەوە شاهێدە زبانم بە ڕۆژوە هەر وەک ئەو کاتەی کە باپیرم زبانی بە ڕۆژو بوو، ئادەمیزاد تۆمەت و تاوانی خواردنی کوڕی یەعقوبیان لێدا. بە ڕاست هیچ دیمەنی دڵتەزێنتر لە دیمەنێ بەرخ بەردان بۆ لای مەڕ هەیە؟ کاتێ کە بەرخی بەستەزمان بە یەکەم ملق کە دەیدا لە گوانی دایکی، تێدەگا لە پێش ئادەمیزاد تالانی کردەوە.
ئەمە چەند دێڕێک بوو لەو پەخشانە کە قەڵەمی سیحر ئاسای سوارە وەک شانۆیەک دایڕشتبو، پەخشانەکە بەر بڵاوتر لەمەیە بەڵام هەر ئەم چەند دێڕەم لە بیر مابوو.
وەک ووتم من موخریج، یاخود بڵێم ئامادەکاری بەرنامەکانی سوارە بووم. ئەو نوسراوانەی کە هەرگیز نابێزرێن و هەرگیز نەبیسرابوون.
چەند پەخشانێکی تایبەت لە بەرنامەی تاپۆدا وەک مێژوو دەمێنن یەکێ لەوانە پەخشانێکە بە سەر بۆردومانی قەڵادزەوە کە منداڵێک باسی شەهید بوونی دایکی دەکا. دێڕێکم لە بیرە منداڵەکە دەیووت: من دایکم دوجار بە بوکیەتی دیوە. جاری یەکەم ئەوە بو کە دایکم لە ڕازو حیکایەتی شەوانە کە بمکاتە خەو باس و کارەساتی زەماوەندی خۆی و تارای سور و دەنگی گۆرانی بێژ و بەرە وکۆشکی بەخت چونی ئەچیاند بە گوێمدا، لە سەر سەحیفەی زەین و خەیاڵم وەک ڕوداوێکی ڕاستەقینە تۆمار دەبوو، جاری دوهەم ئەو کاتە بوو کە واشەی باڵ پۆڵای بەعس لوراندی و گرماندی و خانوەکەمان ژێر و ژوور بوو، دایکم هەمان تارای سووری پۆشی.
هەروەها کە ووتم سوارە تلوعێکی تازە بوو لە شیعری نوێی کوردیدا. دیسان شارەزایەکی بە تەواناو مانا بە سەر بەیتە بە نێو بانگەکانی ناوچەی موکریانەوە، لە شیعرەکانیدا تام و چێژی ئەم بەیتانە بەدی دەکرێت. ئەو سەردەمە کە سوارەی تێدا دەژیا، سەردەمی حوکمی پادشایی ئێران بوو، کە باسکردنی قەزیەی

هەواڵنامەی کتێب

# سوارەی ئیلخانیزادە

سیاسی کورد نەدەگونجا سوارە بە زانستێکی تایبەتەوە بارودۆخی سیاسی بە شێوەیەکی نهێنی لە چوارچێوەی شیعر و پەخشان و تەنزدا بڵاو دەکردەوە، و جاروبارەش ئەو شتە نالەبارانەی کە لە کوردستانی دیوی عێراق ڕوی دەدا بڵاوی دەکردەوە یا لە سەری شتێکی بە تام و بۆنێکی تایبەتەوە دەینووسی. بۆ ئەم مەبەستە پێشەکیەک کە لە سەر شیعرە مەشهورەکەی (چاوە)(فاتحی شێخ الاسلامی) نوسیویەتی دەخەمە پێش چاو:

(چاوە) ئەم شیعرەی لە کاتی ئینشقاقی حیزبی دیمۆکراتی عێراق بڵاو کردەوە، ناوی شیعرەکەش (شەوەیە) ئەم پێشەکیە کە بە لای منەوە هەیە و بە دەنگی خوا لێخۆشبوو سوارە تۆمارە کراوە بەم چەشنە دەسپێدەکا.

سڵاوێکی خاوێن وەک شنەی شەماڵی دورە شار پێشکەش بە گوێگری هۆگری هونەر. لە بەرنامەی ئەم جارەماندا، یەکێ لە جوانترین و بە نرخترین شوێنەوارەکانی شیعری نوێمان هەڵ بژاردوە کە لە گەڵ شیکردنەوەدا بۆتانی دەخوێنینەوە. ئەم پارچە شیعرە هی شاعرێکی گەنجی کوردە و ناوی شیعرەکەش (شەوەیە).

ئادەمیزادێکی سەرلێشێواو و کڵوڵ بهێنە بەر چاو لە شەوێکدا، شەوێکی کوێ و کڕ و کەڕ، هەتا چاو بڕشتی هەبێ و بیر بڕشتی تاریکیەو بێ دەنگی، وەها کە ئادەمیزاد ئەسیری شەوە و تەنانەت لە بوونی خۆیشی دەکەوێتە دوو دڵییەوە، تەنانەت هەناسە کێشان و ڕوانینی چاوو ، هەست کردنی سامی شەویش ناتوانن ئەو دڵنیا کەن کە هێشتا زیندوە.

هەبوو نەبوو: وەها سنوریان تێکەڵ دەبن کە لە یەک ناناسرێنەوە. لەم حاڵەدا کە نە تەواو نەبوونە و نە تەواو هەبوون، دەنگێ لە دورترین سوچی شەوەوە دێتە گوێ، ئادەمیزاد بەندی زیندانی شەوگار، هەست دەکا کە زیندوە. بە واتەی شاعیر شعوری گەرمی هەبوون بە گیانیدا دەگەڕێ. دەنگەکە پەرەگر دەبێ. بەرزتر و نزیکتر دێتە گوێ. ئادەمیزادی تاسەبار تەواوی هەستی خۆی لە گوێدا کۆ دەکاتەوە تا بزانێ ئەم دەنگە خۆشە کە مزگێنی ژیان و هەبوونی پێوەیە چیە؟ بەڵام دەنگە کە هێشتا دوورە. ناچار ئادەمیزادی بە سوێو تامەزرۆی دەنگی بزوتنەوەی ژیان بیر دەکاتەوە. جارێ بە دڵیا دێ ئەمە دەنگی نووحە. جارێ لەبەر خۆیەوە دەڵێ: نە، دەنگی نرکەی تەور بە دەستێکە کە خەریکی هەڵپتاوتنی بڕینی لک و پۆی دارستانە تا ڕێگایەک بەرەو شاری ڕووناکی بکاتەوە. جارێکیش دەڵێ: ئەمە دەنگی دەنوکی مەلی بەیانە کە پەرژینی سەختی شەو کون دەکا تا دەروویەک لە سەر پرشنگی هەتاو بکاتەوە. دەنگ هەر دێ و نزیکتر دەبێتەوە. تاکو دەبێتە چەقڕنێکی تاڵ و مەرگهێن. لە پێشا ئادەمیزاد لە بێ دەنگی و خامۆشی شەو دەترسا، ئەم جارە دەروونی پڕ دەبێ لە سامی دەنگەکە و تێدەگا ئەو زەمزمە نەرمە کە لە دورەوە وەک پتەی سەر ئاو دەهاتو زایەڵەی دەتگوت هەڵقوڵینی کانیە، کاتێ نزیک بوەوە، بوو بە دەنگێکی ترسێنەری مەرگ ئاوی کە چەشنی شەو گەروی ئادەمیزادی تەنیا و بە هەڵە چو دەگوشی. ئێستە گوێ بگرن بۆ شیعرەکە:

پەسا پەسا پەرەگر بوو شەوی کڕی لاسار،

# ئەسعەد نەقشبەندی

ئەما شنەی شەوبا ئەوی بوو چەسپی زەوی بوو لە سامی شەو پاسار
لە سیحری تاریکی هەبوو نەبوو یەک بوو
ئەما نیشانەی بوون، ئەما نیشانەی من.
لەشم توایە دەروونی شەوێکی بێ ڕۆچن.
پەسا پەسا پەرەگر بوو بەرەو فەزای بێ بن
بە چاو و گوێ پەلەقاژەی شعوری بوونم بوو،
سەرنجی چاوی بە هەڵپەم شەوی سمی لە هەموو لاوە بۆ تروسکایی
بە لەرز بوو گیانی بە سوێ
دڵی بە خوریە لە بن گوێ. گوێ بە وریایی بە کۆڵی ملاسی جریوەی ژیان.
بەڵام هەیهات:
مەلولی کردم شەو
مەلولی کردم شەوگار
عەزابی دامێ شەوی بێ ڕەزا بە گۆڕە و شار
کەچی لە دوورترین سووچی ئەم شەودا ناکا بە نەرمە ئاهەنگێ
درنگ درنگ دەنگێ وەکو تپەی سەر ئاو شەپۆلی خستە دەروون
لە گوێم تەنی لە گوێن هەڵ قوڵینی کانی بوو
تەنینەوە وەکو بۆنی گوڵاڵە ئانی بوو
شنەی بلاوێنی دنەی دەدا بە خەیاڵ
هەرا هەرای نوحە؟
گەمی دەخولقێنێ
کە دێوی زاڵمی شەو و هەواڵەکانی بە لافاوی ڕەش نەخنکێنێ؟
بەیاخی کاوەیە؟ ئاخۆ بە ڕەمزی فەتحی بەیان لە جەرگی شەو دەچەقێ؟
مەلی بەیانە لە شەو زیزە بێ ووچان و هەدا دەنوکی سەختی لە پەرژینی قایمی شەو ئەدا؟
یا تەور بە دەستێکە لە دارستانی چڕی شەو خەریکە تێدەپەڕێ ڕو لە شاری ڕووناکی؟
دەهات، دەهات، دەهات، و شەو شەق دەبوو. شعوری گەرمی هەبوون بە گیانما دەگەڕا
جێ بە سامی شەو لەق دەبوو
دەهات، دەهات و گەورە دەبوو گەورەتر دەبو
هەیهات، لە سامی شەو کەڕ بووم
لە سامی دەنگ پڕ بووم
دڵم کولاوە بە زرمەی هەناسە تاسێنی

هەواڵنامەی کتێب

# سوارەی ئیلخانیزادە

دەهات و گەورە دەبوو، گەورەتر دەبوو
هێهات شەقڕنی تاڵی وەکو مەرگی ناگهانی بوو
تەنینەوەی وەکو ژەهری هەلا هەلایی بوو. هەرای دەروون ئاخن
پەسا پەسا پەرەگر بوو وەکو شەوی لاسار
پەسا پەسا پشو بڕ بوو عەزابی گۆڕەوشار
وەرن، وەرن شەوە گرتوومی بمگەنێ هاوار.

هێنانی شیعرەکەی فاتیحی شێخ الاسلامی (شەوە) تەنها لەبەر شیکردنەوە شیرینەکەی خوا لێ خۆشبوو سوارە نەبوو، بەڵکە بۆ ئەوە بوو ئەوانەی لەو هەڵەیە دەربهێنن کە ئەم شیعرە بە هی سوارە دەزانن. چەند ساڵێ لەمەو پێش لە گۆڤارێکدا بە نێوی (هیوا) کە لە فەرانسە دەردەچو شیعری (شەوە)ی بە نێوی شیعرێکی سوارە کە ئەحمەدی شریفی بە دیاری بۆیانی ناردوە بلاوکرایەوە.
ئەگەر چی بۆ چاپی دیوانەکەی سوارە کاک عومەری برای هەوڵێکی زۆری داوە، بەلام بە داخەوە هیچکام لە پەخشانە جوانەکانی سوارەی بلاو نەکردووەتەوە، دەبێ بێگومان بلاو نەکردنەوەی شیعری (بیرەوەری دووی ڕێبەندان) هۆیەکی سیاسی تایبەتی هەبووە کە وەک مێردەزمە قورسایی خستۆتە سەر شانی هەر نوسینێک لە ئێراندا.

## بیرەوەری دووی ڕێبەندان

دەمخاتە سەر بەستە و بەندان
ڕێبەندانی ڕێ نوێنە
لە داگیرکەر سەر شێوێنە
هەڵهات هەڵهات لە هەموو دیاران
پێ پلکەی دێو، تەختی تاران
دوژمنی کورد جێ پێی لێژە
با بیگرین گەرە لاوێژە.

بێگومان خوالێخۆشبو سوارە شیعری زۆری گوم و گۆڕ بوون. ئەوەش دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زەبر و زەنگەی حکومەتی شا.
بە پێی نوسراوەکەی کاک سەلاحی مهتەدی ئامۆزای سوارە، ئەو خوالێخۆشبووە، ساڵی ١٩٦١ بووە بە ئەندام لە یەکێتی خویندکارانی کورد لە زانستگاکانی ئێران کە سێ ساڵ پێشتر پێکهاتبوو. نە تەنیا قوتابیان بەڵکو جەم و ئاوەرێکی زۆر لە تێکۆشەران و نیشتمانپەروەرانی کورد لە دەوری سوارە کۆبوونەوە.
کاک سەلاحی مۆهتەدی لە (مامۆستای کورد) سالی ١٩٨٣ دەنوسێ:

## ئەسعەد نەقشبەندی

بە تێکڕا حەرەکەتێکی سیاسی فیکری، هونەریی نوێ لە نێوەڕاستی شەستەکانەوە لە نێو ڕووناکبیرانی کوردستانی ئێراندا پێکهات و پەرەی سەند کە بە خێرایی شێوەی سیاسی تەشکیلاتی بە خۆیەوە گرت. کۆمیتەیەکی سیاسی بۆ سەرکردایەتی بزوتنەوەکە بە نهێنی پێکهات کە سوارەش یەکێ لە ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە بوو.

زۆربەی ڕۆشنبیران و لایەنگرانی هونەر و ئەدەبی کوردی پێیان وایە شیعری کوردی لە سەر شاباڵی شەپۆلی واقعییاتی تازەی کۆمەلایەتی گورجانە بەرەو گۆڕان و گەشە ڕۆیشت، شیعری نوێ، بە تایبەت لە گەڵ (سوارەی ئیلخانی زادە و فاتیحی شێخ الاسلامی) گەیشتە لوتکەی هەرە بەرزی خۆی، ئەمە تەنها بیروڕای کاک سەلاحی مهتەدی نییە، دیسان لە نوسراوەکەی کاک سەلاح لە گۆڤاری (مامۆستای کورد) دەخوێنینەوە: سوارە لە پێشدا شیعری بە شێوەی کلاسیک و لە سەر وەزنی عەروزی دەگوت. کاتێکیش کە دەستی دایە تێشکاندنی کێش و قافیەی کۆن، شێوەی نوێی دەستپێکرد. هەرگیز وازی لە شێوە کلاسیکەکە نەهێنا. هەر کامێک کە پێی خۆش بووبێ لە هەر شوێنێک کە پێی وا بووبێ کە کێش و قافیەی قەدیمی بەکارتر هاتووترە خۆی لێ نەدەبوارد.

بلاوکردنەوەی چەند نمونەیەک لە شیعرەکانی سوارە بە پیویست دەزانم. شیعری (شار) پڕە لە ڕەمزی ڕاستەقینەی ژینی پڕ مەینەتی ئەو سەردەمە. خۆزگە ئەو پێشەکیەی کە سوارە بۆ ئەم شیعرەی لە بەرنامەی (تاپۆ و بوومەلێڵ)دا نوسیبووی بلاو دەکرایەوە، کە داخەکەم ئەویش یەکێکە لەو شتانەی کەبێ سەر و شوێنن.

### ئەمەش شیعری شار

گوڵم!
دڵم پڕە لە دەرد و کوڵ
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت
ئەڵێم بە جامێ ئاوی کانیاوی دێیەکەم
عیالجی کەم کوڵی دڵی پڕم، لە دەردی ئینتزارەکەت
وەڕەز بوو گیانی من لە شارو هاڕە هاڕی ئەو
لە ڕۆژی چڵکنی نەخۆش و تاو و یاوی شەو
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت
لە شاری چاو لەبەر چرای نێئۆن شەوارەکەت
بڕۆمە دێ کە مانگەشەو بزێتە ناو بزەم
چلۆن بژیم لە شارەکەت
کە پڕ بەدڵ دژی گزەم؟!
لە شارەکەت، کە ڕەمزی ئاسن و منارەیە

# سوارەی ئیلخانیزادە

مەلی ئەوین غەوارەیە
ئەڵێی لە دەوری دەست و پێم
ئەوەی کە تێل و تان و رایەڵە، کەڵەبچەیە
ئەوەی کە پەیکەرە میسالی داوەڵە
ئەوەی کە دارتێلە، مەزهەری قەنارەیە
لە شارەکەت کەمەندی دووکەڵە
کە دێتە دەر لەماڵی دەوڵەمەند
تیشکی بێ گوناهی خۆرەتاو ئەخاتە بەند
لە هەر شەقام و کووچەیە شەپۆڕی شینە
دێ بەرەو دڵم
دەستی گەرمی ئاشنا نیە کە ئەیگوشم
دەستی چێوییە
لە شارەکەت زەلیلە شێر
باوی ڕێوییە
بە هەر نیگایەکو پەتایەکە
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت
گوڵم، هەرێمی زۆنگ و زەل
چلۆن ئەبێتە جارە گوڵێ
لە شاری تۆ، لە بانی عەرشە قۆندەرەی دراو
شارەکەت
ئاسکە جوانەکەم!
تەسکە بۆ ئەوین و بۆ خەفەت هەراو
کێ لە شاری تۆ، لە شاری قاتڵی هەژار
گوێ ئەداتە ئایەتی پەڕاوی دڵ؟
منێ کە گۆچی تاوی گەرمی بەردەوارەکەی عەشیرەتم
بە دارە تەرمی کووچە تەنگەکانی شارەکەت
ڕانەهاتووە لەشم
بناری پڕ بەهاری دێ
ڕەنگی سور و شین ئەدا
لە شیعر و عاتیفەی گەشم

# ئەسعەد نەقشبەندی

ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت گوڵم

کاتێ دەمویست شیعرێ یا دوو شیعر هەڵبژێرم نەمدەزانی دەس بخەمە سەر کام شیعر. «تۆ دەریامی» هەڵبژێرم، کە هەر وەک دەریا شەپۆل ئاوییە و دەمخاتە یادی ئەو ڕۆژانەی کە سوارەی نوسەر بە قەڵەمێکی خۆش ئاژۆلە کونجێکی بەرنامەی کوردیدا نە تەنیا دەریا بەڵکە ئۆقیانوسێکی دەخولقاند، یا شیعری «خێڵی درۆ» هەڵبژێرم کە پڕیەتی لە شەهامەت و ئازایەتی نووسەر لەو سەردەمە تاریکەدا.

## خێڵی درۆ

ئێوە کێن؟ خێڵی درۆ
گەلی دەم پڕ لە هەرا
نیشتە جێی شاری بە گرمە و دووکەڵ
پێم بڵێن:
ئێوە چ کارەن؟
چ کەسن؟
ئێوە ئەی کرمی کتێب
یاری غاری هۆدە
بە گەرووی قاسپەکەری کەوتارێن
جارێ کام گوم بوو ئەدەن وا بە هەڵپە و بە دەهۆ؟
ئێوە:
میرات گری کام جێ لەوەڕن؟
ئێوە؛
حاشارگری رووبەندی وشە
بووکی بن تارای سوور
خوا نەکا بای بە تەوژمی کوێستان
لا بەرێ پەردە لە سەر بالآتان
دەرکەوێ هەردە کوژن دووراودوور
ئێوە:
کەی شێری چیان؟
بەردەماو خۆری توڵە و گورگی گەڕن
قاقرەگیان هەوای بەر پشتێن
شۆڕەکاتێکە کوژەی خەڵفی دەست

هەواڵنامەی کتێب

## سوارەی ئیلخانیزادە

زەلکەیە کوڕەکەتان ئێوە زەلن
هەر بە بایەک ئەگەڕێن بێ دەربەست
کام بەیان بەربوو لە بەندی شەوەزەنگ؟
کام کولەی شۆڕ بە نەفەستان لاچوو؟
مل بە بەرمووری وشەی ڕەنگاورەنگ!
کامە پێ کەوتە پیاسەی ڕێتان؟
ئێستە وا گرمە لە کێوان بەرزە
مێش ئەخاتە لەشی گا بوولەرزە
ئێوەن و ئێوەن و لۆکەی گوێتان
بەسیەتی،، ... بەسیەتی
واهات ... .وا چوو
١٣٤٧

(سروەی بەیانی) کورتە شیعرێکی سوارەیە. جوان وەک سروەی دەم بەیانی بەهارانی کوردستان، پڕ بایی و پابەرجا وەک هەزاران تاپۆی دیار و نادیاری مێژوو، پڕ لە هەستی ژین و ژیان وەک جریوەی باڵدار لە دارستانێکی چڕ و پڕ، پڕ لە زمزەمەی خۆشەویستی وەک زیڵ و بەمی پێکەنینی کیژی ڕەزا سوک لە جێ ژوان وەک گۆمی مەندی پڕ لە نهێنی. بەتین و تاو وەک ڕوانینی ئاسکێکی سڵ کردوو.

### سروەی بەیانی

تۆ وەکوو
سروەی بەیانانی بەهاری
تۆ لە لەشما
گیانی سووکی نادیاری
بۆ شەوی خۆشی و نەخۆشیم یادگاری
ڕەمزی ئینتیزاری
* * *
تۆ جریوەی دارسانی جێ ژوانی
بۆ هەسێرەی بەرزی ئاواتم
سریوەی
چەندە جوانی
گیانەکەم

# ئەسعەد نەقشبەندی

جاران کە ئەتکوت
پێکەنینت زایەڵەی
سەوزی شەتاوە
چاوی شینت گۆمی مەندی
پڕ لە ماسی
زەردو سوری بەر هەتاوە
ئێستە بۆ وا شۆڕەبی
برژانگی نەرمت دەوری داوە
بۆچی گەرمایی روانینت نەماوە؟

(هەڵۆ) یەکێ لە شیعرە پڕ ناوەرۆک و پڕ ماناکانی سوارەیە کە بە سەدان جۆر و شێوە لێکۆڵینەوەی لە سەر کراوە. بە پێویستی نازانم دوبارە ئەو شیعرە بڵاو بکەینەوە، بەڵام بەرزی شیعرەکە لە چەند دێڕێکدا دەخەمە پێش چاو.

پیرە هەڵۆی لە هەناو کەوتو دەڵێ:

چەندە ڕوانیمە زەوی لەو بانە
کێوو دەشت لەو سەرەوە چەند جوانە
چەند چکۆلەن پەلەوەر لەو بەرزە
ئاخ کە چەن خوێری گرە ئەم عەرزە

چلۆنایەتی ژینی ئادەمیزاد، تەنگوچەڵەمە، نەشێوی و کلۆلی، سەر دانەواندن و کز و لاوازی و لارەملێ ئەو هەموو ڕەفر و ورازەی کە هەمیشە بۆ ئادەمیزاد دەستو پێ گیر بوو.

جا کامە ئینسان ئارەزوی بەوە دەشکێ کە خۆی دەربازکا لە پەستی و ڕەزیلی، کورتە ژین هەڵبژێرێ نەک درێژایی ژین؟ ئەوە هەر هەمان هەڵۆی پیرە کە دەڵێ:

ژینی کورت و بە هەڵۆیی مردن
نەک پەنا بۆ قەلی ڕوو ڕەش بردن
لای هەڵۆی بەرزە فڕی بەرزە مژێ
چۆن بژێ مەرجە نە وەک چەند بژێ

ئاخرین نوسراوەیەک کە لە سوارەم بینی، وەڵامی نامەیک بوو کە بۆ مامۆستا شوکرولڵای بابانی نوسیبوو. دیارە مامۆستا بابان بیستویەتی کە سوارە هەڵۆی فارسیشی ووتوە ئەویش وەڵامی مامۆستا بابانی پاش چاکی و چۆنی بەم دێڕە دابوویەوە: کاک بابان ، وتبووت من هەڵۆم بە فارسی ووتوە. جا بۆچ فارسیش هەڵۆی هەیە؟ ئەم نوسراوەیە لە کاتی مردنی سوارە لە ژورەکەیدا بە ناتەواوی دەست مامۆستا

هەواڵنامەی کتێب

# سوارەی ئیلخانیزادە

ڕۆژبەیانی کەوتبوو کە ئەویش عەینی نامەکەی ناردبوو بۆ شوکروڵلای بابان.

نوسین یا لێکۆڵینەوەی شیعرەکانی سوارە کە شاسواری شیعری نوێی کوردی بوو، کارێکی ئاسان نیە، هەروەهاش پڕ دەرەتان و تەواو بوونی مەحاڵە. شیعرەکانی وەک ڕووباری خوڕی بەهار پرخرۆشن، وەک تینی هەتاوی هاوین گەرما بەخشن، هەر وەک پاییز پڕ لە ڕەمز و ڕازی سرینەوەی ئارایشن. تامو بۆنی شیعرەکانی تێر ئاون لە سەرچاوەی پڕ پیت و بەرەکەتی بەیتە مەشهورەکانی مەڵبەندی مۆکریان. کە ئەو شاعیرە پایە بەرزە هەمیشە بە شیعری ڕەسەنی کوردی ناو دەبردن لە شیعرەکانیدا، هەروەها لە پەخشانە جوان و ڕەنگینەکانیدا بۆ و بەرامی کوردەواری، بێنی سەر سەکۆی بە کاگل سواخ دراو، یان لەزەتی دانیشتنی کەوێڵی ناو باخ، هەروەها سەفا و بێگەردی بەر دەواری عەشیرەتی و عەتری هەزاران گوڵی کێوی هەست دەکرێ.

لە بەر هەزاران سەنعەتی شیعری ، بەکارهێنانی ووشەی خۆماڵیانە و جوان، ئەو هەموو تینو تەوژمە کە پێناسن بۆ شیعرەکانی. سوارە و هونەرەکەی مەدالیای تلوعێکی نوێیان لە خاوەن بیر و ڕایانی شیعر و ئەدەبی کوردی وەرگرتووە. سوارە چۆن تلوعێکی نوێ نەبێت وەک خۆی دەڵێ:

لە دڵما خەم و داخی ئەم دەردە سەوزە

کە دەردی گرانی هەمو ڕێبوارێ وەنەوزە

ئەو ڕوانینە کە تایبەتی شەخسیەتی شیعری سوارەیە لە کەسێکی دیدا بەدی ناکرێ. لە شیعری کچی بەیانا بە هەزاران ئیشارەی جوانی شاعیرانە، دەڵێ:

لە پەنجەرەی نیوە تاکی بومەلێڵەوە

چاوی من لە دیمەنی کچی بەیانیە

لە حەنجەرەی زەمانەوە گوێم لە زەمزەمەی زوڵاڵی خێزە وردەکانی کانیە

شیعرەکانی شانۆی ژینی دوێنێ و ئەمڕۆن، پڕ لە ماندوویەتی، پڕ لە ئۆف و ئۆخەی، شاراوە لە ناو پۆپەشمینی وەرم و بریا. ئینجا حەسانەوە و حەسانەوە، تەنیا ماندووی لە پێکەوتووی ژین دەتوانێ تام و بۆنی ئەم قسەیە پڕ بە پێست بچێژێ.

تۆ دەشتی ئەو پەڕ نادیاری

بۆ چۆڵ بری لە پێکەوتوو تاپۆی شاری

بیری تیژی سوارە ناپێوارە لە هەردان سەر دەکەوێ تا بێنیهایەت وەک ئەستێرەی گەشی ئەمەل دەکشێ بەرە و هیوا. بۆیە دەڵێ:

دامێنی ژینی ئادەمیزاد هەڵناتەکێ لە مناڵ

لە ژیانی کرچ و کاڵ

دیتم کە پرمەی دێ

من گەرمی بیر و هیوا بووم

# ئەسعەد نەقشبەندی

پرمەی کە خێڵی سواری مەریوانە، بێچارە خۆم
دوور پەروازی هەڵفڕین بەرەو فەزایبێ بن
گەشت و گێڵ لە ئاسمانی ئەندیشە و خەیاڵ و ئەدەب بۆ سوارەی بەهەشتی هێند ئاسان بووبێ قۆرت و گرێیە
کە دەڵی:
ئاسمان ئەوەندە خۆڵە مرە،
قاز و قورنیگە تەپ و تۆزاوین
پاشان ڕوباری خرۆشانی ئەندیشەی بێ دەربەست و ئازاد
دوور لە تەوس و توانج، بێ ترس لە بەند و کەلەپچە و یاساوڵ
یا تەنانەت قار و تورەیی و مۆنی پەری ئاسای دڵبەرێک
لە دڵی شەوە زەنگی خەیاڵدا داخورین و قرمە و گرمە و شیپی شەلاخی تریشقەش داینا چەڵەکێنێ.
چەخماخە دانی هەوری نەزۆک ئەستێ و بەردو پووشن بە دۆستی پیری لەرزۆک.
سەرنجی قوژبن بشکێنی شاعیرانەی ئەو شۆخە سوارەی شیعری نوێی کوردی گەلێ بۆرج و باروی پەرێشان
دەکاتە نیشان.
ڕووخان بە داخەوە بێ قرمە
ڕووخان کۆشکی لە پۆلا
دیواری چین و پەیکەرەی بۆلهەول
ئاخۆ فرمێسکی ڕوونی دوا باوەڕ،
بۆ مەرگی زریە برێژم؟
یا ڕوباری چووکی بە فیرۆ چوو
ئەو کاتەی کە خرۆشی هەستی کوردانە وەک سەماوەر لە دەورون دێتە جۆش
بێ پەروا لە دۆست و ئەغیار، حەز و ناحەز، دام و داووتەڵە، تەنانەت کەلەبچە و قەنارە دەڵێ:
ئێمە نوێنەری خەباتی ڕۆژهەڵات
ڕۆژهەڵاتی سوری ئاگرین
فێر نەبووین بە زین و دابەزین
ڕانەهاتوە
چاوی قارەمانی کورد
بە شەونمی گرین
ئەو دەمەی کە لەشی وەک مۆم دەتوێتەوە
زەردی خەزانی عومر لە ڕوانین و نیگا و دیمەنیدا دڵی دۆست دەلەرزێنێ، هەناسەش یەک و دوویە و دڵ وەک
دوو تەپڵەی سوارەی مەیدان لێدەدا

# سوارەی ئیلخانیزادە

دیسان عەرزی خۆڕێری گری لە پێش چاوە و دەرونی ماڵ ئاماڵ لە نەبوون، لە مەرگ، مەرگی شیعر بڕ.

لە زاری خامەی ئەبینین:

ئەمڕۆ من لە خەستە خانەم
نە وشیارم نە لە سەر خۆ
لایەکی بیرم لای ئەو گەنجەیە
بە دەمی برین پێکەنی
بە شوورەی وەک پۆڵای لەشی
ڕێگای چەکمەی سووری خوێن و
دەستی ڕەشی، بەعسی تەنێ

ئەگەر چی گۆڕستانی (حەمامیان) لەشی سوارەی گرتە خۆ و گۆڕ ئەو هەمو فیکر و ئەندیشە و خەیاڵەی وەک هەزاران بلیمەتی تر هەڵمەقوت کرد ، بەڵام سوارە زیندوە، زیندو بە شیعرەکانیەوە، بە بەخشانە جوانە کانیەوە، لە ناو چینی پڕ تەوژمی لایەنگرانی ڕەوتی شیعری نوێی کوردی زیندوە بۆ هەمیشە وەک خۆی لە تەرجومەی شیعرێکدا دەڵێ:

ئەگەر زەنگی کلیسا
بانگەوازی مەرگم بدا
عفریتی مردن بە قاقا بکەوێتە شوێن تەرمی سارد و سڕم
وا مەزانن من مردووم من بێ ناونیشان
لە گۆشەیەکی ئەم جیهانە پانەدا داکەوێ
وە بیرەوەریم لە یادی خەڵکا بێ ڕەنگ بێ
ئاخ... ئەو کاتەیە کە من....دەمرم

تێبینی:
بۆ هەندی زانیاری لە گۆڤاری مامۆستای کورد ئۆکتۆبری ١٩٨٣ لە پێشەکی (خەوە بەردینە)کەڵکم وەرگرتوە.

## بەرگورد

# ناساندنی کتێب

ئیسماعیل بێشکچی

کردستان مستعمرە دولیە

ترجمە: زهیر عبدالملک

چاپخانەی APEC سوید

ساڵی چاپ : ١٩٩٨

لەم کتێبەدا نووسەر دەیەوێ ئەو ڕاستیە بسەلمێنێ کە کوردستان " مستعمرە " یەکی نێو دەوڵەتیە. وە بۆ ئەم مەبەستە سەرەکیە نووسەر پەنا دەبا بۆ گشت سەرچاوە و بەڵگە زانیاری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و سوپایی و ڕامیاریەکان لە مێژەوە تا ئەمڕۆ. بەم پێ یە نووسەر گشت بەردێک هەڵدەداتەوە ، گشت پەنجەرەیەک دەکاتەوە، گشت بەڵگەکان لێکدەداتەوە - چ گەورە و بەنرخ تا وورد و نادیار ـ ئەوەندە بە زیرەکی و زانستیانە پڕو پوخت تا خوێنەر پێش ئەوەی لە خوێندنی کتێبەکە بێتەوە شایەتمان بەوە دێنێ کە مەسەلەی کورد مەسەلەی کەمە نەتەوایەتی نیە ، مەسەلەی چەتەگەری و تیرۆریستانە نیە ، بەڵکو مەسەلەکی ڕەوای میللەتێکی ژێردەستەی (٣٠) ملیون مرۆڤی بەش خوراوی ماف پێشێل کراو و خاک دابەش کراوە.

بێشکچی دەڵێ " باری سیاسی لەسەرانسەری کوردستان نزمتر و گەنترە لە مستعمرە و میللەتی

# ناساندنی کتێب

کورد ئیدینتێتی نیه و کەسانی کورد وەک کۆیلە دەژین. کورد هەرچەندە وولاتەکەی دابەش کراوە و چواردەوری دراوە بە دوژمن ، بەلام کەمە نەتەوە نیە و نابێ مەسەلەی کورد وەک مەسەلەی کەمە نەتەوە تەماشا بکرێت ، چونکە کورد ڕەسەنی ئەو خاکەیەو بە درێژای مێژوو لەسەر ئەو خاکەی خۆی ژیاوە.

بێشکچی بەڵگە دێنێتەوە کە کوردستان لەلایەن" ئیمپریالیزم " وە دابەش کراوە بۆ دەست بەسەرداگرتنی سامانە سروشتیەکانی وەک نەوت ، ئاسن ، نوحاس ، ئاو ، هتد. ئەمانەش بەپێ ی بێشکچی هۆی کلاسیکی دروستکردنی "مستعمرات"ە ، بەلام موشکیلەی کورد لەوە دانیە کە "مستعمرە" یە ، بەڵکو لەوەدایە کە کوردستان نە گەیشتە پلەی"مستعمرە"و ئەمەش هۆیەکەی ئەوەیە کە کوردستان خاکەکەی بەسەر چەند وولاتێکدا دابەش کراو ئەو وولاتانە بەسەریاندا دابەش کرا خۆیان "مستعمرە"و نۆکەری ئیمپریالیم بوون.
نووسەر کەواتە بەشێکی گرنگی کتێبەکەی تەرخان دەکات بۆ وەلام دانەوەی چەند پرسیارێک وەک : بۆچی کوردستان نەکرا بە مستعمرە وەک مستعمرەتەکانی دیکە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ئەفریقا بۆ نموونە. بۆچی کوردستان دابەش کرا بەسەر ئەو مستعمرەتانەی کە لە ڕۆژهەلات دروست کرا وەک سوریا و عێراق و دەوڵەتی کۆنی تورکیا ؟

لێرەدا نووسەر پەنجە بۆ سیاسەتی فرق تسد Divide &Rule ڕادەکێشێ و دەڵێ : " ئەو چوار دەوڵەتەی کوردستانیان داگیر کردیە نۆکە ر و بەکرێگیراوی ئیمپریالیزمن ، ئەو سیاسەتە وەکاردێنن بۆ زالبوون بەسەر کورداو داگیرکردن و ڕوخاندنی وولات و سامان و کولتوری کورد ، بێشکچی دەڵێ: " ئیمپریالیزم کە وولاتێک داگیردەکا میللەتەکەی لەناو ناباو کولتوری تێکناشکێنێ و ڕێگا لە پەرەسەندن و گەشەی کولتوری ئابووری ناگرێ ، بەڵکە ڕەنگە هەوڵیش بدا بۆ پێشخستنیان ، بۆ نموونە ئینگلیز لەکوردستانی عێراقدا قوتابخانەی کوردیان واز کردوو فەرەنسیەکان لەسوریا تەشجیعی خوێندنیان کرد بەزمانی کوردی و ڕێگەیان نەگرت لەدەرچوون و بلاوکراوی چاپەمەنی کوردی ، هەروەها لەناوبردنی خەڵکی بەکۆمەڵ و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و ژەهراوی بەشێک نەبووە لەسیاسەتی ئیمپریالیزم. ئەم کردەوانە سیاسەت و ئامرازن بەدەست وولاتە نێوچەییەکان ( خۆیان نووکەر و جاش ئیمپریالیزمن ) لە بۆ سەرکووت کردن و ملکەچ کردنی کورد. ئەوەی شایانی باسە ئەو چوار دەوڵەتە پەیوەندی نێوان خۆیان هەمیشە سازدەکەن و لەلایەکی دیکەوە پەیوەندی خۆیان لەگەڵ ئیمپریالیزم بەهێزدەکەن و یارمەتی لێ وەردەگرن لەبۆ چەوساندنەوەی کورد و سەرکوتکردنی" .

بێشکچی بە سەر پێ ی بەسەر مێژوی کوردا دەچێتەوە وەک خوێناوی و مەئەسات لەقەڵەمی دەدا. دەربارەی غەزای ئاشووریەکان بۆ کوردستان لەسەر تاشەبەردێکی قوڕینە ئەمەی خوارەوە نووسراوە " هەموو وولاتی میللەتی جوتی ، لەشاخەکانی ئاراراتەوە تا دەگاتە حیران ، لە دەریای خوێندا نقوم کرا".

لەسەدەی حەوتەمدا لەزەمانی خەلیفە عمر کوردی خەتاب ، کوردان لەگەڵ سوپای ئیسلامدا وەشەرهاتن. لە سەدەی یازدەهەمدا کوردەکان کەوتنە ژێر چەپۆکی تورکە ئەغوزەکان لە ئاسیای ناوەڕاستەوە هاتن. لەسەدەی سیزدەهەم و چواردەهەم کورد کەوتنە بەر پەلاماری تورکە تیموریەکان. لەسەدەی شازدەهەم

# بەرگورد

دا عوسمانیەکان بەشێکی گەورەی کوردستانیان داگیر کرد. لەسەدەی حەڤدەهەمدا بۆ یەکەم جار خاکی کوردلە نێوان دوو ئیمپراتۆریەتدا ـ عوسمانی و فارسی دابەش کرا. بەڵام ئەوەی کە بوو بەهۆی چەسپاندنی داگیرکردنی کوردستان و پارچە پارچە کردنی ئەوە ئەو ڕووداوانە بوو کەلە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی یەکەم هاتنە کایەوە: تایبەت ئەو ڕووداوانەی نێوان ساڵانی ١٩١٥ و ١٩٢٥ چونکە ئالەم فەترەیەدا سیراعی ئیمپریالی لەسەر دابەش کردنی کوردستان ڕووی دا. بەرهەمی ئەو سیراعەش ئەوە بوو کوردستان دابەش کراو میللەتی کوردیش یەکێتی و سەربەخۆیی لەدەس چوو، ئینجا هەندەک کەس دەڵێن کورد هەمیشە بێ وڵات بووە قەت وڵاتی سەربەخۆی نەبووە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت. ئەوەی بەلای تورکیاوە گرنگ بێت ئەوەیە کە پەیامی لۆزان ١٩٢٣ مافی دروست کردنی دەوڵەتی سەربەخۆی دابە تورک ، لە هەمان کاتدا پەیامەکە داگیرکردن و کۆیلەیی و چەوساندنەوەی کوردی لەتورکیا چەسپاند.

بێشکچی ئاوڕێکی فەلسەفی لە مێژوو دەداتەوە دەڵێ ناکرێ تەماشای مێژوو بکەین لەڕووانگەی سیراعی تەبەقی ـ وە ، بەڵکو دەبێ هەمیشە تەماشای مێژوو بکەین لەڕووانگەی کۆمەڵانی ئێتنی واتە " عرقی " وە بۆ نموونە تورک و یۆنان و عەرەب و فارس لەڕووانگەی جیاجیاوە تەماشای مێژو و ڕووداوەکانی مێژو دەکەن ، بۆیە دەبێ وەک ئەوان کوردیش لە ڕوانگەی خۆیانەوە تەماشای مێژوو بکەن بەخۆیان هەستن بە نووسینی مێژووی خۆیان و دیراساتی لەسەر بکەن ، چونکە مەحاڵە ئەوڕۆکە بتوانرێ سوود لەو کتێب و سەرچاوانە بکرێن لەدانیشگاو کتێبخانەکانی تورکیا دەست دەکەون. ئەو کتێب و سەرچاوانە بەجۆرێک نووسراونەتەوە کە شەرعیەت دەدەن بە تورکیا لە داگیرکردن و ئیستیعمارکردنی کوردستان. زۆر جاریش نووسەران و مێژوونوسانی تورک سوود لەو نووسینانە وەردەگرن بۆسەلماندنی ئەو بۆچوونە ڕەگەزپەرستیە کەدەڵێ" کورد تورکن".

نووسەر سەرنجی گرنگ دەدا بەزمان و گەشەکردنی زمان وەک وەسیلەیەک بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی ناوی دەبا. وە دەنووسێ کە ئەتاتورک جارێکیان لەوەڵامی پرسیارێک دا دەربارەی لەدەستدانی وڵاتانی بەلقان دەڵێ : " گەلانی بەلقان دامودەزگای خۆیان دروست کردبوو لەبۆ دیراساتی سلاڤی لەبارەی زمان و ئەدەب و مێژوو کولتوری خۆیان... وەئەمیش بووبە لە دایکبوون و پەرەسەندنی وەعی قەومی ئەو گەلانە کە لە نەتیجە بوبە هۆی بەرپا بوونی شۆڕش دژ بە ئیمپرزتۆریەتی عوسمانی بەم شێوەیە نووسەر دەڵێ ئەگەر بمانەوێ وڵاتێک دەستگیر بکەین و میللەتەکەی بکەین بە عەبدو ئیدەنتتی تایبەتی خۆی ی لێ بستێنینەوە ، ئەوا تەنها ئەوەمان لەسەرە دەست بگرین بەسەر ئەلف وبێ ی " ئەبجەدی " ئەو میللەتەو زمانەکەی قەدەغە بکەین سەقافەت و کولتوری بکوژین ، چونکە بە کورتی ئەگەر ئەمەمان کرد ئیتر ئەو میللەتە وەعی قەومی لەکیس دەچێ و دەخەسێ. ئەو میللەتەی زمانەکەی دەمرێ میللەتێکی ترسنووک و گەمژەیە و بێ هەستەو ناکارێ ئازادی سیاسی و ئابووری وەدەست بێنێ. دەکرێ لەم ڕووانگەوە تەماشای مەنع کردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی بکەین لە تورکیا".

بێشکچی زۆر بە توندوتیژی ئیدانەی مسەقەفینی ـ ی تورک دەکاو ڕەخنە لە هەڵوێستیان دەگرێ

هەواڵنامەی کتێب

# ناساندنی کتێب

بەرامبەر بە مەسەلەی کورد. لە کاتێکدا ئەدیب و نووسەر و شاعیرانی فەرەنسا گەلەک جار ڕەخنەیان لە سیاسەتی دەوڵەتی فەرەنسی لە جەزائیر دەگرت و پشتگیریان لە شۆڕش میللەتی جەزائیر دەکرد ، یان نووسەران و ئەدیبانی ئەمریکا دەربارەی دەستێکەری ئەو وولاتە لە ڤیەتنام ، کورە جولەکە دژ بەداگیرکردنی ئیسرائیل بۆ خواروی لوبنان ، بەڵام دە تەماشەی هەڵوێستی ئەدیبان و نووسەران و موسەقەفینی تورک بکە ، بە پێچەوانەوە ئەوانە و داموزگا ڕۆشنبیریەکان و دانیشگاکانیان پشتگیری لەدەوڵەتی تورکیا دەکەن و لەڕیزی پێشەوەن بۆ بڵاوکردنەوەی سیاسەتی ڕەسمی دەوڵەتی تورکیا بەرانبەر بەکورد ، ئەو دام ودەزگا فیکری و ڕۆشنبیرانە دەخوازن ئەگەر بەدرۆ و نارەواش بێ ئەوە بۆ خەڵکی بسەلێنن کەزمانی کوردی بوونی نیەو کورد لەئەسڵدا تورکن ! ئەمە هەروەها هەمان هەڵوێستی ڕۆژنامەو ئەحزابە سیاسیەکانە لە تورکیا کە لەم بارەیەوە دەوری دەزگای سیاسی و موخابەراتی دەوڵەتی تورکی دەبینن.

نووسەر دیسانەوە پەنجە بۆ سیاسەتی بەتورک کردنی کورد ڕادەکێشێ و دەنووسێ دەوڵەتی تورکی هەڵساوە بە هەوڵ و تەقەلایەکی مەزن بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم مەبەستە. یەکێک لەو هەولانە بڵاوکردنەوەی کتێبە شۆڤێنیەکەی محەمەد شەریف فوراتە بەناوی " ناوچە ڕۆژئاوایی یەکان ومێژوی مەنتیقەی وارتە ". ئەم کتێبە لافی ئەوە دەدا کە کورد ووجوودی نیەو لەئەسڵا کورد تورکن و زمانەکەیان یەکێکە لە لەهجەکانی زمانی تورکی. دەوڵەت ئەم کتێبەی چەند جارێک بەچاپ گەیاندووە بەفراوانی بەسەر قوتابخانەو کتێبخانەکان و دانیشگاکان و ڕۆژنامەکان تەنانەت بەسەر جەیش و عەسکەردا بە خۆڕایی بڵاوکردۆتەوە.

نموونەیەکی دیی بۆ هەوڵ و تەقەلای بێ ووچانی دەوڵەتی تورک لە بۆ بەتورک کردنی کورد ئەو قوتابخانەیە کەناویان ناون "قوتابخانە ناوخۆییەکان " کە دەوڵەت لە ڕۆژهەلات واتە لەناوچە کوردیەکان دروستیان دەکاو بەڕێوەیان دەبا.

دەوڵەت منداڵی کورد کۆدەکەنەوە و لەناو ئەو قوتابخانەدا بەندیان دەکەن گشت پەیوەندیەک لەگەڵ دەرەوە دەپچڕن. ئەمانە دەیانخەنە ژێر ڕژێمی سەختەوە بۆ مەبەستی لەبیربردنەوەی زمان و کەس وکار و ناوچە و دەوروبەر ، بۆ فێرکردنی زمانی تورک و نەرێتی ئیدیۆلۆجی و شعاراتی تورک.

بێجگە لەمەش دەوڵەت بۆ بەتورک کردنی کورد پەنای بردووە بۆ ئاینی ئیسلام وەک چەکێک بۆ ئەم مەبەستە وەکاری هێناوە. بۆ نموونە مەجالی داوە بۆ دروست کردن و پەرەسەندن و پەرەسەندنی ئەحزابی ئیسلامی لەناوچە کوردەکان ، ئەمەش یەکێکە لەو هۆیانە کەحیزبە ئیسلامیەکان وەک حیزبی ڕەفاه لە کوردستان دەنگی زۆرتر دێنن وەک لەناوچەکانی دیکەی تورکیا ، هەروەها پرۆفیسۆرێکی ئەمریکی بەناوی Frey لەو بڕوایەدایە کە ئەمریکا لەو ڕووەوە ئامۆژگاری دەوڵەتی تورکیا دەکاو لەدیراسەتێکدا ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کە باشترین ڕێگە بۆ زاڵ بوون بەسەر کورداو لەناوبردنی موشکیلەی کوردی لەڕێگەی دروستکردن و پشتگیری کردنی ئەحزابی دینیە لەناوچە کوردیەکانی تورکیا. تا ئێستا حیزبە ئیسلامیەکان لەتورکیا بانگ بۆ ئەوە دەدەن و پشتگیری کردنی مەسەلەی قەومی کورد وەک ئیلحاد لەقەڵەم دەدەن و دەڵێن کوردایەتی یانی کۆمۆنیستی یانی خیانەت. تشتێکی دیکە کە پەیوەندی هەیە بە مەسەلەی دینەوە ئەوەیە کە

## بەرگورد

تورکەکان هەستان بە دروستکردنی دەزگایەک بۆ لەیەک نزیک کردنەوە و گونجاندنی ئیسلام و ئیدیۆلۆجی ئەتاتورک. ناوی ئەم دەزگایەیان نا " ا لتو لیفە ا لترکیە الدینیە " مەبەستەکەش دوورخستنەوەی کورد لەکوردایەتی و ڕێگە گرتن لە بڵاوبوونەوەی هەستی کوردایەتی لەناوجەماوەدا ! بۆ ئەم مەبەستە ئەم دەزگایە هەستا بە بڵاوکردنەوەی فیکرەی " برایەتی لەدیندا " و بڵاوکردنەوەی ئەوفیکرەیەی کەگوایەPKK و کارەکانیان دژ بە دینن ، هەروەها هەوڵیان دا بۆ تێکدانی نێوان کوردە سونیەکان و عەلەوییەکان و بیەکدا دانیان.

ڕێگەیەکی دیکە کەدەوڵەتی تورکی گرتیە بەر لە بۆ لەناوبردنی کورد ڕێگەی گواستنەوەی سامان ـ ە لە ڕۆژهەلاتەوە ، واتە لە ناوچە کوردییەکانەوە ، بۆ ڕۆژئاوای تورکیاو ڕێگەگرتن لەخەڵک و کۆمپانیاکان لەخستنەکارەوەی سامان لەناوچە کوردییەکان بەونیازەی کەسامان( راس مال) دەبێتە هۆی دروست بوون و تەشەنەکردنی فیکری قەومی.

بەهەمان شێوەی ڕۆشنبیران و نووسەران و ڕۆژنامە نووسانی تورک تاکە کەسان و کۆمەڵە و دامودەزگا ی چەپ ڕەو "یسار" ـ واتە کۆمۆنیست " لەتورکیادا دەوری چەپەڵیان دیوە و کاری گەندیان کردووە دژ بە مەسەلەی کورد. لەسەرەتای شەستەکاندا چەپی تورکی دەرگای کردەوە لەسەر مەسەلەی کورد دەستی بە گفتوگۆکردن کرد بەشێوەیەکی تەسک ، لەمەش دا کوردە کۆمۆنیستەکان دەستێکی بالایان هەبوو. بەڵام چەپڕەوە تورکەکان خێرا پەردەیەکیان دا بەسەر مەسەلەکەدا و کوردەکانیان بە نەتەوەگەری تەسک تاوانبار کرد و گوایە لایان داوە لەهەڵوێستی شۆڕش و پێشکەوتنخوازی. ئەمە کوردە کۆمۆنیستەکانی ڕەوانەوە و چی دی نەیاندەوێرا باسی کورد بکەن نەبا هەڤاڵە تورکەکان بەقەومیەت وشۆڤێنیەت ناویان بەرن ، تارادەیەک کە زۆربەیان لەناو خۆشیانا بەکوردی قسە نەکەن و تیژتر و توند تر ڕێگەی مارکسیزم و لینینیزم بگرن. لەو تورکە کۆمۆنیستانە کەسانی وایان لێ هەڵکەوت کەبە توند ڕەوی دژی مەسەلەی کورد ڕاوەستان و بە هەموو توانایانەوە پشتگیری لە سیاسەتی کورد چەوسانەوەیان کرد. لەم پیاوە کۆمۆنیستە پیاو ماقوڵانە نووسەر ناوی چەند کەسێک دەبا وەک میهری بیللی و شەفیق حسنو.

نووسەر ئەوەش دەڵێ کە کۆمۆنیستان بەمەشەوە ڕانەوەستان بەڵکو زۆر بێ شەرمانە دیسانەوە پەنایان برد بۆ ئیدیۆلۆجی و هەوڵ و تەقەلای کورد بۆ وەرگرتنی مافی ڕەوای خۆیان تاوانبار کرد و وەک " ڕەگەست پەرست کەمایەتی" ناویان برد و هەمو هەوڵێکیان خستە گڕ بۆئەوەی چەپی تورکی چ جۆرە ئیهتیمامێک بەمەسەلەی کورد نەدا. بۆ بەڕای نووسەر لەمەڕمەسەلەی کورد چ جیاوازیەک نیە لە نێوان هەڵوێستی یەسار و لایەنە سیاسیەکانی دیکە وەک فاشیست و قەومیەکان. لەمەش زیاتر نووسەر دەڵێ :" کەچینی کرێکاری تورکیا هەمیشە دژی مەسەلەی کورد بوون و بێ ووچان پشتگیری سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی دەوڵەتی تورکیان کردوە. ئەمە جگە لەوەی وولاتە کۆمۆنیستەکانی جیهان هیچ کاتێک و بێ ژمارە چەک و تەقەمەنیان بۆ ئەو وولاتانەی کوردستانیان داگیر کردووە ناردووە".

بە درێژایی کتێبەکەی بێشکچی چەندەها پرسیاری ڕەوا و گرنگ و هەندێک جار قورسیش لەخۆ



هەواڵنامەی کتێب

## ناساندنی کتێب

دەکاو هەوڵ دەدا وەڵامیان بداتەوە. لەوەڵامی یەکێک لەو پرسیارانە : بۆچی کورد نەیکاریوە دەوڵەت دروست بکا ؟ نووسەر لەوەڵامدا دەنووسێ کورد کۆمەڵگایەکی قەبەلی عەشایەری هەیە و زۆر زەحمەتە پیاو بکاری ڕێکخراوێکی ناوەندی " مرکزی " دروست بکا و ئەو جۆرە کۆمەڵگایە ، کە ئارەزو و ئامانجی جیاجیایان هەیە ، ببرێ بەڕێوە و سەرکردە و پێشرەوی بکا ، جێگای جوگرافی کوردستان ئەوەندەی دیکە ئەم کارەی سەخت کردووە. ا بن خلدون لەم بارەیەوە دەڵێ : " دروست کردنی دەوڵەتێکی بەهێزی چەسپ و گەلەک زەحمەتە لەو ناوچانەی قەبائیلی تێدایە و لەهجاتی جیاواز قسەدەکەن " هۆیەکی دیکە ئەوەیە کە کوردستان کەوتۆتە سەر ڕێگای غەزاکەران و ناچار بوون نیمچە سەربەخۆیی خۆیان لەپێناوی ئۆتۆنۆمی بدۆڕێن. بەم جۆرە وورده وورده شێوەی ستراتیژیکی " ڕازیبون" لای کوردان دروست بوو کە بریتییە لە قەبوڵ کردن و ڕازیبوون بە داگیرکەر لەبریتی سەلامەتی و دەست تێ وەرنەدان لەکاروباری عەشیرەت و خێڵ. بەمە کورد خۆیان و وولاتەکەیان دۆڕان. ئەمە لەبارەی مێژووە ، بەڵام لەباس ئەم سەردەمەدا نووسەر نەبوونی سەرکردایەتیەکی " قیادە " بە تواناو دڵسۆز گرنگترین نوقسانی بزوتنەوەی کوردە.

ئەی چارە ؟ ئەی کورد چ بکاو ؟ چۆن لەم میحنەتە ڕزگاری بێ ؟

ا) نووسەر ئاورێکیش لەم لایەنە گرنگە دەداتەوە زۆر بە سادەیی و پوختەیی وەڵامەکان لەم سێ خاڵەی خوارەوە خڕ دەکاتەوە.

١ـ فراوانکردنی زانست و باسی زانستی دەربارەی کۆمەڵگای کورد و کوردستان لە بۆ زیندوکردنەوە و پەرەپێدانی هەستی قەمی واتە کوردایەتی.

٢ـ پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی و بەکارهێنانی یەک ئەلف وبێ ی یەکگرتو کە گونجاوترینیان بۆ زمانی کوردی ئەلف وبێ ی لاتینە.

٣ـکردنی مەسەلەی کورد بە مەسەلەیەکی نێو دەوڵەتی و خستنیە سەر سەکۆی جیهانی

ئەم کتێبەی بێشکچی یەکێکە لە هەرە سەرچاوە گرنگەکانی مەسەلەی کورد و تا ئێستا بێ گومان گرنگترین بەڵگەیە بۆ ڕەوایی مەسەلەکە و ناڕەوایی داگیرکەران. بە پێچەوانەی زۆر نووسەرانی کورد کە زیاتر پەنادەبەن بۆ خەیاڵ و وقاو و فیل ، بێشکچی ڕێگەی زانستی گرتۆتە بەر و بۆ هەر بۆ چوونێک دەها بەڵگە دێنێتەوە بۆ هەر ڕووداوێک پەنجە بۆ چەندەها سەرچاوە درێژ دەکا و کتێبەکەی .ڕازاندۆتەوە بە لێکۆڵینەوە و ئیقتباس و بەراورد کردن. هەرچەند هەندێک دووبارە کردنەوە ڕوودەدا ، تایەبەت لەباسی سیاسەتی ئیستیعمار " فرق تسد " یان باسی شێخ و ئاغاو ئیقتاع کە نووسەر ئەم بابەتانە لەچەند فرسەتێکا ئاوەخەن دەکا ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێتە هۆی وەرەسبوون و مەلەل بوونی خوێنەر. ئەم کتێبە زۆر زۆر شایانی خوێندنەوەیە نەک جارێک یان دوو ، بەڵکو چەندەها جار.

ئیسماعیل بێشکچی مرۆڤی هۆشیار و مەردی گەورە و زانای ئازا، لەبری ئەوەی لەسەر کارە زانستییەکانی خەڵات بکرێ و بە جوانترین شێوە ڕێزی لێبگیرێ ، بەداخەوە بە پێچەوانەی کاری ئاساییەوە زۆربەی ژیانی لە زیندان بەسەر دەبا ، زیندانیش بۆ ئەو مایەی شانازی و سەلماندنی ڕاستێتی بۆچوونەکانێتی.

# باسكار

# BASKAR

Magazine for Studies & Research in Kurdish

3

1999

**Editor**
Sabah Galib

**One Year Subscription**
Europe 25,00
Others 35,00

**Address**
105 Gladstone Park Gardens
London Nw2 6JY
ENGLAND

هەواڵنامەی کتێب

Kitêbxaneya Kurdî
Kurdiska Biblioteket · Kurdish Library